# ئەزموونە
# درەوشاوەکانی شانۆ

نووسینو وەرگێڕان

**یاسین قادر بەرزنجی**

**لەسەر ئەرکی سەرۆکی حکومەتی هەرێم**

**بەڕێز (د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح) لەچاپدراوە**

سلێمانی/ 2010

ب 923 بەرزنجی، یاسین قادر (وەرگێڕ)
ئەزموونە درەوشاوەکانی شانۆ/ وەرگێڕانی یاسین قادر بەرزنجی.-
سلێمانی: (چاپخانەی پیرەمێرد)، 2010.
350ل: 33×23سم.-
1- شانۆ- لێکۆڵینەوە -2- ناونیشان

ناوی کتێب: ئەزموونە درەوشاوەکانی شانۆ
ناوی وەرگێڕ: یاسین قادر بەرزنجی
بابەت: وتارو لێکۆڵینەوەی شانۆیی
مۆنتاژ: مەهدی ئەحمەد قادر
دیزاینی بەرگ: بازیان جەلال
هەڵەبڕی: بەهرە عیزەدین
چاپ: کۆمپانیای پیرەمێرد بۆ چاپو بڵاوکردنەوە لەسلێمانی
تیراژ: 1000 دانە
ژمارەی سپار دن: 2675ی ساڵی 2009ی وەزارەتی رۆشنبیری

**پێشکەشە بە:**

- **خانمی شانۆی کوردی، هونەرمەندی گەورە (بەدیعە دارتاش)ی یەکەمین مامۆستام، کەفێری وانەکانی رەوشتو ئیلتیزامی شانۆیی کردم.**
- **هەر سێ جگەرسۆزی شیرینم (راستیو رەوەزو شانۆ) کەهەمیشە شانازن بە هونەرمەندیی باوکیانەوەو لەگەڵ دایکی بەرێزیان، گەورەترین هاوکارو هاندەرمن بۆ هەر کارێکی سوودبەخش، پێشکەشی نەتەوەکەمی بکەم.**

**یاسین قادر بەرزنجی**

# وتەیەك

هەر لەکۆتایی حەفتاکانەوە، لەو دەمەوەی شانۆ ببووە هەموو خەم و خولیایەکم، درکم بەو راستییە دەکرد کەکتێبخانەی هونەریی کوردیی گەڵێ لاوازەو ئەوانەیش کە لەگۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا دەخرانە بەرچاو، نەدەبوونە مایەی دەوڵەمەندکردنی زانیاریی شانۆکاری کورد بە بابەتە شانۆییەکان، بەهەردوو بابەتی کوردیی و شانۆی جیهانییەوە.

لەو دەمەوە ویستوومە شتێك لەو بۆشاییە پڕبکەمەوەو هەوڵمداوە بەنووسین و وەرگێڕان بەشدارییەك لەبەرهەمهێنانی رۆشنبیریی شانۆییدا بکەم.

لەچاپدانی دوو کتێبی تایبەتم لەمەڕ (هونەری شانۆو ئەزموونە شانۆییەکان و شانۆکارە مەزنەکانی جیهان) لەناوەندەکەداو بەتایبەت لای مامۆستاو خوێندکارانی پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکانی کوردستان کاردانەوەیەکی باشیان هەبوو، بەردەوامیم لەسەر نووسین و وەرگێڕانی بابەتی شانۆیی (وتارو لێکۆڵینەوە)و بڵاوکردنەوەی بەشی زۆریان لەهەردوو گۆڤاری (شاکارو شانۆ)داو لاپەڕەی شانۆی رۆژنامەی (ئاسۆ) کە بۆ ماوەیەك بەندە سەرپەرشتیی دەکرد، بێجگە لە وەرگێڕانی تێکستی شانۆیی، ژمارەی بابەتەکانیان زیاد کرد، تا لەپاڵ هەردوو کتێبی چاپکراومدا:

- چەند بابەتێکی شانۆیی، سلێمانی 2001
- چەند باسێکی شانۆیی، هەولێر 2008

ئەم کتێبەی بەردەستتیان هێنایە بەرهەم، لەچاپدانەوەی سەرجەم کارەکانی پێشووم لەم کتێبەدا نزیکەی کۆی کارە وەرگێڕراوەکانمە لەبوارە

ناوبراوەکانـدا، لەگـەڵ چـەند بابـەتێکی نووسـراوم سـەبارەت ئـەزموونی شانۆکارە جیهانیوعەرەبییەکان.

دیارە مەبەستم بووە هەردوو کتێبە چاپکراوە ئاماژە بۆ کراوەکەم، لەگەڵ ئەوانی دیدا بخەمە نێو ئەم چاپەوە، چونکە لەبەردەستتدا نەومان، بەتایبەت ئەوەی یەکەمیان.

بـەهیوام لای شـانۆکارو خوێنـەرو بەتایبـەتیش خوێنـدکارانی بەشـی شـانۆی کۆلیـژی هونەرەجوانـەکان لەهـەولێرو خوێنـدکارانی بەشـی شـانۆی پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان لە شارەکانی کوردستاندا، ئەم کتێبـە مایـەی سوود وەرگرتن بێتو بتوانم لەو پێناوەشدا داهاتوو بەرهـەمی باشـترو نـوێ، وەك ئەرکی سەرشانی شانۆکارێکی کورد، پێشکەش بکەم.

**یاسین قادر بەرزنجی**

2010/1/1

# میتاتیاترۆ..
# شانۆ لەناو شانۆدا

**د.مذکور ثابت کەپێشەکیی بۆ کتێبەکەی (د.رضاغالب) نووسیوە دەڵێت: ئەم کتێبە چەمکی میتاتیاترۆ دەخاتە روو، لەسەر هەردوو ئاستی تێکست ونمایش، هەروەها لەچۆنێتی چوونە ناوەوەی لەگەڵ شانۆدا (لەنێو شانۆ)دا.. شانۆ لەناو شانۆگەریدا گەمەیەکی ئاشکرای شانۆییە، هەرچۆن هۆشیاریشە بەرامبەر هەردوو واقیعی درامی و وەهمی هونەریی.**

**لێرەوە هەوڵی ناساندنی ئەم کتێبە بەخوێنەر دەدەین کە بریتییە لە :**

- **المیتاتیاترو.. المسرح داخل المسرح**
- **تألیف:** د.رضا غالب
- القاهرة، اکادیمیة الفنون، 2006، 346ص.

**پێناسەیەك**

**نووسەری کتێبەکە، لەسەرەتایەکی کورتدا بەمجۆرە ئاماژە بەتوێژینەوەکەی دەدات :**

**توێژینەوەکە سەبارەت چەمکی تیاترۆیە کە( LionelAbe ) لەکتێبەکەیدا (میتاتیاترۆ.. فۆرمی نوێی دراماتیکی) لێیدواوە و بەزاراوەیەکی دەزانێ بۆ گردکردنەوەی درامای سەدەی بیستەم کە دژی دراما تەقلیدییەکانە. هەر لەپێناسەکردنی زاراوەکەدا دەڵێ : میتاتیاترۆ میکانیزمی دەرخستنی هونەری شانۆگەرییە کەسەرنجی خەڵکی رادەکێشێ وبایەخی (شانۆ لەناو**

شانۆ)دا دەخاتە روو، ئەو فۆرمەش کە وەك گەمەیەکی شانۆییە، تیایدا ئەندێشەی شانۆیی گەوهەرە.

لەبەشی دووەمی توێژینەوەکەشدا باس لە چەمکی (شوێنکات) دەکرێت کەتیایاندا رەنگ و رووی ئەم فۆرمە شانۆییە نیشاندەدرێت، پاشان قسە لەهەردوو زاراوەی (کات وشوێن) وەك دوو رەگەزی سەربەخۆ کراوە،لەگەڵ پەیوەست بوونیان پێکەوە بەپێی چەمکە فەلسەفی و فیزیکییەکان، هەروەها تێڕوانینی دراماکارەکان هەر لە ئەرستۆوە تا دەگات بە ئاڕاستەکانی رەخنەی نوێ، دواتریش سێ شانۆنامە بەنموونە هێنراونەتەوە، کەدووانیان لەئەدەبیاتی شانۆیی ئیسپانیەوە و یەکێکیان لە شانۆی عەرەبیەوەیە کە تێکستی (ئەلفرید فرج)ە.

## میتاتیاترۆ.. چەمك وتايبە تمەندییەکان

درامای تەقلیدی، فەلسەفە هونەرییەکەی لەشێوازی واقیعی و ناتوریالیزمدابووە، هەوڵیداوە بینەر بەواقیعیەتی کارەکان رازی بکات. بەڵام ناتوریالیزم هەوڵیداوە هەستەکانی بینەر والێبکات کەئەوەی دەیبینێ ودەیبیستێ لەبەشێکی وەرگیراو لەژیان بەولاوە چی دی نییە. ئەمە سەرەتای ئەم بەشەی توێژینەوەکەیە و بەدوایدا باس لەو هێڵە وەهمییە (پەردە)کراوە کەتەختەی شانۆی لەبینەران دابڕیوە، هەروەك بەشێکی زیندوو لە (ژیان) دابڕێت، هەروەك (ئەمیل زۆلا) گوتویەتی ((بەشێ لەژیان وان لەودیو دیواری چوارەمەوە )). کاراکتەرەکانی دراما لەجیهانی خۆیاندا، بەچەند یەکەیەکی سینۆگرافیا حەشاردراون تا ژینگە و دەوروبەریان نیشانبدرێت، تا کاریگەریی (ئیهام)لەسەریان بێ وبینەران وانەزانن ئەوەی دەیبینن (نواندن)ە، بەڵکو وابزانن خودی ژیانی رۆژانەیە ولەسەر تەختەی شانۆ نیشاندەدرێت. نووسەر، لەئاستی رەوتی کارکردنی ژمارەیەك لەناوە درەوشەدارەکانی شانۆ دەوەستێ کەویستویانە هەوڵی گەشەکردن بدەنە شانۆی (شەکسپیر) لەجۆری بونیادی ئیهامیی شانۆکەیدا، ویستویانە شتێ لەبینەر نەشاردرێتەوە و لەپێناوی (وەهمدا) راستگۆیی

واقیعەکە لەدەستنەدرێت، ئەوانیش بریتی بوون لە (پیسکاتۆر، برێخت، تایرۆف، بیراندیللۆ، جان جینێ و رینهارت) و نووسەرانی تر.

نووسەری دیکە پەیدابوون کەدەستکاری سینۆگرافیای تەقلیدیی سەر شانۆیان کردوە و (یەکە)کانیان بەجۆرێ بەکارهێناوە کەتەواو وەکو بەکارهێنانی نێو ژیانی ئاسایی نەبێت، بەڵکو گەیاندویانەتە ئاستێکی دوورتر لە رووی (مەجاز) و رەمزییەتەوە. هەرچۆن (یۆنسکۆ) لەشانۆنامەی (کورسییەکان)دا کردویەتی و زیادەڕەویی لەبەکارهێنانی کورسیدا وەك کەرەستەی نێو پانتاییە دراممییەکە نیشانەیەکی (ئایقۆنی) دروستکردوە جودا لە ژیانی رۆژانە. بەڵام (بیکیت)تەواو بە پێچەوانەی ئەوەوە بووە، کاتێ لە (چاوەڕوانی گۆدۆ)یدا لەسەر پانتایی شانۆکەی بەتەنیا دارێکی رووتی داناوە، دواتریش (مایرهۆڵد)بەجۆرێ مامەڵەی کردوە بینەر وابزانێت تەختەی شانۆ بوارێکە بۆ خودی شانۆ و نمایشی لەسەر ئەنجام دەدرێت. نووسەر دوای ئەوانە دێتەسەر جۆرێ لەشانۆی ئیتالی، کەپێچەوانەی شانۆی (ژوور)ە، تیایدا پانتایی شانۆ و هۆڵ پێکەوەن، شانۆ/ هۆڵ، لەشێوازی جۆراوجۆردا،هەیە چوارگۆشەیە و بینەر لە هەر دوو تەنیشتەوە دادەنیشن، هەیشە چوارگۆشەیە و لەهەر چوارلاوە دەوری شانۆکە دەدەن، هەیشە نیوە بازنە، یان بازنەیی تەواوە و بینەران لەدەووری بازنەکەدان..تاد.

ئەمە وایکرد دیکۆر بەشێوەیەکی تەقلیدی ئەنجام نەدرێت، بەڵکو هەندێ ئێکسسواری سادە لەخزمەتی نمایشەکەدا خراونەتە بەرچاو، ئەمانە سەرەتابوون بۆ داهێنانی (شانۆ لەشانۆ)دا، کە رێگا خۆشکەربوون بۆ لێکدانەوەی هزر بەرامبەر هونەرەکە، بەوەی بزانێ کە لەبەردەمیدا (ژیان – هونەر) نمایشدەکرێ، بەشێوەیەك لەگەڵیاندا جووت نەبێ و خۆ لەیاد نەکات وبزانێ ئەو دوو واقیعە هێنراونەتە سەر شانۆ،واتە ژیان لەهونەردا، بەرامبەریشیان هۆشمەندانە رەفتاربکات. لەلایەکی دییەوە، ئەم شانۆیە (میتا تیاترۆ) مامەڵەی تایبەتی هەبووە لەگەڵ (شوێنکات) بەپێی واقیع ومێژوو، کات و شوێن هەرچەندە پەیوەست بووبن بەکاراکتەری

مێژووییەوە، بەڵام جودابوون لەگەڵ (کات) وەك تێگەیشتنە مێژووییەکەی و (شوێن) وەك تایبەتمەندییە واقیعییەکەی. ماوەی نمایش بۆ ڕووداوەکان جیاوازە لەماوەی ڕووداوەکان لەخودی ژیاندا، بەڵکو (کاتی درامیی)بڕیاری ماوەی نمایشەکە دەدات.

نووسەر لەم بارەیەوە (لەخۆگرتنی کاتی درامیی – شانۆیی) بە پێی کاتی واقیعی (داریۆفۆ)ی بەنموونە هێناوەتەوە وسەبارەت بەوەش دەڵێت: ناچاربووە پانتاییەك بخاتەڕوو کەلەیەککاتدا ڕەهـا و ئـاڵۆزیش بـووە، شوێنی ڕووداوەکان جیاوازن و بەپێی ئەو ساتە و داهاتوو نیشان دراون، واتە بەپێی ڕەوت وگەشەی ڕووداوەکان، لەگەڵ بوونی کاراکتەرە جیاوازەکاندا، شانۆ سێدارەی خنکاندنی ئەکتەرێکی لەسەر بووە وهاوکات جێگای نمایشی ڕووداوەکان.

میتاتیاترۆ بەتەنیا ئاماژەنییە بۆ ئاشکراکردنی گەمەیەکی شانۆیی بۆ هۆشیاریی نووسەر بەرامبەر تەکنیکە شانۆییەکانی، بەڵکو بەلای تیۆریستی شانۆیی ئەمریکی (Lionel Apel)ەوە کۆمەڵێ خەسڵەتی دیکەی هەیە، وەك جیاوازیی لەدراما تەقلیدییەکانی سەدەی بیستەم، پاشان تایبەتمەندیی ئەو درامایانە کەهەڵگری تەکنیکی (شانۆ لەشانۆ)دا، یان (شانۆ لەناو شانۆگەریدا)، یاخود (شانۆگەریی لەناو شانۆگەریدا)ن، هەروەها تەکنیکێ کە زادەی سەردەمە جیاوازەکان بن، ئیتر لەشێوەی تێکستەکەدا بێ، یان لەنمایشە شانۆییەکەدا.

## میتاتیاترۆ.. گەمەیەکی شانۆیی

ئاڕاستەی بەرەو میکانیزمی گەمە، یاخود (درووستکردنی گەمە) لەشانۆی نێو شانۆگەریدا کەپشت بەتەکنیکی وەکو شکاندنی ئیهام ببەستێ، وەك لەمیتاتیاترۆدا هەیە، دەبینین ئاڕاستەیە کە ڕووبەڕووی شانۆی سەردەمە جۆراوجۆرەکان، چونکە کاتێ نمایش وەك گێڕانەوەی واقیعێکی دەرەکی نابێت، دەبێتە وێنەیەکی درووستکراوی هونەریی بۆ واقیعەکە. نووسەر بەوردی لەتوێژینەوەکەیدا ڕەگی ئەم جۆرە شانۆیە

دەباتــەوە بۆســەردەمی شکســپیر و تۆمــاس گیــت، کەشــانۆ خراوەتــە شـانۆگەرییەکانیانەوە، ئاسـتی تەماشـاکردنی راسـتەقینەی نمایشـەکان لای وەرگــران لەهۆڵــەکانی نمایشــی ســەردەمی ئەلیزابیتیــدا بــووە، یــان لای خوێنەرانی تێکستەکانیان.

هـەر لـەکاروانی شـانۆدا و لەسـەدەی شـانزەیەمدا، فرانسـیس بۆمۆنـت (1584 – 1616) لەشـانۆگەرییەکەیدا، بـەپێی رەوتـی رووداوەکـان ئاسـتی وەهمـی یەکـەم (نمایشــی شـانۆیەکی نـاوەکی) دەردەکـەوێ کـە ژمارەیــەك ئەکتـەر رایـی دەکـەن وبریتیـە لـە کێبڕکێی دوو پیاو لەسـەر خانمێك،ئاسـتی دووەم (چـنینی دەرەکـی)نوانـدنی بـەقاڵێك وژنەکەیـەتی کەلەبـەر نمایشــی چــیرۆکێکی رۆمــانتیکی رووداوەکــانی خۆیــان رادەگــرن وئەکتــەرەکان ناچـاردەکەن کـە تەماشـای ئـەو چـیرۆکە بکـەن و کـە خۆیشــی (وەهمــی ســێیەم)یـان شـانۆگەرییە سـەرەکیەکەیە. ئەمـە سـەرەتایەکی هـەرەدیارە لەشانۆی میتاتیاترۆ.

### ئەندێشەی شانۆیی ومیتاتیاترۆ

ئەندێشــە لەکۆنــەوە لەشــانۆدا دەرکــەوتووە، لــەو شــانۆگەرییانەدا کەتـەکنیکی (شـانۆ لـەناو شـانۆ)یـان تیـادابووە. توێـژەر دەگەڕێتـەوە بـۆ (خەونی شەوێکی هاوین)ی شەکسپیر کەئەو خەسڵەتەی تیادابووە، لای ئەو حیکایەتـە میللییـەکانی سـەدەکانی ناوەنـد کەبـەناو نـاخی مرۆڤـدا رۆچـوون، بوونەتــە کەرەســتەی ئــەزموونی مرۆیــی... هەرچــۆن (لۆرکــا)ش لــە (خۆشەویسـتی بـرلمیلین بـۆ ببلیسـا)دا سروشـتی ململانێـی نیـوان (سـۆزە هەستیارەکان )و (هۆش)ی بەرجەستەکردوە. نووسەر لـەو نموونەیەشـدا لـەو ئەندێشەیە دواوە کەلەنێوان هەردوو رەگەزی مرۆڤدا درووسـتدەبن و دەگاتـە عەشق و رابواردن.. ئینجا هاتووەتـە سەر باسـی (هاملێت)ی باوك کـە وەك (تارمــایی) دەرکــەوتووە کــە لەوەوبــەر مــردووە و بەچــەك وتفاقــەوە دەردەکەوێتـەوە، مەبەسـتی بـووە بیکاتـە ئەندێشـەی شـانۆیی لـەرووداوێکی

دەگمەنـدا.. دواتـر تـەكنيكى شـانۆيى لـەو شـانۆنامەيەدا وەك شـانۆيەكى ناوەكى كەگرووپى ئەكتەرەكان دەيڕەخسێنن:

***هاملێت: ئەمشەو شانۆگەرييەك لەبەرچاوى پادشا نمايش دەكرێت، تيايدا ديمەنێك هەيە كەنزيكە لەو رووداوەى بۆمباسكردى، سەبارەت مەرگى باوكمە، هەركە ئەو بەشەت بينى تكايە چاودێريى مامم بكە ومنيش چاو دەبڕمە سيماى، ئەوسا بۆچوونى هەردووكمان يەكلادەبێتەوە.***

پاشـان دێتەسـەر (شـەش كـەس بـەدواى نووسـەرێكدا دەگـەڕێن)ى پيرانـديللۆ كـە ئەكتـەرەكان لەشـێوەى نمايشـدا بەرجەسـتەى دەكـەن. ئـەو شانۆنامەنووسـە شـانۆى باشـداڕێژراو تێكدەشـكێنێ و لەشـانۆى نـاو شانۆيەكدا بەشوێن ئەندێشـەيەكى شانۆييدا دەگەڕێ بۆبابەتى دراماكـەى. توێـژەر لەدرێـژەى ئـەم بەشـەى كتێبەكەيـدا هاتووەتـە سـەر (دوو كارەكەرەكـە)ى جـان جينـێ، لـەڕێى نمايشـى رق و كينـەيان بەرامبـەر خانمەكەيان ئەو نواندنەيان دەبێتە هەناسەدانيان و رەواندنەوەى دەروونى پـەنگ خواردوويـان، ئەمـەش بـۆ بەرجەسـتەكردنى شـانۆكەى (جينـێ)كـە تەقاندنەوەى ناخى كاراكتەرەكانيەتى.

نووسەر دەيەوێ بڵێت: كاراكتەرەكان باس لەكەسانى دى دەكەن، وەك ئـەوەى لـەناو شـانۆدا رۆڵـى كەسـانى دى ببيـنن، يـان شـانۆيى نەيخەنـە بەرچاو.

## ميتاتياترۆ ومەسەلە شانۆييەكان

مەسـەلەى دراما وشـانۆ لـە تێسكسـتى شـانۆييدا بەتـەنيا لـەدراماكانى سـەدەى بيسـتەمدا زەق نەبوونەتـەوە،يان بەتـەنيا لەشـانۆى ئەليزابيتيـدا دەرنەكەوتوون، بەڵكو رەگـى ئـەم جۆرە شـانۆيە زۆر لەوەوبەرەوە بە نـاخى هونەرەكـەدا رۆچـووە، بۆنموونـە: لـەدراماى گريكـدا لاى كاراكتـەرەكانى (يۆرپيـدس) ئـەو مامەڵەيـەكراوە، هەرچـۆن لاى شـاعيرەكەى گريـك (ئەرسـتۆفانيس) جـوانترين مەسـەلەى دراميـى بـەكارهێنراوە، باشـترين نموونـەش شـانۆنامەى (بۆقـەكان)يـەتى، لەوێـدا درامـاى ميتاتيـاترۆيى

چەكەرەی كردوە. نووسەر ئاماژە بەو شاعیرە –نووسەرە دەكات كە دوای مەرگی شانۆكارە گەورەكان (ئەسخیلۆس، سۆفۆكلیس و یۆرپیدس) رووی گەشی بەخشیوەتەوە شانۆ، ئەو شاعیرە باسی لەكاریگەریی سەردەم كردوە لەسەر مرۆڤی ئەفرێنەر، لەشانۆنامەی (ژنان لە جەژنی شمۆفۆریا)دا گاڵتەی بەو نووسەرانە كردوە كەلایان وایە دەبێ وەك كاراكتەرەكانیان بە ئەزموونی مرۆییدا رەت بن. بەڵام چیخەف لەنووسەرانی درامای نوێ لە (باڵندەی دەریا)كەیدا شانۆی سەردەمەكەی رەتدەكاتەوە، چونكە دەقگرتووە ولە شتە دژباوەكانی ژیانی خەڵكی نادوێن. ئەو داوایكردوە ((ژیان وەك خۆی وێنا نەكەین، یان دەبێ چۆن چۆنی بێت، بەڵكو دەبێ بەجۆرێ ببینین وەك ئەوەی لەخەونەكانماندا دەیبینین)).

لەمەسەلە شانۆییە گرنگەكانی دواتردا، تویێژەر دێتە سەر مەسەلەیەكی هەستیار و نموونەكەشی بەبیروڕای دەرهێنەرێك پتەو دەكات كە (دهنكفوس)ی دەرهێنەری شانۆنامەیەكی بیراندیللۆیە، ئەو دەڵێت ((بەرپرسیاریی نووسەر بەرامبەر تێكستەكەیەتی، نەك نمایشەكە، ئەو بەرپرسە بەرامبەر خوێنەر و رەخنەگری ئەدەبیی، بەڵكو دەرهێنەرەكە بەرپرسە لەنمایش بە پێیەی ئەو نووسەری نمایشەكەیە، ئەو نمایشەی تێكست یەك لەپێكهاتەكانێتی)).

كەواتە تێكست دەبێتەوە یەك لەپێكهاتەكانی نمایش، دەرهێنەر بەپێی تێگەیشتنی لەتێكستەكە داهێنانی شانۆیی دەخاتە بەرچاو، ئەویش دوای ئاراستەكردنی ئەكتەرەكانی بەشیكردنەوەی خۆی، هەروەها ئاراستەی ئەوانی دیكەش دەكات كەبریتین لەموزیكزان و نەخشەكێشی دیكۆر وجلوبەرگ وتیشك... تاد، دیارە ئاراستەكان بەپێی كات وستافی جێبەجێكار دەگۆڕدرێن.

## شوێنكات لەشانۆی میتاتیاترۆدا

لەمێژوودا، هەردوو چەمكی (شوێن وكات) وەك دوو چەمكی بابەتیی و جودا و رەها تەماشاكراون، ئەمە لای فەیلەسوفانی گریك (ئەفلاتون

وئەرستۆ) بەو شێوەیە ناسێنراوە، (هیگل) جەختی لەوە کردۆتەوە کە هەردوو چەمکەکە بەرهەمی بیرۆکەی رەهان لەقۆناغی گەشەکردنیاندا، پانتایی (شوێن) سەرەتابووە و بەدوایدا (کات) هاتووە، هەربۆیە جودان.

وەك توێژەر لێی دەدوێت، بەلای (کانت)ەوە کات فراوانتر بووە لەشوێن، بەڵام (منکوفسکی)وایداوەتە قەڵەم کە دابڕان لەنێوان دوو چەمکەکەدا نییە وهەردوو پێکەوەپەیوەستن، ئەو (پەیوەستبوونی هەردووکیان)ی بەو جیهانە زانیوە کە رووداوە فیزیکیەکانیان لەخۆگرتووە، چونکە بڕوای وابووە کە هەر رووداوە بەچوار مەودا دیاریکراوە، سیانیان تایبەتن بەشوێن (درێژی وپانی و قوڵی)و چوارەمیش (کات)ە. کەواتە کات دەبێتە شوێن وبە پێچەوانەشەوە. لێرەوە دەسەلمێت کە پەیوەستیی (شوێنکات) بونیادێکی بابەتییە لەپەیوەندییە ناوخۆییەکان کە بە (رابردوو، ئێستا، ئاینده) لەچوارچێوەی شوێندا پێودان دەکرێن، بەو پێیەی کە ئاوێتەی سروشت و بوونن. توێژەر لەو تێڕوانینە فەلسەفی و زانستییەوە (شوێنکات) بە دراما وشانۆوە دەبەستێتەوە، چونکە بەهونەرێکی شوێنکاتیانەی دەزانێ، هەر لەسەردەمی ئەرستۆوە تا دواتر.

(مارتن ئەسلن) پەیوەندیی (شوێنکات) لە دیمەنی شانۆییدا دەخاتە روو ((پەیوەندیی لەنێوان رەگەزەکانی شوێن وکاتدا هەیە))، لەوێوە دەگەینە پێناسەیەکی (ئۆبرسفلد) کەدەڵێ ((دال))ی کات شوێنە. پەیوەستبوونی (شوێنکات) لەتوێژینەوە بونیادگەر و سیمیۆلۆجییەکاندا بەهۆی هەستەکانی بینین و بیستن و تەنانەت (بۆنکردنیش)ەوە دەسەلمێت، ئیدی لە نمایشدابێ یان لەنێو تێکستی شانۆنامەدا، پێودانیش بۆ دیتنەوە یان ئەندێشەی بینەر وخوێنەرە. لەکۆتایی ئەم بەشەدا، توێژەر زیاتر بۆچوونەکان دەبەستێتەوە بە شانۆوە و ئاماژە بەوە دەکات کەشوێنکات لە شانۆدا پرسیار درووست دەکەن :

– ئاخۆ شوێنکات لای نووسەر پەیوەستە بەنیشتمان و سەردەمەوە، کە لێیانەوە گوتاری خۆی وتەکنیکی وەرچەرخانی گوتار بۆ شێوەیەکی شانۆیی بگۆڕدرێت؟

– یان، ڕووداوی درامی و کاراکتەرەکانن لەرێی تێکستەوە (کە کات وشوێنی مێژوویی دەبنە کەرەستەی) شوێنکات دەخەنە بەرچاو؟

– یان، درێژکراوەی شوێنی جیاوازن بەپێی خواستی نمایش؟

– یان، شوێنکات بەندە بەئەکتەرەوە لە ئامادەبوونیدا تا کۆتایی نمایشەکە؟

– یان، ئاخۆ پەیوەندیی شوێنکات بە وەرگرەوە (کە کات وشوێنی وەرگر دیاریکراوە) چۆن چۆنییە؟

شانۆی میتاتیاترۆیی زیاد لە پەیوەندییەکی (شوێنکات)ی هەیە، ئیتر لە سادەترین وێنەیدا بێ بە رەگەزە شانۆییەکانیەوە بێ لەچنینی ناوەکیی تۆکمەدا، یان لەبالاترین وێنەیدا بێ لەشانۆی ناو شانۆگەریدا،یان لە شانۆگەریی  ناو شانۆگەرییدا، پاشان، ئاستی شوێنکات بەپێی نمایشی کرۆك و هزری نووسەر،یان تەکنیکی نمایش (کەلەشانۆی تەقلیدیی جیاوازن)، یان لە پەیوەندیی کەرەستە بەشانۆکراوەکە بە سەرجەم شانۆگەرییەکەوە، یان لەپەیوەستبوونی شانۆگەرییە ناوەکییەکە بە چوارچێوەی گشتی شانۆگەرییە سەرەکییەکەوە دیاری دەکرێن.

لێرەوە توێژەر بۆ پراکتیزەکردنی بۆچوونە تیۆرییەکانی سێ شانۆنامەی بەنموونە وەرگرتووە، ئەوانیش :

1. سندوقی دەمامکەکان /خایمی سالوم – ی ئیسپانی
2. ئاە کرمیلا /خوسیە سینستڕای – ئیسپانی
3. زێر سالم / ئەلفرید فرج – ی میسری

## دەرەنجام

توێژەر، یان نووسەری کتێبەکە (د.رضا غالب) لەکۆتایی هەردوو بەشە سەرەکییەکەیدا بەناوی (کۆتایی)ەوە دەرەنجامی توێژینەوە دەوڵەمەندەکەی بەکورتی خستووەتە ڕوو، لێرەدا بەشێ لەو کۆتاییە دەخەینە بەرچاوی خوێنەر :

- ميتاتيـاترۆ چـەمكێكە بـۆ ئـەو شـانۆيەی دژ بـە واقيعيـەت، يـان ناتورياليزمە، تيايدا ميكانيزمی گەمەی شانۆيی چۆنێتی دروستكردنی ئەو گەمەيە، يان سازكردنی لەبەرچاوی بينەر ئاشكرا دەكرێت.
- سـەرجەم رووداو وكارەكتـەرەكانی ئـەم شـانۆيە لـە ئەندێشـەی شانۆييەوە دەخوازرێن، بەڵام دوور لەژيان شتێ نابينرێت.. ئەندێشە دەبێتە هونەرێكی بێ هاوتا لەژيانی ئاسايی.
- لـەم شـانۆيەدا، سروشـتی شـانۆيی لـەخودی ژيـان ودرامـادا ئاوێتـە دەبـێ، هـەروەها لـەتێكئالآنی خـەون و واقيعـدا، يـان وەهـم (هونـەر) لەگـەڵ راستی (واقيع)، لـەم شـانۆگەرييانەدا هەريـەك لـەژيان وتەختـەی شـانۆ دەبنـە درێژكراوەی يەكتر.
- ميتاتياترۆ چەمكێكی فراوانترە لە (شانۆ لەناو شانۆدا) يان (شانۆ لەناو شانۆگەرييدا).
- رەگـەزەكانی ميتاتيـاترۆ مشـتومڕی زۆر مەسـەلەی تايبـەت بەشـانۆ دەگرنەخۆ، وەكو: سەرچاوەكانی كەرەستەی شانۆيی، رياليزم لەهونـەردا و هەڵوێسـتی هەنـدێ لـە نووسـەرانی درامـای هاوچـەرخ لەشـانۆگەريی ئەرستۆيی، پەيوەنديی هەريـەك لەنووسـەرو دەرهێنـەر بەتێكسـت و نمايشـی شـانۆييەوە، هونـەری ئەكتـەر، جوانيـەكانيی وەرگـرتن، پەيوەنـديی ديمـەنی شانۆيی بە نمايشەوە، كاريگـەريی ئـەزموونی سـتاتيكی و سـۆزداريی لەسـەر بينەر، تێكستی شانۆيی وباوەڕی تەماشاكەر... تاد.
- شوێنكات وچنينی شانۆنامەی ميتاتياترۆيی...

مايەوە بڵێين:

نووسـەر كـە بـۆ نووسـينی توێژينـەوە – كتێبەكـەی دەيـان سەرچـاوەی عەرەبی وئينگليزيی بەكارهێناوە، خاوەنی بڕوانامـەی دكتۆرايە لەفەلسـەفەو ئـەدەبيات وهونـەردا لـە زانكۆيـەكی ئيسـپانی وخـاوەنی چـەندين كتێـب وتوێژينـەوەی گرنگـە و ئێسـتاش مامۆسـتای دراما و رەخنـەی شـانۆييە لەپەيمانگای باڵای هونەرە شانۆييەكانی قاهيرە.

# شانۆنامه یەك پەردەییەكانی
# محیّدین زەنگنه

مامۆستا محیّدین زەنگنه، لەمێژووی هاوچەرخی شانۆی عێراقیدا(به كوردی و عەرەبییەوە) ناوێكی درەوشاوە و شانۆنامەنووسێكی گەورەیە، نەك بەتەنیا له ولاّتی عێراقدا، بەڵكو چەندین شانۆی ولاتانی عەرەب و فێستیڤاڵە شانۆییە ناسراوەكان، به بەرهەمی ئەو دەوڵەمەند بوون و دەرهێنەر و ئەكتەری گەلیَ بەهرەمەند تێكستەكانی ئەو نووسەرە هەڵكەوتووەیان به شانۆ شادكردووە.

زەنگنەی ئەدیب و پێشكەوتوخواز، وەك ژمارەیەكی دیكه لەناوە گەورەكان، بەهۆی پەروەردە و ژیانەوە، به زمانی دایك نەینووسیوە، بەڵكو وەك مامۆستایەكی دیاری زمانزان و شانۆنووس به عەرەبیی، ئەو هونەرە ئینسانییەی به بینەرانی بەرهەمەكانی ئاشناكردووە، بەلاّم بێجگه لەوەی وەك قەڵەمێكی سەر به مرۆڤ و مرۆڤایەتیی، لەگەلیَ بەرهەمیدا رەنگ و رووی نەتەوەكەی و چەوساندنەوەی گەلەكەی له تێكستەكانیدا رەنگپێداوەتەوە و وەك كورد و ئەدیبێكی مرۆڤپەروەر، هەمیشه بەرهەمەكانی جێگای مشتومڕ و مایەی لەسەر نووسین و لێكدانەوە بوون.

ژمارەیەك لەكارە بەكوردی كراوەكانی، وەكو(مۆڵەت و پرسیار و نهێنی) و ژمارەیەكی دی له شانۆنامه یەك پەردەییەكانی بوونەته سەرچاوەیەكی

هونەریی بۆ شانۆکارانی کوردستان و هەرچۆن شانۆکارانی عێراق و عەرەب شانازیی پێوە دەکەن، شانۆکاری کوردیش شاکارەکانی ئەو بە سەرچاوەیەکی زیندوو دەزانن بۆ بزاڤە شانۆییەکەمان.

ئەمساڵ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، وەك سەدان کاروبەخششی دیکەی، بەچاپکراوێکی نوێ خزمەتێکی باشی دووپاتکردەوە، ئەویش چاپکردنی کتێبی:(شانۆی محێدین زنگنە..شانۆنامەی یەك پەردەیی وەکو نموونە)یە، کە توێژینەوەیەکی مامۆستا(غنام محمد خضر)ە و بە زمانی عەرەبیی نووسراوە و لە 150لاپەڕەدا لەچاپدراوە.

نووسەر توێژینەوەکەی دابەشکردووە بەسەر دوو باسی بەراییدا، ئەوانیش:

-شانۆنامەی یەك پەردەیی..سروشت و خەسڵەتی

-یەك پەردەیی...شانۆنامەی تەقلیدیی

پاشان، دوای دەروازەیەك، توێژینەوەکە ئەم تەوەرانەی گرتۆتە خۆ:

*چنین: دەروازەیەك بۆ چنین، پەیوەندیی بابەت بە چنینەوە

*ململانێ: ململانێی دەرەکی، ململانێی ناوەکیی

*کاراکتەر:کاراکتەرە سەرەکییەکان، پاڵەوانی نادیار، پاڵەوانی روناکبیر، کارەکتەرە لاوەکییەکان.

*دیالۆژ: دیالۆژ و دراما، دیالۆژ و زمان(دیالۆژ لەنێوان رێزمانی و جلفەدا، دیالۆژ و وێنە)

*شانۆگەریی ئەزموونگەریی

*درامای بێهودە و ناماقوڵ

*مۆنۆدراما

*درامای داستانیی

هەڵبەت، نووسەری توێژینەوەکە، ئەو لایەنە تیۆری و زانستیانەی بە سەلماندن و پراکتیکی شانۆنامەکانی(محێدین زەنگنە)وە باسکردوە و نموونەی شانۆنامە یەك پەردەییەکانی ئەو نووسەرە بوونەتە سەرچاوە بۆ لێدوان لە هەریەك لە رەگەزە سەرەکییەکانی پێکهاتەی درامای شانۆیی،

لەوانەش(نهێنی، هاواری بێدەنگییەکی لاڵ، لە پێنجیەکی پێنجەمی سەدەی بیستەمدا ئەمە روودەدات، ئێوارەتان باش ئەی رەشپێستە سپییەکان) و چەند شانۆنامەیەکی دیکەین.

نووسەر کە لە توێژینەوەکەیدا 59کتێب و کۆمەڵێ گۆڤار و رۆژنامە بوونەتە سەرچاوە، لە پێشەکییەکی کورتیشدا بۆ ئەم کتێبە(د.فائق مصطفى) نووسیویە و دەڵێت:" بایەخی ئەم کتێبە لە دووخاڵدایە، یەکەم توێژینەوە لە جۆرێکی دیاری شانۆنامە کە شانۆنامەی یەك پەردەییە، دووەمیش لێدوانە لە شانۆنامە یەك پەردەییەکانی نووسەرێکی شانۆیی کە بەڕای زۆربەی توێژەر و رەخنەگران لە پیشڕەوانی نووسەرە شانۆییەکانی عێراق دادەنرێت.

نووسەر لە پێشەکییەکدا سەبارەت بە خەسڵەتەکانی شانۆنامەی یەك پەردەیی دەڵێت:"ئەم جۆرە شانۆنامەیە، هەر کارێکی دراميیە کە لەیەك پەردەدا بێت، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا نووسراون و بە نواندنی کورت ناوبراوە".

پاشان دەڵێت:"لەم جۆرە شانۆنامەیەدا، تاك رووداویی، یان رووداوی سنووردار هەیە بێ درێژدادڕیی، هەروەها دیالۆژیی زیندوو و کاراکتەری کەم، لوتکەش نزیکە لە کۆتایی، بێ پشووودان و دیکۆرگۆڕینی زۆر لە دیمەنەکاندا، هەرچۆن یەکێتی کاریگەریی گشتیی بە زەقیی دەردەکەوێ..".

دواجار دەڵێت"ئەم جۆرە شانۆنامەیە، لەسەر زەمینەیەکی پتەو، لەنێوان کارە ئەدەبییەکانی دیکەدا جێگیرە و توانیویە ببێتە شێوازێکی گرنگ لە شانۆی هاوچەرخ، کۆڵەکەی پتەوی خۆی و ئامانجی خۆی هەیە و بووەتە سەرچاوەی نووسینی گەلێ نووسەران، بەتایبەت گەنجەکان، هەربۆیە بەهەموو جیهاندا دەگوێزرێتەوە..".

لەوێوە بەشەکانی توێژینەوەکەی لەسەر ئەو جۆرە شانۆنامانەی نووسەری ناوبراو دەستپێدەکات بە مەبەستی پەی بردن بە رەهەندە ستاتیکی و بابەتەکانیان.

لەتەوەری یەکەمدا، باس لە(چنین و ململانێ)کراوە، چنین وەك رەگەزی سەرەکیی پێکهێنانی شانۆنامەی تەقلیدی، وەك ئەوەی (ئەرستۆ)بە رێکخەری گشتیی بەشەکانی شانۆنامە ناوی بردووە.

چنین لە شانۆنامەکانی(زەنگنە)دا پتەوە و پشتی بە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی بەستووە، نووسەر لە کارەکانی زەنگنەدا بۆ ئەم نموونە وەرگرتنە باسی شانۆنامەی(ئەو و ئەو) دەکات، لەسەرەتاوە تیایدا شوێنی رووداوەکە و کاتەکەی دیاری کردووە، سەرەتای قەیرانێ بە گەڕانەوەی مێردەکە دەستپێدەکات بۆ ماڵەکەی، پاشان بەهۆی دیالۆژیی نێوان خۆی و ژنەکەیەوە گەشە بە رووداو دەدرێت، پاشان ململانێی نێوانیان شانۆنامەکە بەرەو لوتکە دەبات. نووسەر لەم کارەیدا بە چنینێکی پتەو کارێکی هونەریی ناوازەی درووستکردوە.

لە شانۆنامەکانی ئەم نووسەرەدا پەیوەندییەکی دیار لەنێوانی بابەت و چنیندا هەیە، بۆ نموونەش توێژەر باسی شانۆنامەی(نهێنی)ی کردوە، کە بابەتەکەی باسی بەرگریی عەرەب دەکات لە فەڵەستین، بیرۆکەکە ئاشکرایە و یەك رەهەندی لەخۆگرتووە، تیایدا چنین تەریبی بابەتە، هەرچۆن گوزارشتیش دەکات لە بیرۆکەکە، لەنموونەیەکی تردا باسی شانۆنامەی (لەگەڵ گزنگدا هاتوو لەگەڵ گزنگیشدا رۆیشت) دەکات کە بەوردی چنینی بۆ کردوە.

لەباسی(ململانێ)دا وەك رەگەزێکی ئەدەبیی بونیادنراوی شانۆنامە و گرنگترین رەگەزی بونیادی درامیی، کە رووداوەکان دەباتە پێشەوە، سەبارەت ململانێی دەرەکیی(ئەو و ئەو) بەنموونە وەرگیراوە کە تیایدا ململانێی نێوان ژن و مێردەکە دەردەکەوێ وەك ململانێی نێوان(گومان و دڵنیایی) یان خۆرئاوا و خۆرهەڵات، یاخود رابردوو و داهاتوو، ئەویش لەخێزانێکی نیمچە هەڵوەشاودا، کە پاشان ململانێکە دەگاتە قەیران، نووسەر ململانێی دەرەکیی کردووەتە کرۆکی شانۆنامەکەی.

سەبارەت بە(ململانێی ناوەکی) کە لەناخی مرۆڤدا روودەدات، وەك ململانێی نێوان دوو بیرۆکە، یان نێوان هۆش و سۆز، دووبارە(لەگەڵ گزنگدا

هات و لەگەڵ گزنگیشدا رۆیشت) هێنراوەتەوە، ئەویش کاتێ کارەکتەرەکە دڵی بە پەلەپەل لێدەدات و ئارەق لەرووی دەنیشێ.

لەتەوەری سێیەمی کتێبە بەنرخەکەی (غنام محمد خضر)دا باس لە (دیالۆگ) کراوە، ئەم باسەشی دابەش کردووە بەسەر دوو لقی گرنگدا کە یەکەمیان (دیاۆگ و دراما)یە.

دیالۆگ بەپێی پێناسەی(عبدالعزیز حمودة) بریتییە لە"ئامرازی نمایشکردنی رووداوی درامیی بەبێ هیچ ناوەندێکەوە.. بۆ وێناکردنی ململانێیەك لە نێوان دوو خواستەوە کە هەریەکەیان مەرامێتی ئەوی دی تێکبشکێنێ و بیبەزێنێ"، چونکە هەر لەرێی دیالۆژەوە دەتوانین لە رووداو و کاراکتەر و کات و شوێن و رەگەزەکانی دیکە بگەین، لەرێی رستەکانی دیالۆژەوەیە کە کاراکتەرەکان لە شانۆنامەدا دەیگۆڕنەوە.

لەم باسەدا، توێژەر باس لە بایەخی دیالۆژ دەکات بەوەی "دیالۆژ لە شانۆنامەدا جودایە لە قسەی رۆژانە، چونکە دیالۆژی شانۆیی مەرام لە پشتییەوەیە و لەنێوان دوو کەسدایە و دەپەڕێتەوە بۆ کەسی سێیەم کە وەرگرە، لەمەشدا ئەرکێ دێتەدیی کە لە توانای قسەی رۆژانەدا نییە".

رەخنەگران ئەرکی دیالۆژی دراماییان لەسێ خاڵی سەرەکیدا دیاریی کردوە، ئەوانیش:

-بەڕێوەبردنی گرێی شانۆنامە، واتە پێشخستنی و ریزبەندکردنی.

-ئاشکراکردنی کاراکتەرەکان.

-یاریدەدانی نواندن لە لایەنی هونەرییەوە لەرێی دەرهێنەرەوە.

سەبارەت دیالۆژ لە شانۆنامەکانی محێدین زەنگنەدا هاتووە "لەزۆربەیاندا وەك خەسڵەتەکانی شانۆنامەی یەك پەردەیی دارێژراون، ئەویش لەرووی کورتی دیالۆژ و چڕییەوە، پاشانیش لەرێی جێبەجێکردنی ئەرکە دراماییەکانیانەوە" بۆ نموونەش پەنا براوەتە بەر شانۆنامەی (لەیەکچوو) و ئاماژە بە دیالۆژی کاراکتەرەکان کراوە بەوەی لە رستەی کورتدا مانای جۆراوجۆر دەگوترێن، هەرچۆن فاکتەرێکن بۆ ئاشکراکردنی کاراکتەرەکان لە رووی بیرکردنەوە و هەڵوێستیانەوە.

هاوکات باسی لەوە کردووە کە دیالۆژەکانی ئەم شانۆنامەیە درامین و رووداوەکان دەبەنە پێشەوە و کاراکتەرەکان دەردەخەن و ململانێی نێوانیان تیژ دەکەن.

لقی دووەمی تەوەرەکە(دیالۆژ و زمان) سەرەتا تەرخانە بۆ باسی (دیالۆژ لەنێوان رێزمانی و گشتیدا، لەسەرەتاشەوە باس لە لایەنگریی رەخنەگران دەکات بۆ هەریەك لەو دووجۆرە دارشتنە، بۆ یەکەمیان (رێزمانی) جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە دەبێ سەرانسەر بینەرانی عەرەب لە کارەکان بگەن، بەڵام لایەنگرانی دووەمیان(گشتی) وایدەبینن کە ئەو جۆرە دیالۆژە لە هەناوی کاراکتەرەوە دەردێن.

لەباسی زمانی دیالۆژەکانی(محێدین زەنگنە)دا ئاماژە بەوە کراوە کە زمانی رێزمانی بەو هەموو پتەوییەوە لە شانۆنامەی وەکو (گوڵەکان بۆ کێ)دا بەکارهێنراوە، سەبارەت بەوەش توێژەر نووسیویە"زمانی شانۆنامەکە بەهێزە و لەدووتوێیدا بیروڕا و واتای زۆر و قووڵ دەربڕدراون.

هەرچۆن ئاماژەشی بە زمانی نووسەر کردوە وەك زمانێکی جوان و بەهێز، دوور لە زاراوەی گشتی و سانا، تەنانەت دوور لە هەڵەی رێزمانیی و زمانەوانی.

لە نموونەی دیکەدا بۆ شانۆنامەکانی (زەنگنە) باسی لە(یەکێکیان دێت)کردوە بەوەی کە نووسەرمان خاوەنی سەلیقەیەکی باشی زمانی عەرەبییە، هەرچۆن ئەو راستییەش دووپات کردۆتەوە کە سەرجەم کارەکانی مامۆستا بە زمانی (رێزمانی) نووسراون.

هەر لە باسی(یەکێکیان دێت)دا چەند ئاماژەیەکی گرنگ هەیە، ئەویش تەبایی زمان لەگەڵ ئاستی روناکبیری و ژینگەییدا، لەگەڵ گونجانی نێوان زمان و کاراکتەردا.

بەشەکەی دیکەی(دیالۆژو زمان) تەرخانە بۆ باسی(دیالۆژ و وێنە)، کە تیایدا توێژەر لە وێنە دواوە وەك چەمکێکی تایبەت بە هونەر، وێنەی هونەریی لە شانۆنامەدا پەیوەست بە کاراکتەر و سروشتی هەڵوێستە دراميیەکان.

هـەر لەباسـی پەیوەنـدیی سروشـتی وێنـەی هونـەری و پەیوەنـدیی بـە کاراکتەرەوە و رۆڵی لـە گەشـەپێکردنی بونیـادی درامیـدا، باسـی لـە نووسـەر کـردوە بـەوەی وێنـەکانی پەیوەنـدیی تـەواویان بـە کاراکتـەر و هەڵوێسـتی درامییـــەوە هەیـــە، هەرچـــۆن نموونەکەشـــی بـــە شـــانۆنامە یـــەك پەردەییەکـەی(درك)هێناوەتـەوە و بـۆ سـەلماندنی بۆچوونەکانیشـی پـەنای بردووەتە بەر چەند دیمەنێکی ئەو شانۆنامەیە.

# ستریندبێرگ
# نووسەرێك هەمیشە لەسەر شانۆ

ڕۆژی 2009/4/24لە ستۆکهۆڵم، بایەکی سارد هەنگاوەکانی ئێمەی ڕووەو ماڵەکەی (ئۆگست ستریندبێرگ) گورج دەکردو بەدرێژایی شەقامەکە بیرم دەچووەوە بۆ ئەو وتەیەی کە ئەو کەڵە نووسەرەی وڵاتی سوید کە سەبارەت خۆی گوتویەتی "گڕی من مەزنترین ئاگرە لە سویددا".

هاوڕێی هونەرمەندم (دانا ڕەووف) سەرنجی بۆ ناوەڕاستی ڕێگاکە ڕادەکێشام کە بە شێوەیەکی یەکجار هونەریی ڕستەی نێو دیالۆژی شانۆنامەکانی ستریندبێرگ-یان لەسەر نووسراوو جێگیر کرابوو.

لەماڵێکی سێ نهۆمیدا، بە سروتێکی کەم وێنە شادبووین، هەستمدەکرد ڕۆحی ئاوێزانی ئەو مەزنە نووسەرە پێشوازیو خۆشهاتنمان لێدەکات. لە پرسگەوە، ئێمەو چەندین شەیدایانی بەرهەمی ئەدەبیاتی ئەو نووسەرە، بەڕێزو لەسەرخۆیی زۆرەوە ڕووەو ژوورەکانی ئەو ماڵە چووینو لەئاستی کەرەستەو وێنەو هەموو جێماوە مێژووییەکانیدا، بەوپەڕی ڕێزو موحیبەتەوە سەرنجمان دەداو زوو زوو کاك دانا-ی شارەزا لە شانۆی ئەو مەزنە نووسەرەدا ڕاڤەی کەرەستەو وێنەو نووسینەکانی بۆ دەکردم.

ئینگمار بێریمان سەبارەت بەو گوتویەتی" من بە هەوای ستریندبێرگ هەناسە دەدەم"، هەرچۆن ئاشنایەتی خۆی بەوەوە بە جۆرێك لێکدەداتەوە کە سەبارەت ئەو بێژێ"ئاخۆ ژیانی من بەبێ ستریندبێرگ چۆن بووایە؟".

کاتێ ئەو شتانەمان بەسەردەکردەوە کە لە ژوورەکانی ئەو ماڵە جوانەدا پارێزراون، ئەو ڕاستییەم لەلا دووپات دەبووەوە کە لە وڵاتی پێشکەوتووی خاوەن کلتورو مێژووی سوییددا، چۆن ڕێز لەو نووسەرەیان دەگیرێ کە بە سیمبوڵی سامانی نەتەوەیی خۆیانی دەزانن، ئەوان بێ گومانن لەوەی کە یەك بەیەکی بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە لە پێناوی ژیانو سەرفرازیی مرۆڤدا نووسراون، هەربۆیە تا ئەمڕۆ، کتێبو دەستنووسو قەڵەمو چاویلکەکەی، شەفقەو گۆچانەکەی، جلوبەرگی ئەکتەرەکانی، مێزو

کورسی و پێخەفەکەی، وەکو سامانی بەهادار پارێزراون و نەوە دوای نەوە، لاوانی وڵاتەکەی بە خۆشەویستی و رامانەوە دەچنە تەماشایان.

کتێبەکانیشی مێژووی سەردەمێ باسدەکەن کە ستریندبێرگ بەوان جیهانبینی خۆی فراوانکردوە.

## کورتەیەك سەبارەت ژیان و بەرهەمەکانی ستریندبێرگ

لە وڵاتی سوید، کەم نووسەر هەیە بە وێنەی ستریندبێرگ هێندە لای جەماوەر خاوەن شکۆو پلەو پایە بێ، ئەو لە ژیانیداو دوای مەرگیشی بە ئەستێرە درەوشەدارەکەی شانۆو ئەدەبیاتی سویدن، ناسراوە.

(یان میردالٚ) دەربارەی وتویەتی"ستریندبێرگ گرنگیەکی زۆر تایبەتی بۆ ئێمە هەیە لە سوید، ئەو بۆ ئێمە تەنها نووسەر نییە، ئەو ژیانێکە، هەروەها ئەویش خۆی لە ئێمەدا نووسیوەو بەرجەستە کردووە". نزیکەی 100ساڵە مردووە، کەچی بەردەوام تێکستەکانی لەسەر شانۆ نمایشدەکرێنەوە.

ئۆگست ستریندبێرگ ساڵی 1849لە ستۆکهۆلم لەدایك بووە، ساڵی 1867 لە زانکۆی ئۆبسالا دەست بە خوێندن دەکات، بەڵام بەردەوام نابێ و دەگەڕێتەوە بۆ ستۆکهۆلم تا لەشانۆی پادشایەتی ببێتە ئەکتەر، لەبەر بی ٚبەهرەیی لە هونەری نواندنا، هەوڵدەدات پیەسی شانۆیی بنووسێت، ساڵی 1870یەکەم پیەسی یەك پەردەیی ئەو (لە رۆم) نمایشدەکرێ و شاکارڵی پانزە (پادشای سوید) زۆری بەدڵ دەبێ و 200کرۆن وەك پاداشت دەبەخشێتە ستریندبێرگ.

لە تەمەنی 23ساڵیدا شانۆنامەی مێژوویی (میستەر ئۆلۆف)ی نووسیوە، لەو تەمەنەیدا سوودێکی باشی لە تەکنیکی شانۆییە مێژووییەکانی شەکسپیر بینیوە. ساڵی 1874لە کتێبخانەی پادشایەتی ستۆکهۆلم دامەزراوەو لە 1879دا رۆمانی سەرکەوتووی (ژووری سوور)ی بڵاوکردۆتەوە، لە 1882دا بۆ یەکجاری واز لە کاری نێو کتێبخانە دێنێ و هەموو ژیانی بۆ نووسین تەرخان دەکات.

### بەرهەمە بەناوبانگەکانی ستریندبێرگ بریتین لە :

*مەملەکەتی نوێ، 1882، ئەدەبیاتی ساتیری رەخنەئامێز.

*زەماوەند، 1884، نۆڤێلّ (بەشی یەکەم).

*زەماوەند، 1886، (بەشی دووەم)

*کوڕی کارەکەرەکە، 1886، ڕۆمان.

*باوك، 1887، شانۆنامە.

*دانیشتوانی دورگەی هێمن، 1887، ڕۆمان.

*خاتوو ژولیا، 1888، شانۆنامە.

*وتاری بەرگریی شێتێك، 1888، ڕۆمان.

*قەرزارەکان، 1888، شانۆنامە.

*لەپەیوەندیی رووباردا، 1890، ڕۆمان.

*یاری بە ئاگرکردن، 1892، شانۆنامە.

*دۆزەخ، 1897، وێنەیەك لە ژیان.

*بەرەو دیمەشق، 1898، شانۆنامە.

*لە سالآنی 1899–1912 ئەم شانۆنامانەی نووسیوە:

تاوان و تۆڵە، گۆستاڤ ڤاسا، جەژنی قوربان، سەمای مەرگ لە دوو بەشدا.

*ساڵی 1902، شانۆنامەکانی (کارڵی دوانزە، کریستینا، خەونە یاری) کە ئەمەی دواییانی بە خۆشەویسترین بەرهەمی خۆی دادەنێت و هەروەك دانا رەووف دەڵێت"لە خەونە یاریدا ژیان و خەون و شیعر دەکاتە یەکەیەکی هونەری و ناوەڕۆك و هزری پیەسەکە".

*ئالآ رەشەکان، 1904، ڕۆمان.

* لە ساڵی 1907–1910 پێنج شانۆنامەی نووسیوە بە ناوەکانی (زریان، زەوی سووتاو، سۆناتای تارمایی، سەقاقوش، دەستکێشی رەش).

*کتێبە شینەکان، 1908.

*لە 1912/1/22داو بەبۆنەی جەژنی لەدایك بوونیەوە جەماوەرێکی زۆر لە بەر دەرگای ماڵەکەیدا ئاهەنگ دەگێڕن و ناویدەنێن (نۆبڵی جەماوەر).

*لە 1912/5/14دا ئەو نووسەرە مەزنە بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردوە.

بێجگە لە شانۆنامەو ڕۆمانەکانی، ئەم نووسەرە کۆمەڵێ وتاری سەبارەت زانستی کیمیا نووسیوە، تەقەلای وێنەکێشانیشی داوەو تابلۆکانی لە پێشانگا نەتەوەیی و نێو دەوڵەتییەکاندا نیشاندەدرێ، لای ئەو وێنەکێشان پرۆسەیەکی گرنگی دەربڕین بووە.

ستریندبێرگ زیاد لە پەنجا شانۆنامەی نووسیوە، وێڕای ڕۆمان و چیرۆك و ژیاننامە.

د.فازڵ جاف سەبارەت ئەم نووسەرە وتویەتی:

"ستریندبێرگ مەزنترین و ناودارترین شانۆنووسی سویدییە، کە بە هۆی زۆریی بەرهەمە شانۆییەکانیەوە، ناوبانگێکی جیهانیی پەیداکرد..ڕۆڵی ئەو لە گەشەپێدانی شانۆی سویدیدا تەنها لە نووسیندا نەبوو، بەڵکو لەگەڵ ئەکتەری بەناوبانگ (ئاوگست فالْك) لەنێو شاری ستۆکهۆڵمدا شانۆیەکی لەژێر ناوی (شانۆی بچووك) لەساڵی 1906دا دامەزراند..".

هەروەها دەڵێت"شانۆی سوید بەناوی چەندین نووسەری شانۆیی ڕازاوەتەوە، کە دوای ستریندبێرگ پەیدابوون، بەڵام هێشتا ناوی ئەو هەر زاڵە بەسەر ناوەکانداو کاریگەریی بەرچاوی لەسەر هەموو نووسەرانی شانۆی دوای خۆیی هەیە".

مایەوە بڵێم :

بەشێوەیەکی ڕۆژانە، خەڵکی وڵاتەکەی و دەرەوەی، بۆ دەربڕینی خۆشەویستییان بەرامبەر ستریندبێرگ مەزن، بەردەوام سەردانی دوانزرگەی دەکەن کە ماڵێکی یەکجار جوانەو دەکەوێتە سەر شەقامی (درۆتنینگی 85 لە ستۆکهۆڵم، کە وەکو مۆزەخانەیەك وایەو تیایدا کەلوپەلەکانی و کتێبخانەکەی و هەموو پێداویستییەکانی تری دوا ڕۆژەکانی ژیانی ئەو نووسەرە مەزنەیان تیا پارێزراوە.

بێجگە لەوەی گەلێ شانۆی پێشکەوتووی دنیا، شانۆنامە وەرگێڕاوەکانی ئەم کەڵە نووسەرە ساڵانە نمایش دەکەن، لە وڵاتی سویددا گەلێ لە شانۆ ناسراوەکان، بەرهەمی ئەم نووسەرە نەمرە بەدیدو بەرجەستەکردنی جیاوازەوە لەلایەن ڕیژیسۆرە بەتواناکانەوە دەخەنەوە سەر شانۆ..

ئۆگۆست ستریندبێرگ، لای خەڵکی سوید، بەهەموو ئاستە رووناکبیریو کۆمەڵایەتییەکانیانـــــەوە، بووەتـــــە پێداویســـــتییو هامشـــــۆکردنی شانۆگەرییەکانی بەرنامەیەکی لەپێش ژیانی ئەوانە.

بەخت یاوەرم بوو رۆژی 2009/3/27 لەگەڵ هاوڕێی ئازیزم هونەرمەند مەهدی جافو کەسی بەڕێزم کاکە رێبوار شەوکەت بەسەردانی شانۆیەکی (سەنترال کلتور)ی ستۆکهۆڵم شادبووم کە یەکێك لە شانۆگەرییەکانی ستریندبێرگ تیادا نمایش دەکرا بە ناوی (جەژنی قوربان – PASK).

هەڵبەتە هەردوو هاوڕێی ناوبراوم ساڵانێکی زۆرە نیشتەجێی ئەو وڵاتەنو لە زمانی سویدی بەباشی حاڵین، ئەوان بەردەوام دەچنە دیتنی شانۆییەکانی ئەو نووسەرە، بۆ منیش سروتی نمایشەکەو نواندنی ئەکتەرەکانو کاری سینۆگرافیاو ریژیسیۆرەکەی (کە بەتەنیا بە زمانی هونەر لێیان دەگەیشتم، بەجارێ سەرسامی کردم، دوای نمایشەکەش کاتێ هەردوو هاوڕێ باسی تێکستەکەیان کرد ئەوەندەی دی نمایشەکەم لەلا شیرین بوو.

دەبێ بڵێین، لەگەڵ وەرگێڕانی چەندین تێکستی ئەو گەورە نووسەرەدا بۆ زمانی کوردی، شانۆی ئێمە یەکجار هەژارە لە نمایشی ئەو نووسەرە، کە لەو بڕوایەدام هێنانەدیی ئەو ئاواتە، گوڕدانە بە نمایشی کاری وەرگێڕراوی هونەرێکی مەزن بۆ سەر شانۆی کوردی.

---


سەرچاوەکان:

*دانا رەووف، ستەرندبێرگ..سۆناتای تارمایی لەنێوان راینهارتو بێریماندا، ستۆکهۆڵم، 2001.

*د.فازڵ جاف، شانۆی هاوچەرخی سوید، و/دلێر میرزا، سلێمانی، خانەی وەرگێڕان.

# شانۆی خۆر

"شـانۆی خـۆر لەسـی سـاڵی رابـردوودا لـە بـەناوبانگترین شـانۆکانی ئەوروپا بووە، هەرچۆن(ئاریان مینوشکین)یش بوو بە دیارترین دەرهێنـەری ئەوروپا".

ئەمانــە پەیڤــە ســەرەتاییەکانی پێشــکەش کردنــی کتێبەکــەی (دافیــد لیـامن)ە کـە د.امین حسـین الربـاط کردوویـە بـە عـەرەبی و سـاڵی 1999لـە قاهیرە لەچاپدراوە.

کتێبەکـە شـۆڕبوونەوەیە بـە تیپێکـی شـانۆیی دەگمـەن و ئـەو شـانۆی خۆرەدا کە بە (شانۆی هەرەوەزی)یش ناسراوە، تیایدا چەند وتار و دیداریَ لەلایەن ژمارەیەك لە توێژەرانی دونیاوە نووسراوە و ئەنجامدراوە و کتێبەکە لە پێنج بەشی سەرەکیی پێکهاتووە.

هەر هەموو بابەتەکان باس لە گرنگیدانەکانی شانۆی خۆر و چارەسەری شـانۆکە بـۆ بابەتـە مۆراڵییـەکان و پلانـی هـەرەوەزیی شـانۆیی و سـەرلەنویَ دووبارەکردنـەوەی وێنـاکردنی مێـژوویی رووداوەکـان و مەشـقی ئەکتـەر و رۆڵی ئەکتەرە لە کاری بەکۆمەڵدا.

نووســەری کتێبەکــە لەســەرەتاوە ئامــاژە بــۆ ئــەوە دەکـات کـە بـاس لـە (مینوشـکین)دەکـریَ، ئـەو رابـەرە شـانۆییەی کـە شـانۆیەکی ناوچـەیی کـردە جیهـانیی، شـانۆی خـۆری مینوشـکین دەیـەویَ بـە رۆشـنبیریی میللیـدا شـۆڕبێتەوە و لەسـێبەری باڵادەسـتیی سـەرمایەداریدا کۆمـەڵیَ پـرس بوروژێنێت، ئەم شانۆیە کە ساڵی 1964دامەزراوە بریتی بووە لە تیپێکی (10)کەسـیی لـە خوێنـدکارە نموونەییـەکانی بـەناوبانگترین شـانۆیەکانی ئەوروپا، ئـەو گروپـە دەیانویست گۆڕانکـاریی لـە فۆڕمی نمایشـی شـانۆیی

وەك رەنگێك لــە رەنگــەكانی پیــادەكردنی كۆمەڵایەتیــدا بكــەن. هەربۆیــە مینوشــكین و شــانۆیەكەی ئــەركی توێژینــەوە و هەڵســەنگاندنی كلتــوری بیرمەندانی بزاڤی نوێخوازیی ئەورووپایان گرتە ئەستۆ، ئەوانیش (مایرهۆڵد، برێخت، كۆبۆ، جوڤیە، دۆڵن و ڤیلار)بوون.

هاوكــات شــێواز و نــەریتی شــانۆیی نوێیــان داهێنــا و داهێنانــەكانیان چووەسەر نەریتە شانۆییە میللییەكان، هەر لە بەزمەساتی ئیتاڵییەوە و ئەو نمایشـانەی كـە پشـتیان دەبەسـتە كاراكتـەری لێبـوك تـا دەگـات بـە شـانۆی ئاسیایی ئایینیی ئەندێشەیی.

كتێبەكە پشتبەستووە بە پێنج پرۆژەی سەرەكیی تیپەكە لەسی ساڵی رابردووی تەمەنیدا، ئەوانیش:

1–شانۆگەریی 1789، كە سەرەتای حەفتاكان نمـایش كـراوە و تـەرخانە بۆ رووداوەكانی مایۆی 1968.

2–كۆمیــدیای هاوچــەرخی ســەردەمی زێــڕین، كــە هەشــتاكان دەســتی پێكردوە.

3–ریچــاردی دووەم، كــە شــانۆگەرییەكە لەســـەر رێبازەكــەی ئــارتۆ و رووداوەكانی لە دنیای ئەندێشەی یابانی سەدەكانی ناوەندەوە وەرگیراوە.

4–شــانۆگەریی(لنــدیاد)، كەلــە شــێوازی داســتانیدایە و دابەشــبوونی هندستانی نیشانداوە.

5–شانۆگەریی (لیس ئاتریدس)كە زنجیرەیەك شانۆگەریی تراژیدیاكانی گریكــە و ژمارەیــان چــوارە و بــاس لــە هەڵوەشــانی یــەك لــە خێزانــە ئەفسانەییەكان دەكات بەر لە هەڵهاتنی خۆری دیموكراسیی.

ئــەو گۆڕانكارییــە مێژووییانــەی ئــەم شــانۆیە هێناویەتــە ئــارا بــریتین لە:واتاكانی كاری بە كۆمەڵ و بەرپرسیارێتییان، یەكەمێتی رۆڵی ئەكتەر، بــەكارهێنانی دەمامــك وەك ئــامرازێ بــۆ بەرجەســتەكردنی ئەندێشــەیی، پاكســازیی لــە دیــالۆژی هونەریــدا، زاراوەكــانی نمــایش و نوانــدن و یاســاكانیان، ریتمــی دووبــارەكراوە، نوانــدنی رووداوە مێــژوویی و هاوچەرخەكان لە روانگەی رەخنەگرانەوە، ئاریان مینوشكین گوتویەتی:

(بزانه، دەرهێنەری شانۆیی لە مێژووی خۆیدا بەرزترین پلەی دەسەڵاتی بەدەستهێناوە، ئامانجی ئێمە تێپەڕاندنی ئەوەیە و دەمانەوێ فۆڕمێکی شانۆیی ئەوتۆ بێنینە ئارا کەوا تیایدا هەر بەشداریێ کاریگەربێ، بێ لەوەی دەرهێنەر یان تەکنیك کار، یان هەر شتێکی دیکە بێ بە واتا کۆنەکە.

# بینەری شانۆ

یەکێك لە کتێبە ناوازەکانی سەنتەری زمانو وەرگێڕانی ئەکادیمیای هونەرەکانی قاهیرە بریتییە لە(بینەری شانۆ.. بەرەو تیۆرێك بۆ بەرهەمهێنان و وەرگرتنی شانۆیی) نووسەر(سۆزان بینیت)ە کە بەزمانی ئینگلیزیی لە

لەندەن ساڵی 1990لەچاپدراوە و لەلایەن(سامح فکری)یەوە وەرگێڕراوەتە عەرەبی و ساڵی 1995بەچاپ گەێنراوە.

پرۆفیسۆر فوزی فهمی لە پێشەکییەکدا سەبارەت ئەم کتێبە نووسیویە"ئەم کتێبە باس لەو رۆڵە دەکات کە بینەری شانۆ دەیگێڕێت، ئەویش بە جەختکردنەوە لە رۆڵی بەرهەمهێنانی بینەران، هەرچۆن ئامارەش دەکرێت بە کۆمەڵێ تیۆر و پراکتیزە کردن لەلایەن بینەرەوە، بەتایبەت بینەری بەرهەمهێن و خاوەن بیرورا".

پاشان ئامارە دەکات بۆ خەسڵەتەکانی هونەری دراما و نمایشی شانۆیی لەو روانگەیەوە کە توێژینەوەی شانۆ وەك توێژینەوە نییە لە چاپکراوێك، چونکە شانۆ پراکتیکی زیندووی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە پشت دەبەستێ بە ئامادەبوونی بینەر و پەیوەندیی ئەو ئامادەبوونە بە دامەزراوە بەرهەمهێنەکەی شانۆوە.

نووسەر لە یەکەمین بەشی کتێبەکەیدا پێشەکییەکەی بە گوتەیەکی گرۆتۆفسکی دەستپێدەکات کە دەڵێت"ئایا شانۆ بەبێ بوونی بینەر بوونی خۆی دەسەلمێنێ، تا ببێتە خاوەنی نمایشی شانۆیی؟ دیارە بۆ هێنانەدیی ئەو مەبەستە پێویست بە بوونی بینەر دەکات، ئەگەر یەك بینەریش بێت".

ئینجا لە بینەری شانۆ دەدوێت وەك دیاردەیەکی رۆشنبیریی و لە ئاڕاستە نوێیەکانی شانۆ دەدوێ کە خەڵکێکی زۆر و جیاواز دەبنە بینەری، لەو ئاڕاستانەشدا بۆچوونی نوێ دێتە کایە، هەرچۆن هەوڵی تێگەیشتن دەدرێت لە جەماوەری نوێی شانۆ، چونکە ئاڕاستە نوێیەکانی شانۆ بینەریان کردوەتە ناوەند و مەرامی دیاردە شانۆییەکە، کە کەسانێکن خاوەن بیرکردنەوە و بڕیاری خۆیانن".

پاشانیش ئاوڕدانەوەی مێژوویی بۆ ئەو سەرەتا و قۆناغانە کراوە کە بینەر لەگەڵ نمایشە شانۆییەکاندا پیایدا تێپەڕیوە. لە بەشێکی تردا، نووسەر باسی لە تیۆرەکانی بینین کردوە، هەرچۆن لە بینینی فیلمی سینەماشدا دیداری کۆمەڵایەتیی گریێ دەدرێت، لەگەڵ بوونی خەسڵەتی

جودا لەبوونی دەرهێنەر و ئەکتەر و بونیادی شانۆ و تیشك و سیستمی دانیشتنی بینەران لە هۆڵی شانۆدا..

لەم بەشەدا بەتایبەت باس لە شانۆی(برێخت)کراوە وەك نووسەری شانۆ و بیریارێك، کە پەیوەندییەکی جودای لەنێوان نمایش و بینەردا درووستکردوە، ئەو شانۆی بە فاکتەرێ زانیوە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هاوکات ویستویەتی ئەو پەیوەندییە زیندووبکاتەوە کە لەنێوان بینەر و تەختەی شانۆدا هەبووە، هەرچۆن کاریگەریی لەسەر بینەر هەبووە بۆ رەخساندنی بیرکردنەوەیان و وەرگرتنی هەڵوێستی رەخنەگرانە بەرامبەر نمایشە شانۆییەکان.

لەبەشی سێیەمدا کە بەناونیشانی(بینەر و شانۆ..رۆشنبیری و چەمکی رووداوی شانۆیی)دایە، نووسەر باس لەو پەیوەندییە دەکات کە لەنێوان بەرهەمی هونەری و وەرگردایە، کەلەسەر بناغەی بەهای رۆشنبیریی دادەرێژرێت، لەو پەیوەندییەدا کاردانەوەی بینەر وەك پەیبردن دێتە دیی، دوای ئەوەش پرۆسەی قایل بوون بە نمایشەکە یاخود نەبوون.

هاوکات پرۆسەی هەڵچوونی بینەر لەگەڵ نمایشەکەدا ئەو ئاستە دیاری دەکات کە نمایشەکە پێی دەگات، چونکە شانۆ لەپێناوی گۆڕیندایە و (بەرهەم و وەرگر)یش رۆڵی گەورەیان هەیە لەو پرۆسەیەی گۆڕیندا.

هەر لەم بەشەدا، ئاماژە بەو راستییە کراوە کە نمایشەکان پشت بە تێکستە بەناوبانگەکان دەبەستن، ئەوانەی بینەر ئاشنان پێیان.

مایەوە بڵێین، نووسەر(سوزان بینیت) بۆ ئەم توێژینەوە بەنرخەی دەیان سەرچاوەی بەزمانی ئینگلیزیی کردووەتە ژێدەر و دەخوازین شانۆکارانی کورد بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە زانیارییەکانی خۆی دەوڵەمەند بکات. بەتایبەت کە بینەر لایەنی دووەمی هاوکێشەی شانۆیە و هەر بەویش نمایشی شانۆیی پارسەنگ دەبێت.

# پرسیارەکانی تازەگەریی لە شانۆدا

ژمارەی دەیەمی چاپکراوەکانی گۆڤاری(شانۆ)ی تیپی شانۆی سالار کتێبێکی بەنرخی نوێی نووسەر و رەخنەگری ناسراوی عێراقیی مامۆستا(یاسین النصیر)ەوە بەزمانی عەرەبیی پێکەوە کتێبخانەی شانۆیی

عەرەبی و کوردیی دەوڵەمەند دەکات، هەرچۆن سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ بەردەستی شانۆکاری ئێمە، ئەوانەی بەدوای ڕۆشنبیریی شانۆییدا دەگەڕێن..

توێژینەوەکەی(النصیر)لە حەوت بەشدایە و بەشەکانیش بەمجۆرەن:

1- پرسیارەکانی نوێگەریی یان(تازەگەریی)، کە بریتییە لە هەر سێ تەوەری(شانۆ و پرسیارەکانی وریابوونەوە، چەمکی دراماو پێناسەکردنی، دۆخی هونەری و پێداویستییەکانی نوێکردنەوە).

2-شانۆ لەسەدەی بیستەمدا، کە ئەمیش لەسێ بەش پێکدێن(ئاکامە سەرەتاییەکانی تازەگەریی، ناسنامە و تازەگەریی، شانۆ و نوێکردنەوەی فیکریی).

3- تەوژمەکانی تازەگەریی لە شانۆدا(شانۆی سیاسیی، شانۆی توندوتیژیی، شانۆی داستانی).

4- تەکنیك و تازەگەریی(تێکستی شانۆیی، دیدی دەرهێنان، نواندن، پانتایی نمایشی شانۆیی).

5- تازەگەریی لەشانۆی عەرەبیدا(تەوژم و ئەزموونەکان، تەوژمی کلاسیکی نوێ، نوێکردنەوەی کەلەپوور، شانۆی داستانی و حیکایەت، سعدالله ونوس، ڕەگەکانی ئاهەنگسازیی)

6- هۆشیاریی تازەگەریی لە شانۆی عێراقیدا (هۆشیاریی تازەگەریی، دراماتۆر لە شانۆی عێراقیدا، تەوژمی ریالیزم لە ڕەخنەی شانۆیی عێراقیدا، هونەرمەندانی عێراق لە مەنفا و شانۆ، پرسیارەکانی تازەگەریی لە ئەزموونی هونەریی د.عونی کرومی دا، شانۆی بەرگریی، ئاسۆکانی درامای سوری، فێستیڤاڵی شانۆی کوردیی لە بەرلین، چەند سەرنجێك سەبارەت شانۆی عێراقیی هاوچەرخ).

7- نمایشە شانۆییەکان(حیکایەت بە جووڵە! کاریگەریی شانۆی یابانی لەسەر شانۆی جیهانیی)، (نمایشی گروپی بیابانی 93ی بەلجیکی لە دەرهێنانی میناکوسیکی یابانی)، حەجێك بۆ دورگەی ئاو...کۆچ و کاریگەریی تازەکردنەوە"نمایشی پەڕینەوە لە ئۆکیانووسی برێخت لە

دەرهێنانی ئەملسفۆرتی هۆڵەندی)، کلتوری وێنە و زمانی جەستە. زمانی دوای نوێگەریی لە شانۆدا (سەبارەت نمایشەکانی فێستیڤاڵی ئەزموونگەریی لاوان: ئەورووپی و عەرەبیی لە ئەسکەندەرییە)، چەند شیعرێك بۆ شانۆ: جەدەلیەتی زەوی و جەستە"نمایشێکی دەرهێنەر کامەران ڕەووف لە شیعرەکانی سەلاح حەسەن ئامادەکراوە و لە فێستیڤاڵی وادی ڕافدەین لە ڕۆتردام پێشکەش کراوە"، شانۆگەریی ژنانی لۆرکا: گوتارێکی شپرزە"دەرهێنانی عواطف نعیم لە بەرلین"، شانۆگەریی زەماوەند سروتی شانۆی عێراقیی بۆ گەڕانینەوە"نمایشێکی دەرهێنەر رسولْ الصغیر لە هۆڵەندە" دوو کاری شانۆیی جیاواز لە فۆڕمدا و وەکو یەك لە ئامانجدا.

"سەبارەت دووکاری دەرهێنەران صالح حسن و احمد شرجی" لە هۆڵەندە"، سەبارەت نمایشێکی دیکەی برێخت–پەڕینەوە لە ئۆکیانووس لە دەرهێنانی ئەملسفۆرت لە هۆڵەندە، سێ ئەزموونی شانۆیی گەنجانەی هۆڵەندی (زەماوەندیی بۆرژوا بچکۆلەکە، بازنەی گەچینی قەوقازی، ئۆپرای سێ قورشەکە"، کارەکانی شانۆی مەنفا"منداڵەکانی جەنگ، شاری ئاشتی، میرانی دۆزەخ".

شایانی باسە، شانۆنووسیی بەناوبانگی کورد و عێراق مامۆستا محێدین زەنگنە لە پێشەکیی ئەم کتێبە پڕ لە زانیاری و دەوڵەمەندەدا سەبارەت نووسەرەکەی دەڵێت:

– لای یاسین النصیر پەیوەستبوون هەیە بە بابەتێتیی و ڕێبازی زانستییەوە، لە سەرچاوەی هەزری مارکسیزمەوە بێ"داخران"هەڵیدەهەنجێنێ، واتە بێ دۆگما..

– لەم کتێبەیدا قووڵبوونەوە لە ئاراستە فیکرییەکەی ئەودا بەدی دەکرێت..کە دەشڵێ (پرسیارەکان) ئەوە ئەوپەڕی لەخۆبوردییە، دەیەوێ بەتەواویی لەڕاستیی نزیك بکەوێتەوە..

# بەرشید..
# ڕێبەرێکی شانۆی ئاهەنگسازیی

ناوەڕاستی هەشتاکان، لە کۆڕی نمایشە شانۆییەکاندا و لە نووسین و بەدواداچوونی چەند کارێکی شانۆییدا، بە تایبەت ئەوانەی لە فێستیڤاڵە شانۆییەکانی ئەو ساڵانەی شاری سلێمانی دا نمایشدەکران، ناوی

(عەبدولکریم بەرشید) و باسی شانۆی ئاهەنگسازیی ئەو لەناواندا بوو، بە تایبەت کە چەند ئەزموونێکی ئاهەنگسازیی بۆ یەکەمین جار پانتاییەکی باشیان لەرووبەری شانۆماندا داگیر کرد، بەتایبەتیش سێ کاری ئەو سالانەی هونەرمەندی دەرهێنەر و نووسەر (ئەحمەد سالار)[1] و ئاراستەکانی شانۆکارە ئازیزەکانی تیپی شانۆی ئەزمونگەریی کوردیی[2]...

ئەم جۆرە نمایشە، کە لە مەغریبی عەرەبییەوە پێگەیشتووانەتر خراونەتە روو، زیاتر قسەیان لەسەر کراوە و لە فێستیڤاڵەکانی شانۆی عەرەبیدا (لەبەغدا لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکاندا) نموونەیان لێ نمایشدەکرا و دواتر لە مێزگرد و دیدارە رۆژنامەوانییەکاندا هونەرمەندانی خۆرئاوای عەرەبی وەك (الطيب الصديقي و المنصف السويسي و عەبدولکەریم بەرشید) پشتبەستووە بە پراکتیزە کردنی ئەو شانۆییە لای خۆیان (بەتایبەت مەغریب و تونس) و جێگای دیکە لە ئەزموونەکانی خۆیان دەدوان و لە چەندین کاریشدا شانۆکارە لاوەکانی عێراق دەیانویست بەسوود وەرگرتن لەکلتور و تەوزیفکردنی ئەو کلتورە نمایشی نوێ بهێننە ئارا کە لەوەو بەر بەوشێوەیە نەبووبن.

دەکرێ لێرەوە زیاتر لەئاست خودی (بەرشید)بوەستین و بڵێین:

ئەم شانۆکارە ناسراوەی عەرەب کە یەکێکە لە نووسەر و دەرهێنەرە دیارەکانیان لە شانۆکەیدا سوودی لەشێوازی ئاهەنگسازیی وەرگرتووە، ئەوانەی لەویژدانی میلليدا و لای خەڵکەکە کاڵ نەبووبوونەوە، بەرشید ئەمەی دەکرد تاوەکو زمانێکی هونەریی سەرانسەری و تۆکمەو ناسنامەیەك بۆ شانۆی عەرەبیی بهێنێتە گۆڕێ.

ئەو پەروەردەی شاری (فاس) ی مەغریب و دەرچووی بەشی عەرەبیی کۆلێژی ئەدەبیاتە و دیپلۆمیشی لە بواری پەروەردە و سایکۆلۆژیدا هەیە، ئەو پێنج ساڵ (لەسەرەتای حەفتاکانەوە) مامۆستای ئامادەیی بووە، پاشان پەیوەندیی کردوە بە کۆمەڵەی راپەڕینی روناکبیریی بۆ ئارەزوومەندانی شانۆ و چەند کارێکی نووسەرانی عەرەبی بۆ دەرهێناون، ئەوانیش

(**مسافرالليل**) **ی** صلاح عبدالصبور **و** (حكاية جوقة التماثيل)**ی** سعدالله ونوس**و** (ثوب الامبراطور) **ی** عبدالغفار المكاوی **بوون.**

**ساڵی** 1975 **بووەتە راوێژكاری وەزیری رۆشنبیریی لە** ((دار البيضاء)) **تا ساڵی** 1983، **هاوكات بەیەكجاریی وازی لە دەرهێنان هێناوەو خۆی بۆ نووسین تەرخانكردوە.**

**پاشان پەیوەندیی كردوە بەتیپی پێشڕەوانی شانۆوە، كەلە پایتەختدا كار دەكات و ئەوتیپە سێ شانۆگەریی لە دانانی بەرشید نمایشكردوە كە بریتی بوون لە (ئوتێللۆ، ولاخ، باروت) كە لە میهرەجانە شانۆییەكانی مەغریب و بەغدا (ساڵی 1977) بەشداریی پێكردوون.**

**ئەم هونەرمەندە – نووسەرە چەند شانۆنامەیەكی دیكەی نووسیوە، وەكو:** عرس الاطلس/ 1977، **اسمع یاعبدالسمیع** /1978، **امرو القیس فی باریس** / 1981، **الدجال و** القيامة / 1984، **النمردود** في **هولیود** / 1990.

**بەرشید نەتەوەییانە هاتووەتە مەیدان و دەیەوێ لەرێی شانۆوە خزمەتێك بەواقیع و ئێستای نەتەوەكەی بكات، كە پێم وایە ئەمە كاری رەوایە بۆ هونەرمەندانی سەر بەهەر نەتەوەیەكی سەر رووی زەمین، ئەو پرسەكانی عەرەب لەمێژووەوە دێنێتەوەو بێ پچڕاندن بۆ ئەمڕۆ دەیخاتە كار، هاوكات لە مڕۆدا دوور دەڕوانێ و تەماشای كێشە ئاڵۆزەكانی ناو مێژوو دەكات. تەنانەت ئەمانە لە ناونیشانی شانۆنامەكانیەوە دەردەكەون. ئەو رەخنەگرێكی هۆشیارەو هەست بەنیگەرانی دەكات و هەمیشە سەرنجی ژیانی مرۆڤی سەردەم دەدات، لەپاڵ ئەوانەدا لەرووی فۆرمەوە خاوەن دیدی ئاهەنگسازییە، بۆ گرێدانی بەرهەم و بینەر، هەر بینەرێك بێت.**

**ئەم شانۆكارە لە میهرەجانە عەرەبییەكانی وەك قاهیرەدا رێزی لێنراوە، چەندین جار لە میهرەجانەكاندا بەهۆی ئاستی هونەریی بەرزییەوە كراوەتە لیژنەی دادوەران و هەڵسەنگاندن، بێجگە لەوانەش لە پەیمانگای شانۆیی باڵا لە مەغریب وانەبێژبووە، وەك سەرەتاش گوتمان لەدامەزرێنەرانی گرووپی شانۆی ئاهەنگسازییە لە مەغریبدا و یەكەمین بەیاننامەی ئەو گرووپەش لەساڵی 1979 دا راگەیەنراوە.**

دەکریٚ، بۆ تویٚژینەوە لە زۆر ئەزموونی خۆمان، زیاتر بە ئەزموونەکانی هونەرمەندی وەك (عەبدولکەریم بەرشید)دا رۆچین، دەکریٚ لە ناسینی شانۆکەی ئەوەوە لەو سروتە شانۆییەی خۆمان زیاتر وردبینەوە کە بە ئاهەنگسازیی ناسراو تا ئەمڕۆش باسی لیٚوە دەکریٚت.

پەراویٚز:

1- ئەوانیش بریتی بوون لە هەر سیٚ شانۆگەریی (نالی و خەونیٚکی ئەرخەوانی، کاتیٚ هەلٚۆ بەرز ئەفڕیٚ، جزیری وانەی ئەوین دا ئەدات).

2- شانۆگەریی (خەج و سیامەند)ی هونەرمەند شەمالٚ عومەر باشترین نموونەی کارەکانی ئەوتیپەیە بۆ ئەم شیٚوە شانۆیە.

سەرنج:

بۆ ژیان و بەرهەمەکانی بەرشید سوودم لە کتیٚبە بەنرخەکەی د.ولید البكري (موسوعه اعلام المسرح) وەرگرتووە.

# قوتابخانە شانۆییەکەی ئەلکساندەر تایرۆف

**د.کمال عید**

**پێشەکی:**

بەدوای سەرنەکەوتنەکەی شۆڕشی ساڵی 1905 لەڕووسیای قەیسەریدا ڕەشبینی و بیروڕای تەسک لەئەدەبیاتی رووسەکاندا رەنگی دایەوە، ئەوەبوو رەشبینییەکە لەهونەرەکەیاندا بەگشتی و لەشانۆکەیاندا بەتایبەتی دەبینرا، لەم کاتەدا دەوری هۆشیارو چاپووکی (ستانسلافسکی)ی دەرهێنەر دیارە، کە هەوڵیدا شانۆکەیان شێوازێکی تر، ئەوەبوو ئەم شێوە نوێیەیان ناو نا (قووڵاییە هونەرییەکان)..ئەم شانۆیە کاری زانستە دەروونییەکانی لەسەر شانۆی نوێ فەرامۆش نەکرد،هەروەها بایەخی بەڕێگاکانی دەربڕینی ئەکتەر دا، بێجگە لەوانەش پاڵپشتەکانی دەوروبەرو پێوەندیی هێڵە تێکگیراوەکان و بارە ئاڵۆزەکان بەو ژیانەی رۆڵە شانۆییەکە دەیخولقێنێ رەچاو کرا، هەربۆیەو لەبەر رۆشنایی ئەو خاڵە هونەرییانەی زەمینەکەی بەماوەیەکی دوورودرێژ خۆشکرا، شانۆی نوێ توانی دەستوورێکی هونەریی ئەوتۆ دیاری بکات کە تا ئەمڕۆ پێوەی ناسراوە، ئەوەبوو قوتابخانە شانۆییەکەی ستانسلافسکی دامەزراو بەدوایدا دوو قوتابخانەی تری دژ بە ستانسلافسکی لەلایەن (مایرهۆڵد Mayerhold و تایرۆف Tairov 1885–1950)وە دامەزرێنران، ئەمەش جدییەتی هونەرەکەو بەها جەوهەرییەکانی دەسەلمێنێ.

ئەم قوتابخانەیەی دواییان هەوڵیدا کەلەشانۆدا نواندن و دەرهێنان ببنە قوتابخانەی پێشڕەو...مایرهۆڵدو تایرۆف لەسەر ئەوە رێککەوتن کەخاڵی دەستپێکردنیان لە دژوەستاندنەوەوە بێ، بەڵکو هەندێ جاریش بەتەواوی بنچینەو بنەماکانی قوتابخانەکەی ستانسلافسکیان رەت دەکردەوە، ئەوەبوو مایرهۆڵد بۆئەوەی دژ وەستانەکەی خۆی بسەلمێنێ شانۆکەی ناونا (ناماقووڵ) یان نامەنتیق Absurd ، هەرچییەکی پێشکەش دەکرد دژ بەواقیع و ئاوەزی مرۆڤ بوو، (تایرۆف)یش هەرچەندە لە بیردۆزەکانی مایرۆهۆڵد کەسەبارەت بە (هەڵچوون) نزیک بوو، هەوڵی دا لەلایەنی پێکهێنانی هونەرییەوە تیۆری نوێ بخاتەڕوو، قوتابخانەکانی هەردووکیان

لەبنـەماكانی هونـەری ئەكتـەرەوە نزیـك بـوون لەیەكـەوە، بـەڵام لەشـێوەی دەرەوەدا لەیەكتر دوور دەكەوتنەوە.

بۆ دڵنیابوون لـەو خاڵـە چەند ڕایـەكی تـایرۆف خۆیـەتی كەلەژمارەیـەكی گۆڤاری (شانۆ) دا ساڵی 1908 دەربڕیون دەڵێ:

1-هونـەری ئەكتـەر پێویستی بەشێوەیەكی نوێیە لەنواندندا، شێوەیەك دووربێ لە لەراندنەوەی درۆزنانەی دەنگ و شـەپۆلەكانی، دووربێ لـەگۆڕینی دەنگ بەگریان و نووزەنووز، كەهەندێك لەئەكتەرەكان وادەزانن بـەوە دەنگیان خۆش دەبێ.

2-بـادەنگی ئەكتـەر گشـتی كـات لـە درێژبوونـەوەدا بێـت و ئاشـكرا ببیسـترێ، دەبـێ وەك ئـەو دڵۆپـە ئـاوە دەنگـی بـێ كـە لـە بەلووعەیەكـەوە دەكەوێتە ناو بیرێكی قووڵەوە.

3-كەمكردنـەوەی لەرینـەوەی دەسـتكردی دەنـگ، ئـەم خاڵـە دەربڕینـی ئەكتـەر بـەهێزدەكاو لەهـەموو دڵرەقییـەك دووری دەخاتـەوەو نواندنكـەی جـوان و پەسـەند دەكـات، هـەروەها دەبـێ ئەكتـەر ئاگـای لـە جوڵانـەوەی دەسـتەكانی بـێ و زۆر بەسـنگ و زگ و لەشـی خۆیـدا نەكێشـێ، گـرنگ هەڵچـوون(انفعـال)ی ناوەوەیـەو بەرجەسـتەكردنی هەسـت پێكردنـی ئـەو هەڵچوونە زۆر پێویستە، بێگومان ئەوەش بەهۆی چاوو لێوو پلـەی دەنگەوە دێتەدی.

4-دەربڕین و دركاندنی وشە لەدەمەوە دەبێ بەجۆرێك بێ ڕەنگدانەوەی هێمنی دەرەوەی ئەكتەرو هەڵچوونی ناوەوەی دەربخات.

5-چـوونە نـاو دەورەكـەو دەرخسـتنی هەڵچـوونەكانی (ئەمـەش پێوەندییەكی توندوتۆڵی بەناوەرۆكە ئەدەبی و هونەرییەكەی شانۆگەرییەوە هەیە).

6-رێك وپێكی لەدەربڕینداو پەلەنەكردن لەكاتی قسەكردندا..دەبێ مرۆڤ زاڵ بێ بەسەر دەورەكەیداو لەكاتی نواندندا ئاسایی بێت...چونكە نواندنی شـپرزەو شـێواو تـەنها بۆچـەند دەورێكـی دانسـقەی وەكـو شـێت و مرۆڤـی نائاسایی دەست دەدات.

7–گرنگیدان بەو کاراکتەرانەی تایبەتێتی خۆیان هەیەو دانسقەن، وەك ئەو پاڵەوانە درامییەی دەموچاوی پێکەنیناوی بێ.

لەهەموو ئەو ڕێنومایی کردنانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەئەکتەر لای تایرۆف هونەرمەندی خوڵقێنەری شانۆیە،هەر لەبەر ئەوەش بوو کەساڵی 1910 شانۆکانی ڕووسیا بوونە سێ بەشەوە:–

أ–شانۆی نووسەر:–ستانسلافسکی لەشانۆی هونەردا سەرۆکایەتی دەکرد.

ب–شانۆی دەرهێنەر:–بەسەرۆکایەتی مایرهۆلد.

ج–شانۆی ئەکتەر:–لەشانۆی تایرۆفی بچکۆلەدا تایرۆف سەرۆکی بوو.

## ژیانی تایرۆف

ئەلکساندەر کۆفلافیچ تایرۆف ساڵی 1885 لەئۆکرانیا لەدایك بووە، باوکی مامۆستا بووەو خستوویە بەرخوێندن، بەچاکی فێری زمانی ئەڵمانی و فەڕەنسی بووە، بەباشی فێری مۆسیقاش بووەو ڕووی‌کردووەتە جیهانە فراوانەکەی هونەر، کەچووەتە زانکۆ لەوێ لەگەڵ تیپی نواندندا کاری کردووە، هەر لەم کاتەدا بووە کە هاوڕێیەتی لەگەڵ (فاختانکەف)ی دەرهێنەردا پەیداکردووە، ساڵی 1905 کەچووەتە تیپی شانۆیی کۆمیسارچافسکی هەر لەوکاتەدا چووەتە کۆلێجی یاساو ساڵی 1913 دبلۆمی تیا وەرگرتووە.

ساڵی 1905 سەرەتای ئەزموونی هونەریی تایرۆفە، پاشان چووەتە ریزی (شانۆی گەڕۆك)و تاساڵی 1909 شانۆگەریی بۆ دەرهێناون، سەرۆکی ئەم شانۆی گەڕۆکە (بافیل جایجابوروف)ی قوتابی ستانسلافسکی بووەو لەڕاوبۆچووندا لەگەڵ تایرۆفی تازەپێگەیشتوودا یەکیان نەگرتووەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ماوەیەك تایرۆف واز لەشانۆ بهێنێ..دوایی بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ بەشداریی نواندن‌و دەرهێنانی کردووەو ساڵی 1913 لەشانۆی (مۆسکۆی ئازاد)دا بەدەرهێنەرو دامەزراوە لەسەر ڕێگاکەی خۆی ڕۆیشتووەو دەستبەرداری بۆچوون‌و بیروڕاکانی نەبووە، وای لێهاتووە

دەستەیەك لەهونەرمەندان لەدەوری كۆبوونەتەوەو ساڵی 1914 لەمۆسكۆ شانۆی بچكۆلەی دامەزراندو یەكەم راگەیاندنی لەشانۆ بچكۆلەكەیدا خۆنەبەستنەوە بوو بەدەقی شانۆنامەوە، كەئەم خاڵە لای ستانسلافسكی گەلێك پیرۆزبووە، لای تایرۆف دەقی شانۆنامە تەنیا كەرەستەیەكی خاوەو ماویە پێبگات و بخولقێ، لای ئەو كەرەستەیەك بوو كە پێویستی بەتێپەڕبوون بوو بەچەند قۆناغێكی ترداو ئەوجا پێشكەش بكرێ،لای ئەو ئەركی دەرهێنەر گەڕان بوو بەشوێن دۆزینەوەی داهێنانی نوێ لەهونەری نواندندا، گەڕان بەشوێن فێڵی شانۆیی لەپێناوی ئەكتەردا، هەرچی دیكۆرو جل وبەرگیشە ئەوا هەردەبێ لەخزمەتی ئەكتەردا بێ و هەموو ئەو خاڵانە لەخولقاندنی ئەكتەری سەركەوتوودان...لای تایرۆف دیكۆر دەبێ لەخزمەتی نواندندا بێ و دەبێ بەچاكی رووداوەكان دەربخات و بەدروستكردنی جێگای دیمەنەكانی تین و تاو بداتە دەرخستنی رووداوەكان. كە ساڵی 1917 شۆڕشی ئۆكتۆبەر بەرپا كرا گشت لایەنە سیاسی و ئەدەبی و هونەرییەكان لەرووسیادا (یەكێتی سۆڤیەت) گۆڕانیان بەسەردا هات، شانۆگەرییەكانی سەرەتای سەدەی بیست و دوای ئۆكتۆبەر سەرچاوەكەیان لەگەڵەوە هەڵدەقوڵا...

ئەوەبوو ڕۆمان و شانۆ لەو ڕێڕەوەوە كەوتنەڕێ و بوونە خزمەتكاری میللەت. هەرلەم كاتەدا بوو كەتایرۆف ژمارەیەك شانۆنامەی دەرهێناو شێوازە نوێیەكەی خۆی پێ پیتەوكردن..(فیدرا)ی لەساڵی 1921 پێشكەش كرد، بەدوای ئەودا ساڵی 1922 ئۆپەرێتی (جیرۆفلا)ی دابەزاند..ساڵی 1924 روویكردە كلاسییەكانی رووس و شانۆنامەیەكی (ئەسترۆفسكی)ی نووسەری بەناوبانگی دەرهێنا، پاشان ساڵی 1927 دەرهێنانی شانۆنامە بەناوبانگەكەی یۆژین ئۆنێل (حەزێك)ی گرتە ئەستۆی خۆی...لە1929دا (قولەڕەش)ی دەرهێناو ساڵی 1930 ڕوویكردە (برێخت) ی مەزن و (ئۆپرای سواڵكەرەكان) یان (ئۆپرای سێ قرشەكە)ی دەرهێنا.

بەهۆی ئەم شانۆنامانەی سەرەوە بەرچاوی زیاتر رۆشن بووەوەو لەگەیشتنی بەمەبەستەكانی خۆیەوە نزیكتربۆوە، بۆیە دەبینین بەردەوام

هـەوڵی پتـەوکردنی هونـەری نوانـدن دەدات...سـاڵی 1933 ئەوکاتـەی شـانۆنامە بەناوبانگەکـەی فیسنیافسـکی (کڵـۆڵی گەشـبینی) دەرهێنـاوە، گەیشتوەتە لوتکەی مەرامو نیازی خۆی.

شتێکی ئاساییە کەبەهۆی سەرکەوتنەکانییەوە دەیان دوژمنـی لێ راسـت بووەتـەوە، لەوانـەی کـە لـە کـاری هونەریـدا بـرادەری بـوون، بـەڵام هـەرگیزاو هـەرگیز تـایرۆف لـەبیروڕای خـۆی پاشـگەز نەبووەتـەوەو نکـوڵی لەتـەنها رایەکی خۆی نەکردووەو هەربەو شێوەیەش ماوەتەوە...تاساڵی 1950 کە تیایدا کۆچی دوایی کردووە.

## ئەکتەرو هونەری نواندن

تایرۆف دەڵێ: (ئەگەر یـەکێك لـێم بپرسـێ گرانترین بەشی هونـەر کامەیـە پێی دەڵـێم نوانـدن، خۆئەگـەر پرسـیارێکی تـر سـەبارەت بەئاسـانترین بەشـی هونەر کرا ئەوا دووبارە دەڵێم نواندن).

ئـەم قسـەیەی تـایرۆف ئـەوە دەسـەلمێنێ کەلـەتوانادا نییـە چوارچێوە بـۆ هونـــەری نوانـــدن دابتاشـــریێو هـــەردەمێ بەئاســـانی بنـــەماکانی ناخرێـتەڕوو...لەهـەمان کاتـدا هونـەری ئەکتـەر پێویسـتی بەخۆناسـاندنە بەخـەڵکیو دەبـێ بـەهاو جوهـەری دەربخـرێ بـۆ پتـەوکردنی راکەشـم پـەنا دەبەمــە بــەر یــەکێك لەوتــەکانی (گــۆردن گــریچ)ی گــەورەی دەرهێنــەران کەوتوویـە:- (شـانۆ گشـت کـات لەبەرەوپێشچوونو گۆڕاندایـە، گۆڕانـەکانی خێـرانو تیـژڕەون، بـەڵام هونـەری نواندنەکـەی پێویسـتی بـەکاتی زۆرتـرەو چەند ساڵێکی دەوێ تا بەرەوپێشتر دەڕوات).

هەربۆیـە، ئەکتـەر بۆئەوەی بگاتـە مـەرام دەبـێ هـەوڵی زۆر بـداتو ئـارەقی زۆر بڕێژێت...کەچاومان بەپیانۆژەنێکی سەرەتایی دەکەوێ هەست دەکەین جـــارێ زۆری مـــاوەو پێویســـتی بەمەشـــقێکی زۆرە تامۆســـیقاژەنێکی

هەڵکەوتووی لێ پەیدابێ، خۆ ڕەنگە کابرا تەنها وەك حەزێك مۆسیقا لێبدات و خۆی دانەنابێ بۆ ئەوەی بگاتە تیپێکی ئۆرکسترای گەورە..ڕەنگە تەنها کاتی بێ ئیشیی خۆی پێ پڕبکاتەوە، باشە لەمەوەو لەم نموونەیەوە دەبێ چۆن ئەکتەرو هونەرەکەی ببینینەوە؟...دەبێ بڕیارمان دەربارەی ئەو ئەکتەرە چی بێ کەسەری لە لەرینەوەی دەنگ دەرناچێ و نازانێ گۆرانێ بخاتە دەنگییەوەو فری بەسەر مەشق کردنی هەناسەدانەوە نییە؟..دەبێ چی بەو ئەکتەرە بوترێ کەریتمی هەڵچوونەکانی بۆ ڕێك ناخرێ و بزوتنەوەکانی بێ حیساب و خواروخێچە؟...

کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوە نواندن هونەرێکی قورس و گرانە، بۆیە پشتبەستن بەو ڕۆتینە باوەی ئەکتەر دەترسێنێ گرنگە، چونکە ئەو ڕۆتینە وای لێ دەکات بەهونەرەکەیدا بنووسێ و هەوڵی دۆزینەوەی گشت بنەماکانی نواندن دەدات، لەهەمان کاتدا نواندن لای ئەکتەری هۆشیارو ڕاستەقینە هونەرێکی سووك و ئاسانە.

ئەکتەر بەهۆی نواندنەکەیەوە ڕووداوەکان دەخاتە ڕووو دیمەنەکان دەگەێنێ، شانۆی قایلکەریش ئەو شانۆیەیە کەگشت هۆیەکانی قایل بوونی لەناخیدا حەشاردابێ، ئەکتەر لەشانۆی تایرۆفدا بە وریاترین و بەئاگاترین کەس دانراوە، چونکە ئەرکەکەی گرانەو خوڵقێنەری یەکەمینی شانۆگەرییەکەیە.

تایرۆف دەڵێ:- (ئەکتەر کاراکتەر بەخەڵکی ئاشنادەکاو وەسیلەی گەیاندنی شانۆنامەکەیە)، لەمەوە دەریخستووە کەنواندن پابەندی ئەکتەرە..لێرەدا وای بەچاك دەبینین کەنموونەیەکی تر لەجۆرەکانی هونەر بهێنینەوە ئەویش نیگارکێشانە، نیگارکێش هونەرمەندە، کەرەستەکانی بریتین لەرەنگ و پارچە قوماشێك و وەسیلەش بۆ ئەنجام گەیاندنی بەرهەمەکەی فڵچەی دەستێتی، ئاکامی هونەرەکەشی بریتییە لەوبابەتەی نێگارکێشە هونەرمەندەکە بەبیریداهاتووە، ڕەنگە بەرهەمەکەی لەدیمەنێکی سروشتی بەربڵاوەوە هەڵقووڵابێ و ڕەنگیشە ژوورێکی داخراوی کپ و مات خوڵقێنەری بێت..هەر ئەم نموونەیە لای ئەکتەر جۆرێکی ترە، ئەوەتا

تایرۆف وای بۆچووە: (ئەکتەر هونەرمەندێکە کەرەستە خاوەکەی بریتییە لەلەش و دەستەکانی و هەردووقۆڵی و سەری و قاچەکانی و چاوی و دەنگ و دەم و دووی، وەسیلەش بۆ ئەنجام گەیاندنی کارەکەی مێشک و ماسوولکەکانێتی، بۆ بە ئاکام گەیشتنی پەنادەباتەبەر کاراکتەرێکی دیاریکراوو بەهۆی چۆنێتی هەڵسوکەوتی دەورەکەیەوەو بەگوێرەی پێوەندی بەکاراکتەرەکانی ترەوە ئەوکەسامان پێ دەناسێنێ). واتە هەمووشتێك هەر ئەکتەرەو ئەکتەر بەتەنیاو بەس، هونەرمەندی تەشکیلی بۆ بەرهەمەکەی قوماش یان مەڕمەڕ یان زیو یاخود برۆنز بەکاردێنێ، بەڵام هەڵبژاردن بۆ هونەرمەندی تەختەی شانۆ نییە، بەستراوەتەوە بەشێوەی دەورەکەی و بەوگەشەسەندنە درامایییەی کاری تێ دەکاو لەئەنجامدا لەناخیدا کاردانەوەکە درووست دەبێ..هەندێك یاخود بابڵێین زۆرجار چۆنێتی دەورەکە لەگەڵ راو بۆچوونی ئەکتەردا دژبەیەکن، لێرەدا ئەکتەر هەوڵدەدات لەڕوانگەی خۆیەوە تەماشای دەورەکە بکات و دەیەوێ بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی هەڵس وکەوتی لەگەڵدابکات، بێگومان لەم هەڵس وکەوت کردنەدا جۆری دەورەکەو تواناو هۆشی ئەکتەرەکە دەوردەبینن، ئەکتەر کارەکەی بەچەند قۆناغێکدا رەتدەکات و دوائاکامیش چۆنێتی و چەندێتی ئەکتەرمان بۆ دەردەخات.

لەشانۆی دێرینی هیندییەکاندا کار بەجۆرێکی تر رۆیشتووە، ئەوان ئەکتەریان بەگوێرەی هەڵکەوتنی لەش ولار هەڵبژاردووە، تەنیا حسابیان بۆ لێوی ئاڵ و چاوی کاڵ و ددانی درەوشاوەی جوان و ملی بەرزو گەردنی پان کردووەو خانەدانی ئەکتەرەکەشیان لامەبەست بووەو بەهیچ جۆرێك لەبەهرەی چاکی هونەرییان نەپرسیوەتەوە، کەواتە بەوپێیە شانۆی هیندیی کۆن دژ بەئەکتەرو هونەری نواندن بووە. لای تایرۆف ئەو ئەکتەرەی نەتوانێ لەنێوان کاراکتەری خۆی لەژیانداو ئەودەورەی پێی سپێرراوە دیوارێك دانێ، ئەوا گیروگرفتی هەمەجۆر بۆخۆی دروست دەکات، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەوەیە کەزانیاری سەبارەت بەدەورەکەی کەمەو بەباشی لێی نەکۆڵیوەتەوە، ئامادەبوونیش بۆ بنیاتنانی ژیانی ئاسایی جیایە

لەئامادەبوون بۆ مەشق كردن‌و خۆخەریك كردن بەبنیاتنانی كاراكتەرێكی دیاریكراوەوە لەشانۆگەرییەكدا، چونكە ژیانی ئاسایی ئەكتەرەكەو راهاتنی لەسەر پشوودانی ماڵەوە دوورە لەژیانی دەورێكی تایبەتی ئەكتەر، كەدێتە سەرشانۆ كۆمەڵێك شت بەرەو رووی دەبنەوە، لەوانە كاری تیشكی شانۆكە لەسەری‌و كۆمەڵێ كارتێكردنی تر كەبارێكی دەروونی تایبەتی بۆ دروست دەكەن‌و شەخسییەتەكەی دەچێتە دۆخێكی ترەوە..ئەكتەریش كاتێك دەگاتە لوتكەی ئەفراندن‌و سەركەوتن كەخوێندنەوەی تیروتەسەل بێ‌و هەردەم لەگەڕان‌و پشكنیندابێ بەشوێن شتی نوێدا، دەبێ ئاگاداری لایەنە هونەرییەكانی شانۆبێ، پێویستە بەچاكی لەهەست كردن‌و یادەوەری(الذاكرة) حاڵی بێ...مەرجیش نییە (ئەكتەر)ەكە ئەو خاڵانەی سەرەوە بەجێ بهێنێ‌و خاوەنی بەهرەو دەیان تاقیكردنەوە بێ، خاوەنی هەوڵ‌و كۆششی نەبڕاوەبێ، كەواتە دەبێ ئەكتەر خۆی بەقوتابخانە زانستییەكانی هونەری نواندنەوە ببەستێتەوە...لە ئەوروپا ئەكتەری سەركەوتوو ناونراوە (ئەكتەری باڵێ)، ئەمەش لەوەوەیە كەهونەری باڵێ هونەرێكی قورسەو بەهەمووكەس پێشكەش ناكرێ، لێرەدا بارگرانی هەردوو هونەری باڵێ‌و شانۆ دەرخرا، لەگەڵ ئەوەشدا كە هونەری باڵێ چۆن داوای تەكنیك‌و بزوتنەوەی تایبەت لەبەشدارەكانی دەكات، هەربەو جۆرەش حیساب بۆ ئەكتەریش كراوە، لەسەمای بالیەدا چۆن سەماكە دەكەوێتە نێوان كۆرسی سەماوە، لەشانۆشدا كۆرسی ئەكتەرەكان (بەكچ‌و كوڕ)ەوە لەدەوری پاڵەوانی دراماكەدا كۆدەبنەوە...لەهەر رێكخستنی بزووتنەوەیەكی شانۆدا چەندان بۆچوون لەناخی ئەكتەردا لەدایك دەبێ..لەم نێوانەدا، واتە لەنێوانی كەرەستەی ئەكتەرەكەو وەسیلەی گەیاندنەكەدا، دروستبووی دەرەوەو شێوەی دەرەوەی نواندنەكە دەخوڵقێ. میزاجی ئەكتەر چۆنێتی هەڵس‌وكەوتەكانی دەردەخات، بۆیە دەبێ بەتەواوی لەبەرهەمەكە بگاو هەموو رستەیەك‌و بزوتنەوەیەكی لەشوێنی خۆیدا بخاتەگەڕ، دەبێ لەئامانجی دەقەكە بەگشتی‌و لەدەورەكەی خۆی بەتایبەتی حاڵی بێ‌و حیساب بۆ هەڵچوونەكانی بكات، كەهاتە سەر شانۆكەش لەگەڵ

بزوتنەوەكانیـدا یـەكیان بخـات...بەوانـەش ئەكتـەرێك دێتەكایـەوە هـەروەك ئەوەی تەرازوو كرابێ..شەو لـەدوای شـەو، نمایشـەكە گـەرم دەكاتو ئـەنجام ئەوكەســەی ئــەم كاراكتەرەكــەی دەبینــێ بەگۆشــتو خوێنــەوە دەگاتــە خەڵكەكە.

## تەكنیكی ناوەوە

ئاشـكرایە كەشـانۆی سروشـتی (نـاتورال) گـەلێك بایـەخی بەتـەكنیكی ناوەوەی ئەكتـەر داوە، چـونكە بـۆ ئامـادەكردنی ئەكتـەرو چـوونە نـاو نـاخی كاراكتەرەوە ئەو تەكنیكە گەلێك پێویستە، لای تایرۆف شارەزایی مرۆڤە كە لەژیانو تۆماركردنی یادگارو رووداوەكان لەژیانیدا دەستنیشانی چۆنێتی ناسـینو تێگەیشـتنی كاراكتـەری شـانۆگەریی دەكـات..ئەگـەر ئەكتـەر لەدەوربینینەكەیـدا راسـتگۆبوو ئـەوا سـەركەوتووە، ئـەم راسـتگۆییەش بـەوەدەبێ كـەمرۆڤ لـەژیانی ئاساییدا لەسـەری راهـاتبێو درۆ لەگـەڵ خۆیـدا نـەكات، بێگومـان لەگەڵـداژیانو بەسـەربردنی هـەردەورێك ئەگـەر زۆر لـەخۆكردنی تێدابوو ئـەوا بینـەران پێـی رازی نـابنو گلـەیی دێتەسـەر، ئـەو ئەكتـەرە كـەلێی چـاوەڕوانكراوە، بینـەران كەدێنـە هۆڵەكـەوە چـاوەڕوانن نواندنی واقیعیو رێكوڕەوان ببینن، چـونكە پێشتر پێشبینیان كـردووە، ئـەوان چـۆن لـەزۆرانبازیی گاكـەدا چـاوەڕوانی بـەزینی گاكـە دەكـەن هەربەوجۆرەش ئەنجامێكی چاوەڕوانكراو لەشانۆنامەكە چاوەڕوان دەكەن، دەرهێنـەر كەبـەردەوام لەگـەڵ ئەكتەرەكانیـدا دەژی، پێویسـتە رێـز لـەڕاو بۆچوونەكانیان بگرێت. چونكە ئەكتـەر حـەزدەكات رای خۆی بڵێو بوونی خـۆی لـەو رایانـەدا دەبینێتـەوە..زۆرجـار ئەكتـەرەكان لەناوخۆیانـدا لـە بۆچـووندا جیـاوازن، بەنموونـە ئەكتـەرێك لەشـانۆگەرییەكی دیـاریكراودا وابەچاك دەبینێ كە سەرەتا كەبەنواندنی بێدەنگ (بانتۆمایم) بێ، یـەكێكی تر واهەست دەكات پێویستە بەنواندنێكی خێراو تیژڕەو بێو یـەكێكی تـر بەجۆرێكی ترو هەمووشیان بۆچوونی خۆیان بەڕاست دەزانن.

بۆیـە ئەوکاتـەی ئەکتـەر دەورێکـی پـێ دەسـپێردرێ هـەوڵی ئـەوە دەدات لەگشت دەورەکان بگات بۆئـەوەی بتـوانێ پـەی بەپێوەنـدیی نێوان دەورەکان بەرێت، دواجار تەماشاکەران حـوکمی سـەرکەوتنی ئەکتـەر یـان ژێرکـەوتنی دەدەن‌و بۆیـــان دەردەکـــەوێ کـــەئایا تێگەیشـــتنی ئـــەو ئەکتـــەرە بەرامبـــەر بەرهەمەکـــە لـــە لۆژیکەوەیـــە یـــان بەپێچـــەوانەوەیە...هیـــوای ئەکتـــەری سـەرکەوتووش ئەوەیـە هێنـدە دڵسـۆزبێ هـەروەك ئەکتـەرەکانی کۆمیـدیای (دی لارتـــی)، ئەکتـــەری دڵســـۆز لەئـــەنجامی خۆخواردنـــەوەو ئارامیـــدا، لەئەنجامی بیرکردنـەوەی بەردەوامیـدا، دوای مەشـق کردنـی تـەواو وردەوردە بـــەرەو وێســـتگەکانی ســـەرکەوتن هـــەنگاودەنێ، دواجـاریش دەگاتـــە ئـــەو ئاکامەی کە بەئاکامی نواندنی ئەکتەری ژیرو زیرەك ناونراوە.

## تەکینکی دەرەوە

بێگومـان تـەنها تـەکنیکی نـاوەوەی ئەکتـەر بـەس نییـە بـۆ دەرخسـتنی کاراکتەری شانۆنامە، چونکە تەنها شارەزایی ئەکتەر بەرامبـەر کاراکتەرەکـەو هەستکردنی بە دەورەکەی ناتوانێ کەسێکی نوێی پـێ بخاتـە سـەر تەختـەی شانۆ، زووتریش وتمان کە بڕبڕەی پشتی ئەکتەر بەندە بەهەڵکەوتنی لـەش‌و دروسـتبوونی شـێوەی هەناسـەدانییەوە، ئەوانـەش بـەهۆی تـەکنیکی دەرەوە دەخرێنە کارو سوودیان لێ دەبینرێ.

قوتابخانەکـەی تـایرۆفیش ئـەم هۆیانـەی کردووەتـە ئامـانجی سـەرەکی‌و ئەگـەر هەڵسـوکەوتی مـاقووڵ‌و گونجـاو لەگـەڵ ئەوکەرەسـتانەدا نـەکرێ ئـەوا ئەکتەری خواروخێچ‌و ناماقووڵ دەبینرێت.

دیسـارت (1811–1871 ) کەیەکێکـە لەپسـپۆڕانی دەنـگ‌و دەربـڕین (الصـوت والألقـاء) لەفەرەنسـا لـەبارەی تـەکنیکی دەرەوەی ئەکتـەرەوە وتوویـەتی: (گرنگ ئەوەیە داواکراوەکە بەپێچەوانەوە نەخرێتە سەر شانۆ، هەندێك جار ئەو دیمەنانەی گاڵتەکردن بەخۆیانەوە هەڵناگرن دەبێ نەکرێتە گاڵتـەجاڕی...کـەدەوری مرۆڤێکـی عاشـق‌و دڵگـەرم دەدرێتـە ئەکتـەرێکی سەرکەوتوو بینەر هەست دەکات ئەڤین‌و دڵدارییەکی گڕگرتوو بەربۆتە سەر

شـانۆكه، بـەڵام ئەگـەر هـەمان دەور بدرێتـە ئەكتـەرێكی لاوازو كـەم توانـا، دەبینین دیمەنەكان دەبنە مەیانەیەك بۆپێشكەشكردنی رۆمانتیكیەتێكی بیٚ سەرو شوێن، ئەكتەرەكە دەبزركێنی‌و دیالۆژەكان نارێك‌وپێك لـەدەمی دێنە دەری‌و هەردووقاچی دەلەرزیٚ، ئیتر بینەران دەكەونە پێكەنین‌و بەهای كارە دراميیەكە نامێنیٚ، لێرەدا بۆمان ساغبووەوە كەبەتـەنیا تـەكنیكی ناوەوە بەبیٚ تەكنیكی دەرەوە ئەكتەرو بەرهەمی شانۆیی ناگەیێنیتە ئەنجام..زۆرجار تەكنیكی ناوەوە لای ئەكتەر بەوێنەی ئاگرێكی بەجۆش گڕوكڵپە دەستێنیٚ، بـەڵام چونكە جوڵانـەوەی دەرەوەی ئەكتەرەكـە ناتـەواوە، بافرمێسك بـەخوڕ لەچاوەكانیشی بێنەخواریٚ، با بە هـەموو هێزیشی دڵی خۆی بگوشیٚ،بەڵام هەر ناتەواوەو بینەر هەرپێكەنینی پێی دیٚو لەگەڵیدا هەڵناچیٚ...).

تایرۆف بەردەوام داوای مەشق كردنی لەئەكتەر كردووە، راهاتنی ئەكتـەر لەسەر بەكارهێنانی لەش ئامانجی سەرەكییە لای ئەو.

لەسـەر بـەهای ئـەم مەشـقكردنە نموونەیـەك دێنینـەوە، ئـەویش (ئـەنتیوان رۆنشـاین)ە (1829–1894)، ئـەم مۆسـیقاژەنە هەڵكـەوتووەی رووسـیا هـەركاتێك بـەنیازی سـازكردنی ئاهـەنگی مۆسـیقا گەشـتێكی بكردایـە بـۆ دەرەوەی شارەكەی لێی بوو بوو بـەخوو ئـامێرە مۆسیقاییەكەی دەردەهێنـاو بەدرێـژایی رێگـا مەشـقی دەكـرد، ئـەوەش لەبـەر ئـەوەبوو نـەوەك رۆژێـك لەمەشـق كـردن دوابكـەویٚ..هـەر بەشـێوەی ئـەو هونەرمەنـدە پێویسـتە ئەكتـەرەكانیش بـەردەوام مەشـق بكـەن، كەهاتنـە سـەر شـانۆ وەك ئـەو چـەكە وابن كـەتازە لەپاكەتەكـەی دەرهێنـراوە، یـان وەك یاریزانـەكانی ئۆكرۆپاتیك لەش سووك‌و گورجوگۆڵ بن.

ئەوكەسـە بـەردەوام مەشـق بكـات‌و بەهرەكـەی پـێش بخـات بـەبیٚ تـرس دەوری سـەرەكی‌و گرانـی پـیٚ دەسـپێررێت..هەربـەو شـێوەش لەدەسـت ئەكتـەری بیٚ هێـزو تـەوەزەل رزگارمـان دەبێـت، چـونكە ئەكتـەری كـەم توانـا تـەنیا لەچـەند دەورێكـی كۆمبـارس‌و دروسـتكردنی كۆرسـی شـانۆدا دەوری خۆیـان پـیٚ دەبینـریٚ، خـۆ ئەگـەر بـۆ ئـەم جـۆرە دەورە بچووكانەش ئەكتـەری كارامەو بەتوانا دەست بكەون ئەوا بێگومان باشترە.

ئەو کاتەی تایرۆف لەشانۆی هاوینەدا کاریکردووە، لەئەنجامی مەشق پێکردنی ئەکتەرەکانیدا ئازارێکی زۆری چەشتووە، بەڵام ئەنجامەکەی بەبەرژەوەندیی خۆی شکاوەتەوە، ئەوەتا ئەوکاتەی شانۆگەریی (فەرشی سەوز)ی پێشکەش کردووە رەخنەگرێك دەربارەی خاتوو (کۆنان ئەلبین)ی هاوسەری تایرۆف وای نووسیووە:

(ئەو ئەکتەرە لەبری نواندنی دەورەکەی، لەسەر شانۆ سەمای کردووە)، واتە ئەوەندە سەرکەوتوو بووە بەردەوام تایرۆف داوای جۆشکردنی لەشولاری لەئەکتەرەکانی کردووە، بە (لاوو پیریانەوە).

جارێکیتر (کۆکاکی)قسەی لەسەر تایرۆف کردووەو وتوویە:-

رقی لەوجۆرە ئەکتەرانە بووەتەوە کەتەنها دیالۆژیان گەیاندووە، کش‌ومات‌و بێ بەکارهێنانی تەکنیکیانەی لەشیان، ئەوانەی وەك ئەوە وابوون کەلەدەوری مێزی نان خواردن کۆبووبنەوە...ئەوانەشی بەدڵ نەبووە کەلەخۆیانەوەو بەبێ هۆ، وشەو رستەیان دووبارەکردووەتەوە..لەگەڵ ئەو جۆرە ئەکتەرەشدا نەبووە کەهەندێك جار بۆ رازیکردنی بینەرەکان زۆریان لەخۆیان کردووە، ماوەیەك لەسەر یەك شێوە قسەیان کردووەو لە کۆتایی دیمەنەکەدا بۆ ئەوەی چەپڵەیان بۆ لێدەن دەنگی خۆیان گۆڕیوەو دەستیان کردووەتە هاوارهاوارو شیڕاندن.

تایرۆف هەردوو هونەرەکەی بالیەو نواندن بەیەك ئەشوبهێنێ‌و لەیەکچوونیان لەمەشق‌و دەردەسەریی فێرکەرو بەهرەو توانای بەشدارەکاندا دەبینێتەوە، بەڵام جیاوازییان لەوەدا دەبینێ کەسەماکەرەکان کەمتر موناقەشەی مامۆستاو فێرکەرەکەیان دەکەن لەو ئەکتەرانەی لەیەکەم رۆژی کارکردنەوە راو بۆچوونیان دەخەنە روو، موناقەشەی گەرم‌و گوڕ لەنێوان دەرهێنەرو ئەکتەرەکاندا بەرپادەبێ‌و پێویستە دەرهێنەر لە دواجاردا رای خۆی فەرزبکان، چونکە لێپرسراوی یەکەمی بەرهەمەکەیە. دەبێ لەشانۆدا حەقیقەتی هونەریی لەخزمەتی بەرهەمە هونەرییەکەدا بێ، بۆیە ئەکتەر بەوێنەی سەماکەرەکە دەبێ گوێرایەڵی قسەو فرمانی مامۆستاکەی بێ. گیرسانەوەی دەرهێنەر بە بۆچوونەکانی خۆی‌و بە

مەوزوعیەتی تەکنیکی ئەکتەرەوە لەگەڵ باری سەرنجی ئەکتەردا یەك دەگرنەوە، بەڵام لەگۆشەنیگای فراوانترەوە، بانگی دەرهێنەر بڵندەو لەتوانای گەورەوە هەڵقوڵاوە، دەرهێنەر ئەوکاتەی ئامێز بۆ دەقێکی شانۆگەریی دەکاتەوەو دەبێتە ئاشنای دەکەوێتە هەڵسوکەوت لەگەڵ کاراکتەرەکانی ئەو دەقەداو دواجار مەسەلەکە بەرەوڕووی ئەکتەرەکانی دەکاتەوە..لەپێناوی پەڕینەوەی خۆیو دەقەکەیو لەپێناوی گەیشتن بەبینەرەکان، ئەکتەرەکانی دەکاتە پرد.

کەسەبارەت بەشانۆ دەدوێین مانای ئەوەیە سەبارەت بەبزوتنەوە شانۆییەکە دەدوێین، لەسەرووی ئەم لێدوانەشدا ئەکتەر دەکەینە کلیلی هەمووباسێك، هەربۆیە لەشانۆدا کەحساب بۆ دیالۆژ دەکەین یەکسەر ئەم حسابکردنە دەبەستینەوە بەریتمو دینامکیەتەوەو پێویستە دیالۆژ، شان بەشانی رووداو (حدث) بڕوات، کەواتە بەگوێرەی ئیقاعی رووداوەکان نەخشە بۆ دیالۆژ دادەنرێو بەوپێیەش خاوی یاخود خێرایی دیالۆژەکان دەردەخرێت، بەوەش بینەران بەرهەمێکی یەکجار سروشتی دەبیننەوەو پێی خۆشحاڵ دەبن.

دەنگ یاخود ئامێری قسەکردن گرنگترین تەواوکەری ئەو وێنەیەیە کەلەسەر تەختەی شانۆوە دەخرێتە بەرچاوی بینەران، (کۆکالی) روونی کردووەتەوە کە هەرجۆرە دەورە دەنگی تایبەتی خۆی پێویستە، بەم پێیەش زەحمەتە ئەکتەرێك بتوانێ دەنگی خۆی بۆهەموو جۆرە دەورێك بەکاربهێنێ، بۆ ئەم خاڵەش دیسانەوە مەشقی بەردەوامی (دەنگو دەربڕین) ئەکتەر لەو مەبەستە نزیك دەخاتەوە، کە رووبەڕووی کاراکتەرێکی جیاوازو تایبەت دەبێ پێویستە هەوڵی زۆر بدات بۆ ئەوەی تۆنەکانی ئەو دەنگە بناسێو دەنگی خۆی لەسەریان رابهێنێ، لێرەدا توانای گوێیەکان دەوری خۆی دەبینێ بۆ دۆزینەوەی ئەو دەنگەو بەکارهێنانی لەگەیاندنی کاراکتەرەکەدا.

**دەرهێنەر**

تـايرۆف دەڵـێ:- (هونـەری شـانۆ هونـەری ڕووداوەکانـە)، شـانۆی زیندووش ئەو شانۆیەیە کەڕووداوی بەهێز بخاتە سەر تەختەی شانۆکە..

دروسـتکەری ئـەم ڕووداوانـەو نیشـاندەریان دەرهێنـەرە..تـەنها ئـەوە کەبەهۆی شەخسیەتی خۆیەوە پاشەرۆژی شانۆ دەنەخشێنێ.

-دەبێ کارەکانی دەرهێنەری یەکەمو دوا بزوێنەری ئەم شانۆیە چی بن؟

-لەکارکردنیدا چی پێویستە؟

-ئایا بێ دەرهێنەر شانۆ دەڕوات بەرێوە؟

ئاشـکرایە هونـەری شـانۆ هونـەرێکی هەرەوەزییـە، لەبەرهەمهێنانیـدا ژمارەیـەك لەخـەڵکی بەشـدارن، وەکـو نووسـەر، ئەکتـەر، دانـەری مۆسـیقا، ئەنـدازیاری دیکـۆرو نەخشـەکێش و جێبەجێکـەرەکانی، هونەرمەنـدی تەشـکیلی و کرێکـاری تیشـك، بەبەرهـەمی ئـەم هونەرمەندانـە هونـەری شـانۆ لـەدایك دەبـێ، ڕەنجـی هەموولایـەکیان یـەك دەگـرێ و ئـەنجام بـەری ڕەنجـی گشتیان شانۆگەریی لێ دەخوڵقێ.

لێـرەدا بتـاوەکو ڕێکخسـتن لـەنێوان نەخشـەی دیکۆرەکـەو گونجانـدنی ڕەنگـە پێویسـتەکان بـەگوێرەی نەخشـەی دیکـۆرکێش بـێ...ئەمـە لەلایـەك و لایـەکی تـرەوە خۆبەسـتنەوە بەگشـتی وشـەیەکی نووسـەر یـان وەرگێـڕەوە، بۆیەکخسـتنی ڕووداوە درامییـەکان و بـەکارهێنانی مۆسـیقا لەبـەهێزکردنی ئـەو یەکخسـتنەدا..لـەدانانی تیشـکی سەرشـانۆکەدا...لەهـەموو ئـەم کـارە سەرسوڕهێنەرانەدا پێویست بەڕابەرو سەرکردەیەك دەکات، ئەم سـەرکردەیە لەگشت ئەو نووسەرانەی باسمان کرد تابلۆیـەك درووسـت دەکـات، بۆدانـانی چوارچێوەی تابلۆکـەی گـوێ لـەتێبینی نووسـەرەکە دەگـرێ لەسـەر توانـای ئەکتـەرەکان دەکۆڵێتەوە،ئـەم سـەرکردەیە خـاوەنی ئـەزموونێکی وەهایـە کەسـەرجەم هونـەرە تەشـکیلی و جوانکارییـەکان بەیەکـەوە گرێبـداو ڕۆشـنبیرییەکی ئـەوتۆی هەیـە کەبەرامبـەر کـارە هونەرییەکـەی دەبێتـە ڕەخنـەگرێکی بەسـەلیقە...هـەوڵی ئـەوە دەدات کـورتترین ڕێگـای بـەئامانج گەیشـتن بگرێتەبـەر، ئـەو ڕێگایـەش ڕێگـای هونـەرە، ڕێگـای سـەرکەوتنەو هونەرمەندی ڕێگابڕیش (دەرهێنـەر)ە، ئەوکەسـەیە کەگشـت هەلومەرجەکانی

نواندنی لەلا یەکالآیەو قسەی خۆی لەدروست کردنی دیکۆرو دانانی مۆسیقاو درونی جلو بەرگەکاندا دەکات...تێبینی خوی بەجێبەجێکەری تیشك (الأضاءة) دەدات ...لەکاتی خۆیدا ئەکتەرەکان دەکات بەژووری ئاریشتدا، بەتەنگ هێمنی باری سەرتەختەی شانۆکەوەدیّ، چاودێرە بەسەر ئەکتەرەکەوەو بۆ یەککگرتنەوەی لەگەڵ ناوەوەیدا پەرۆشە..ئائەمانە دەوری دەرهێنەری هۆشیارە لەشانۆی راستەقینەدا..بەهۆی ئەوەوە کاروانی ئەکتەر دەکەوێتە رەوت و دواجار دەگاتە مەنزڵ. هەمووجار تایرۆف دووبارەی کردووەتەوە کە (دەرهێنەر رابەری شانۆیە)، بەتەنها ئەو کەشتییەکە دەبات بەرێوەو تووشی دەیان تەنگوچەڵەمە دەبیّو لەگەڵ (با)دا دەکەوێتە زۆران گرتن، ئەنجام دەگاتە رۆخی دڵنیایی، رۆخی سەرکەوتن،دژایەتی بەردەوامی لەگەڵ ئەکتەردا وای لێدەکات پشتی قسەکانی ئەکتەر بگریّو دەستبەرداری راکانی خۆیشی نەبێت، کە ئەوسووربیّ لەسەر قسەی خۆی ئەکتەریش خۆی بەکەلەپچەکراو بەندکراو دەزانیّ...ئەکتەر دەبەسترێتەوە بە تێبینییەکانی دەرهێنەرەوەو بۆی نییە هەنگاوێك زیادەڕۆیی بکات..

لەراستیشدا لەکارێکی هەرەوەزیی وەك شانۆدا رەوا نییە گشت بەشدارێك سەربەست بیّ لەکارکردنا..بۆیە دەبیّ لەهەموو جوڵانەوەیەکیدا حساب بۆ خۆیو دەرهێنەرەکەی بکات.

تایرۆف سەربەستی رێنمایی کردنی داوەتە دەست دەرهێنەر، چونکە بەتەنها ئەو لێپرسراوە لەئەنجامی سەرکەوتن یان نەکەوتنی شانۆگەرییەکە، بناغەی شانۆی راستەقینەش لەسەر بابەتێتی دادەمەزریّو بڵند دەبیّ...پێویستە دەرهێنەر دڵسۆزبیّ بەرامبەر شانۆکەیو هەموو راستییەك بگەیەنێتە خەڵکی..دەبیّ ئەم گەیاندنەش کاریگەر بیّ لەسەریان، راستودروست دوور لەهەموو فێڵو هەڵخەڵەتاندنێکەوە.

دەبیّ سانسۆری دەرهێنەر لەسەر ئەکتەرەکانی وردبینو توندوتیژبیّ..چونکە کارکردنی بۆسەر بینەربەهۆی ئەکتەرەوەیە، ئەکتەریش کە دەچێتە سەر تەختەی شانۆکەو بەتایبەت لەشەوانی سەرەتای پێشکەش کردندا، بیّ ئەوەی بیەویّ هێندە ناوەوەی دەورووژیّ وای لێدێت لەخۆیەوە

دەنگ بەرز بکاتەوەو زیادەڕۆیی لەجوڵانەوەکانیدا بکات.. (ئەوەش ڕەوانییە بۆ هەژاندنی بینەران، بۆئەوەی ئەوکارە ڕوونەدات پێویستە دەرهێنەر لەپێشکەش کردنی بەرهەمەکەدا ئاگاداربێ و بستێك لەئەکتەرەکانی دوورنەکەوێتەوە، بەوکارەش شانۆگەرییەکی سەرکەوتوو دوور لەهەڵەو ناتەواوی پێشکەش دەکرێ.

دەرهێنەر لەناو ئەکتەرەکانیدا سەرکەوتووترینیان هەڵدەبژێرێت، ئەوسا گشت لایەنێکی کاراکتەرەکانیان بۆ ڕوون دەکاتەوەو تۆوی بڕوا بەخۆبوون لە ناخیاندا دەچێنێت. بێگومان دەرهێنەری سەرکەوتوو ڕۆشنبیرە، کەسێکە توانای سەرکردایەتی ئەم هونەرەی هەیە. پێویستە دوای تەواوبوونی مەشق و لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بەرهەمەکە بگەیەنێتە سەر شانۆ.

## مۆسیقا لەشانۆدا

تایرۆف دەڵێ (لەناو گشت هونەرەکاندا، هونەری مۆسیقا نزیکترینیانە لەهونەری شانۆوە).

پاش ئەوەی کاری دەرهێنەرمان لەقوتابخانە شانۆییەکەی تایرۆفدا ڕوون کردەوە، پێویستە کەمێك لەگەڵ ئەو قۆناغەدا بوەستین کەدەرهێنەر تیایدا وەستاوو دەست بەستراوە..ئەو قۆناغەش ئەو دەمەیە کەدەرهێنەر هەست دەکات بەرهەمەکەی پێویستی بەمۆسیقایە، گەر مۆسیقا بەتەواوی شانۆگەریی نەگەێنێتە لوتکەی سەرکەوتن، ئەوا دەتوانێن لەبەرجەستەکردنی چەند بەشێکیدا دەوری خۆی بەباشی ببینێ.

هەربۆیە، کاتێك تایرۆفی دەرهێنەر شانۆگەرییە شیعرییە بەناوبانگەکەی ئۆسکار وایلد (سالومی)ی دەردەهێنا، هەستیکرد پێویستە تیایدا مۆسیقا دەوری خۆی چالاکانە ببینێ، ڕووداوی واهەیە بەبێ مۆسیقا بەهای دەرناکەوێ، ئەوەش هەندێك لەدەرهێنەران هەر لەخوێندنەوەی سەرەتایی دەقەکەوە بۆیان دەردەکەوێ، دیمەنی واش هەیە لەگەڵ مۆسیقاکەدا کۆرسیشی پێویستە، لەم بوارەدا تایرۆف پەنجە بۆ (فورتی جانری) ی مۆسیقاری گەورەی ڕووس درێژدەکات، ئەو هونەرمەندەی موزیکزانی بۆ

زۆربەی شانۆگەرییەکانی داناوە.. مۆسیقا لەگەلێك شاکاری گەورەدا دەوری خۆی بینیووە، لەوانەش شانۆگەرییەکانی: ژنهێنانی فیگارۆ، پاشای پێکەنین، بەرامبیلای شاژن، لەم دەقانەدا مۆسیقا لەجێگای خۆیاندا بوون، هیچ کارێکی سەلبی نەبووە بۆ سەر ئەکتەر، بەڵکو لەخزمەتی بابەتەکەدا بووە، لەخزمەتی هونەری نواندن و دەرهێنان و سەرانسەری بەرهەمەکەدا بووە، لەگەڵ ئەو ریتمەدا یەکانگیربووەتەوە کەدەرهێنەر دۆزیویەتەوەو ئەکتەر پێڕەوی کردووە.

## سەرتەختەی شانۆ

دەرهێنەر پێویستی بەشانۆیەکی ئەوتۆیە کەبتوانێ گشت رازونیازەکانی تیایدا بخاتەکار...پێویستە سەرتەختەی شانۆکە گونجاو و ماقووڵ بێت...چونکە ئەم تەختەیە هەرلەسەرەتاوە لەگەڵ یەك بەیەکی هەناسەکانی کارکردندا دەژی...

یەکەم کارتێکردنی ئەم تەختەیە لەسەر ئەکتەر دەبێ، ئەوکاتەی دەرهێنەرگشت لایەکی ئەم تەختەیە بەرەگەزە هونەرییەکان پردەکاتەوە ئەو هەلە بۆ ئەکتەر دەرەخسێ کەبتوانێ تیایدا پەیامە هونەرییەکەی بگەیەنێ...ئەو پەیامەی دەبێتە خزمەتچی راستی و هونەرەکە، لەسەردەمی گریکە کۆنەکاندا بەقاڵدرمە ئەم کارتێکردنە بنیات دەنرا...لەسەدەکانی ناوەندا بۆ خۆشکردنی زەمینەی ئەم مەبەستە پلەکانی کاتەردائی بەکاردەهێنرا، بەڵام تەختەی شانۆکە بەسەو هەربەو ژینگەی گونجاو دروست دەکرێ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کەهەرسەردەمە شانۆ بەجۆرێك بووەو بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی بەرگی تایبەتی پۆشیوە.

گەربەچاوی سەرنجەوە بڕوانینە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی شانۆ دەبینین کەبەردەوام گۆڕان بەسەر شانۆدا هاتووە، ئەم گۆڕانەش بەهۆی رەشنووسی وێنەکێشانی تایبەت بەشانۆوە بووە، هەموو توانایەکی نیگارکێشی نەخشەکێش لەپێناوی یاریدەدانی دەرهێنەردا بووە...شانۆی نوێ پشت بە (ماکێت)ی تایبەت بەتەختەی شانۆ دەبەستێ، لەسەر ئەو ماکێتە دیکۆرو

جوڵانەوەی ئەکتەرەکان وێنە دەکێشری، بەڵام لەشانۆی رەمزیدا لەبری ئەوەی ماکێت بۆ دیکۆرو جوڵانەوەی ئەکتەرەکان بی، تەنها هێمایەکە بۆ هاتوچۆی ئەکتەرەکان.

(هۆفمان) لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا وتوویەتی:- (شێوەیەکی نوێ سەرنجی بینەر زیاتر لە دیکۆری قەبە رادەکێشی).

دەبێ شێوەی دیکۆر بینەران بەخۆیەوە خەریك نەکاو لەڕووداوەکان دووریان نەخاتەوە، چونکە رووداو گرنگترین بەشە لەشانۆگەریداو هەرگیز فەرامۆش ناکری...بەتەنها جێگاو شوێنی دیمەنەکان بینەریان پێرازی ناکری‌و ئەوەندە بەس نییە کەتەختەی شانۆکە پڕبکری لەفێڵ‌و تیشك‌و کاری مۆسیقا، چونکە شانۆ ئەتڵەسی جواغرافیا نییە، ئەوەی گرنگە هەرئەوەیە دواجار بینەر بەرامبەر رازی نووسەرو دەرهێنەرو ئەکتەرەکان هیچ لارییەکی نەبی، چونکە ئەوانن خاوەنی راستەقینەی شانۆ، دەبێ گشتی ژینگەو کەرەستەیەکی هونەری لەخزمەتی ئەکتەردا بن، بۆئەوەی بتوانێ بانگی ئامانجی شانۆگەرییەکە بدات بەگوێی خەڵکە بینەرەکەدا.

## جل‌وبەرگی شانۆیی

تایرۆف دەڵێ (ئەو رێگایەی دەمانگەیەنێتە بەرزکردنەوەی رادەی جل‌وبەرگی شانۆیی گەلێك دوورو درێژە)... بەرەوپێشەوەچوونی جل‌وبەرگی شانۆیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنەی شانۆی سۆڤیەتی وەدەستی هێناوە...

چەند هونەرمەندێك لەم بوارەدا وەك نەخشەکێشی جل‌وبەرگ دەوریان پرشنگدارەو لەوانەش:مامۆستا باکلیست لیون (1866-1924) کەساڵی 1909 چووە فەرەنساو تاکۆچی دوایی کرد لەپاریس مایەوە، سۆجاکین سەرگای (1878-1936)، سابونۆف نیکۆلای (1880-1912) (کەوا لەتەك هەردوو کەڵە هونەرمەند کۆمیسار چافسکی‌و مایرهۆڵدا کاری کردووە)، ئەنیسفلد بوریس کە ساڵی 1912 چووە ئەمەریکاو هەر لەوێش نیشتەجێ بوو. جل‌و بەرگ لەقوتابخانەکەی تایرۆفدا لەخزمەتی ئەکتەردایەو بۆ

نیشـاندانی چـۆنیتی و هەڵسـو کـەوتی ئەکتـەرو کاراکتەرەکـەی بەکـەڵك و سوودبەخشـە، بـەهۆی جل‌وبەرگـەوە رۆشـنایی دەچێتە سـەر بزوتنـەوەکان، هەر جل‌وبەرگی سەرکەتووشە شێوەی ئەکتەرەکە دەدرەوشێنێتەوەو بەهۆی رەنگــە جۆراوجۆرەکــە نییــە قورســایی یــاخود پێچــەوانەی ئەوانــە لەکاراکتەرەکـەدا دەردەکـەون، زۆربـەی کـات جل‌وبـەرگی شـانۆیی بـەگوێرەی هەڵکـەوتنی کاراکتەرەکـەو سـەردەمەکەی‌و چـۆنێتی کۆمەڵەکـەی‌و پلـەی کاراکتەرەکەی دروست دەکرێ.

تـایرۆف دەڵـێ: (گـەر نەخشەکێشـی جل‌وبـەرگ ویسـتی بەرهـەمێکی سەرکەوتوو دروست بکات، ئەوا پێویسـتە هـەموو بەهرەیـەکی نیگارکێشـی‌و بنـەماکانی لـەبیرخۆی بەرێتـەوە. ئـەمرۆ لەشـانۆی نوێـدا نەخشەکێشـی جل‌وبـەرگ هـەوڵ دەدات لـەبیری سـەرەکی دەقەکـە نزیـك بێتـەوە، دەیـەوێ بیرکردنـەوەی خـۆی بـەرەو مەوزوعیـەت ببـات‌و لەگـەڵ کاراکتەرەکانـدا کۆببێتـەوە..پێویسـتە نەخشـەکێش شـارەزای جـۆری هەڵکـەوتنی کوروکچـە ئەکتەرەکانی بێ، نەك ئەوان ببنە ملکەچی جلەکانیان. تایرۆف لەئەنجامی دژوەسـتانەوەی بەرامبـەر یـەکێ لـەڕاکانی (گـۆردن گـریچ)ی دەرهێنـەر کەوتوویـە:- (دەرهێنـەر دەبـێ خـۆی نەخشـە بـۆ جل‌وبـەرگی بەرهەمەکـەی بکێشـێ)، هـەروەها:- شـانۆ هونەرێکی‌بەکۆمەڵـە، هەربۆیـە هەرکەسـە لێپرسراوە لەکارەکەی خۆی.

پێویسـتە هـەموو هونەرمەنـدەکانی بـواری شـانۆ بـەردەوام شـوێن پێـی زانین‌و رۆشنبیریی هەڵگرن‌و بەردەوام مەشق بکەن بۆئەوەی داهێنـان بخەنە بەرهەمەکانیانەوە.

تایرۆف وای بەچاك دەزانێ کەکەس دەست نەخاتە کاری کەسی ترەوە، دەرهێنـەر بـۆی هەیـە ئامۆژگـاری‌و رێنمـایی هـەموو بەشـداران بکـات، بـەڵام دەبـێ رێـش بـەوە بـدات کـە خۆیـان کـاری خۆیـان مەیسـەربکەن، تـایرۆف سـەبارەت بەمـە ئـەم نموونەیـە دێنێتـەوە:- کـە (کۆمیسـار چافسـکی )ی دەرهێنەر جل‌وبەرگی بۆ شانۆگەریی (گێژەڵوکە) بەدەستی خۆی دروستی کرد سەرکەوتنێکی چاوەڕوان نەکراوی وەدەستهێنا.

## بینەر

دواجار دێینە سەرباسی بینەری شانۆگەری، ئەوانەی شانۆ لەپێناویاندا دروست بووە، ئەوانەی لەپێناویاندا ئەکتەرەکان خەو لەچاویان ناکەوێ‌و بەدرێژایی شەو خۆیان دەهێنن‌و دەبەن...دەرهێنەریش هەربۆ ئەوانە کەخۆی لەژوورێکدا بەند دەکات‌و بەخوێندنەوەو لێکدانەوەو شیکردنەوەی دەقەکەیەوە خەریك دەبێ..کەچی لەولاشەوە دەسەڵات بەرژەوەندی خۆی دەخاتە کارو بۆ سوودوەرگرتن‌و پارە دەست کەوتن خۆی دەکاتە سەرپەرشتیکەری شانۆگەرییەکان..لەو شانۆیانەی کە ئامانجی پارە پەیداکردنیان هەیە چینێك دەبنە بازرگان...شانۆ موڵکی ئەوبینەرانەیە کەوەك شاکارێکی پیرۆزو گەورە تێی دەڕوانن..هەرلەپێناوی ئەواندایە کۆڕو دەمەتەقێ سازدەکرێ‌و بڵاوکراوەی هونەری چاپ دەکرێن‌و دەخرێنە بازاڕەوە... نووسەرە رەخنەگرەکانیش دەبنە هاورێ‌و بەپەرۆشەوە بەرەورووی دەچن‌و هەڵیدەسەنگێنن...منیش هەر لەپێناوی بینەردایە کەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەم بەدەرخستنی ئەو دەورە ستراتیژییەیان دەهێنم کەلەگشت کات‌و شوێنێکدا هونەری شانۆیان پێ رادەپەڕێنرێ.

بینەر مایەی گەورەترین بایەخپێدانی شانۆیە لەجیهاندا، کە لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ گڵۆپە رەنگاوڕەنگەکان لەبەرچاویدا دەکەونە وازیکردن، لەگەڵ تەختەی شانۆکە نزیك دەبێتەوەو ویژدانی لەگەڵ دەقەکەو کارەساتەکاندا دەژی...جاری وایە بینەر هەست بەجیابوونەوە دەکات لەگەڵ رووداوەکاندا، لەسەر دووڕێیانێکەو خەریکە رێیەکی پێچەوانە بگرێتەبەر، هۆکەی ئەوەیە بیروڕای نوێی شانۆی بێهودە ناماقوڵ‌و لادەر لەسەر شانۆ دەبینێتەوە، یان دەبینێ بەرهەمەکە دژبەئایین‌و پیرۆزەکانێتی...ئەو خالانە دەبنە هۆی لێدابڕینی بینەر لەشانۆگەری‌و ئەکتەرەکان، بەڵام لێکدابڕینێکی کاتی.

هەنـدێك جـاریش بـەهۆی كارەسـاتی دانسـقەوە كـە لـەهۆڵی شـانۆكەدا ڕوودەدەن بینـەر لەشـانۆ دووردەكەوێتـەوە، بـۆ نموونـەو سەرگوزشـتەی ڕووداوەكان كەمەبەستمانە ئەم بەسەرهاتە دەگێڕینەوە:-

(ساڵی 1909 ئەوكاتەی ((ولیام بۆتس)) ئەكتەری ئەمریكایی ناسراو لـە (ئوتێلـودا) دەوری (ئیـاگۆ)ی بینیـووە، لـەو دیمەنـەدا كـە داو بـۆ (دێزەدەموونـا)ی داوێنپـاكو بێگـەرد دەنێتـەوەو دەیـەوێ لەبەرچـاوی ئوتیللـۆی ڕەشـكات، لـەم كاتـەدا دەنگـی تەقینـەوەی چـەند فیشـەكێك لەهۆڵەكـەوە دەبیسـترێو بەدوایـدا ولیـام بـۆتس دەكـەوێ...تەقەكەرەكـە ئەفسـەرێكی ئەمریكاییـە كەهاتووە بۆ بینینـی شانۆگەرییەكە...كەبـەئاگای دەهێننـەوەو دەزانـێ ئەكتەرەكـەی كوشـتووە لوولـەی دەمانچـەكەی دەكاتـە سـەری‌و خۆشـی دەكـوژێ، دوای ئـەو ڕووداوە ئەمریكاییـەكان بڕیاریانـدا بەیەكـەوە بیاننێـژن‌و هـەردووكیان خسـتنە گۆڕێكـەوەو لەسـەر كێلـی گۆڕەكەشیان نووسی: (ئەكتەر بینەرێكی خاوەن بیروباوەڕ).

تایرۆف هەرگیز لەگەڵ ئەو بۆچوونە هەڵەیەدا نەبووە كە دەڵـێ:-(بینـەر كـارێكی ئـەوتۆی بۆسـەر شـانۆییە)، بەڵگـەی قسەكەشـی ئـەو ئەكتەرانـەن كەلـەكاتی مەشـق كردنەكـەدا ئاسـایین لەنواندنا، بـەڵام لـەكاتی نمایشـدا دەگەنە لوتكەی ئەفراندن، منیش بـەرگری لەبۆچوونی دووهـەمیان دەكەم، چـونكە دوای تاقیكردنـەوە بـۆم دەركـەوت كەبینـەر دەوری گـەورەی هەیـە لەسەر ئەكتەر،ئەوەش ئەوكاتە بوو كە شانۆگەریم بۆ تیپی شانۆی (جیـب)ی میسـری دەردەهێنـا، لـەو شـانۆگەرییەدا تووشـم بـوو بەتووشـی كچـە ئەكتەرێكـەوە ئەوكاتـەی بەرلـەوەی بەرهەمەكـە لەخـەم بڕەخسـێ ئـەو كچـە جوانترین دەوری دەبینی، بەڵام كە بەرهەمەكەمان پێشكەش كرد بینیم تـەواو بە پێچەوانەوە بوو...

كەواتـە ئەكتـەری واهەیـە بـوونی بینـەر بـۆی دەبنـە هانـدان‌و سـەركەوتن‌و هی واش هەیە بەئامادەبوونی ئەوان ئەتەپێ‌و ژێردەكەوێ...

لەسەر بینەریش پێویستە ئەوکاتەی دەڕوانێتە شانۆگەرییەك وەك ئەوە وابێت كە لەتەماشاكردنی رووداوەكانی ژیانی راستەقینەدا دەبنە مایەی لێكدانەوەو بڕیاردانی.

## لەكۆتاییدا

قوتابخانەی تایرۆف بەردەوام رێبازی خۆی كردووەتە بانگەوازو كورتەی بانگەوازەكەش ئەم خالآنەیە:–

*شانۆ هەریەك شانۆیە.

*هێزی شانۆ لەهێزی ئەو رووداوەنەدایە كەلەسەر تەختەی شانۆ پێشكەش دەكرێن.

*رووداو ئەكتەرەكە خۆیەتی، چونكە هەر ئەو دەیگەیەنێ.

*توانای ئەكتەر لەبەهرەو رۆشنبیریو پلەی زانستی دەورەكەو نواندكەیدایە.

*ئەكتەری راستەقینە دروستكەری شانۆی سەركەوتووە.

*گەیشتن بە بنەماكانی شانۆ وەستاوەتە سەر بوونی رۆشنبیریی هونەری.

*لەشانۆی نوێدا بایەخ بەریتم دەدەرێت.

*دوا وشە: جارێكی تریش،شانۆ هەر یەك شانۆیە.

**سەرچاوە:**

**د.** كمال عيد، دراسات في الأدب والمسرح، الدار المصرية للتأليف والترجمة، المطبعة العربية، يونيو1966.

# تێڕامان

# لەهونەری - زانستی نواندن

## 1/ئەکتەر کێیە؟

**ڕێگا زۆرن بۆ پێناسەو باسکردنی ئەکتەر، بەڵام ڕەنگە هەموو کۆکبین لەسەرئەوەی ئەکتەر بەو سیحربازە دابنێین کە بونیادی وێنەی وەهمی و فریودەر دەکات بەمەبەستی نیشاندانی ڕووداوێکی دیاریکراو، ئەمە بێجگە لەڕێکخستنەوەی شتەکان، یان سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پێکهاتەکان تا وا لەبینەر بکات بڕوا بەو شتانە بکات کە دەیانبینێت، تەنانەت باوەڕ بەوە بهێنێت کەئەکتەر کەسێکی ترە، پێویستە ئەکتەر (فێڵباز) بێت و پشت بەخۆنیشاندان و درۆو خۆگۆڕین بۆ کەسێکی تر ببەستێت، (واتە کەسێك بگۆڕێت بەکەسێکی دی)، بەڵام ڕێسای گەمەکە ئەوە دەخوازێت کە ئەکتەر ڕاستگۆیانە خۆی نمایشبکات، بەڕاستگۆیی (درۆ) بکات، خۆگۆڕینی بەجۆرێك بێت کەبەرامبەرەکەی ڕازی بکات، بەجۆرێك بەرگی ئەو کەسەی تر بپۆشێت کەتەواو نزیك بێت لەواقیعەوە.**

**لەبەرئەوەی شێوەکانی (فێڵبازیی و درۆو خۆدەرخستن بەجۆرێکی دی و خۆگۆڕین) لەکەسێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بەهەمانشێوە لەکاراکتەرێك بۆ یەکێکی دی و لەشانۆگەرییەکەوە بۆ یەکێکی دی، هەروەها لەڕەوشێکەوە بۆ یەکێکی ترو لەبینەرێکەوە بۆ یەکێکی تر، کەواتە ئەکتەری زۆرزان و فێڵباز ڕەنگی خۆی بەگوێرەی هەر ژینگەیەك دەگۆڕێت و بەپێی (شانۆگەریی وهەلومەرجی، کاراکتەرو پێودانەکانی، بینەرو جۆری و... تاد)، بەو پێیە دەکرێت پێناسەی ئەکتەر بکەین بە (مارمێلکە)، یان بەخەسڵەتە سەرەکییەکانی مارمێلکە، کەڕەنگکردنێتی بەڕەنگی هەر ژینگەیەك تیایدا بێت، تەنانەت دەکرێت ئەم خەسڵەتە بدەینە پاڵ مرۆڤی ئاسایی، چونکە گریمانە وایە کە ئەکتەر کەسێکی ئاسایی نییە، مەبەست**

لەمرۆڤی ئاسایی ئەوەیە کە پیشەی نواندنی نەبێت، ئێمە لەژیانی ڕۆژانەماندا گەلێك دیاردە دەبینین بۆ خۆگۆڕین و ڕەنگ وەرگرتن، تەنانەت لەتەڵەکەبازیی! بۆ نموونە (قوتابی) لەگەڵ مامۆستاکەیدا کەسێکی بەڕێزەو لەسەرخۆ دەدوێت، بەڵام لەگەڵ پاسەوانەکەدا دەبێتە کەسێکی ترو هەڵسوکەوتی ئەو وەردەگرێت، هەروەها مامۆستا لە بۆنەیەکی دیاریکراودا ویقارو بەئاگایە، بەڵام لە ماڵەوە تەواو جیاوازە، بەتایبەت لەگەڵ کوڕە لاسارەکەیدا، یان لەگەڵ کارەکەرە جوانەکەیدا. نموونەی تریش دەربارەی (خۆگۆڕین لەگەڵ هەر ژینگەیەکدا) زۆرن.

ئەگەر بڵێین نواندن خۆنیشاندان و خۆگۆڕینە، ئەوا دەکرێت دووبارە بڵێین لاسایی و یاریکردنیشە، خۆنیشاندانە لەبەرگی کەسێکی ترداو بینەر دەخەڵەتێنێ کەوا ئەو کەسەی ترە، ڕەنگە هەندێك ئەم جۆرە قسانە بەسووکایەتی بزانێت بۆ ئەکتەر، بەڵام ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرەو ئێمەی (ئەکتەرو بینەر) لەگەڵ ئەم جۆرە قسانەدا ڕاهاتووین، ئەکتەر لەجیاتی کەسێکی ترە (represent)و لەبری ئەو دەدوێت، بەڵکو هەندێك کار دەنوێنێت (act) لەبری یەکێکی دی، ئەکتەر وەك مارمێلکە خۆی دەگۆڕێت و لەبری کەسێکی تر دەدوێت و هەڵسوکەوت دەکات.

سەبارەت بەئەکتەرو بینەر، هێزی نامۆی هەر نمایشە لەگرژی و تەمومژێکەوە دروست دەبێت کە لەنێوان کردەوەو ئەندێشەدایە، واتە لەنێوان شتی ڕاستەقینەو ڕاستگۆو شتی ڕووکەش و بانگەشە بۆ کراو، ئەم تەمومژە لەهەموو نواندنێکدا هەیە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی حەزی کۆمەڵێك، یان تاکێکدا بۆ خاوبوونەوەی گرژی و ڕەوینەوەی تەمومژەکاندا.

هەروەك ڕۆبرت کوهن(*) دەڵێت: ئەگەر هێزو مەزنیی لەمرۆڤی ئەکتەردا کۆبنەوە، ئەوا خوێنەر دەبێت لەکاریگەریی ئەو مرۆڤە ئەکتەرە بزانێت، دەکرێت ئێمە سەبارەت مرۆڤ پێناسەیەکی کەموکورت بکەین، بەڵام ئەکتەر ئاخۆ توانای پێناسەکردنی هەیە؟

من لای خۆمەوە هەوڵی پێناسەکردنی ئەکتەر دەدەم و دەڵێم: هونەری-زانستی نواندن لەنمایش و ئاشکراکردندایە، هەروەها لەبەشداریدا، واتە گەیاندنی کردار، یان وێنە، یان کاراکتەرێك، یاخود چیرۆکێك بۆ بینەر.

چونکە ئەم پێناسەیەش هێشتا کەمە، دەبێت زیادی بخەمەسەرو بڵێم: ئەم هونەرە پەیوەستە بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێستا، لەنێوان ئەکتەرێك و ئەکتەرێکی تر، یان لەنێوان ئەکتەرو بینەر، ئەفسوونی شانۆ بەپلەی یەکەم نواندنە، ئەویش پشت دەبەستێت بەوەی کە بینەر بڕوا بکات ئەوەی لەبەرچاوی ڕوودەدات لەسەر شانۆ ئێستاو لێرەدا ڕوودەدات، بۆ یەکەمجاریش ڕوودەدات، ئەفسوونی ئەکتەریش بە هەمانشێوە لەوەدایە کەوا لەبینەر بکات کەرستەکانی دەورەکەی و کردارەکانی یەکەمجارە دەوترێن و دەکرێن، هەرچەندە چەند هەفتەیەك و بگرە چەند مانگێکیشە سەرقاڵی مەشقی قورس و گرانە بۆ ئەوەی دەیڵێ و ئەوەی دەیکات.

## 2/کەرەستەکانی ئەکتەر:

دیارە کەرەستەکانی ئەکتەر بریتین لەم سیانە:

1-جەستە.

2-دەنگ.

3-بوونی ئەکتەر (یان کاراکتەرەکەی).

شێوازی جۆراوجۆری نمایش ئەوە دەخوازێت کەزیرەکی بنوێنرێت بۆ خزمەتی ئەم کەرەستانە.

توانای جەستەیی لەنێوان ئەکروبات و بانتۆمایم (یان مایم، نواندنی بێدەنگ)دایە، هەروەك شانۆی دێرینی چین، تادەگات بەزمانی جەستە، کەبریتییە لەسەماو (ئیمائە)، هەرچۆن لەشێوە جیاوازەکانی شانۆی هیندیدا هەبوو، پاشانیش تا کۆپیی ڕاستگۆیانەی جوڵانەوەی ڕۆژانە، هەرچۆن لەشانۆگەرییە ناتوراليزمييەكاندا هەبوون، کەئەویش بەندە بەشانۆی خۆرئاواوە.

هاوكـات توانـا دەنگییـەكان، كەلـەنێوان چـڕینی گـۆرانی و توانـای ویـرد خوێنــدن (تــەرتیل) یــاخود دەســەڵاتی وتاربێــژی، تەنانــەت لێهــاتوویی لەدركاندنی گوزارشتەكاندا، هەروەها توانای ئاخافتن بەباشیی.

بەڵام سەبارەت بە(بوون)، ئەوا ئەوە نیشاندەدات كـەناكۆكی هەیە لـەنێوان شــێوازی نمایشــكاریی لەنواندنــدا (بەجــەختكردن لەســەر نمــایش و ڕوونكردنــەوە)، لەگــەڵ شــێوازی دیــاریكردن (تشــخیص) ئــەویش بە(جەختكردنەوە لەسەر گێڕانەوەی واقیع و رەگەزی–ئیحتیمالی).

بـەڵام بـوون (كینونـە) هـەر ئـەو ناكۆكییـە ناگەیـەنێت بەتـەنیا، بـەڵكو ناسنامەی مرۆڤایەتی و توانا مرۆییەكان پێكەوە گرێدەدات. چونكە نواندن دیاردەیــەكی كۆنــەو لەگــەڵ مرۆڤــدا پەیــدابووە، بــوونی زۆر لەدركاندنـە هەسـتییەكان پێكـەوە دەبەسـتێت، كەڕەنگـە رەگـەزی تەمومژاویشـیان تێـدا بێـت، هەرچـۆن لای مرۆڤـی سـەرەتایی هـەبوون، وەك بـەكارهێنانی دەمامـك، یـان حاڵەتـە هـەرە شـادیی بەخشـەكان كـە لەسـەمای كـاهنی سەردەسـتەی هـۆزدا دەبینرایـەوە، ئـەو سـەمایەی خـۆی و هۆزەكـەی نمایشیان دەكـرد تـا (خوداوەندی باران) چێژی لێ ببینێت و هەندێك بارانیـان بـۆ ببارێنێت، یـان تكـاخوازیی بـن تـاوەكو گیانـە شـەڕەنگێزەكان قایـل بكـات بەجێهێشـتنی ناوچەكانیان.

نوانــدن كاریگــەریی نابێــت گــەر بریتیــی نــەبێت لەبەرەنگاربوونــەوەی زینـدوویی دەسـتەیەك ئادەمیزاد لەگـەڵ دەسـتەیەكی تـردا، ئەمـەش یـاخود ململانێــی لێدەكەوێتــەوە، یــان گونجانــدن، ئــەویش بــەپێی ڕووداو، یــان چیرۆكی نمایشـكراوی سـەر شـانۆكە، لێـرەوە هۆشـیاریی بینـەران بەرامبـەر ئەو ململانێیە، یان گونجاندنە دروستدەبێت، ئیدی دەبنە بەشداریی گەیشتن بەچارەسەری ململانێ، یان بەبەختەوەریی ئەو گونجاندنە.

ئـەم خاڵـە (بەشـداریی بینـەرو هۆشـیاریی) گرنگییـەكی زۆری هەیـە بـۆ نمایشـی ئەكتـەرو بـۆ وەسـتانی لەسـەر شـانۆ لەنمایشـدا، هەرئەوشـە دەبێتـە سەرچاوە بۆ ململانێ و مشتومڕی توند لەمەڕ نواندن، رای جیاواز دروست دەبن، چونكە:

–بەرامبەر تەكنيك، ئيلهام هەيە.

–بەرامبەر مەشق، بەهرەمەنديی هەيە.

–بەرامبەر سەنعەت، راستگۆيی هەيە.

–بەرامبەر دەستكرد، هەستكردن هەيە.

–بەرامبەر نواندنيش وەك (هونەر)، نواندن وەك (زانست) هەيە.

هەندێكجار ئەكتەرەكان دەست بەو زاراوانەوە دەگرن، هەروەك دەست بەگۆچانەوە بگرن، بەشێوەيەكی هۆشداريی بەكاريان‌دێنن، دەزانن چی دەكەن و چييان دەوێت، دەزانن لەوديو كردارەكانيانەوە چ پاڵنەرێك هەيە، دوای ئەوەش لەبری گۆڕينی مەبەست و نيازەكانيان (كەدەبێت رازی كەسی بن) بۆ چەند شێوازێك لەرەفتاری جەستەيی، ئەوان دێن و ئەو پاڵنەرانە چڕدەكەنەوە، چونكە بەبەرهەمی كردارەكانی دەزانن، يان دەيكەنە ئامانجیٚ و شوێنی دەكەون، وەك ئەوەی ئەكتەر بەخودی خۆی بڵێت: لێرەدا پێويستە توڕەبم، بۆ دەرخستنی تووڕەيی دەنگم و سيمای تووڕەم، دەبێت بەباشی تووڕەببم و بگەمە ئەو ئەنجامە.

ئەو نايەوێت تەواو تووڕەبێت، نايەوێت ئەو هەستەی لا دورست بێت، بەڵكو دەيەوێت خۆی وانيشانبدات.

ئەگەر وانەكات، ئەوا لەمەشق و نمايشدا دووچاری سەرنەكەوتن دەبێت، ئەوسا دەبێت جارێكی دی بەمەبەست و پاڵپێوەنەرەكاندا بچێتەوەو بەوپەڕی هۆشيارييەوە وێنەيەكی لا دروست بێت، هەروەها دەبێت برەنجێت بۆ وەدەستهێنانی چالاكييەكی هزريی رووت و بەكارهێنانی ئەو چالاكييەش لەخزمەتی جەستەو جوڵانەوەكانيدا.

بەهۆی ئەوەشەوەيە كەهەندێك لەدەرهێنەرەكان ترسيان لەئەكتەرە تازەكان هەيە، ئەوانەی ميتۆد، يان تەكنيكێكيان هەيەو توانای شيكردنەوەی هەرشتێكيان هەيە كەئەكتەرەكە ناتوانێت بيانكات و بەبيانووشن، هەربۆيە، ئەمە بەردەوام لەكاتی مەشقدا جياوازی و لەيەكتر نەگەيشتن و بەدحاڵيی بوونی لێدەكەوێتەوە.

## 3/ بوون، لەگەڵ ئێرە و لە ئێستادا:

باوەڕی "بوون" یان (الکینونە) ئەو دانپێدانانە دەخوازێ کە نواندنی مەزن والآکردنی ناوەوەی ئەکتەرە، زیاتر لە وێناکردنی زیرەکانەی ناخی (ئەو کاراکتەرەی ئەکتەرەکە نمایشی دەکات)، هەر بۆیە دەبینین ڕێبازی باو لە مەشق پێکردنی ئەکتەردا پشتبەستنە بە کەسایەتی خودی ئەکتەر بۆ وەرگرتنی هەر شتێك کە بەکەڵکی بەرجەستەکرنی ئەو کاراکتەرەی بێت، کەوا نووسەر دایڕشتووە.

ئەو، واتە ئەکتەر، ڕەگەزەکانی کەسایەتی خۆی و ڕەگەزەکانی ئەو کاراکتەرەی نمایشی دەکات پێکەوە گرێدەدات تا پێکەوە کەسێکیان لێ بەرهەم بێت و پێشکەش بە بینەر بکرێت، بینەر ئەو تێکەڵبوونە هەستپێدەکات، بەڵام حەز دەکات زیاتر ئەو کاراکتەرە ببینێت کە نووسەر درووستی کردوە، ئێمەش ئەمە بەڕاست دەزانین.

هێنانەدیی ئەو باوەڕەی دەڵێ (ئەکتەر) خۆی بێت، یان بە واتایەکی تر (بەکارهێنانی خود) هەروا ئاسان نییە، چونکە دەبێ لای بینەر پەسەند بێت، هەروەها دەبێ ئەو شتە دروست بکات کە پێی دەگوترێت (ئامادەبوون)، ئەوەش دەبێتە هۆی "ڕاکێشان" ی بینەر بەلای ئەکتەرەکاندا، هەریەکە بە ئاستی جیاواز.

ئەمە واتای بەکارهێنانی کاراکتەرەکەیەتی بۆ ڕازی کردن یان نەکردنی بینەر، پاشان، ئەو دەتوانێ چەکەکانی خۆی لەپاڵ چەکەکانی دەستی کاراکتەرەکەیدا بەکاربهێنێ، هەرچەندە لەسەر ئەم خاڵە مشتومڕی زۆر بەردەوامە،(بەکارهێنانی خودی ئەکتەر بۆ ڕازی کردنی بینەرانی)، ئەکتەر مافی بەکارهێنانی خودی خۆی هەیە وەك بنەمایەکی تاك و تەواو بۆ بەکارهێنان و گوزارشت لە خود، ئەمە مەرجێکە بۆ نواندنی ڕاست و کاریگەر.

دیارە ئەوە دەزانین کە جیاوازیی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی خود و بەکارهێنانی گوزارشتکارانە لە خود، بۆ نموونە چالاکییە بنچینەییەکانی

بەکارهێنانی خود بریتین لە راکشان و دانیشتن و راوەستان و رۆیشتن و هەناسەدان..تاد، کە ئەکتەر زانیی ئەو کردەوە ئاساییانە چین، ئەو کاتە ئامادە دەبێ بۆ گەیشتن بە بەکارهێنانی "گوزارشتکارانە" ی خودی خۆی، واتە توانای خەریك بوون بە دروستکردنی هەڵوێست، یان نمایشێکی نوێ لە هەموو روویەکەوە.

لە راستیدا، ئەم رستەیەی دوایی کورتکردنەوەی رێبازێکی دیاریکراوی مەشقی ئەکتەرە لە ئەمریکا، کە لە میسر لەرێی وەرگێڕانە جۆراوجۆرەکانی (ستۆدیۆی ئەکتەر) ەوە شارەزای بووین، دوای جەنگی جیهانیی دووەم (پەیڕەوکارانی ستانسلافسکی) بەرابەرایەتی (لی.ستراسبرگ) ئەکتەریان فێری وانەی گرنگی پرۆسەی ئەفراندن کرد، بە جۆرێ شێوازی نواندنیان گۆڕی، لێرەوە تەکنیکی نوێ دەرەوشایەوە، کە لەسەر بناغەی (وەڵامدانەوەی ئەفراندەرانە) داڕێژرابوو، ئەمەش هەمیشە نیشانەیە بۆ نواندنی باش.

نواندن لەرێی بەکارهێنانی خودی ئەکتەر، یان کاراکتەرەکەیەوە مانای ئەوە نییە ئەکتەرەکە شیکەرەوەی سایکۆلۆژییە،یان نوقمی پرۆگرامەکەی "فرۆید" بێت، تا خۆی و کەسانی دی فێری هونەرمەندیی بکات، بە واتایەکی تر، دەبێ ئەکتەر (وەك چۆن لە–ئێریك موریس–ی خوێندکاری قوتابخانەکەی "پرۆگرام" لە ئەمریکا–وە حاڵی دەبین) دەبێ بەسەر خۆی و کەسانی ترەوە چاودێر بێت، دەبێ ناخی خۆی و ناخی کەسانی دی بپشکنێت، دەبێ سەراسۆ ((فضولي)) بێت، دەبێ بەقوڵایی دەوروبەرەکەیدا رۆچێت و لە هەڵسوکەوتیان شارەزابێت، ئەمە بە تایبەتیش بەسەر ئەو هاوڕێ ئەکتەرانەیدا دەچەسپێ کە هاوبەشی مەشقکردنی دەبن.

چەندە ئەکتەر گەشە بە هەستکردنی تەواوی بەرامبەر ناسنامەی خۆی بدات، ئەوا ئەگەری ناسین و جووتبوونی لەگەڵ کاراکتەری دیکەی لێدەکرێت جگە لە کەسایەتی خۆی، چەندەش دۆزینەوەکانی روو لە زیاد بوون بن، ئەوا درککردنی زیاد دەکات بەرامبەر ئەوەی کە سەرچاوەی بێ کۆتایی شك دەبات لە ناخی خۆیدا و دەتوانێ لە نواندنی کاراکتەری جیاوازدا بەکاریان بهێنێت.

هەر وەك "مۆریس" دەڵێ "زۆرجار گرفتەكانی نواندن وەك گرفتەكانی ژیانن"، هەر بۆیە ئامۆژكاری ئەكتەر دەكات و دەڵێ "گەر بۆ ئاشكراكردنی هەر لایەنێكی خۆت لەدەرەوەی تەختەی شانۆ گرفتێكت هەبوو، لەسەر شانۆ گرفتی زۆرترت دەبێت". زۆرجار گرفتی نواندن بێ گۆڕینی شتێك لە ژیانی ئەكتەرەكە چارەسەر نابێت. نواندن، وەك ئامانژەمان بۆ كرد، زیاتر رەگەزی دروستكردنە (واتە درۆ بەشێوەیەكی گشتی )، ئەكتەر بەباشی هەوڵدەدات تا راستگۆیانە خۆی نمایش بكات، نەك درۆزنانە،هەوڵدەدات رووپۆشی ئەو دروستكردن و خۆنیشاندانە بە شتە جۆراو جۆرەكانی واقیع بكرێت، تاوەكو بینەر بڕوا بەوە بكات ئەوەی دەیبینێ درۆ نییە، یان هەر نەبێ ببینێ خۆنیشاندانێكی جوانە و درۆیەكە راستیی تێدایە! بەڵام، زۆر جار لە ئەكتەرەكان روودەدات، تا چەند زیاتر هەوڵبدەن كارەكە خراپ تر دەبێ، چەندە هەوڵی نزیك بوونەوە لە راستگۆییەوە بدەن، زیاتر لێی دوور دەكەونەوە و بەرەو لای (درۆ) كە دایدەشكێنن، بۆچی؟ لەبەر دوو هۆ:

یەكەم:- بیركردنەوەیان لە كرداریان زیاترە، وازناهێنن، ئەوەی بیری لێدەكەنەوە تا لەسەر شانۆ بیكەن بە كردار قورستر دەبێ.

دووەم:- پەیڕەوی هەندێ شێوەی باو دەكەن كە دەكرێ بە (كلێشە) ناویان بەرین، ریتمی دیاریكراویان هەیە كە بۆ هەموو دەورێ بەكاری دێنن، ئەمە بێجگە لە گوزارشتی دەموچاوی دەقگرتوو و پلە جیاوازەكانی دەنگ. ئەوان هەموو وادەكەن، ئیتر لە تەمەڵییەوە بێ یان لە نەبوونی كاتەوە كە نایەڵێت بگەنە داهێنانی راستەقینە، یان تووشی ئەو خەیاڵە بوون كە وابیر بكەنەوە، یان باوەڕیان وابێت كە ئەو كلێشانە كاریگەر و كاران، چونكە لەوەوبەر تاقیكراونەتەوە! لەپاڵ ئەوەدان كێشەی راستەقینەی ئەو ئەكتەرانە ئەوەیە كە نازانن خاوەنی (راستگۆیی) نین، بەڵكو بڕوایان وایە كە بینەر باوەڕیان پێدەكات و سەرسام دەبن پێیان، كارەكە بە تەنیا بەشكردنی رستەكانی دەوێ بەوریایی، لەپاڵ كەمێ چوونە ناو دەورەوەو هەندێ هەناسەهەڵكێشان و تەماشاكردنی خەیاڵاوی و دەربڕینی هێمنانەی دەنگ (یان گڕی و نووساویی-گەر كاراكتەرەكە ئەوانە بخوازێ)!

دیـــاره ئەمانـــە بـــەس نـــین، راســـتە نوانـــدن بریتییـــە لـــە دەرخســـتن و ئاشـکراکردن،یان نمایشـکردن، هـەروەها بەشـداریی بینـەر لـە سـۆزی، یـان هەستێکی دیـارکراو، یـاخود ڕووداوێ، بـەڵام دەبـێ ئـەو هەسـت و ڕووداوو کـرداره بگاتـه بینـەر، گەیانـدنی ڕازییـان بکـات، چـونکه ئەکتـەر لایـەنی نیشـاندەدات کـە بینـەران نـازانن چـییه، لایـەنێکی ئەکتـەر، یـان لایـەنی نیشاندەدات سەبارەت بینەران و ژیانی ئەوان، یان لە چیرۆك و ڕووداوەکە و ئەو تەنیا نمایش دەکات بۆ بینەر هاوکات بینـەر، بەئاگا دێنێتەوە کە دەبێ بەشـداریی هەســتەکانی ئەکتــەر بێــت، هــەروەها ئامــادەی شــوێنکەوتنی هێڵەکانی چیرۆکەکە بێنن، بەڵام ئەم بەشدارییە بە باشی ناگاتە ئەنجام تا خودی ئەکتەر بە پلەی یەکەم و بەباشی سەرکەوتوو نەبێ لە گەیاندنی سۆز و چیرۆك و ڕووداوەکەدا، ئەمانە هەرگیز هیچیان بەدی نایەن گەر ڕاستگۆیی نەبێ لە نواندنی ئەکتەردا.

ئـەو توانـا بنچینەییانەی کـە دەبـێ لـە ئەکتـەردا هـەبن، لـە توێژینـەوەی پێشـوومانەوە دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە دەبـێ ئەکتـەر خـاوەنی چـەند توانایەك بێ تا بینەر بەو کاراکتـەرەی دەیبینـێ (یـان دەبێتـە نوێنـەری) ڕازی بکات، ئەوانیش:

## 1/ توانای شیکردنەوە:

واتە شـیکردنەوەی کاراکتەرەکـەی و هەلومـەرجی ژیـانی و پەیوەنـدیی بە کاراکتـــەرەکانی تـــرەوە، هـــەروەها شـــیکردنەوەی ئـــەو ژینگەیـــەی کـــە کاراکتەرەکـەی لێـوە خوڵقـاوە، ئەمـە بێجگەلـە هۆکارەکـانی درووسـتبوونی کاراکتەرەکـەو فشـارەکانی سـەری و ململانێـی لەگـەڵ کاراکتـەرەکانی تـرو شتەکانی ترو بارو دۆخەکان.

بێگومـان ئـەم جـۆرە شـیکردنەوەیە، توێژینـەوەی وردو بـەئاگایی تـەواوی دەوێـــت، بـــۆ هـــەموو ئەوشـــتانەی پەیوەســـتن بـــە شـــانۆگەرییەکەو کاراکتەرەکانییـــەوە، توێژینەوەیـــەك بێـــت کـــەوا ئەکتـــەر بگەێنێتـــە هـــەموو واتاکـــان کـــە لای نووســـەری شـــانۆنامەکە ئامـــانج بـــوون، هـــەروەها بـــۆ

خەملاندنی بەهای فەلسەفیی ئەودیو رووداوەکانی و ئەودیو وێناکردنی کاراکتەرەکان لەلایەن نووسەرەوە.

## 2/ توانای لێکدانەوە:

دووەمین توانای ئەکتەر، کە هەیبێ یان گەشەی پێبدات بریتییە لە لێکدانەوەی کردارەکانی کاراکتەرو لێکدانەوەی رووداوەکان، تا بزانێ بۆچی وەهان و نووسەر مەبەستی چییە لە هێما و ئاماژەکانی.

ئەمانە هەموویان ئەکتەر دەگەێننە ئاستێ کە بتوانێ ئەو واتایانە بگەێنێتە بینەران، گەیاندنی باشیش واتە گوزارشتی دڵسۆزانەو راستگۆیانەی ماناکان، ئەمیش بەپێی ئەزموون و ئەندێشەی ئەکتەرێك بۆ یەکێکی تر جیاواز دەبێت.

## 3- توانای درووستکردنی کاراکتەر:

واتە بیخاتە وێنەیەکی بەرچاو و هاوکات لە گوێشدا بیستراو بێت، بە مانایەکی تر لە توانایدا بێ ئەو لێکدانەوەیەی بۆ کاراکتەرەکەی کردوە بگۆڕێ بۆ وێنەیەکی جەستەیی، بەشێوەیەك، شێوەی جەستەیی کاراکتەرەکەی وەك شێوەی جەستەی خۆی دیاری بکات، هاوکات هەروەکو کاراکتەرەکە و بە سروشتی دەنگی ئەو بدوێ، کە ئەمەش دەبێتە شێوازی ئاخاوتنی خودی ئەکتەر، وێنە و شێوەی مادیی جەستەو سروشتی دەنگ وا دەکەن ماناکان لای بینەر ئاسان وەربگیرێت.

## 4/ توانای بەرجەستەکردن و نمایش:

بەو واتایەی کە ئەکتەر خاوەنی وزەو روونیی بێت کە دەتوانن ماناکان بگەێننە بینەری قەوارە دیاریکراو، دوای ئەوەی ئەکتەر جەستەو دەنگی لەگەڵ جەستەی کاراکتەرەکەی و دەنگیدا دەگونجێنێ، پێویستە ئەو

(پێکهێنــــراوەی)، یـــان کەرەســـــتەکانی جەســـــتەو دەنـــگ و بـــیری لـــە بەرجەستەکردنی کاراکتەرەکەیدا بەکاربهێنیٚ و بۆ بینەری نمایش بکات.

دەبیٚ لە پالٚ نمایشی بەهێزیدا، ئامادەبوونێکی جەستەیی بەهێزیشی هەبێت، هەروەها دەنگی کاریگەرو نایابی، ئەمانە لەتەك تەماشاو سەرنج و گوزارشتە جۆراو جۆرەکانی.

## 5- توانای دووبارە کردنەوە:

دەبیٚ ئەکتەر توانای دووبارە کردنەوەی هەبێت، واتە بتوانیٚ نواندنەکەی سەر لەنویٚ چەند بارە بکاتەوە بیٚ ئەوەی زیندوێتی لە دەستبدات، دەبیٚ توانـای بـەردەوامبوونی تـەواوی هـەبێت تـابتوانیٚ نمایشـەکەی دووبـارە بکاتـەوە ئـەو توانایانـە، بێگومـان دەبـیٚ دوو هۆکـاری گرنگیـان لەگەلٚـدابن، ئـەوانیش (بـەهرە) و (ئـارەزوو)ن بـۆ مەشـق کـردن، دیـارە ئـەم دووانـەش پەیوەستن بەیەکترەوە، چونکە:

ئەکتەری بەهرەمەند لە هەناوی رەگەزەکانی بەهرەیدا حەزێکی زۆر هەیە بۆ پەرەدان بەخۆی لەریٚی مەشقی قورس و گرانەوە، لێرەوە دەبیٚ قسە لەسەر بەهرە بکەین، نەك تەنیا پێناسە کردنی، چونکە هیچ پێناسەیەکی پڕاو پڕ بۆ بەهرە نییە،بگرە پێناسە هەلٚناگرێت.

مێـژووی شـانۆ سـەربوردەی زۆرمـان بـۆ دەگێڕێتـەوە سـەبارەت ئـەو ئەکتەرانـەی دیـارو مـەزنن، بـەلاٚم لـە سـەرەتای پیشـەی ئەکتەریـدا رێنمـایی کراون و پێیان گوتراوە (بیٚ توانا) و چاوەڕوانی هیچ جۆرە سەرکەوتنێکیان لیٚ نـەکراوە، لەگـەلٚ ئەوانەشـدا دەبیـنین دواتـر بوونـە ئەکتـەری وا کـە لاپەڕەکانی هیچ سەرچاوەو فەرهەنگێکی شانۆ نەمابێت ناویان نەهێنێت.

بـەلاٚم دەبـیٚ بـەهرە لەگـەلٚ ئـەو ئەکتەرانـەدا تێکـەلٚ نەکـەین کـە گـیرۆدەی تەختـەی شـانۆن، یـان کـوژراوی شاشـەی سـینەماو تەلـەفزیۆنن، چـونکە زۆربەی ئەوانە بیٚ بەهرەن، ئەوان تەنیا بەرووکەش شانۆیان خۆشدەویٚ.

کەسی بەهرەمەند خاوەنی جەستەو دەنگێکە بە مەشق بۆ شانۆیان کارا دەکات، تا کاریگەریی دیاریکراوی خۆیان هەبێت.

ئەو کەسێکە ئارەزوویەکی گەورەی هەیە، بەڵکو پێویستی مەزنی هەیە بۆ بەشداریی ئەزموونەکانی لەگەڵ کەسانی تر، ئەو ئاگاداری دنیای دەوروبەریێتی، بەشێوەیەك وەڵامدانەوەکانی هەستی و هەڵچوونەکانی چڕترو جیاوازترن لە کەسانی ئاسایی، ئەو هەستیارە بەرامبەر کەسانی ترو دەتوانێ لە هەڵسوکەوتیان بەباشی بگات، تەنانەت ئەوانەشی کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم جیاوازن، ئەو خاوەنی ئەندێشەیەکی ئەوتۆیە کە دەتوانێ لە هەندێ کاتدا دەستبەرداری خودی خۆی بێت (بۆ نموونە کە دەورێکی مێژوویی دەبینێت)، یان کاتێ کاراکتەرێ بەرجەستە دەکات لە جێگایەکی ئەوتۆ کە ئاشنا نییە پێی.

بەهرەمەند بەجۆرێ زیرەکە بەزوویی لە مەبەستی نووسەرە شانۆییەکە دەگات، چونکە دەتوانێ بەزوویی لەکاراکتەرەکەی بگات، هێندەش ئازاو باوەڕ بەخۆبووە کە، لە درکاندنی بیروڕاو ئەو نەستانەی لە ناخیدان ئەوانەی قووڵترن لە هەستەکانی سەر شانۆ، ئەو هەستیارە بۆ نواندن و ئەزموونداره بەرامبەر هەژاندنی بینەرو ئاڵ و واڵکردنی کارەکەی.

کەسێ وابێ دەتوانێ (نواندن) فێربێت، بە پێچەوانەشەوە،دیارە نەخێر بەڵام مەشق پرۆگرامە بۆ گەشەدانی بەهرە، کارێکی سەختە، ئەوە دیسپلینی خودی دەوێت و پرۆسەیەکە کۆتایی نایەت، چونکە ئەکتەرێك نییە لە مەشقدا گەیشتبێتە (کەماڵ)، ئەگەر ئەکتەر لە لوتکەی ناوبانگیشدا بێ هەر مەشقی دەوێت، بەجۆرێ لەسەرەتاوە وەك یارییەك لە مەشق دەگات، بەڵام دواتر شێلگیرانە مەشق دەکات و بە (خەبات)ی دەزانێ، خەبات لەپێناوی سەرکەوتندا.

**پەراوێز:**

* *روبرت كوهن، مقدمة في التأثير الطاغي لفن التمثيل، ترجمة وتقديم د.سامي صلاح، مطبوعات المهرجان التجريبي، القاهرة، 2003، ص 12*

---

**سەرچاوە:**

د.سامى صلاح، الممثل و الحرباء،دراسات و دروس في التمثيل،سلسلة المسرح (اصدارات اكاديمية)، القاهرة، 2005.

# پووشکین و شانۆ

د. ضیاء نافع

ئەلکساندەر سەرگیفتیش پووشکین (1779–1837) بەخاڵی گواستنەوەو پێشەوە چوون دانراوە لەئەدەبیاتی رووسدا، چونکە توانیویە بەچاکی لەهەموو هەوڵدانە ئەدەبییە رووسییەکانی سەدەی هەژدەهەم

بگاتو داهێنانیش ئاوێتەی گشت ڕێبازو تەوژمە ئەدەبییە ئەورووپییەکان بکات. پووشکین بەهۆی کەسێتی هەڵکەوتووی و بلیمەتییە گەورەکەیەوە لە توانایدا بووە کە ئەدەبیاتی رووسی لەقۆناغی خۆگرتنی نەتەوەییانەوە بگوێزێتەوە بۆ قۆناغێکی بالاتر، قۆناغی دەربڕینی بەرفراوان بە گوێرەی پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەچوارچێوەی واقیعە رووسییەکەدا، ئەو ئەدەبە رووسییەی کەبووە ئەدەبێکی ناسراوی ئەوتۆ کە ئەمڕۆ ئەو رووبەرە دیارەی بۆ خۆی لەسەرجەمی ئەدەبیاتی جیهاندا داگیرکردووە.

پووشکین، شیعرو داستانو چیرۆکی کورتو درێژو رۆمانو شانۆگەریی نووسیوەو هاوکاریشی لەبزوتنەوەی رەخنەو رۆژنامەنووسیی ئەدەبیدا کردووە. بە ئەفراندنە جۆربەجۆرەکانی توانی بنچینەیەك بۆ زمانی رووسیی هاوچەرخ دابنێ، ئەو زمانەی کە تا ئێستا بە هۆی بەرهەمەکانی پووشکینەوە لەگەشەسەندندایە.

لەجێی خۆیدا بووە کە مەکسیم گۆرکی دەربارەی پووشکین وتوویەتی (مرۆڤێکی بلیمەت بوو، لەو تەمەنە کورتەی ژیانیدا بناغەیەکی ئەوتۆی بۆ هونەری رووس داڕشتووە کە هەرگیز لەق نەبێت، گەر پووشکین نەبووایە ئەوا گۆگۆڵو تۆلستۆیو تورگنێڤو دیستۆیفسکی تا ماوەیەکی یەکجار درێژ دەرنەدەکەوتن، هەموو ئەو مەزنە رووسانە خۆیان دانیان پیانابوو کە پووشکین گیانی ئیلهام بەخشیانە) [1].

پووشکین تاکە ئەدیبی رووسیایە کە لەلای گشت رەخنەگرو بیرمەندانەوە بەدرێژایی مێژووی رووسیا، بەیەکەم ئەدیبو نووسەری بێ وێنە دانراوە، هەرچەندە ئەوانە بیروڕا جیاوازیش بوون. ئەمەش بەڵگەیەکی تەواوە بۆ مەزنیو لوتکەییو پلەو پایەی ئەوکەڵە ئەدیبە.

ئێمە لەم نووسینەماندا باس لەهەوڵدانەکانی پووشکین دەکەین لەبواری شانۆدا، هەروەها بەشداریی لەمێژووی ئەدەبیاتی شانۆی رووسیدا.

ئەم لایەنەی ئەفراندنی پووشکین لەسەردەمێکی سەرەتای ژیانییەوە دەست پێ دەکاو ئیتر بەدرێژایی تەمەنی لێی نەپچڕاوە، ئەوەندەش بۆ

سەلماندن بەسە کە بڵێین نزیکەی بیستو پێنج بەرهەمی شانۆیی نووسیوە، دەتوانین کۆی ئەو بەرهەمانە دابەشبکەین بەسەر چوار بەشدا:-

1-ئەو شانۆگەرییانەی کە نووسیونیو بڵاویکردوونەتەوە.

2-ئەو شانۆگەرییانەی کەدەستی کردووە بە نووسینیانو تەواوی نەکردوون، هەرچەندە بەشی زۆریشیانی لێ نووسیون.

3-ئەو بەرهەمە شانۆییە پەرشو بڵاوانەی کەوا لێکۆڵەرەوەکان تەنیا بیرۆکەکانیان بیستووە، یان هەندێ باسو خواسیان لەسەر دیوە، دیارە ئەمانەش نابنە مایەی ئەوەی بەباشی وێنەی ئەو بەرهەمانە بهێنینە بەرچاوو لێیان حاڵی بین.

4-ئەوانەی کە لێکۆڵەرەوەکان تەنیا ناونیشانیان بیستووەو لە وردە زانیارییەکی زۆر کەم بەولاوە چی تریان دەربارەیان چنگ نەکەوتووە، ناوی ئەو بەرهەمانەش بەهۆی ئەو نامانەوە ئاشکرا بوون کە لەنێوان پووشکینو چەند هاوڕێیەکیدا نووسراون، یان لەبیرەوەرییاندا لەسەر پووشکین ناویان هاتووە.

شانۆگەرییەکانی پووشکین بە گوێرەی دابەش بوونیان بەسەر ئەو چوار بەشەی سەرەوەدا، ئەمانەن:-

*بەشی یەکەم:

1-بۆریس گۆدۆنۆف.

2-سواری پیسکە.

3-مۆزارتو سالیری.

4-میوانی بەردین.

5-خوان لەسەردەمی رشانەوەدا.

*بەشی دووەم:

1-پەریی دەریا.

2-چەند دیمەنێك لە سەردەمی شۆڕەسواریدا.

*بەشی سێیەم:

1-ئای چ چارەنووسێکە.

2-فادیم.

3-بەزۆر لە مۆسکۆ باریان پێکردن.

4-ئەو بانگم دەکات.

5-دوای هەفتەیەك لەپاریس دەبم.

6-بابیسا ئەیۆنا.

7-تۆش هەر لێرەدا بوویت.

8-ئەم بەڕێزە بەرەلاّیانە کێن؟

*بەشی چوارەم:

1-بەرەلاّ.

2-بەم شێوەیە جیهان بەڕێوە دەچێت.

3-فەیلەسووف.

4-رۆمۆلّو ریم.

5-یەسوع (عیسا).

6-بیرالّد سافۆیسکی.

7-باڤلّی یەکەم.

8-دیمتریو مارینا.

9-کۆربسکی.

10-ئەهریمەنی دلّخواز.

بایەخ دانی پووشکین بەشانۆ لەزووەوە بووە، ئەوەتا خوشکەکەی لە بیرەوەرییەکانیدا سەبارەت بە براکەی دەلّێ، "کەمندالّ بوو ویستی شانۆگەرییەکی گالّتەجاڕی پێکەنیناوی بنووسێت بە ناونیشانی بەرەلاّ".

دیارە ویستوویەتی بەزمانی فەڕەنسی بینووسێت، چونکە خوشکەکەی ناوی شانۆگەرییەکەی بەفەڕەنسی نووسیوە، پاشان کە سالّی 1812-1813 لە قوتابخانەی (ئەلیزێ) خوێندویەتی، هەولّیداوە لەگەلّ یاکۆفیلسفی هاوڕێی شانۆگەرییەك بەناونیشانی (بەم شێوەیە جیهان بەڕێوە دەچێت) بنووسێ، ئەم دوو شانۆنارمە ناوبراوە لەوانەن کە تەنیا ناویان دەزانین.

ساڵی 1815 لەدەفتەری یاداشتەکانی پووشکین دا نووسراوە "دەستمدایە نووسینی کۆمیدیایەك، نازانم بۆم تەواو دەکرێ یان نەء)[2]، ئەمە دووەم هەوڵدانی قۆناغی قوتابخانەی بووە، بەڵام دوواتر نەبینراوەو ئاکامی دەرنەکەوتووە.

(گرووت)ی لێکۆڵەرەوەی رووس هەموو نامەکانی نێوان هاورێکانی پووشکینی کردۆتەوە کتێبێك، لەنامەیەکی ئیلجیفسکی بۆ (فۆست)ی هاورێی نووسراوە "ئێستا پووشکین خەریکە بەنووسینی کۆمیدیایەکی شیعریی پێنج پەردەییەوە، ناونیشانەکەشی– فەیلەسوفە، کارەکەی زۆر سەرکەوتووە، پەردەی یەکەمی تەواوکردووە، وشەی شیعرەکانی تیژن، خوا یارمەتیی بداتو تەواوی بکات، ئەمە یەکەم پرۆژەی گەورەیەتیو دەیەوێ بەهۆیەوە راستە شەقامی ئەدەب بگرێت، پاش خوێندنی قوتابخانەی، هیوام سەرکەوتنێتی" [3].

بەڵام ئەو بەرهەمەشی نەکەوتۆتە بەردەستمان، ناشزانین ئایا پووشکین بەئەنجامی گەیاندووە یان بۆ بەرهەمێکی تری سوودی لێ وەرگرتووە، هێندە هەیە لێمان روونە کە ئەم بەرهەمەی بەشیعر نووسیوەو ئەمە هەمان هەوڵدانێتی کە پووشکین خۆی لە یاداشتەکەی ساڵی 1815 دا ئاماژەی بۆ کردووە.

هەر لەو ساڵەدا پووشکین وتارێکی بە ناوی (بیروڕام سەبارەت شاخۆفسکی) نووسیوە، بەڵام تەواوی نەکردووە، دیارە وەك وەڵامێکە بۆ ئەو مشتومڕەی لە قوتابخانە لەمەڕ بەرهەمەکانی شاخۆفسکی نووسەری شانۆیی بەناوبانگ خوڵقا بوو، ئەم وتارە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە روانینی شاعیر دەربارەی شانۆو سەرجەمی بەرهەمە شانۆگەرییەکان ئاشکرا دیارە، هەر لەوێدا دیارە کەچۆن پووشکین پێڕەوی پێداویسییەکانی شانۆنامە نووسین لەهەوڵدانەکانیدا دەکات. لەو وتارەدا ئاماژە بۆ ساردیی شانۆنامەکانی شاخۆفسکی کراوە، تیایدا دەڵێت "لە تواناد نییە نووسەر تەنیا بەسەرنجدانی شتە پێکەنیناوییەکانی نێو کۆمەڵ شانۆنامە بنووسێ، پاشان چۆن گونجا بەیەکەوە گرێیان بدات، بەبێ هیچ گیانێکی

هونەرییانـە)[4].دیـارە ئەمانـە بۆچـوون و سـەرنجی راسـت و رەوانـن، چ بـۆ شاخۆفسکی یان بۆ ئەدەبی شانۆیی بەگشتی.

پووشکین هەر لەماوەی خوێندنکەیدا، لەیاداشتەکانی خۆی و هاوڕێکانی ئەو دەمەیدا، بایەخێکی گەورەی تیا تۆمارە بە بەرهەمە شانۆییەکانی پیتەر بـــۆرگ و ئەوانـــەی لـــەگۆڤارە ئەدەبییەکانـــدا بلاوکراونەتـــەوە. هـــەروەها بەپەرۆشـــەوە ئاگـــاداریی ئـــەو شـــانۆنامانە بـــووە کـــە چـــەند هاوڕێیـــەکی لەفەڕەنسییەوە بۆ رووسییان وەرگێڕاوە. بەڵام بـۆ مەسـەلەی خوێندنـەوەی ئـەدەبی شـانۆیی، ئـەوا دیـارە کـە پووشـکین لـەو ماوەیـەدا ڤـۆلتێری وەك ئەدیبێکی شانۆیی ناسیوە، لەقەسیدەی (شارە بچکۆلەکە) ساڵی 1815یدا پیایدا هەڵداوەو پەنجەی بۆ بەرهەمەکانی درێژ کردووە، هەر ئەم قەسیدەیە ئاماژەیەکیشـی بـۆ مـۆلیر تیایـە. ساڵی 1816یش ئەبینین لەقەسیدەی (بۆ جۆکۆفسکی) دا ناوی راسین براوە.

بـــەڵام ســـەبارەت نووســـەرە شـــانۆنامە رووســـەکان، ئـــەوا پووشـــکین لەبەرهەمەکانیان بەئاگا بووە.

بەرێزیکی زۆرەوە روانیویەتییە فانفیرین (1745–1792)، ئەو ئەدیبەی کە بە یەکێك لەنووسەرە گەورەکانی مێژووی شانۆی رووسی دانراوە، هەر بۆیـە سـاڵی 1815 قەسـیدەیەکی بـە نـاوی (بـۆ فـانفیرین) نووسـیوە، بـەڵام پەیوەنـدی بـە سـۆمارکۆفەوە (1717–1777) کـە نووسـەرێکی شـانۆیی تـر بووە، دیاریکراو بووەو بە (منداڵێکی لاوازی گێڕەرەوەی وانە بێگانەکانی) نـاوبردووە، ئەمـەش رەوابـووە، بـەڵام پەیوەنـدیی بـە ئـۆزیرۆفی نووسـەری شـــانۆییەوە ئەوەنـــدە نـــەبووە، چـــونکە ئـــۆزیرۆف (1769–1816) ویستوویەتی شانۆی رووسی بە رێگایەکی چەوتدا بەرێت، ئەو بۆچوونانەی پووشکین هەموویان بابەتی بوون.

بۆیـە هـەر لەوکاتـەوە هەسـت بەبلیمـەتیی ئـەو لاوە هـەرزەکارە دەکـراو چاوەڕێی ئـەوەی لێ دەکرا کـە رۆڵێکی گـەورەو گـرنگ لەمێژووی ئـەدەبیاتی رووسیدا ببینێت.

پووشکین دوای خویندن، زیاتر روو لەشانۆو ئەدەبی شانۆیی دەکات، پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ ئەدیبە رووسەکانو بە تایبەت ئەدیبە شانۆییەکان دەبەستێ، دەبێتە بینەرێکی هەمیشەیی بەرهەمە شانۆگەرییەکان، لەو ماوەیەدا کۆمەڵەی ئەدەبیی (چراوگی سەوز) تەواو دەرکەوتوو بوو، پووشکین هاوڕێی نزیك و بەردەوامی ئەندامو دۆستەکانی ئەو کۆمەڵەیە بوو، ئەم کۆمەڵەیە دەورێکی باڵای لەپێگەیاندنو ساغ بوونەوەی راو بۆچوونەکانی پووشکیندا هەبوو، ئەندامەکانی لە کۆڕەکانیاندا باسو خواسیان لەمەڕ نمایشە شانۆییەکان پێشکەش کردووە.

ساڵی 1820 پووشکین لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی (تێبینیم لەسەر شانۆی رووسی) نووسیوەو ناردوویەتی بۆ گۆڤارێك، بەڵام بڵاویان نەکردۆتەوە، ئەمەش ساڵی 1895 دۆزراوەتەوە. ئەو دەمە بیروڕا لەسەر رەخنەگرو ئەکتەر لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (سیفرینی نابلوداتل–چاودێری باکوور) بڵاودەکرایەوەو مشتومڕی لەسەر دەکرا، ژمارەیەکی ئەو گۆڤارە ساڵی 1817 بڵاوکراوتەوە، لەهەمان ژمارەدا قەسیدەیەکی پووشکین هەیە، بۆیە هەرگیز رێی تێ ناچێ شاعیر ئاگای لەو باسە نەبێ کەلەو ژمارەیەدا بەناوی (سەرنج لەسەر شانۆی خۆماڵی) بڵاوکراوەتەوەو تایبەتە بەباسی ئامانجی رەخنەگرو ئەکتەر، گۆردۆیتسکیی توێژەر لەیەکچوونی لێکۆڵینەوە ناوبراوەکەی پووشکینو ئەوسەرنجە بەکارێکی رێکەوت نازانێت[5].

پووشکین لەنووسینی ناوبراویدا بۆچوونی نەترسانە دەربارەی بینەری شانۆیی دەردەبڕێو رەخنەیان لێ دەگرێو گاڵتەشیان پێ دەکات، لەسەر ئەوە سوورە کە ئەو جۆرە بینەرانە ئەکتەری بلیمەتو لاوازیان پێ دەست نیشان ناکرێت، ئەکتەرەکان شایانی ئەو هەموو ئافەرینە نین ! هەر لەوێدا چەند ئەنجامێکی لەمەبەستەکانی دا بەدەستەوە داوە کە ئەمڕۆ بەکەڵك دێن، ئەو رای وابووە کە کەسانی پسپۆڕی چێژوەرگر لەهونەری راستەقینە هەرگیز لەو گێرەشێوییەی بینەراندا بڕیاری خۆیان بۆ نادرێت،ئەمە جگە لەوەی تیایدا هەڵسەنگاندنی چەند ئەکتەرێکیشی تیایە، هەروەها ئەوەش

دووپاتدەکاتـەوە کـە پێویسـتە شـێوە کۆنـەکانی نوانـدن گۆڕانیـان بەسـەردا بێـتو ئامـاژەی ئـەو ئەکتـەرە هەڵکەوتووانـە دەکـات کـە خـاوەنی (هۆشـێکی نایاب، هونەر، بەهرەن)[6].

سـاڵی 1820 حکومـەتی قەیسـەر بڕیـاری ڕەوانـەکردنی پووشـکین دەدات لـە پایتەختـەوە بـۆ باشـوور، لـەوێ قۆنـاغێکی نـوێ لـە ژیـانی پووشـکیندا دەسـت پـێ دەکـات، قۆنـاغی گەشـەکردنی فیکریـی ڕوو لەئەفرانـدن. ئەمـەش دوای ئـەوە هاتۆتـە دی کـە لەسـەر هەسـتی فیکریـی سـوور بـووەو لـەپێناوی داهێنـان کـۆڵی نـەداوە. لـەم ماوەیـەدا هەمووسـاڵانی ژیـانی ڕابـردووی و بەرهەمـەکانی هەڵسـەنگاندووە، پاشـان هـەنگاوی بـەرەو داهێنانـە ئەدەبییـەکانو تـەواوکردنی پڕۆژەکـانی ڕابـردووی نـاوە، ئـەوەتا بـەهۆی هەسـتی بەجۆشـی فیکـریو سـووربوون لـەپێناو داهێنانـدا بـە ئەفرانـدن شادبووە، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە لەگەڵ گیانی چەرخەکەدا ئاوێتە بووە. ساڵی 1821 پووشکین دەستی کردووە بەنووسینی شانۆگەرییەکی شیعریی سێ پـەردەیی دەربـارەی ژیـانی کۆمـەڵگای پێشـکەوتوو، بـەڵام کـە لەنووسـینی پـەردەی یەکـەم بووتـەوە دەسـتی لێ هـەڵگرتووە، هەرچـەندە هـەر لەسـەرەتاوە دەورەکـانی بەسـەر ئـەو ئەکتەرانـەدا دابـەش کردبـوو کەپەیوەندییـەکی باشـی لەگەڵیاندا هەبوو. دیارە لەم کارەی ڕازی نەبووە بۆیە تەواوی نەکردوە.

لەهـەمان سـاڵدا بیر لەنووسـینی شـانۆنامەیەك دەکاتـەوە کەسەرچاوەکەی مێـژووی ڕووسـیا بێـت، ئـەو مێـژووەی کەشـاعیر لەوماوەیـەدا بـەوردی لێـی دەکۆڵییـەوە، ئـەم ئەدیبـە بەچاکی لەومەسـەلە گرنگـە بەئاگابوو کـە مێـژووی نەتەوە پڕیـەتی لـەڕووداوی ئەوتۆ کەشایەنی لێکۆڵینـەوەو سـەرنجدان بێـت، هەربۆیـە بەپێویسـتی نـەدەزانی چیتر نووسـەرانی ڕووس بەمێـژووی گریكو ڕۆمانـدا بچنـەوە، هەرچـۆن لـەو سـەردەمەدا بـاوی بـوو هەربـەو مەبەسـتەش (نۆڤگۆرۆدسـکی)ی هەڵبـژارد واتـا فـادیم ئـەو کەسـەی لەمێـژووی ڕووسـیادا دەوری دیـارەو لەبـەرگری کـردن لـەئازادی شـاری نۆڤگـۆرۆدو خـەباتی دژ بەقەیسـەردا ڕۆڵـی بـاڵای هـەبووە، بەراسـتی ئەمـە بابـەتێکی گونجـاوە بـۆ ئـەدیبێ حـوکمی قەیسـەر تـاڵاوی کردبـێ بەدەروونیـداو تووشـی دەردی

دوورخستنەوە لەمەڵبەندنی خۆی و ژیانی غەریبایەتی کردبێت، بەتایبەتی لەماوەیەکدا بێت کە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵی 1825 بەرپابووبیٚ و راپەڕینی دیسەمبەرییەکان روویدابێت. کەواتە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە مێژووییە لەلایەن پووشکینەوە هەلاٚتن نەبووە لەواقیعی ئەو رۆژگارە، بەڵکو پشت ئەستوری بووە بەخەباتی میللەتو شانازی بە رابردووەوە.

پووشکین کە ئامانجی خستنە رووی بەرهەمێکی شانۆیی هەڵکەوتووبوو لەپێناوی دروستکردنی شانۆیەکی رووسیی نوێدا، جارێکی تر دادەبڕێتو شانۆگەرییە ناوبراوەکەی تەواو ناکات، بەڵکو بابەتەکەی دەکاتە داستانێکی شیعری. هەرچەندە دەرکەوتنی ئەو داستانە واتە ئاشکرایی و روونی بابەتی مێژوویی لەچوارچێوەی کاری ئەدەبیدا...پووشکین تەنیا بەو ئەزموونەوە نەوەستاوەو بەردەوام بەمێژوودا چووەتەوە، مەبەستیشی چنگکەوتنی هەوێنی گونجاو بوو بۆ خوڵقاندنی بەرهەمی شانۆیی،ئەوەبوو ساڵی 1824–1825 بیرۆکەی نووسینی شانۆگەرییە بەناوبانگەکەی (بۆریس گۆدۆنۆف)ی لەلادروست بوو، ئەو بەرهەمە قەشەنگەی تا ئەمڕۆ بەیەکێك لەکارە پێشڕەوەکانی مێژووی شانۆی رووسیا دادەنرێت. پووشکین بەوردی سەرنجی دابووە هەموو ئەو ژێدەرانەی لەو ماوەیە دوابوون، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لەنزیکەوە ئاگاداری گشت تەوژمە شانۆییە جۆربەجۆرەکانی ئەورووپا بوو، بە تایبەت ئەوانەی فەرەنساو ئینگلتەرە، گەیشتبووە مەسەلەی یەکەکانی کاتو شوێن، کە ئەمە لای کلاسیکییە فەرەنسییەکان بەرێگرو کۆسپی ئازادیی نووسەری شانۆیی ناونرابوو، بەلاٚم بۆ ئەدەبیاتی ئینگلیزی، ئەوا ئاشکرایە کەپووشکین گەلێك سەرسام بووە بەبایرۆنی شاعیر، ئەو شاعیرەی ئیلهامی چەند قەسیدەو داستانێکی بە پووشکین بەخشیوە، بەلاٚم بایرۆن وەك نووسەرێکی شانۆیی کارێکی ئەوتۆی نەکردۆتە سەر،ئەوەتا ساڵی 1827 پووشکین لەوتاری (دەربارەی شانۆگەرییەکانی بایرۆن) لەوە دواوە کە ئەو شاعیرە چەند شیعری گەورەیە، شانۆگەرییەکانی تەواو بەپێچەوانەوەن، بگرە ((کەدێتە بواری شانۆوە دەبێتە لاسایی کەروەیەکی تەواو)) [7].واتە ئەو رەسەنایەتییەی بەدوایدا

ویڵ بوو لەودا نەیدیبیەوە، بەڵکو لە(شەکسپیر)دا [8] دۆزییەوە، وەك دواتر دەربارەی نووسیویە.

پووشکین سوودێکی نایابی لەسیستەمی بەرکەماڵی شانۆی شەکسپیر وەرگرتووە، بەتایبەت لەشانۆگەرییە مێژووییەکانی، هەرچەندە جیاوازییەکی زۆریان لەرووی تێڕاونینی مێژووییەوە لەنێوانیاندایە، چونکە شەکسپیر رەگەزە خەیاڵییەکانی بەکارهێناوەو پشتی بەستووە بەمێژووی رێژەیی، پووشکین بڕوای بە بەکارهێنانی رووداوە دیاریکراوەکانی مێژووی نەتەوەکەی هەبووە، بەڵام کاری شەکسپیری هەر لەسەربووە، ئەوەتا خۆی لەنووسینی (بۆریس گۆدۆنۆف) دەکەیدا دان بەو کارتێکردنە لە (وێناندنی کەسەکانو باری سادەی پلانەکاندا)[9] دەنێت، لە هەمان وتاردا پێ لەوەدەنێ کە (باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کەوا بنەما میللییەکانی شانۆی شەکسپیر لەگەڵ شانۆکەی خۆیدا دەگونجێ )[10].

شانۆگەریی شیعریی (بۆریس گۆدۆنۆف) وێناندنی سەردەمێکە لە مێژووی رووسیا، تیایدا پووشکین ئەو بنەما کۆنانەی سەردەمەکەی جێهێشتووە کە نووسەر دەبەستێتەوە بەشوێنێکی تایبەتییەوەو دەبێ رووداوەکان تیایدا لەبیستو چوار سەعات تێپەڕ نەکات، کات لای ئەم لەحەوت ساڵ زیاترەو تیایدا لەکۆشکەوە دەچێتە سەر شەقامە گشتییەکان، لەدێری چەند شارێکەوە دەڕوات بۆ گۆڕەپانەکانی کوشتار، تەنانەت لەرووسیاوە بۆ پۆڵۆنیا، هەروەها دەستبەرداری سنووری پێنج پەردەیی ئەبێتو رووداوەکان دابەش ئەکات بەسەر بیستو سێ دیمەنداو نزیکەی شەست کاراکتەر بەشدار دەکات، کە ئەوانیش نوێنەری هەموو چینەکانی کۆمەڵگای رووسیای ئەو دەمەن، پووشکین لەو بەرهەمەیدا زیرەکانە وێنەی تەواوی واقیعو رووداوەکانی سەرتاپای ئەو سەردەمەی کێشاوە.

نووسەر شانۆگەرییەکەی پێشکەش کردووە بە (کارامزین)ی خاوەنی کتێبی (مێژووی دەوڵەتی رووسیا) ی دوانزە بەرگی، ئەو کتێبەی کە بەیەکێك لەسەرچاوە گرنگەکانی مێژووی رووسیا دانراوە، پووشکین

خۆشـی بـۆ خوێندنـەوەو لێکۆڵینـەوەکانی پـەنای دەبـردە بـەر، بـەڵام لەشانۆگەریەکەیدا هەڵوێستێکی فیکریی دژ بە کارامزینن دەربڕیوە چونکە ئـەو مێژوونووسە باوەڕی وایە کە مێژووی میللەت لەقەیسەرەوە دەست پێدەکات، بەڵام پووشکین ویستویەتی ئـەوە جێگیر بکات کەتەنها شاعیرە دروستکەری (مێژووی میللەت نەك قەیسەر، ئەوەتا قەیسەر خۆی وتویەتی مێژووی میللەت دەگەڕێتەوە بۆشاعیر)، پووشکین توانی بۆیەکەمجار بەهۆی ئەو شانۆگەرییەوە میللەت بکاتە کەرەستەی نووسین، واتە میللەت پاڵەوانی رووداوە، ئەمەش یەکەمجار بوو لەمێژووی ئەدەبیاتی روسیادا روویدات. تیایدا دەوری مەزنی میللەتو جێگای نێو مێژووی تۆمارکردوە، لەم کارەیدا میللەت پاڵەوانی واقیعەو دەوری شکۆداری لەسەر رووداوەکان هەیە. کۆرۆدیتسکی لێکۆڵەرەوە ئاماژەی بۆئەوە کردوە کە(بۆریس گۆدۆنۆڤ) گۆڕانێکی گەورەیە لەبیرو هونەری پووشکیندا، لەم شانۆگەرییەوە میللەت لەئەفراندنەکاندا بوو بەهێزی سەرەکیی بڕیاردەر لەپرۆسیسی مێژوویی_کۆمەڵایەتیدا، ئەمە سەرنجێکی راستە لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو شانۆگەرییە هەروەك لێکۆڵەرەوەیەکی تر وتویەتی هەنگاوێکی مەزن بووە لەبەرەوپێشبردنی شانۆگەری رووسیدا.

پووشکین بەردەوام لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهانیو بەتایبەت ئەورووپیدا ژیاوە، ئەوەش وایکردوە کە لە بواری شانۆ دانەبڕێو چوار شانۆگەریی کورتی نووسیوە کەبریتین لە(سوارەی پیسکە، مۆزارتو سالیری، میوانی بەردین، خوان لەسەردەمی رشانەوەدا)، ئەم شانۆگەرییانە هەندێ بابەتی ئەوتۆ دەردەبڕن کەئەو سەردەمە لەئەدەبیاتی ئەورووپیدا باویان بووە، بەڵام بلیمەتییەکەی ئەو لـەوەدابووە، ئەو بابەتە کۆنانەی کردوە بە نوێو توانیویە مەودایەکی قووڵی مرۆڤانەو شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژیی رەسەنیان پێ ببەخشێت، کەواتە لای ئەو، بابەت، هێندەی پەیوەندیی هونەرمەندەکە بەوبابەتەوە گرنگ نەبووە، لە(سوارەی پیسکە)دا سیفەتی پیسکەیی مرۆڤو ئەنجامەکانی دەربڕاوە بۆ ئەو کارەش سوودی لە(بازرگانی ڤینیسیا)ی شەکسپیر (پیسکە)کەی مۆلێر وەرگرتوە، هەروەها لە(مۆزارتو

سالیری)دا باس لەئیرەیی و چاوپێهەڵنەهاتن دەکات، سالیری چۆن مۆزارتی هاوڕێی مۆسیقازانی هەڵکەوتووی خۆی دەکوژێ. ئەمە وەك حەکایەتێکی مێژوویی جێگیرینیە. بەڵام پووشکین بۆ نووسینی پشتی بەچەند گۆڤارێکی ئەڵمانی بەستووە کەلەوە دواون، ئەو، بڕوای بەونووسینانە هەبووە، چونکە لەئیرەیی گەیشتووە، پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژیی دەربارەی ئەو سیفەتە بەئاکام گەیاندوە لە(میوانی بەردین)دا باس لە کەسێتی (دۆن جوان)ی عاشقی بەناوبانگ دەکات و بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕ نیشانی داوە، لەسەر ئەو بناغەیەی کەخۆشەویستیی راستەقینە زۆر دوورە لەوگیانە خۆپەرستەی دۆن جوانەوە، بەڵام دواشانۆگەری (خوان لەسەردەمی رشانەوەدا) بریتییە لە وەرگێڕانی بەشێکی (شاری رشانەوە)ی نووسەری ئینگلیز جۆن ویلسۆن (1789–1854)، بەڵام پووشکین چەند بەشێکی خستوەتەسەر، ئەم شانۆگەرییە بریتییە لە سەرکەوتنی رەوشت و گیانی مرۆڤایەتی بەسەر مەرگدا.

پووشکین بەردەوام بووە لەکارکردنی لە بواری ئەدەبی و شانۆییدا، شانۆگەریی تایبەت بەژیانی میللی خەڵکی رووسیا نووسیوە، بەڵام تەواوی نەکردووەو دوای مردنی ناونیشانی (پەری دەریا)یان بۆ ئەو بەشانە داناوە کەنووسیونی.

دوابەرهەمی شانۆیی ساڵی 1835 دەستپێکردوە، کە لە راپەڕینی جوتیاران دەدوێ دژ بەدەرەبەگەکان، دیارە پووشکین نیازی بووە لەوکارەدا بەرهەمێکی شانۆگەریی گەورە پێشکەش بکات، چونکە گەلێك سەرچاوەی دەربارەی ئەو بابەتە کۆکردبووەوە، (جۆکۆفسکی)ی شاعیر دوای مردنی پووشکین ناونیشانی (چەند دیمەنێك لەسەردەمی شۆڕەسواریی) بۆ بەشە نووسراوەکانی داناو پاشان لەگۆڤاری (هاوچەرخ)دا بڵاویکردەوە، پووشکین ساڵی 1827 کۆچی دوایی کردوە، ژمارەیەك پرۆژەی شانۆیی تەواو نەکراوی جێهێشتوە، بەڵام ئەوانەی کە لە ساڵانی ژیانیدا نووسیونی تائەمڕۆ بەنموونەی بەرزی ئەو بوارەی شانۆیی دادەنرێ، هەروەها تا ئەمڕۆ لاپەڕەیەکی گەش و گرنگن لەمێژووی شانۆی رووسیدا.

*تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیەی دکتۆر ضیاء نافع، بۆ یەکەم جار ساڵی 1979 لەژمارە 28ی گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدادا بڵاوکراوەتەوە، بۆجاری دووەمیش کراوەتە پێشەکیی کتێبی (مسرحیات پوشکین) ی وەرگێڕدراو لەلایەن (د.حیاة شرارە)وە کەساڵی 1986 لەچاپدراوە.*

---

**سەرچاوەکان:**

1-م.گۆرکی، دەربارەی ئەدەب، مۆسکۆ، 1955، ل/.238

2-أ.س پووشکین، دەربارەی ئەدەب، مۆسکۆ،1962،ل/.9

3-یا.ك.گرووت،لیتسیە پووشکین، پیتەربورگ،.1911

4-پووشکین،دەربارەی ئەدەب، ل/.9،8

5-ب،ب.گۆردیتسکی، ئەدەبی شانۆیی پووشکین، مۆسکۆ، 1953، ل/.64،65

6-أ.س.پووشکین، دانراوەکان، مۆسکۆ،بەشی شەشەم، 1969،ل/.155

7-پووشکین، دەربارەی ئەدەب، ل/.147

8-پووشکین، دانراوەکان، بەشی شەشەم، ل/.183

9-هەمان سەرچاوە، ل/.197

10-هەمان سەرچاوە، ل/.197

11-پووشکین، دەربارەی ئەدەب، ل/.79

12-گۆردۆیتسکی، ئەدەبی شانۆیی پووشکین، ل/.195

13-پووشکین، دەربارەی ئەدەب، ل/320.

**سەرنج: *سەرچاوەکان هەموویان بەزمانی رووسین.**

# تازەگەریی شەکسپیر

## اسماعیل سراج الدین

## دەروازەیەك بۆ شەكسپیر

1ـ ئەم توێژینەوەیە :

گرنگترین هۆکاری بەختەوەریم لە پێشکەشکردنی ئەم توێژینەوەیەمدا ئەوەیە، کە لە بەشی زمانی ئینگلیزیی زانکۆی قاهیرە بابەتەکەم دەبیسترێت، بانگەشەی ئەوە ناکەم کە پسپۆڕی ئەدەبیات بم، بەڵام عاشقی ئەدەبیاتم، بەتایبەت کارەکانی شەکسپیر، کە هیوادارم ئێوەش بەشداری ئەو عەشقەی من بن، ئەو شانۆنامەنووس‌و شاعیرەی تا ئەم ساتە بۆمان دەدوێت، بۆ ئەوە دوای ئەوە، لە هەموو وڵاتانی جیهان‌و ڕۆشنبیرییە جیاوازەکانیاندا.

پێم وایە شەکسپیر، بە قووڵی هەڵوێستی مرۆڤی بەرامبەر (بوون) دەربڕیوە، هەرچۆن سەرنجی مرۆڤی داوە کە چۆن چۆنی لەرێی ئاقاری کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆرەوە هەوڵی سەلماندنی خۆی داوە. سەرنجدانی ئەو لە مرۆڤ بەشێوەیەکی هاوچەرخ‌و نوێ‌و (تازەگەر) بووە.

خوێندنەوەی شەکسپیر بەوپێیەی لە بنەڕەتەوە تازەگەر بوو، یان بەو واتایەی کە سەر بە ڕەوتی هاوچەرخانەمان بووە، ئەویش لە تێزە رەخنەییەکان‌و دیدگای رەخنەگرانی کارەکانی شەکسپیردا دەسەلمێ، هەر لە (بن جونسون)[1] تا دەگات بە (دراکاکیش)[2]. زۆربەی بۆچوونەکانم لەم توێژینەوەیەدا کۆکن لەگەڵ بیروڕاکانی پرۆفیسۆر (کیرنان رایان) کەوا خوێندنەوەی زۆر جوانی بۆ کارەکانی شەکسپیر کردوە.

کەواتە قسەی ئێمە لەسەر رەخنەی ئەدەبیی نییە، هەرچەندە ئێمە مشتومڕمان لەسەر تێکست لە سۆنگەی رەخنەیی دیاریکراوەوەیە، بگرە قسەمان لەسەر شەکسپیرو ئاخافتنەکانێتی بۆمان لە ئێستادا، هیوادارم بتوانم بەشێ لە بەختەوەریم لەکاتی خوێندنەوەی کارەکانی ئەو شاعیرە مەزنەدا بۆ ئێوە گوزارشت بکەم، کەواتە با هەر لە سەرەتاوە بپرسین، ئایا بۆچی لە سەردەمی موشەك‌و تەلەفزیۆندا ئێمە لە شەکسپیر دەکۆڵینەوە؟

## 2ـ کاریگەریی گەورەی شەکسپیر:

زۆربەی خەڵکی دان بە بایەخی شانۆی شەکسپیرو شیعرەکانیدا دەنێن، بەڵام کەمیان لە کاریگەریی بەرهەمەکانی ئەو لەسەر زمانی رۆژانەمان تێگەیشتوون.

برنــارد لــیفین، رســتەیەکی بــەهێزی لــەو بارەیــەوە هەیــە کــە دەڵێــت "خــەڵکێکی زۆر نــە بــە نمایشــێکی شــاد بــوونو نــە شــیعری ئــەویان خوێندوەتەوە، کەچی دەستەواژەو رستەکانی شەکسپیریان لەبەرە".

زمانی شەکسپیر بە ئاستێکی نائاسایی دەوڵەمەند بووە، زیاد لە (20) هەزار وشەی بەکارهێناوە، ئەو بەوە ناسراو بووە کە دەستەواژەکانی بێ گرێو گۆڵو ناوازە بوون، هەربۆیە خوێنەر دەستەواژەو پەرەگراف بە ئاسانی لە کارەکانی ئەوەوە وەردەگرن.

ساڵی 1752 بە ناوی (جوانییەکانی شەکسپیر) ویلیام ود، کۆمەڵە نامیلکەیەکی چاپکرد کە هەمووی وەرگیراوی شەکسپیر بوون، تاساڵی 1936 چەندین جار لە چاپدراوەتەوە، یاخود چاپی ساڵی 1880ی ( وانە رەوشتییەکانی شەکسپیر)و چاپی 1943ی (رستەی ئایینیی و رەوشتیی وەرگیراو لە کارەکانی شەکسپیر لەگەڵ بەراوردکردنیان بە چەند بڕگەیەکی کتێبی پیرۆز).

لەو سەرچاوانەدا بە روونی جوانکاریی زمان دەدرەوشێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ناوەرۆك بەهەند وەرگیراونو تیایاندا بڕگەکانی خۆشەویستیو خواستو شەرەف، رەنگدەدەنەوە.

3ـ بلیمەتیی هونەرمەند:

هەرچۆن شەکسپیر شانۆنامەنووس بووە، ئەو شاعیریش بووە، دەشێ لەرێی قەسیدە درێژەکانیشەوە هەڵبسەنگێنرێت، نەك هەر لە رێی شانۆنامەو سۆناتەکانیەوە.

بەڵام ئەو ژانرە ئەدەبییە کەمتر بایەخی هەیە لە سۆناتەکانی، کەوا پێگەی لە تواناى شیعریدا گەلێ پتەوە، هەندێ بڕگەی شانۆنامەکانیشی هەر بەو شێوەیەن، بەڵام سۆناتەکانی جوانترین بڕگەی شیعرییان تێدایە.

سەبارەت بە شانۆنامەکانیشی: شەکسپیر شیعری ئازادی بەلاوە پەسەند بووە، کە تیایدا شاعیر تەنیا بە کێشەوە پەیوەستەو بە سەرواوە پەیوەست

نییە. ژمارەیەك لە هاوسەردەمانی دەیانووت "ئەو ڕێگا بەخۆدانەی لە شیعردا زیادەڕۆیی تێدا بوو، ئەوەش لە بەدحاڵیبوونی مێژووییدا بوو لە هەندێ لە شانۆنامەکانیدا"، ئەمانە جگە لە گەردیلە غوبارێ زیاتر نەبوون لە رووی ئەو ئەندێشەیەی توانی هەموو قاڵبە تەقلیدییەکان بشکێنێو روانینی وردو گوزارشتی رەوانو دەگمەن پێکەوە گرێبدات.

## 4ـ بایەخی شانۆنامەکانی شەکسپیر:

ئەفراندنەکانی شەکسپیر بە جۆرێ جوانو بەهێز بوون توانیویانە شکۆمەندیی هەر بە تەنیا بە ئەدەبیاتو توێژینەوەکانی ئینگلیز نەدەن، بەڵکو بە جۆرێ بووە سنووری رۆشنبیریی بڕیوە[3].

ئەوەتا هەردوو ناوی (رۆمیۆو جولێت) بوونەتە هێمای خۆشەویستی لە هەموو زمانەکاندا. ئەمە وێڕای کارەکتەرە مێژووییەکان کە کاریگەرییان لەسەر ئەفراندنی ئەو هەبووە، هەرچۆن (ئەنتۆنیۆ)ش وەك پاڵەوانێ لە هەردوو شانۆنامەی (یۆلیۆس سیزەر)و (ئەنتۆنیۆو کیلۆپاترا) تەماشا دەکرێو (ئۆکتافیۆس)یش لە ئەنتۆنیۆو کیلۆپاترادا وەك شەڕانی سەیر دەکرێت.

بەڵام، گەورەترین نەخشی شەکسپیر دروستکردنی کاراکتەرێکە کە بە بڕوای من یەکەمین پاڵەوانی نوێو راستەقینەی ئەدەبە، ئەویش کاراکتەری (هاملێت)ە[4]، چونکە هەر ئەو بووە قسەی لەسەر بەهاکان کردوە، نزیك بووە لە هەڵوێستی تازەگەرانەوە کە تیایدا پاڵەوان یان (نا پاڵەوان) دەرکەون، کەسێ هێزە ناوەکیو دەرەکییەکان هەنجن هەنجنی بکات، ئەو بە تەنیا بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی شانۆی کلاسیکی نەوەستاوە کە دەڵێ "وەفادارە بەرامبەر شەرەفو، یان خۆشەویستی بەرامبەر بە ئەرك".

هاملێت کاراکتەرێکی گرنگی مێژووی ئەدەبیاتی جیهانییە.

## 5ـ خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ شانۆنامەکانی شەکسپیر:

کلتـوری شـانۆیی شەکسـپیر بابـەتی شـیکردنەوەی پسـپۆڕانی چـەندین سـەدەی رابـردوو بـووە، هەرچـۆن چێژوەرگرتن لـە شـانۆنامەکانیو بـەنایاب بینینی هەندێکیان لەچاو ئەوانی دی جێگای باسو لێکۆڵینەوە بوون.

کارەکانی کەوتوونە بەر هەوڵی رەنگ کردنیان بـە ئایـدۆلۆژیای جیـا جیـا، کەلەگەڵ ٚدیدی دیاریکراوی هەندیٚ لە رەخنـەگرو قسـە لەسـەرکەری کارەکـان بێتـەوە یـەك. ئـەوەش دەیسـەلمێنیٚ کـە شەکسـپیر هێنـدە گـرنگ بـووە کـە هەمیشە مایەی جەخت بووە بۆ سـەلماندنی هەڵوێسـتی ئایـدۆلۆژی، ئیـتر بـۆ ئەوانـە بـووبیٚ کـە لەگـەڵ ٚبـەردەوام بـوونی رەوشـە باوەکـەدا بـووبن، یـاخود دژی[5].

بن جونسون کە رەخنەی سەبارەت شەکسپیر نووسیوە ئاماژەی بۆ ئـەوە کـردووە کـە ئـەو وەك نووسـەرێکی شـانۆیی، نـەك وەك کەسـێکی نائاسـایی، خـاوەنی خەسـڵەتی خـۆی بـووە، بەچـاكو خراپیـەوە، رەخنـەگرانی دوای ئەویش ئەو بۆچوونەیان کردوەتە بنەمای نووسینی رەخنـەکانیان، ئـەوان بـۆ نووسین رەچاوی پەیوەندیی خۆیان بە رەخنەگرانی دییـەوە کـردوە، هـەروەك پەیوەنـدییان بـە خـودی شـانۆنامەکانی شەکسـپیرەوە، هەربۆیـە شەکسـپیر یارمەتیدەر بووە وەك کەرەستەیەك بۆ هەڵوێستی ئـەوان بەرامبـەر گفتوگـۆی نێوانیان.

لێـــرەوە پێویســـتە هەنـــدیٚ لـــە قوتابخانـــە شەکســـپیرییە رەخنـــەییو هاوچـەرخە دیارەکـان بـە نموونـە بهێنینـەوە، بەوپێیـەی ئـەدەبو شـانۆ چالاکییەکی بە کۆمەڵە:

أ/ لێکدانەوە کلاسیکییەکان:

ژمارەیەکی زۆر لە رەخنەگرە هاوچەرخەکان پشتبەستوو بـوون بـەو دیـدە رەخنەییانـەی لەسـەدەی نۆزدەیـەمو نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیسـتەمدا بـاو بوون بۆ گرێدانی تراژیدیاکانی شەکسپیرو سـەردەمی ئـەلیزابیتی کـە تیایـدا ژیـاوە، رەخنـــەگرێکی وەك (بـــرادلی) رەنگدانـــەوەی کارەکـــانی ئـــەو لەســـەر نووسینی (لۆرانس لیرنر)و (ئەلفرید هاربیدج) دەبینێتـەوە کـە لەسـەر خـودی شەکسپیر نووسیویانە.

دەتوانرێ ئەو جۆرە رەخنانە بە رەخنەی تەقلیدیی ناوبرێن و دواتر گەلێ قوتابخانەی رەخنەیی نوێ هەولی جیاوازیان داوە لەگەڵیاندا. زۆبەی قوتابخانە نوێیەکان لەژێر کاریگەریی (ئی. تیلیار)دا بوون کە لەسەر سەردەمی ئەلیزابیتی نووسیویەتی.

گەوهەری بەرهەمی سەر بەو قوتابخانە رەخنەییە لەسەر شەکسپیر جەختکردن بووە لەسەر ئەوەی کە ئەدەبەکەی گوزارشت بووە لە تێڕوانینی سەردەمەکەی، بەڵام خەسڵەتە مرۆییەکانی بە جۆرێ دەربڕیوە کە تا ئەمڕۆ پەیوەندییان بەم سەردەمە نوێیەمانەوە هەبێت.

**ب ـ قوتابخانەی مارکسیزمی نوێی خاوەن دیدگای سیاسیی:**

شیکردنەوەی سیاسیی بۆ شەکسپیر تێڕوانینێکی نوێیە جودا لەو رەخنە تەقلیدییانەی لە کارەکانی دەگیران. ئەم جۆرە شیکردنەوە وایاندەبینی شەکسپیر پشتگیریی لە سیستمی دەرەبەگایەتی کردوە بەهەموو ئایدۆلۆژیایەکی پەتریاکییەوە، بەڵام ئەو جۆرە بۆچوونە گوزارشتی باشیان نەکردوە لەو رەخنەیەی گەلێ لایەن لە تێکستدا لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام مەبەستی بووە بیروڕای ئایدۆلۆژییانە بدرکێنێ، نموونەی ئەو جۆرە رەخنەیەش کتێبەکەی (دولیمور وسینفیلد) بووە بە ناوی (شەکسپیری سیاسیی) لە 1985داو کتێبەکەی (ئیلیۆت کریجەر) بەناوی (شەکسپیر لە روانگەی مارکسیزمەوە).

**جـ میژوویە نوێیەکان:**

ئەم زاراوەیە کە لەسەر قوتابخانە رەخنەییەکەی (ستیفین جرین بلات) دەچەسپێ، ئارەزووی رەخنەگران دەردەخات بۆ بایەخدانی تەواو بەسەرجەم وردەکارییەکانی کۆمەڵایەتیی لەسەردەمی شەکسپیردا، بەو مەبەستەی کە شەکسپیر (سەر بە هەموو سەردەمێك نییەو بە تەنیا گوزارشت لە سەردەمێکی دیاریکراو دەکات)، ئەو قوتابخانە رەخنەییە وایدەبینی کە شەکسپیر داکۆکی لە سیستمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەی خۆی کردوە.

(جوناتـان دولیمـۆر) بـڕوای وا بـووه کـه (measure for measure)ی شەکسپیر کارێکی ئەدەبیی بووەو گوزارشـتی لـه ڕەوشـی کۆمـەڵگا کـردوه لـه چوارچێوەیەکی کۆمیـدیادا، هەرچۆن (جـرین بلات) توێژینەوەیـەکی جـوانی لـەو ڕوانگـه شـیکارییەوه لەسـەر هـەردوو شـانۆنامەی (هینـری چـوارەم)و (هینری پێنجەم) ئەنجامداوه.

د ـ ڕەخنەی ژنانه:

شەکسـپیر چـووەته مەیـدانی چـەندو چـوونی ئەدەبییانـەی هاوچـەرخەوه سـەبارەت چـەمکی ڕەگـەز، پـێم وایـه شەکسـپیر هەسـتێکی قـووڵی هـەبووه بەرامبـەر ڕۆڵـی ژن لـه کۆمـەڵگادا، بـەڵام دەربڕینـی ئـەو مەسـەلەیه لای ئـەو جیـاواز بـووه لـه ڕەخنـەی تـر سـەبارەت دۆزی ژن، ڕەخنـەگران لـەو ڕووەوه شەکسـپیریان بـه نموونـەی پیـاوی دەمـارگیر داوەتـه قەڵـەم کـه ژنـان هەڵـدەفرێون، ئـەویش کـاتێ باسـی شـانۆنامەیەکی وەك (شـالیر) دەکـەن، وایدەردەخـەن کـه شەکسـپیر پشـتگیریی لـه سیسـتمی کۆمەڵایـەتیی بـەتریکی (باوکسالاری) کردوه.

ئەمانـه بێجگـه لـەوەی شەکسـپیر ویسـتویەتی ڕۆڵـی هـەردوو ڕەگەزەکـه لـه کارەکتەرەکانـدا تێکـەڵ بکـاتو لـه بـەرگی یـەکتردا بیانگۆڕێـت، هەرچـۆن کاراکتەری ژنی بەهێزی وەك (پۆرشیا)ی له (بازرگانی ڤینیسیا)دا خستوەته بەرچاو.

لێرەدا دەبێ ئاماژه بۆ کۆمـەڵێ توێژینـەوەی ڕەخنـەیی بکـەم کـه تـەرخانن بۆ ڕەخنـەی ڕەگـەزی مـێ لای شەکسپیر، وەکو کارەکـانی (کاسـلین بیلسـی)و (لیزا جاردین).

هـ ـ هەڵوەشانگەرایی و پاش بونیادگەرەکان:

لەگـەڵ ئـەوەدا کـه زۆر لـه ڕەخنـەگرەکان خـاوەن بەهرەمەنـدیی بـوونو ئاگاداریی تەواویان هەبوو دەربارەی قوتابخانه ڕەخنەییه باوەکان، هـەروەك ئـەوەی لـه کارەکـانی (تـیری ئیجلتـۆن)دا دەبینـرا، بـەڵام ئـەو ڕوانگـەی هەڵوەشانو پاش بونیادگەرییه خاوەنی خۆیان هەبوو، هەرچەنده من لەسەر ئەو ڕوانگەیەو بەرهەمی خاوەنەکانی ئەو ڕوانگەیه دوو سەرنجم هەیه:

یەکەم: ئەو ئاڕاستە رەخنەییە تەنیا دەق، یان کاری هونەرییان دەخستە بواری گوتارەوە، لەبری ئەوەی وەکو ئەزموونێکی دەوڵەمەند تەماشای بکەن، رەخنەگران مەبەستیان بوو هەڵبژاردەیەك لە تێکست وەربگرن‌و بیکەنە سەلماندن بۆ قسەکانی خۆیان سەبارەت چەندین بابەتی وەکو (زمان‌و ویست‌و یاساو پارەو جەستە)، لەم کارە هەڵوەشانگەراییانەدا رەوتی مێژوویی بەهەند وەرناگیرێت، بگرە لە هەندێ جاردا رەخنەکان دەبوونە مەشقی سیاسیی سیموتیکایی.

لە هەوڵێکی وادا ویسترا شەکسپیر گونجاوبێت لەگەڵ ئاڕاستە هونەرییە نوێیەکاندا، ئەوە بوو (ئەلیزابێس فروند) لە وتارێکدا ساڵی 1985 ویستی بەستنەوەیەك بکات لەنێوان شەکسپیرو رەخنەی هەڵوەشانگەراییدا.

دووەم: بەلای منەوە شانۆنامە دەبێ وەك کارێکی "تەواو" تەماشا بکرێت، بەر لەوەی یەکێ بێت‌و لێی هەڵبژێرێ تا شیکردنەوەی هەڵوەشانگەرایی خۆی بەسەردا بچەسپێنێ، ئەمە رێك بەسەر شەکسپیردا دەسەلمێ، چونکە زۆربەی بەشی شانۆنامەکانی لە خۆیاندا بەنرخن، پێویستە پێکەوە لێیان بکۆڵینەوە لەبەر بەهای ئەدەبیی گەورەیان، بەڵام دەبێ لەهەمان کاتدا قەوارەی درامیی سەرجەم بەشە پێکهاتووەکانی لەبیر نەکەین، چونکە گەر وا نەکەین ئەگەری نوقم بوونمان هەیە لە بایەخدان بە بەشە جیاجیاکان.

و- قوتابخانەی تر:

ئەوانەی باسکران، بە تەنیا هەموو ئەو قوتابخانە هاوچەرخانە نین کە بایەخ بە توێژینەوەی رەخنەگرانەی شەکسپیری دەدەن، چونکە قوتابخانەی تر هەن، هەر لە (شیکاریی دەروونیی) تا دەگاتە (رەخنە لە ژیانی قەدیسەکان)، بەڵام مەبەستمان نییە لەم توێژینەوەیەدا نمایشی هەموو قوتابخانە رەخنەییەکان بکەین، لەگەڵ چۆنێتی خوێندنەوەیان بۆ تێکستەکانی شەکسپیر، بەڵام من مەبەستمە هەڵوێستە بەرامبەر خوێندنەوەی رەخنەگرانەی تێکستەکان لە ئاقاری تیۆریی هاوچەرخانەوە دیاریی بکەم، دەتوانم ناوی (خوێندنەوەی نوێ) لەم هەڵوێستە بنێم، لەو

بڕوایەدام ئەوانەی پشتگیریی لە هەڵوێستەکەم دەکەن، یان دژی دەبن ناوی دیکەی لێ دەنێن.

6ـ خوێندنەوەی نوێ:

خوێندنەوەی نوێ بۆ کارەکانی شەکسپیر جودایە لە هەر خوێندنەوەیەکی تر کەوا هەر پێنج قوتابخانە رەخنەییە باسکراوەکەیان کردبێتە بناغە، دیارترین پشتگیریکەر لەم جۆرە خوێندنەوە نوێیە (کیرنات رایان)ە کە دەبینم تێڕوانینی بۆ تێکست تێڕوانینێکی قووڵە.

بەپێی ئەم جۆرە رەخنەیە، پێویستە خوێندنەوەی شانۆنامە وەك یەك پێکهاتە ئەنجام بدرێت، ئەمە لەگەڵ شیکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی، دەبێ پێودانی دیاریکراومان هەبێت بۆ مامەڵەکردنمان، تا هەڵسەنگاندنمان بۆ شانۆنامە نەبێتە جۆرێك لە هەڵسەنگاندنی خودیو کوێرانە، لەژێر کاریگەریی مێژوویی‌دا نابن، بەڵام دەکەونە چوارچێوەی دیاریکراوەوە کە خاوەن بناغەیەکی تێکستی مێژوویی بن.

پێویستە کاتێ مامەڵە لەگەڵ هەر شانۆنامەیەکدا دەکەین چوار پرسیار بخەینە روو:

1ـ چەندە ئەو شانۆنامەیە لە دیاریکردنی بیروڕاکانی سیستمی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتووە، ئەو سیستمەی حوکمڕانی سەردەمی شەکسپیر بوون یان کە ئێستا حوکمی ئێمە دەکەن؟

2ـ چەندەو بە چ ئامڕازێکی ورد جەخت لە تێکستەکە دەکرێتەوە کە جەخت لەو بیروڕایانە بکات یان بەهێزیان بکات؟

3ـ بەو پێیە، ئایا کارەکە بەسەر خۆیدا دابەشدەبێ؟ هەروەها ئایا لە قۆناغێکدا بەرەنگاری خۆی دەبێتەوە؟ دیسانەوە ئایا بەرەنگاری باوەڕی وەك دابەشبوونی چینایەتی یان سیستمی بەتریکی (باوکسالاری) دەبێتەوە؟

4ـ گەر شانۆنامەیەك لە بەرەنگاریی ئەوانەدا سەركەوتووبێت، ئاخۆ ئاماژە بۆ ئامرازی دیکە دەکرێت لە ڕێکخستنی کۆمەڵگای مرۆییداو پەیوەندییە مرۆییەکاندا، ئایا هەر ئەو ئامرازانە بۆ سەردەمەکەی ئێمەو هەلومەرجی ئەمڕۆ دەستدەدەن؟

دیارە کەسانی دی هەبوون لەوەوبەر ئەمانەیان وتووە، لەوانە (جان کوت) لە توێژینەوەیەکیدا ساڵی 1965 بە ناونیشانی (شەکسپیر ئەو هاوچەرخە) کە تیایدا دیدێکی عەدەمیی شەکسپیر دەخاتە ڕوو، دەکرێ بە دیدێکی کاریگەر بە نووسەری فەڕەنسی (سامۆیل بیکیت) ببینرێ، بەڵام توێژینەوەی تەواو بەنرخ ئەوەی (ڕایان) بوو لەساڵی 1989داو لەم توێژینەوەیەدا سەرچاوەیەکی باشی سوودوەرگرتنم بووە.

أـ دیدگای سەراپاگیر:

دیارە شەکسپیر بەرەنگاری داب‌و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بووەتەوە، ئەوانەی لە سیستەمی چینایەتیدا خۆیان نواندوەو پەیوەست بوون بە چەمکەکانی ڕەگەزو شەرەفەوە، گرفتی سەرەکیی هەر یەکەمان ئەوەیە کە ئێمەی ئادەمیزاد لەهەر کۆمەڵگایەکدا بین ناتوانین نکوڵی لە مافە مرۆییەکانی هیچ کەسێك بکەین.

بەپێی ئەو بۆچوونە، شەکسپیر سەر بە هەموو سەردەم‌و شوێنێك بووە، هەرچۆن ئەدەبیاتی مەزن سەر بە هەموو سەردەمێکە، هەروەها شەکسپیر تازەگەر بووە بەو واتایەی بەرهەمەکانی گەلێ پرسیاری گەوهەرییان وروژاندوە کە لەسەردەمە نوێیەکاندا بوونەتە پرسیاری زۆر گرنگ (هەرچۆن ڕەخنەی ئەدەبیی لەم سەردەمانەدا پێناسەیان دەکات)، یان وردتر بڵێین لە جیهانی هاوچەرخماندا وەك ئاماژەی بۆ دەکرێت (جیهانی پاش، یان پۆست تازەگەرییە)، ئەو پرسیارانە تایبەتن بە هەڵوێستی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی‌و سەراپاگیرانە، تایبەتن بە پیاوان‌و ژنان کە دژی کۆمەڵگان‌و دەیانەوێ کۆمەڵگا بە جۆرێکی تر بگۆڕێت، بەوەش ڕووبەڕووی کۆمەڵگاکەی خۆیان دەوەستنەوە.

بەمە، کەرنەڤاڵی ڕۆحی مرۆیی سەرکەوتوو سازدەکرێت، ئەگەر ئەو مرۆڤە لەناویش بچێت، هەرچۆن گەڕانی تەواوی تێدایە بە شوێن خودو ئەوی دییەوە، تاكو کۆمەڵ لە واتای گشتیی ژیاندا، "هەم یان نیم"، کارەکانی شەکسپیر کە بایەخیان بەم مەسەلانە داوە بەشێوەی پڕوپاگەندە یان سیاسیی نەبووە، بەڵکو لەڕێی ئاماژەو لە تەمومژدا مەسەلەکانی دەربڕیوە، هەر ئەمەش وای کردوە هزرمان لەپاڵ سۆزماندا پەلکێشی کارەکانی ببێت.

شەکسپیر لەپاڵ بلیمەتییەکەیدا چەند هەلومەرجێ دەوری کارەکانیان داوە، لەوانە: ڕەوشی زەمانو جێگاو لایەنی هونەریی کە فاکتەربوون بۆ بەدیهێنانی داهێنانەکانی، ڕەگی مێژوویی ڕاستگۆیانە لە کارەکانیدا بەشێوەیەکی زۆر کاریگەربوون لە هێنانە ئارای خوێندنەوەی نوێ، زیاتر لە شیکردنەوەی نامێژوویی، هەربۆیە لە ڕەوتە مێژووییەکەدا بەرهەمەکانی وایان لێهاتووە سەر بە هەموو سەردەمێك بن.

ب ـ سروشتی دەگمەنی سەردەمەکەی:

لە مێژووی ئینگلیزدا، سەردەمی شەکسپر سەردەمێکی نائاسایی بووە، ململانێی کەنیسە لەسایەی (هێنری هەشتەمدا)و گەشانەوەی باوەڕی مرۆڤایەتی کە یەکێك بوو لە نیشانەکانی سەردەمی ڕێنیسانس، لەگەڵ دەرکەوتنی گوتاری هۆشیارانە، هەموو بوونە هۆکاری دروستبوونی کەشێکی ڕۆشنبیریی لەبار لەو سەردەمەدا.

بەتەنیا شەکسپیر تاکە نووسەری درەوشاوەی ئەو ماوەیە نەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا هەرچۆن ئەو مەزنترین نووسەری سەردەمەکەی بووە، کۆمەڵێ نووسەری تریش هەبوون کە لە دنیای ئەدەبدا جێگای شیاوی خۆیان هەبوو و تا ئێستا جێدەستیان دیار ماوە، ئەوەتا، تا ئەمڕۆ شانۆنامەی (دکتۆر فاوست)ی مارلۆو کارەکانی (بن جۆنسۆن) لە بەنرخترین کتێبەکانی ئەدەبیاتی ئینگلیزین.

ئەو کەشە ڕۆشنبیرییە ڕۆڵی دیکەی هەبوو لەو سەردەمەدا، ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ گۆڕین وەك چەمکێکی فیکریی، لەو کاتەدا ئینگلتەرە

لەسەر ڕێی بوونە هێزێکی ئەورووپی گەورە بوو، سیستمی دەرەبەگایەتی ڕوو لە داڕمان بوو و سیستمی بۆرژوازی بەهەموو بەهاکانیەوە لە ماوەی یەك سەدەدا جێگای گرتەوە.

جوڵانەوەکانی دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی هێشتا ڕەنگو رووی دەرنەکەوتبوو، بەڵام پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی پاشایەتیو پەرلەمان ڕوو لە هەوڵی داڕشتنەوەی ئەو پەیوەندییەدا بوو، چینی بازرگان ڕوو لە گەشانەوە بوو، هاوکات چینی موڵکداری زەویو زارەکان پێگەی کۆمەڵایەتیو سیاسیی خۆیان پاراستبوو، بەشێوەیەکی گشتی سەردەمەکە ڕوو لە گۆڕانکاریی بوو، ڕێگە خۆشدەبوو بۆ گۆڕینی سیستمێك بە یەکێکی تر، ئەو ڕەوشە هاندەر بوو بۆ بەهرەمەندان، لەژنو لەپیاو بۆ جێ پێ خۆشکردن لە ناوچەی دیکەدا.

لەو کاتەدا کە کەشێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیی نوێ ڕسکابوو، شانۆ هەلومەرجێکی لەباری بۆ ڕەخسابوو، ئەوە بوو شانۆی ئەلیزابیسی هەرچۆن (والتەر کوهین) پێناسەی کردوە "بەرهەمهێنێکی دانسقە بوو لە ساتێکی مێژوویی کورتدا، ناوەندی گرنگی نێوان شانۆو کۆمەڵ بوو".

لێرەدا پرسیارێ دێتە پێشەوە:

. بۆچی لەو کاتەدا شانۆ بەو شێوەیە بوو؟

**یەکەم:** نووسەرانی شانۆو ئەکتەرەکان سەر بە ڕەچەڵەکی ساکار بوون، بەڵام خوێندنیشیان خوێندبوو، نووسەرەکانیان گەیشتبوونە قۆناغی زانکۆو تێکەڵ بە پادشاو خانەدانان دەبوون، بەڵکو چینی خانەدان ڕێزی لە نووسەرانو ئەکتەران دەگرت.

بەڵام ئەوانە وەك خەڵکی فرۆفێڵاوی بوون لە کۆمەڵگادا، لە هەندێ وڵاتدا ڕێگایان نە دەدرا بەشداریی شوێن تەرمی مەسیحییەکان بکەون، نووسەرەکان دیدی تایبەتیان هەبوو بەرامبەر کۆمەڵگا، وەك (کوهین) دەڵێ "دەیانتوانی ناکۆکیی نێوان (دەرەبەگو موڵکدارو بۆرژواو میللیو مرۆیی) لە ئاوێتەیەکی سەیردا پێکەوە کۆبکەنەوە. هەرچۆن لە توانایاندا بوو گوزارشت لەو ئاوێتەیە بکەن".

**دووەم: بینەری شانۆی ئەو ماوەیە خاوەن ئاڕاستەی جیاواز بوون، شانۆ گشتییەکان جەماوەریان لە چین و توێژە جیاوازەکان بەرەو خۆیان رادەکێشا و لە نمایشەکاندا تێکەڵ دەبوون، لە وتوویژیاندا ئەو بابەتانە دەوروژان کە لای هەمووان بایەخدار بوون.**

**رەگەزی سێیەم کە دەبێ ئاماژەی بۆ بکەین، هەروەك (مایکل بریستول) وتویەتی، شانۆ گشتییەکان بەدەربوون لە کۆنترۆڵی فەرمیی دەسەلاتە ئاینییەکان"، شانۆکان دوور بوون لە داب و نەریتی فەرمیی، لەو کاتانەدا دەچوون بۆی کە کاتی کار، یان خوداپەرستیی نەبوون. کەشی ناو شانۆو هەڵسوکەوتی بینەران لە شوێنەکانی تر نەدەچوو، بە کورتی جێگایەك بوون بۆ چێژوەرگرتنی خەڵکی بە ئازادیی، کلاسیکەکان کە دەیانوویست پارێزگاریی لە داب و نەریتی باو بکەن، هێرشیان دەکردە سەر شانۆ گشتییەکان.**

**ئەو شانۆیە ئامادە بوو بۆ پێشوازیی لە بەهرەی وەکو شەکسپیر، لەمەوە راستیی (خوێندنەوەی نوێ) دەردەکەوێ بێ دابڕان لە رەوتی مێژوویی، دیدی مێژوویی رەگەزێکی گرنگە لە خوێندنەوەی تێکستدا، لەگەڵ جەختکردن لە توێژینەوەی تێکستدا، چونکە هەر تێکستە کە جڵەوگیری هۆش و هەستمانە تا ئەمرۆ.**

***پەراوێزەکان:***

*1ـ بن جۆنسۆن گوتویەتی "شەکسپیر سەر بەهیچ سەردەمێکی دیاریکراو نەبووە، بەڵکو سەر بە هەموو زەمانێ بووە".*

*2ـ جۆن دراکاکیش بڕوای وایە کە"شەکسپیر تا ئەمرۆ کاریگەریی خۆی هەیەو بەردەوام لەگەڵماندا دەدوێت".*

*3 زۆر لە رەخنەگران لە ستایشی شەکسپیردا سنووریان بەزاندوە، لەوانە (ویلسون نایت) کە وتویەتی "گیانی هەر شانۆنامەیەکی بەهای خوداوەندییان هەیە".*

*4. هاملێت ئاڵۆزترین کاراکتەری ئەدەبە، چەند نەوەی یەك لە دوای یەك لە هاملێتدا رەنگدانەوەی گومانە سەرشێتەکانیان دەبیننەوە، (ئۆسکار وایڵد) گوتویەتی "جۆری زۆر لە کاراکتەری هاملێت هەن، هەرچۆن غەمیش زۆر جۆری هەیە".*

*5ـ تیریـن هـوکس شەکسـپیر وا دەبینـێ "کـە چـەکێکی ئایـدۆلۆژیی بـەهێزە، لـە قەیرانەکاندا بۆ چارەسەری گرفتەکان بەکاردێت".*

---

**سەرچاوە:**


اسماعیل سراج الدین، حداثة شکسبیر، القاهرة، 2002.

# گرۆتۆفسکی و
# شانۆی هەژار

## جان میلنج و گراهام لی

(تیۆری نوێ لەنمایشی شانۆییدا، لەستانسلاڤسکییەوە تا بوال) لە نووسینی (جان میلنج و گراهام لی) کە خاتوو (ئیمان حیجازی) وەریگێڕاوەتە عەرەبی، بڕیارە وەك یەکێك لەبڵاوکراوەکانی میهرەجانی

قاهیرەی نێودەوڵـەتیی بـۆ شـانۆی ئەزموونگـەریی بکەوێتـە بەردەسـت، ئـەم کتێبـە باس لەئەزموونـە سـەرەکییەکانی ئـەو ڕێباز و قوتابخانانـە دەکات کـە لەسـەدەی بیسـتەمدا بینـراون، ئەوانـەی سـەبارەت ئەکتـەر و نمـایش و ئـەو تیۆر و بەرهەمانەن کە بەرجەستەیان دەکەن.

- ناوەرۆکی تری ئەو کتێبە ئەم باسانەن:
- سیستمە تیۆرییەکەی ستانسلافسکی
- ئاپیا و کریج.. پێشنیاز لە پێناوی چاکسازیدا
- بەرەی میللی، مایرهۆڵد و کۆبۆ
- ئارتۆ و بەیاننامە فەرمییەکەی
- گرۆتۆفسکی و مەشقی تیۆری
- مێژووی تیۆریزەیی بوال..

ئـەم کتێبـە شۆڕشـێکی لەپەیوەنـدیی نێـوان ئەکتـەر و دەق و پەیوەنـدیی نێوان ئەکتەر و تەختەی شانۆ و دەرهێنەر بەرپاکردوە.

**بەرەو شانۆیەکی هەژار**

کتێبـی (بـەرەو شـانۆیەکی هـەژار) بریتییـە لەکۆمـەڵێ وتـار و دیـدار و لێـدوان کـەوا دوای خـولی مەشـقەکانی جێـرزی گرۆتۆفسـکی لـەدەرەوە نووسـراون و ئەنجامـدراون، لەگـەڵ سـەرنجەکانی لەمەڕ نمایش و بەرنامـەی شانۆیی و باسکردنی ڕۆژانی مەشق و ئاڕاستەکردنی خوێنـدکارانی تاقیگـە، یـان ئەزموونگـە، لەگـەڵ کۆمەڵـە پرسـیاریێ کەلـەکۆڕ و گفتوگـۆی هـاوڕێ نزیکەکانی وەك (یوجین باربا)دا تۆمارکراون.

هـەموو کارەکـان هـی گرۆتۆفسـکی نـەبوون بەتـەنیا، بـەڵکو (باربـا) بەشـداریێکی سـەرەکیی بـووە، بێجگەلـە (لۆدفیـك فلازیـن) کـە رەخنـەگر و دراماتۆرگی تیپەکە بـووە، ئـەو لەسـەر چارەسـەری تێکسـتەکان نووسـیویە، کۆمەڵـە تێکسـتێك گروپـیێ لـە دەنگـەکان و شـانۆگەریی دینامیکییـەت جیاوازیی بەرهەمهێناوە، ئامانجی گشتی باوەڕهێنـان بووە بەخەڵکی لـەبری کارەکانی خـودی گرۆتۆفسـکی، هەربۆیـە تێپەڕانـدن هـەبووە و خوێندنـەوەی گرۆتۆفسـکی بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ئـەنجام نـەدراوە، چـونکە ئـەو

گەشـــەیەکی بەجێگایـــەکی نـــاکۆك داوە لەبازنـــەی کارەکـــانی لـــە شـــانۆ و دەرەوەیـدا، زۆربـەی جاریش قسـەو بۆچـوونەکانی لەلایـەن یاریدەدەرانیـەوە تەواوکراون.

ئـەم کتێبـە و کتێبـی (کـارکردن لەگـەڵ گرۆتۆفسـکی) بـریتین لەکۆمـەڵێ نووسینی ئەوانەی لـەکاردا هاوکاری بوون و لەنووسینەکانیاندا پەیوەنـدیی خۆیان و گرۆتۆفسکییان خستووەتە روو.

لەوەسـفی تایبـەتی (مەشـقی ئەکتـەر)دا هـەردوو لەدیـدی جیـاوازەوە دەدوێـن، یەکـەمیان ئاگـاداری کـاری گرۆتۆفسـکی بـووە لەمەشـقی ئەکتـەردا لەسـالانی 1959 – 1962 و ئەمـە لای (باربـا) تۆمـارکراوە، واتـە مەشـقی رۆژانـەی ئەنـدامانی تیپەکـەی، بـەڵام دووەمیـان مەشـقی ئەکتـەری تـەنیا لەســـالانی 1966 دا تۆمـــارکردوە، ئـــەویش بریتییـــە لەســـەرنجەکانی دەرهێنـــەرێکی بـــەلجیکی کەلـــەکاتی دیتنـــی مەشـــقەکانی گرۆتۆفســـکی دا تۆماری کردوون، لەجێی شیکردنەوەی هێڵە پانـەکانی مەشـق، راپۆرتـەکانی ئـەو بـاس لـەو هەڵچـوونەی گرۆتۆفسـکی دەکـات لەگـەڵ خوێندکارەکانیـدا، باربا کەوا بابەتەکەی ناوناوە (سـەردەمێکی نـوێی شانۆ) بایـەخی زۆری داوە بە ئەکتەری (پیرۆز)، هەروەها بەرەگەزە سرووتئامێزەکانی گرۆتۆفسکی.

کـاتێ گرۆتۆفسـکی ئاخـاوتنی بـۆ خوێنـدکارانی خوێندنگـەی (سـار)ی سویدی پێشکەش کردوە، بەشێوازێکی تر قسەی کردوە، باسـی لەشانۆکەی کردوە وەك رێبـازێکی پێشـنیازکراو، نـەك وەك یاسایەکی جێگیر، لـەوێ ئـەو داخوازییـــەکانی کـــەمتر کردوونـــەوە، چـــونکە ئـــەوەی لەبەرچـــاوگرتووە کـــە بونیـادی شـانۆگەریی بەنـدە بەچـەند راسـتییەکەوە کـە خوێنـدکارانی ئـەوێ بڕوایان پێی هەیە.

هـەموو ئەوانـەی لـە (بـەرەو شـانۆیەکی هـەژار)دا کەوتوونـە بەردەسـتی خەڵکی، یان لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، یـاخود لـە رووداوە گرنگەکانـدا تۆمـارکراون، ئەوانـەی لەسـالانی نێـوان (1964–1967)دا دەرکـەوتوون، زنجیرەی وتارەکان بەرێکخراوی نەهاتوون وەك مێژووی نووسینیان، بـەڵکو

وەك دەردەكەون باس لەسێ قۆناغ دەكەن: سەرەتایەك بۆبنەماكانی شانۆی تاقیگە، بایەخدان بەدەق، مەشقی ئەكتەر.

بەدەركەوتنی ئەم كتێبە لە 1968 دا گرۆتۆفسكی گەیشتووەتە كۆتایی گرنگیدانە سەرەتاییەكانی بەنمایشی شانۆیی.

گرۆتۆفسكی كە شانۆكەی بە (هەژار) ناوناوە، یان بابڵێین كە تاقیگەكەی بە هەژار ناوناوە، مەبەستی بووە كارەكانی جودابن لەگەڵ ئەو نمایشانەی بینەر ئەوروژێنن، یان بەو شانۆیانەی لێواولێو بوون لەوێنە فیكرییەكان كە لەو دەمەدا یەكجار زۆر بوون.

**شانۆیەكی درووستكراو**

گرۆتۆڤسكی ئایدۆلۆژیای شەستەكانی سەدەی رابردووی بە (دژە رۆشنبیریی) ناوبردوە، دەڵێ (ئەو دیمەنە دەزانم چییە، واڕاهاتووم بەشێك بم لێی)، ئەو شانۆی هونەریی وەك شانۆیەكی (تەواو) بە دوورزانیوە كە لەچوارچێوەی شانۆیەكی (درووستكراو) واتە (پێكهێنانەوەی شێوەكان) و (مادەی دروستكراو) دەگەیێنێت. هەر لە رێی ناواتاییەوە و بەهۆی پرۆسەی (لابردنەوە) شانۆی هەژار هاتووەتەوە بەرهەم.

ئەم سیستمەی شانۆی هەژار بەتەنیا لە دابڕینی دیكۆر لە دیمەنەكانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، یان لە رەتكردنەوەی فۆرمەكانی دیكەی هونەرەوە، یان لە تەكنیكی نمایشی ئەكتەر وەك هەڵسوكەوت و كارەكتەرەكانیان، بەڵكو ئەكتەر (وەك دوایین وتارەكانی شانۆی هەژار باسی دەكات) لەمەبەستی جوڵانەوەكانی دادەماڵرێ، لەبریی هەڵچوون و هێنانەكایەی حاڵەتێك، ئەكتەر خۆ دەداتە دەستی نەهێنانەكایەی ئەو حاڵەتە، بەوەش شانۆی هەژار وەك فۆرمێكی خاوێن و نەشێواو بەرەگەزە ناشانۆییەكان خۆی دەنوێنێ، هەروەها لەسروشتی خودی شێوە هونەرییەكەدا رەگەزە هونەرییەكان بەقووڵی خۆ دەپارێزن.

**پەیكەری بنچینەیی**

گرۆتۆڤسكی دەستەواژەی (پەیكەری بنچینەیی) بۆ گونجانی مەعنەویی(شێوە هەژارەكە) بەكارهێناوە، پەیكەرێ داپۆشراو بەشانۆیەكی

دەوڵەمەند، دیارە شانۆی هەژار دەوڵەمەندە بەجۆرێکی تر، دەوڵەمەندە بەواتایەکی قووڵتر، لەزۆر دیداریدا لەگەڵ (باربا) و لەگفتوگۆکانیدا دەربارەی جۆری ئەو ئەکتەرەی بەدوایدا وێڵە، گرۆتۆفسکی هێمای شانۆی دەوڵەمەندی بەشێوەیەکی دی باسکردوە، وەك شانۆیەك کە راستییە بازرگانییەکان هێناویە ئارا و ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێ، ئەو دەزانێ ئەکتەری ئەو شانۆیە خۆیان هەرزانفرۆش دەکەن! هەر لەئەنجامی ئەوەوە وشەی (هەژار) هاتووەتە کایە، تا واتایەك لەخۆ بگرێت وەك (رێبازی دەستپێوەگرتن) کە دژ بەئایدۆلۆژیای بازاڕ و تیایدا ئەکتەر کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێ، ئەوە لە (سەردەمی نوێی شانۆ) دا بەڕوونی هەستی پێدەکرا.

شانۆی هەژار بەرەنگاری چەمکی بورژواییانەی ئاستی بژێویی دەبێتەوە بەپێی واتای (دەوڵەمەند) بەدیل بۆ سامانی ماددی دادەنێت، هەرچۆن لەشێوەکانی سامانی مۆراڵی و مەعنەویی دیکەی جیا لەشانۆ دەدوێت.

شانۆ ناتوانێ شان بدات لەشانی شێوەی جەماوەریی سینەما و تەلەفزیۆن، شانۆی هەژار بەرامبەر لەخشتە بردنی بازاڕ و جەماوەرێتی وەستاوەتەوە، پێودانی خۆی بەو جەماوەرە خاوێنە دەکات کەوا هەوڵی خۆشگوزەراندن، یان وەرگرتنی (رۆشنبیریی) وەك کاڵا نادەن. هەربۆیە بەرامبەر ئەکتەرێ دەوەستینەوە کەخۆی کردوەتە خەڵاتی شانۆی هەژار.

**بەرهەمهێن**

گرۆتۆفسکی چۆن رۆڵی خۆی لەتیپەکەیدا دیاری دەکات؟ ئەو نەبەڕێوەبەر و نەدراماتۆر بووە، بایەخێکی ئەوتۆشی بە سینۆگرافیا نەداوە، ئەو زاراوەی بەرهەمهێنی بەرامبەر کارەکەی خۆی بەکارهێناوە، ئەو وشەی بەرهەمهێنی بەواتای (دەرهێنەر) بەکارهێناوە و رەخنەی لەسیستمی شانۆی تەقلیدیی بەشێوەیەکی توند گرتووە، وەکو بەرهەمهێن ئاماژەی بەهونەرەکانی دیکە کردووە و خۆیشی بە ئەفراندنی کەسانی دیکەوە نەبەستووەتەوە.

ئەو ڕێبازی ئەو جۆرە دەرهێنەرانەی بەدڵ نەبووە کە هەموو ڕەگەزە جیاوازەکانیان لەدەرهێنانەدا یەکخستووە، تەنانەت بەو جۆرەکارانە جاڕس بووە، هاوکات باوەڕی وابووە کە چەند ڕەگەزێ لە ڕۆڵی تەقلیدیی دەرهێنەردا بناغەیی بوون، وەك (هونەری سەرکردایەتی کردن)، لەوێوە چۆنێتی مامەڵەی خەڵکی بە بەهرەیەکی دیپلۆماسی زانیوە، کە بەلای ئەوەوە ئەو بەهرەیە ساردوسڕەو نامرۆڤانەیە و لەسەرکردایەتیدا پەنا دەباتە بەر فێڵ و تەڵەکە بازیی.

وادیارە لەبریی پەیوەست بوون بەڕەگەزەکانی دیمەنەوە، ڕۆڵی بەرهەمهێن زاڵ دەبێ بۆ پەیوەست بوونی ئەندامانی تیپ بەیەکترەوە، لەئاماژەکانیدا هەمیشە باس لەپەیوەندیی نێوان بەرهەمهێن و ئەکتەر دەکات، بەشێوەیەك بەرهەمهێن کەسێکی زاڵ و تەنانەت (زۆردار)ە، دەبێ ئەکتەرەکانی هەر وەك خوێندکار بۆ مامۆستا مامەڵەبکەن، یان نەخۆش بۆ پزیشکەکەی، یان سەرباز بۆ سەرکردەکانی، یان وەك کەسێکی تەمەن بچووك لەخێزاندا بەرامبەر باوك و برای گەورەی. ئەرکی بەرهەمهێن وەك (مامۆستا) لەناوەوە و دەرەوەی شانۆدایە، تیپەکەشی چۆنێتی پەیوەندیی بە (بینەر)ەوە دیاریدەکات، چونکە (ئەگەر نەشتوانرێ پەروەردەی بینەر بکرێت، خۆ لەتوانادایە پەروەردەی ئەکتەر بکەین)، لەگەڵ بوونی ئەو تێکستانەدا کەوا ڕۆڵی گەورە دەدەنە شانۆ، هەمیشە دەستەواژەی (پەروەردەی ئەکتەر) لەکۆمەڵدا دووپات دەبێتەوە، چونکە ئەو پەروەردەکردنە یەکجار گرنگە و نەك بەتەنیا وەك هەستکردنی بەرامبەر تیپەکە، یان بۆ درێژەدان بەبواری تەکنیکی بۆ گوزارشتی خودی ئەکتەر، یاخود ڕاکێشانی بینەر بەشێوەیەکی نایاسایی بەلای شانۆدا، (دیارە هەر هەموو ئەو ڕەگەزانە بەرهەمی کارکردنن)، بەڵام بەپلەیەکی سەرەکیی، پەروەردەی ئەکتەر لای خۆیەتی، ئیتر ڕاهێنەر ڕۆڵی ناوەندێ دەبینێ لە نێوان ئەکتەر و بەرهەمهێندا و کاریگەریی ئەوەش دەگاتە بینەر، ئەوەش فۆرمێکی باشە بۆ گەشەپێدانی خود.

**رامان**

لەنوسخەی یەکەمی بەرگی (سەردەمی نوێی شانۆ) دا، گرۆتۆفسکی باس لەتواناکانی قوتابخانەی شانۆ دەکات، لەگەڵ مەشقی خوێندکارانی خوار چوارده ساڵ، بەرلە داڕشتنی جەستەیان، ئەویش لەرێی کۆمەڵێ مەشقی پراکتیکی و پەروەردەی مرۆییەوە کە تایبەت بۆ بەئاگاهێنانەوەی هەست و هۆشیان ئەنجام دەدرێت. لەم قۆتابخانەیەدا بیروڕای زانایانی شیکردنەوەی دەروونی و ئەنترۆپۆلۆجیایی کۆمەڵایەتیی دەخرێتە خزمەت ئەکتەرەوە، هەرچەندە، دوای ئەوە، لەهەندێ تێکستی وەکو (بەرەو شانۆیەکی هەژار)دا گرۆتۆفسکی دینامیکییەتی (مامۆستا / خوێندکار) رەتدەکاتەوە، ئەو سەرلەنوێ پێناسەی پرۆسەی فێرکردن لەڕوانگەی خۆیەوە دەکاتەوە، ئەوەتا سەبارەت خۆی و کارەکەی دەڵێت:

• لەتاقیگەی شانۆی پۆڵەندیدا جێگایەکی تایبەتی سەرکردایەتی کردنم هەیە، هەروا بەئاسانی منی، دەرهێنەر، یان بەرهەمهێن، یان رابەری رۆحی نیم، بەڵکو بەپلەی یەکەم، پەیوەندیم بەم کارەوە بێگومان تەنیا بەیەك ئاڕاستە، یان بە فێرکردنەوە نییە...

گەشەکردنی ئەکتەر پەیوەستە بەتێبینی و رامانەوە، لەگەڵ ئارەزووی داوای یارمەتی و هاوکاری کردن، گرۆتۆفسکی بەرێگایەك سەرنجەکانی ئاڕاستە کردوە کەوا یارمەتیی خوێندکاری داوە بۆ دۆزینەوەی شتەکان لەلایەن خۆیەوە.

گرۆتۆفسکی وەك توێژەرێك توانیویە ناخی ئەکتەر ئاشکرا بکات، هەرچەندە ئەو ناوی تیپەکەی لە (شانۆی سیانزە پۆلی) یەوە گۆڕی بە تاقیگە، یان کارگەی شانۆ و دەسەڵاتی پۆڵەندی لەساڵی 1965 دا لەپەیمانگای تایبەتمەندی نمایشدا جێگایەکی باشی بۆ تەرخانکرد، بەڵام دوای ئەوەش گرۆتۆفسکی بەدەستی (میتۆد)ەوە گینگڵی خواردووە، لە وتاری (ئاشکراکردنی میتۆدەکەم) دا جەخت لەسەر ئەو رێگایە دەکات کە دەبێ هونەرمەند بۆ دۆزینەوەی (یاسا بابەتییەکان) بیگرێتە بەر تا بە پرۆسەی (ئەفراندن) شاد ببێت و تاوەکو ئەکتەر بگاتە ئەفراندن، لەگەڵ ئەوانەشدا گرۆتۆفسکی دژ بەنووسینی (رەچەتەیە) بۆ ئەکتەر، یان بۆ

چۆنێتی ئاڕاستەکردن، چونکە میتۆدی ئەو جیاوازبوو لەگەڵ میتۆدی دیکەی وەك ئەوەی ستانسلاڤسکی.

دەکرێ گەوهەری وتارەکەی (ئاشکراکردنی میتۆدەکەم) بەوە بناسرێ کەوا گرۆتۆفسکی خاوەنی میتۆدێکە ئاڕاستەی ئەکتەر دەکات بۆ ئامادەبوون بەرەو کارەکەیان، ئەم رێنماییە بەر لەهەر چالاکییەکی جەستەیی دەبێ، ئیتر لەمەشقدا بێ یان لەنمایشی شانۆییدا.

دووانە

گرۆتۆڤسکی ئەم سیستمە جەستەیی و ئەم مەشقکردنە بەپلەی دووەم دادەنێت لە دوای ئاڕاستەی ناوەکی، ئەو ویستویەتی دابەشکردنە دیکارتییەکەی (هۆش و جەستە)رەت بکاتەوە، بانگەشەی ئەوەی دەکرد خاوەنی میتۆدێکە کە جێ بەو (دووانە)یەو ئەو دابەشبوونە لێژ دەکات، لەگەڵ ئەوانەشدا زمانی ئەو، بونیادی تەواوی بەستنەوەی ناوەوە و دەرەوەیە، یان هۆش و جەستەیە، یان ئاڕاستە و گوزارشتە..

ئەو دەڵێ ((با لەهەموو شتە شاراوەکانی ئەو دیو دەمامکەکانمان بکۆڵینەوە کە هەموو رۆژێك دەیپۆشین، واتە گەوهەری ناوەوەی کەسایەتیمان، دیارە تێکستی نووسەر یارمەتیدەرمانە تا ناوەوەی خۆمان والأبکەین، هاوکات ئاڕاستەی ئەکتەر بکەین ناوەوە رووەو دەرەوە بپشکنێ))..

جەستە رۆڵی هەڵخەڵەتێنەر دەبینێ، لەلایەکەوە نهێنگیرەو لەلایەکی دیکەوە ئاشکرایەو وەڵامدەرەوەی ئاماژەکانی نمایشی شانۆییە.

لەسەرجەم نووسینەکانی گرۆتۆفسکیدا دەستەواژەی (وێنە رۆحانییەکان) دووبارە دەبنەوە، دەشێ ئەوە بگێڕێتەوە بۆ ئەو ناوەرۆکەی تیایدا دەنووسێ، هەرچۆن لەقەناعەتی خۆشیدا هەروەهایە، بۆ ئاماژەی ئەو چوارچێوە رۆحانییە کە سیمایەکی مەجازیی هەیە و ئەوی تووشی تێڕامان کردوە، ئەوەتا دەڵێ (بەهەڵە تێم مەگە، من باس لە پیرۆزیی دەکەم، پیرۆزیی دنیایی).. گرۆتۆفسکی ناسناوی (قەدیسی عەلمانی) بەستانسلاڤسکی

بەخشیوەو (ئیجا) ئەفسانەییەکانی (ئارتۆ)شی بەدڵ بووە، بەرەو ئارتۆ چوونی ئەو مایەی بایەخپێدان بووە.

گرۆتۆفسکی دەڵێ ((ئارتۆ وانەی راستەقینەی شانۆی پیرۆز دەزانێ))، لە راستیدا نووسینێکی گرۆتۆفسکی سەراپای رەخنە بووە لەنووسین و بیروڕکانی ئارتۆ لەمەڕ شانۆ، بەڵام ئەوەی جێگای گرنگیدانی ئەوە (ئارتۆ)ی مرۆڤە، بەلای ئەوەوە، خەمەکانی ئارتۆ و نەخۆشییەکانی ئەویان کردووەتە کەسایەتییەکی گرنگ، هەربۆیە (شانۆ بووەتە بەڵگەیەکی درەوشاوە بۆ چارەسەر و چاکبوونەوە).

**خۆشیی**

لەبری ئەوەی شوێن خۆشییە مەجازییەکەی (ئارتۆ) بکەوێ، گرۆتۆفسکی بەردەوام بوو لە (بەرەو شانۆیەکی هەژار)ەکەی، لەپێناوی گەڕانەوە بۆ نواندن و پەیوەندیی بە ئەکتەرانەوە، ئەو خۆی وا دانابوو کە ئەڵقەیەکی توندوتۆڵە لە زنجیرەی پەیوەندیی نێوان (ئەکتەر و بەرهەمهێن)، کەئەوەش لە (ستانسلاڤسکی یەوە بۆ دالین و مایرهۆڵد) درێژەی کێشا تا بگاتە کەسانی دی، ئەو ئاماژەی زۆری دەدا بەمەشقەکانی ستانسلاڤسکی لەسەر کردارە جەستەییەکان، هەرچۆن ستایشی رێبازەکەی دەکرد بۆ ئامادەکردنی ئەکتەر، بەڵام داخوازیی (ئارتۆ) بۆ ئەکتەر سیستمێکی تەواو جیاواز بوو، ستانسلاڤسکی داوای لەئەکتەر دەکرد چی پێ دەکرێت بیخاتە سەر دەورەکەی، بەڵام گرۆتۆفسکی پێی وابوو پێویستە ئەکتەر دەورەکەی وەکو ئامرازێ بەجۆرێ بەکاربێنێت کە بەهۆیەوە بتوانێ لەو دەمامکانە بکۆڵێتەوە کە رۆژانە هەمووومان دەیپۆشین، هەر ئەوەشە گەوهەری ناوەکیی کەسایەتیمان.

گرۆتۆفسکی باوەڕی بەلۆژیکێ هەبووە کە دەڵێ:

هەرکارەکتەرێك بسپێردرێتە ئەکتەر، ئەو دەورەی دەیبینێ هەر خۆی دەبێ، خودی خۆی... ئیدی سوود لەجەستەی ئەکتەر وەردەگیرێ بەوپێیەی مەشقی وەرزشیی کردوە، چونکە بە بۆچوونی ئەو پەیوەندیی نێوان مەشقی وەرزشیی و ئاماژە شانۆییەکان زۆر لەیەکترەوە نزیکن.

میتۆدەکەی گرۆتۆفسکی ئەوەندەی تایبەت بووە بە خودی خۆی، ئەوەندە بەکارهێنانی یاساکانی شانۆ نەبووە، هەربۆیە لەتێزەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پراکتیك پەردە لەتیۆر دادەماڵێ، ئیدی تیشك خستنە سەر یاساکانی شانۆ و بیروڕاو داب و نەریتەکان راستەوخۆ لەرێی گوزارشت کردنی جەستەوە دێتە دیی.

**بینەر**

کتێبەکەی گرۆتۆڤسکی گەشبینە بەبینەرانی شانۆگەرییەکانی، بینەری بەشدار کە دەچنە شانۆ هەڵگری ئاڕاستەیەکی راست و ڕەوانن بەرامبەر ئەو شانۆیە، هەرچۆن چاوەڕێی ئاڕاستەیەکی هاوتا لەئەکتەریش دەکرێت، ئەوێ کەتوانای درکاندنی ئەفسانەکانی هەیە و ئامادەکاری بەرهەمێکە کە لێوان لێوە لە (شیکردنەوەی دەروونیی)، ئەمانە لە رێی نمایشی شانۆگەریی ئەوتۆوە دێنە دیی کە ژمارەی ئەکتەرانی دیاریکراوە.

هەر لەوکتێبەیدا نیگاری نموونەیی نەخشێنراوە بۆ ئەکتەر و بینەر، کە دیدی گرۆتۆڤسکی دەردەخەن، لەنێو نیگاری بینەراندا (تیر) کێشراوە، ئەویش بۆ دەرخستنی پەیوەندیی نێوانیان، هەرچۆن ئاماژە کراوە بۆ تێکەڵ نەکردنی ئەکتەر و بینەران، ئەمەش بۆ سەلماندنی ئەزموونێك کەچەندە بایەخ بەئەکتەر دەدرێت بەهەمان شێوەش بینەر جێی بایەخە، یان چەندە ئەکتەر ئامادەبوونی هەیە بەهەمان شێوە بینەریش ئامادەبوونی خۆی هەیە، کەواتە لێرەدا بەهیچ جۆرێ بواری (وەهم) نامێنێ. لەکتێبەکەدا وێنەی فۆتۆگرافیی کۆمەڵێ بینەریش هەیە کەئامادەی نمایشەکان بوون، کە رەوشی ئەوان و کاردانەوەی نمایشەکان لەسەریان نیشاندەدەن، ئامادەبوونی بینەر کاریگەریی لەسەر دەرهێنانیش هەیە.

لەکتێبەکەیدا (سەردەمێکی نوێی شانۆ) ساڵی 1964، ئەوباس لە چۆنیەتی ماوەی نێوان ئەکتەر و بینەر دەکات، لەسەر هەردوو ئاستی مادی و فەلسەفی، ئەویش بەهۆی لەیەکتر نزیك بوونەوەیان، لەگەڵ ئەوەشدا نزیککەوتنەوەی جەستەیی ئەو بۆشاییە کەمناکاتەوە کە لەنێوان ئەکتەر و بینەردا هەیە، ساڵی 1967 گرۆتۆفسکی گەشەی دایە نموونەی دەرکەوتوو

لەئەکتـــەر و بینـــەران، بینـــەران دەوری زۆریـــان دەدی، بیرۆکـــەی کاراکتـــەر بەخشـینە بینـەران،وەکو نەخۆشـی دەروونیـی (بـۆ نموونـە) کـە پێویسـتی دەکـرد دەمامکیـان پـێ بپۆشـن، لای بینـەر رەتدەکرایـەوە، چـونکە هـەر لەوسـاتەدا ئەکتـەریش دەیانوویسـت دەمامکـەکانیان فڕێـدەن و لـەرووی خۆیـانی بکەنـەوە، تـا خـودی خۆیـان ئاشـکرا بکـەن و سـۆزی بینـەر بـەلای خۆیاندا رابکێشن..

ئـــەوەی بینـــەران یەکـــدەخات رۆڵیانـــە چ وەك تەماشـــاکەر و چ وەك شـایەتحاڵ، هەرچـۆن گرۆتۆفسـکی دەڵـێ ((ئەکتـەر رووبـەڕوویان دەبێتـەوە و هـەر ئەکتـەرە گیـانی کێبڕکێـی لـەلا دروسـت دەبـێ، یـان جـۆرێ لەبزوانـدن لـە ئامادەبوونی بینەردا)).

---

سەرچاوە:

رۆژنامەی (المستقبل)ی لوبنانی 5/7/2007.

# Kit
# کلتور و ئەزموونی هەمەجۆر لە شانۆیەکی نوێدا

د.فاضل السوداني

شـــانۆی کۆپنهـــاگنی جیهـــانیی (Kit)، مەڵبەنـــدێکی شـــانۆیی و دامـەزراوێکی کلتوورییـە و سـەر بـەوەزارەتی رۆشـنبیریی دانیمارکـە، هـەر لـە دامەزراندنیەوە، لە 15 ساڵ لەمەوبەرەوە تا دەگات بەمڕۆ سەرپەرشتیارانی

ئـەم شـانۆیە هـەوڵی ئـەوەیان داوە پەیوەنـدی و ئـاڵوگۆڕ لـەنێوان کلتـوری جۆراوجۆری جیهانیدا بهێننە دی.

هەربۆیە، هاوینان دانیمارك دەبێتە وڵاتی کلتوری جیهانی و ئەمەش هەلی ئەوە دەڕەخسێنیٚ کەوا ئەزموونە هونەرییەکان دەرکەون و کۆمەڵیٚ نمایشی ئەزموونگـەری و (پێشـڕەو)، بـە تایبـەت لـەبواری شـانۆی ئەزموونگـەری و سـەمای نـویٚ و موزیـك و سـێرك و هونـەری شـێوەکاریدا، بەرهـەمی زۆر ببینـرێن. ئەم نمایشانە تـەنیا لـە پایتەختـدا نین، بەڵکو لە زۆربەی شانۆی شارەکانی دانیمارکدا ئەنجام دەدرێن، بێجگە لە بەشدارییە ناوخۆییـەکانی وەکو (شانۆی ئەزموونگـەریی) Cantable 2 بە سەرپەرشتیی دەرهێنـەری بەرەچەڵەك ئیتالی(نولو فاچینی) Nullo Facchini شاری فوردنبورك.

سەرپەرشـتیارانی Kit و بەرێوەبـەرانی ئـەم فیسـتیڤاڵە سـالانەیەی وەکـو Trevor Davies و Katrien verwilt و H.C.Gimbel لـە هـەوڵی ئـــەوەدان تیـــپ و شـــانۆ بانگهێشـــتکراوەکان بـــە پێشـــڕەوی و بایەخـــە ئەزمونکارییەکانیان ناسراوبن، بیٚ رەچاوکردنی لایەنی بازرگانی.

لەم ساڵانەی دوایشدا چەند فیستیڤاڵێك لەژێر ناوی جیاجیادا سازکراون کـە واتـای هونـەریی خۆیـان هـەبووە، وەکـو (شـاری سـەما)، گەشـکەی لیبووکەکان، شانۆی هاوینە و ناوی دیکە، کە واتای هاوکاریی دەبەخشن، وەکـو: چـەند وێنەیـەك لـە ئـەفریقا، یـان چـەند وێنەیـەك لـە ئاسـیاوە، کـە ئەمسـاڵ(2007) بـە چـاودێری و سەرپەرشـتیی شـاژن Alxandara سـاز دەکریٚ، تا خەڵکی لە هونەری دەوڵەمەندی ئاسیایی ئاگاداربن.

ئەم فیستیڤاڵە ساڵانە زەمینە بۆ بینەر و هونەرمەندان دەڕەخسێنیٚ تا بە هێمـا هونـەری و کلتورییـەکانی سـەرجەم بوارەکـان شـادبن و لەگەڵیانـدا سەبارەت بە ئەزموونی تایبەتیان گفتوگۆ بکەن، لەوانە: پیتـەر بـروك، پیتـەر کـەینوای، بینـا بـاوش، فیلیـب کـلاس و روبـرت ولسـن و ئاریـان منوشـکین و جان لوی بارۆ و کەسانی دین.

دیـارە (هـاملێتی دانیمـارکی) بەدرێـژایی رەوتـی ئـەم فیسـتیڤاڵە، هـەلی نمایشـی ئـەزموونیی بـۆ رەخسـاوە، هـەموو هاوینێـك لیژنەیـەکی پسـپۆڕ

بانگێشتی تیپە جیهانی و دانیمارکییەکان دەکات بۆ نمایشی شانۆنامەی (هاملێت) لە قەڵای بەناوبانگی شاری (هلسینور)، کە باوەڕ وایە قەڵای تراژیدیا شەکسپیرییەکان بووبێت، هەرچەندە وەك دەزانین میری دانیمارك لە شانۆنامەکەدا دروستکراوی ئەندێشەی شەکسپیرە، بەڵام ئەم شارەو قەڵاکەی بەدرێژایی ساڵ بوونەتە جێگای سەردان و کۆبوونەوەی گەشتیاران.

### گەڕان بە شوێن ئایندەی شانۆدا

لەبەرئەوەی Kit (شانۆی کۆپنهاگنی جیهانیی) مەڵبەندی شانۆ و هونەرە بینراوەکانە، خاوەنی کتێبخانەیەکی ئەرشیفییە لە کاسێتی ڤیدیۆیی و خزمەتگوزاریی پێشکەش بە توێژەران دەکات لەسەرجەم بوارەکاندا، دیارە توێژینەوە لە شانۆ و هونەرەکانی دیی، دڵەڕاوکێیەکی رەوایە لەم سەردەمە جەنجاڵەدا، هەر لەو روانگەیەوە، ئەم مەڵبەندە بەشداریی کردووە لە چارەسەری گرفتەکانی شانۆی ئەوروپی و جیهانیدا، ئەویش بە ئەنجامدانی دەیان کۆڕ و سیمینار بۆ گفتوگۆ لەمەڕ کێشەی زەق، کە هونەرەکان دووچاری بوون، هەروەها بۆ ئاگاداربوون لە ئەزموون و گرفتەکانی دیکەی سەردەم... لەوانەش ئەو کۆڕە شانۆییە جیهانییە کە ساڵی 1996 بەبۆنەی ناونانی کۆپنهاکن بە پایتەختی کلتور ئەنجامدراو تیایدا ئایندەی شانۆ بەناوی (شانۆی ئەوروپی بەرەو کوێ ؟)، یان (شانۆ بەرامبەر هەزارەی سێیەم)دا خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

هەڵبەت ئەوەش جەخت لەسەر ئەو دڵەڕاوکێیە دەکاتەوە کە داواکارە هونەرمەندی ئەوروپی بەشوێن ئامرازو بیروڕای نوێدا بگەڕێت تا شانۆ دەوڵەمەند بکاتەوەو پەیوەندیی لەگەڵ بینەراندا ببەستێتەوە، دوای ئەوەی شانۆ کرایە تاقیگەیەك بۆ نمایشی ئەزموونی توندوتیژیی، یان سێکس، بەشێوەیەکی بەرەڵایانە و بێ هیچ بیانوویەکی لۆژیکی لە زۆربەی کاتدا، ئەمانەش دواجار دەیسەلمێنن کەوا زۆربەی شانۆکانی ئەوروپا بەدەستی (بۆشایی هزرەوە) دەناڵێنن!

ئەم هۆکارانە وایان لـە شێخی دەرهێنـەرانی جیهـان (پیتـەر بـروك) کـردوە بانگەوازی بۆ دامەزراندنی شانۆیەکی ئاینده رابگەیێنێت کە تیایـدا سوود لـە کلتوری ئاسیا و ئەفریقا وەربگرێت، تاوەکو شانۆ لەخۆرئاوای شارستانیی ئەوروپا بەزیندوویی بمێنێتەوە.

لە کۆڕی کۆبنهاگنی شانۆییدا، زۆر لە هونەرمەندان جەختیان لـە گرنگیی ئەزموونەکانی رۆژهەڵات دەکردەوە لـە شـانۆدا، چـونکە لەهـەردوو رووی هـزر و هونــەرەوە بــە دەوڵەمەنــدی دەزانــن، هەرچــەندە لــەرووی تەکنــەلۆژیاوە نمایشە ئەوروپییەکان باڵاترن، بەڵام هونەری خۆرهەڵات تا ئێستا پەیوەسـتە بە هزرو حیکمەت و فەلسەفەی خۆرهەڵاتەوە کەلە جەوهەریاندا ئەو پرسـیارە چارەنووسسازانە هەن کە بایەخدارن بۆ ژیانی مرۆڤ.

ئـەو پرسـیارانە و هـی تـر، هونـەری ئـەوروپایان سـەرقاڵ کـردوە، چـونکە لـەوێ گیــانێ زاڵــە کــە دەیــەوێ مرۆڤایــەتی لــە خاچــێکی زێــڕین، چــوار مێخەبـدات! کەواتـە بانگەوازەکـەی (ئـانتۆنین ئـارتۆ) لەســەرەتای ســەدەی رابـردوودا کـە داوای لـە شـانۆی ئـەوروپا دەکـرد لـە دەوڵەمەنـدیی سـەما و هونەری رۆژهەڵاتەوە دەستپێبکەنەوە تا ئەمڕۆ هـەر بەردەوامـە و تارادەیـەکی زۆریش لە ئەوروپا پەسەندە، کەواتە، شـانۆی ئـەوروپا پێویسـتی بەگـەرمایی خۆری خۆرهەڵات و حیکمەتی خۆرهەڵاتە، تا ئاهێك بگەیێننەوە بە جەسـتەی هونەری خۆرئاوادا.

لەم ئاقارە هونەرییەوە، Kit لە هاوینی 1998 دا سەرپەرشتیی نمایشـی شـانۆیی 16 تیپـی کـرد لـە وڵاتـانی جیـاوازی جیهانـەوە، لەوانـە کـە زۆر دیاربوو Circus Gosh کە نمایشێکی میوزیك بوو و پشتی بەستبوو بە (سێرك، جەستە، کاباری) و لەنمایشـەکەدا هەریـەك لـە ئـەڵمانیا و کەنـەدا و فەرەنسا بەشـداربوون و دەرهێنەرەکـەش (مایکل دالیر) بـوو. بـەڵام نمایشـە ئەڵمانییەکـەی (ساشـا ویلتـز) مـۆرکێکی سیاسـیی – کۆمەڵایـەتیی هـەبوو تیایــدا کێشــەی کۆمــەڵگای ئــەڵمانی دوای روخــانی دیــواری بــەرلین بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕ دەخرایەڕوو.

بێجگـــه لەوانـــە، نمایشـــی شـــانۆی Ltimی ئیســـرائیلی بـــەهۆی پێگەیشـتوویی سـینۆگرافی و دەرهێنـان و جووڵـەی جەسـتەی ئەکتـەرو بەکارهێنانی هەندێ سروتی میللی فەلەستینی و ئیسرائیلی، بەهۆیانەوە دیدێکی نوێ بە (تەورات) درابوو، تیایدا گرنگیی ئاشتی لەژیاندا و لەنێوان ئەو دووگەلەدا گوزارشتی لێ دەکرا.

بە پێچەوانەی هەندێ نمایشی سەما و شانۆییەوە کە شێوازێکی تاقەوە بوو (ئەبستراکت) یان هەیەو سی ساڵە و تا ئەمڕۆ شانۆکانی ئەوروپایان داگیرکـردوە، لـە نـەوەدەکانی سـەدەی پێشـووەوە شـانۆی ئـەوروپی تایبەتمەنـدیی بـۆ گەڕاوەتـەوە، ئـەویش بەبـەکارهێنانی وشـە، هەرچـەندە شانۆی ئەبستراکت کاریگەریی گەورەی هەبووە و داوای رەتکردنەوەی وشە و دیالۆژی کردوە، ئا لەو روانگەیەوە، نمایشی (ئۆرسۆلا) ی نووسەر هوارد بارکـەر و شـانۆگەریی (دڵـی شـین)ی کـارول کیرکلیـز کـە هـەردووکیان لـە پـرۆژەی (وشـەیەکی نـوێ، زمـانێکی نـوێ، شـانۆیەکی نـوێ) نمایشـکران، ئەوەیان سەلماند کە شانۆ ناتوانێ دەستبەرداری وشە بێت، بەڵام کامە وشە؟ ئەو وشە درامییەی مەبەست دەپێکێ و لە دووتوێیدا رەهەندەکانی، دێن دوور لە زۆر بڵێیی گێڕانەوەی ئەدەبییانە پارێزراوە.

هـەر لـەو روانگەیەشـەوە، دوو دەرهێنـەری سـویدی بەشـداربوون بەدوونمایشـی سـەرکەوتوو، ئـەوانیش (بـاوك) ی سـترندبێری و (ئـۆپرا)ی ماریا ئەنتوانیت.

### سینۆگرافیا و شانۆی وێنە

بینەری نمایشەکانی فیستیڤاڵی هاوین، کە Kit سازی دەکات، هەست بەوە دەکات بایەخ بەو (نمایشە ئەزموونگەرییانە) دراوە کە پشتبەستن بە جووڵـەی فیزیکیی جەسـتە و (شـانۆی وێنـە) لـەپێناوی پێشخسـتنی زمـانی هاوچەرخدا، لەوێوە، واکرا کە بەرنامەی فیستیڤاڵی هاوینی 1999 بریتی بێت لە بانگکردنی (30) تیپی شانۆیی، بێجگە لەچەند نمایشێکی سەما کە پشـتیان بەجووڵـەی جەسـتە بەسـتبوو، هـەروەها چـەندین ئـۆپراو نمایشـی

هاوچەرخی سێرك كە شێوازیی درامیيانەیان هەبوو، وێڕای هەموو ئەوانەش چەند پیشانگایەك بۆ سەرجەم هونەرە بینراوەكان. لە پرۆژە سەرنج ڕاكێشەكانی ئەو ساڵە، پرۆژەی سینۆگرافیا و وێنە بوو، یان (Act1، Act2،Act3 ) كە سێ ساڵی خایاند و لە 2001 دا كۆتایی پێهات، ئەویش بریتی بوون لە پرۆژەو نمایش و وێنەی زیندوو و پیشانگای شێوەكاریی – ئەزمونگەریی كە (8) هونەرمەند لە ئەمریكا، یابان، بەرازیل، ئەفریقای باشوور، بەریتانیا، ئۆكرانیا و دانیمارك ئەنجامیان دابوون، بەهۆی بەشەكانی ئەو پرۆژانەوە نمایشە هونەرییەكانی خۆیان دەنواند كە بونیادنراوی ئامراز و شێوەی سەرچاوە جیاوازەكان بوون، وەكو شانۆ و شێوەكاری و جەستە و تەلارسازی و شتی دیكە، بۆ ئەو مەبەستانەش ئامرازی وەك ڤیدیۆ، وێنەی جوڵاو (كارتۆن)، هونەری پێكهاتەی بونیادنراو بوون، كە بەهۆی كەرەستە و ئامێر و مادەی ترەوە ئەنجام دەدرێت.

بەشی یەكەم (Act1) بریتی بوو لە دووشانۆگەریی، ئەوانیش Jetlag و Kompas Kinesisk بوون، ئەمانە وا دەخرانە بەرچاو كە درامایەكی تەواو نەكراون، بەشی دووەم (Act2) بریتی بوو لە تاقیگەیەك بۆ هونەرمەندان، كە ئەڵقەیەكی توێژینەوەی لێكەوتەوە لە نێوان خۆیان و بینەران و پسپۆڕاندا، بەڵام (Act3) لوتكەی پرۆژەكە بوو، چونكە هونەرمەندان بەرهەمی هونەی و شانۆگەرییە ئەزمونگەرییە مۆنۆدراماكانیان، یان بەكۆمەڵەكانیان تیادا نمایش دەكرد، ئامانجی ئەوان هێنانەكایەی هونەرێكی نوێ بوو ئاماژە بێ بۆ شانۆی دوای مۆدێرنە، یاخود ئاماژە بێ بۆ هونەری ئایندە.

## Jet Lag

ئەم نمایشە، دەیەوێ گوزارشت لەو بیرۆكەیە بكات كە دەڵێ (پێویستە زمانێكی شانۆیی نوێ لەسەرجەم ئامرازە هونەرییەكان و ئامرازەكانی دی دروست بكرێت)، هەربۆیە خانمە دەرهێنەری نمایشەكە وەك بەیاننامەیەكی دایە قەڵەم بۆ شانۆی ئایندە، ئەویش كاتێ جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە

گوزارشت لە دیدێك دەكات كە لە ئەكتەر و فیلم و ڤیدیۆ و كۆمپیوتەر پێكدێت، نمایشێكی شانۆییە كە پانتاییەكی ئەفراندنی بەرچاو دەخوڵقێنێ، كەوا ئامرازەكانی وەكو وێنەی زیندووی خاوەن مەبەست و سینۆگرافیای جووڵاو وبونیادی تەلارسازیی لە پێناوی نمایشێكی تێكەڵ لە حەقیقەتی مرۆیی و فەنتازیا، لە شانۆ و واقیع، ئێستا و ئایندە،.. بەڕاستی گەشتێكی سەیر بوو كە دوو ئەكتەر بەناو جیهانی واقیع و ئەندێشەدا كردیان.

بەڵام kinesisk Kompas كەوا لەلایەن شانۆی (Forma Hotelpro) ی دانیماركییەوە نمایشكرا، تێكەڵ بوو لەنێوان ئامرازەكانی وێنەی زیندوو، كەپشت بەجەستەی ئەكتەرو جوڵانەوەی دەبەستێ، لەگەڵ فیلم و ئۆپرا و گۆرانی و سەما، ئەم نمایشە وەك بەرهەمێكی هاوبەشی چینی – دانیماركی و لەدەرهێنانی (كرستین دولهولم) پێشكەش كرا، ئەو دەرهێنەرە هەمیشە هەوڵی هێنانەكایەی زمانێكی شانۆیی تایبەت بەخۆی دەدات و لەو پێناوەشدا هەر لەحەفتاكانەوە كاری بۆ ئەو مەبەستە كردووە و لەگەڵ (بیرفلنك) ی دەرهێنەردا (شانۆی وێنە)ی دامەزراندووە كە ژمارەیەك كاری پێشڕەویان بەرهەمهێناوە.

لەو شانۆ تایبەتەیدا، بایەخی زۆری بەنمایشی (سترانە شانۆ) داوەو هەندێ جار بەتەنیا (فۆرم) گەوهەری نمایشەكە بووە، هەندێ جاری دیكە (شیعرو وشە) پێكەوە بەقووڵیی كاریان لەویژدان كردوە و هەست و سۆزیان جوڵاندوە، بەڵام جاری دیكەش هەبووە كە مرۆڤ لەنمایشەكەدا هەستی بەوە نەكردووە كەتەنیا ئاخاوتن لەگەڵ چاو و گوێی ناكرێ، بەڵكو ناخی دەهەژێ و ڕۆحی دەوڵەمەند دەكرێت.

خاتوو دولهولم لەم گەشتەیدا بەهاوكاریی كچە ئەكتەری دانیماركی (كرستن یانسن) وەك ئەكتەر و حیكایەتخوان و سەماكەرو كۆرسی چینی لەگەڵ خۆیاندا دەمانبەنە چین، یان زەویی خەونە خۆرهەڵاتی و خۆرئاواییەكان، لەوێدا خەمێكی ئاسیایی داتدەگرێت، ئەم دەرهێنەرە لەهەر

نمایشـــێكدا جـــەخت لەســـەر ئـــەزمونكاریی خـــۆی دەكاتـــەوە لـــەپێناوی شانۆیەكی دانیماركی و ئەوروپیی نوێدا.

**ئەنسكلوپیدیای گەردوونیی**

لـــە گۆشـــەیەكی تـــردا، دەرهێنـــەری ســـینەمایی ئینگلیـــز (Peter Greenaway) پرۆژەیـــەكی گـــەورەی خـــۆی بـــەناوی (ســـەد بابـــەت بـــۆ تێگەیشتن لـە جیهـان) نمایشـكرد، لـەو پرۆژەیـەدا ئەكتـەر و خوێنـدكارانی پـــەیمانگا هونەرییـــە جیاوازەكـــان نمایشـــێكی هونـــەرییان لەشـــێوەی ئەنسكلۆپیدیای گەروونیدا خستە بەرچاو، ئەویش بەبەكارهێنانی ڤیدیۆ و ئۆپرا و فیلم و جەستەی بەرچاو و میوزیكی زیندوو، هـەروەها تیشك وەك بابەتێكی دیتن، لەگەڵ چەند ئامرازێكی تردا كەسەرتاگیریی تەواویان دابووە نمایشـەكە، هـەموو ئەمانـە ئاوێتـەی ســێ فیلمـی خـودی ئـەو دەرهێنـەرە كرابوو، ئەوانیش (چێشتخانە، دز، ژنەكەی و دۆستەكەی) بوون.

نمایشـــەكە هـــەر لەتاقیگەیـــەكی (چـــراخان) دەچـــوو لـــەتاریكایی هـــۆڵی ((Torpendohal))ی ئـــاوەدان لەپێكهاتـــەو ئامێرەكانیـــدا، كـــە توانرابـــوو بـەهۆی تەكنـەلۆژیای پێشـكەوتووەوە بـەكارهێنانی تیشـك و كۆمپیوتـەر، وێنەیـەكی پرشـنگدار، تێكـەڵ لەگـەڵ جەسـتەی ئەكتەردا دروسـت بكـەن، تـا ئەكتـەر و دەرهێنـەر سـەر لـەنوێ رووداوە ترسـناكەكان و مەرگەسـاتی ئـەم جیهانەمان بۆ بگێڕنەوە. ئەو نمایشە درەوشەدارە، لەهەموو ئەوانی تر جودا بوو، نمایشـێ بـوو رووی گەشـی فـەنتازیای بـەجۆرێ خسـتەوە بەرچاو كـە كاریگەریی لەسەر بینەر هەبێت و بەرەو ئەندێشەی خەونی وای بباتـەوە كە دەمێكە لەژێر فشاری واقیعی مادیدا لەیادی كردوون.

ئـەو بەرهەمـە، بـەمانای وشـە فۆرمێكی شـانۆیی نـوێ بـوو، ئاوێتەیـەكی وێنـــەیی بـــوو لـــەنێوان تـــەكنیكی هونـــەری و توانـــای جەســـتەیی ئەكتـــەری لەبەرچاو و، فیلم و وشـە، بەتایبـەتیش كـە لەسـەر سـێ شاشـەوە جەسـتە و وێنـــە دەخاتـــە بەرچـــاو، دەگاتـــە لوتكـــەی شـــیعریی، چـــونكە مێـــژووی

جیهانیشمان بۆ باس دەکەن، سێ شاشەی گەورە لە سێ جێگای جیاوازی هۆڵەکەدا هەستەکانی بیستن و بینینیان داگیر دەکرد.

دەرهێنەر لەو نمایشە نامۆیەدا لەگەڵ خۆیدا بردینی بۆ هەردوو جیهانی کۆن و نوێ، لە ئادەمەوە دەستی پێکرد تا گەیشتە گرنگترین رووداوەکانی ئەم سەردەمە، هەرچەندە ئەو رووداوی واقیع و رووداوی خەیاڵیی رووتی تێکەڵ کردوە، بەڵام خۆی لە راستەوخۆیی بەدوور گرتووە، نمایشێ بوو لە ئاماژەی ئەمڕۆی جەنجاڵدا زمانێکی هونەرییانەی ئایندەخواز دەبینرایەوە، نمایشەکە لەنێوان ئینگلتەرە و هۆڵندە هاوبەش بوو.

لە ساڵانی رابردوودا، چەندین نمایش بە دیدی نوێ و جیاوازیی لە دەرهێناندا بۆ کارەکانی شەکسپیر کراوە، تەواو جیاواز لە لێکدانەوەکانی پێشووتر، هەروەك ئەوەی کار لەگەڵ نووسەرێکی هاوچەرخدا بکرێت، کارەکانی بەپێودانی سەردەم و زمانی شانۆیی هاوچەرخ مامەڵەیان لەگەڵدا کراون، هەرچۆن لەگەڵ شانۆنامەی (یۆلیۆس سیزەر) لەلایەن دەرهێنەری ئیتاڵی (رومیو کاستیللوسیس) کراو بەزمانێکی نزیك لە پارانەوەو سروتی نوێ نمایشکرا، بێ لە قرتاندنی کوێرانەی تێکستەکە، بەڵکو لەرێی گوزارشت لە میتافیزیکای رۆحی شەکسپیری و هەندێ جار کەوتنە ناو بوونگەرایی و سۆفیزمەوە کە لە ناخی هزری شەکسپیریدا حەشاردراون و تا ئێستا زۆر کەس نایانبینێ.

ئەو دەرهێنەرە کاراکتەری (یۆلیۆس سیزەر) ی دیکتاتۆری بەپێی رەوتی مێژوویی خۆی خستووەتەوە بەرچاو، بۆ ئەوەش پەنای بردووەتە بەر سەرچاوە مێژووییە راستەقینەکانی چیرۆکەکەو رووداوە خوێناوییەکانی کەوا لەسەردەمی رۆمانیدا روویانداوە، لەرێی کاریگەریی وشە و وێنەی بەهێزەوە کە خەسڵەتیان دابووە نمایشەکە دەرهێنەر توانیبووی دەرد و کێشەی سەردەم بخاتە روو، کە ئەویش ململانێیە لە پێناوی دەسەڵاتدا، هەرچۆن نمایشەکە بێ مانایی جەنگی بەڵقانی ئەو دەمەی بیر دەخستینەوە.

ئەو نمایشە سنوری نێوان ئەندێشە و واقیعی رووخاند، کۆڵەکەکانی نمایشەکە بریتی بوون لە وشە و گوزارشتی وێنە و هێما فیزیکییەکانی جووڵەی ئەکتەر، کە بوونە بینراوە خەونێکی بەرچاوی بینەران.

دوا نمایش کە بووە مایەی سەرسوڕمانی بینەران و مشتومڕیان، (لیر)ی ئاسیایی بوو، کە نووسەری یابانی (Kishida Rio) سەر لەنوێ دایڕشتووەتەوە، بینەر بینییان لەو تێکستە شەکسپیرییەدا پەندی یابانیی بەکارهێنراوە، ئەو تەنیا ((شالیر))ی وەك جەوهەر و مۆتیف هێنا بوو، ئیدی تێکستێکی یەکجار نوێی نووسیبوو، ئەو خانمە نووسەرە شانۆی ((نو))ی یابانی و ئۆپرای چینی و سەمای ((Thai))ی تایلەندی تێکەڵ کردبوو، دەرهێنەرەکەشی (Ong Keng Sen) ی سەنگافوری بۆ بینەرانی دانیمارکی سەلماند کە چەندە فەرهەنگەکەی دەوڵەمەندە لەڕێی بەکارهێنانی جوانکارییە هونەرییەکانی کلتووری ئاسیاییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەکتەرەکان بەشەش زمانی ئاسیایی دەدوان، بەڵام یەك زمان زاڵ بوو بەسەر گوێ و چاو و بیردا، ئەویش زمانی هونەر بوو..

لەو نمایشەدا، کە هەموو جوانییەکانی هونەری ئاسیایی بەو شێوە پڕ ئەفراندنە خرایە روو، ((لیر)) ی ئاسیایی دڵنیایی بەخشی بەوەی (گەرمای خۆرهەڵات و ئەفسانەکانی و دینامیکییەتی سرووتەکانی) جەخت لەسەر شانۆی ئایندە دەکەنەوە، شانۆیەکی جیاواز کە دەبێتە ئایندەی شانۆی جیهان.

---

* سەرچاوە: ماڵپەڕی: المسرحیون.

# ڕۆڵی بینەر لەشانۆ ئەزموونگەرییە نوێیەکاندا

## د.سعید کریمی

تێڕوانینــی شــانۆ ئەزموونگــەرەکان، بــەپێی بیروبۆچــوونی فیکــری و ستاتیکیی هەریەك لەڕێبەرانی شانۆیەکان، بەرامبەر بینەر جیاوازە، چونکە ڕێبەرانی شانۆ ئەزموونگەرو پێشڕەوەکان شۆڕشێکی هونەریی ئەوتۆیان بەرپاکردووە کەبەجارێ چەمکی شانۆی تەقلیدییان هێناوەتە لەرزەو شانۆیەکیان هێناوەتە گۆڕێ یاخی بووە بەرامبەر شیعرو ئامێزی شانۆی ئەرستۆیی، بەوەش چاویان گێڕاوەتەوە بەمەسەلەی پاکژبوونەوەی ئەرستۆییانە، ڕامانیان بەرامبەر بەبینەر لەنێوان ئاوێتەبوون و چوونە ناو یەکی تەواو، یان بەشێك، لەگەڵ ئاوێتە نەبوون و هێشتنەوەی ماوەیەکی پێویستدا بووە لەنێوان بینەرو شانۆدا، تاوەکو یەکەمیان بتوانێ تەتەڵەی نمایشەکەی بەرچاوی بکات و ڕەخنەی لێبگرێت.

بەڵام، دەبێ جەخت لەسەرئەوە بکەینەوە کەوا ئەو شانۆیانە بەپلەیەکی گەورە بایەخیان بەبینەر داوە، بەو پێیەی لایەنێکی سەرەکیی پێکهێنانی پرۆسەی شانۆییە، لەسەر هەردوو ئاستی تیۆریزەکردن و پراکتیزەکردنیش، جێگایەکی باش بۆ بینەر ڕەوا بینراوە، لەشانۆی نوێدا بینین و وەرگرتن بووەتە لایەنێکی سەرەکیی، بایەخی تەواو دەدرێتە چاوو وێنەو جەستە،

ئیدی زمانی دیالۆژو ئاخافتن بابەخێکی ئەوتۆیان نەماوە، هەرچۆن لەشانۆ کلاسیکییەکاندا هەیانبوو.

بینەر ناچار کرا توانای خۆی‌و ئاستی رۆشنبیریی پەرە پێبدات تاوەکو بتوانێ لەگەڵ رەوتی گەشەسەندووی شانۆ ئەزموونگەرەکاندا رێبکات، دەنا بەردەوامیی نێوان نێرەر (شانۆ)و وەرگر (بینەر) کارێکی ئەستەم دەبوو.

مەبەستمانە لەم باسەدا ئیستێك لەئاستی سێ نموونەی شانۆیی سەرەکیی بکەین، ئەوانیش هەریەك لەشانۆیەکانی (توندوتیژی‌و داستانی‌و هەژار)ن.

## 1ـ شانۆی توندوتیژی:

## جەستەی بینەر.. تەوەری پێکگەیشتن

ئەنتۆنین ئارتۆ لەشانۆی توندوتیژیدا بایەخێکی گرنگی بە بینەر داوە، تەنانەت بینەری کردوەتە هەوێنی ئەوتوندوتیژییەی کەرووداو بەدەوریدا خول دەخوات، هەرچۆن ئەو شوێنەوارە سایکۆلۆژی‌و ژیری‌و جەستەییانە دیاریدەکات کە هاوکاتن لەگەڵ پرۆسەی تەماشاکردنی بینەردا، یان بەدوایدا دێن.

هەر لەسەروبەندی شانۆکەی (ئەلفرید جاری)دا (ئارتۆ) رایگەیاندوە ((بینەر ئیدی هامشۆی شانۆ دەکات هەروەك ئەوەی بچێتە لای پزیشکێکی نەشتەرگەر، هەمان حاڵەت‌و بیرکردنەوەیە، ئەو دەزانێ کەنامرێت، بەڵام دەشزانێ کەمەسەلەکە ترسناکەو هەروەها بەئاسانی رزگاری نابێت، ئەگەر فریای نەکەوین ئەوا خوار بەرپرسیاریی خۆمانین، دەبێ ئەویش بزانێ لەتواناماندایە وای لێبکەین هاوار بکات))(1).

ئەم شوبهاندنە بەدوور نییە لەرەوانبێژییەکی واتایی، بەو پێیەی کەشانۆ جێگایەك نییە بۆ خۆشگوزەراندن‌و کات بەسەربردن، بەڵکو هۆڵێکی گەورەی نەشتەرگەرییەو لەسەر ئاستی جیاواز ئەو کردەیەی تیادا ئەنجام دەدرێت، ئەگەر بینەر بەخودی رووداوە درامییەکە رانەچڵەکێ‌و هەست بە

توندوتیـژیی گـەردوون نـەکات، ئـەوا کـردەی بینینـی (ئـارتۆ)بیانـە ئامـانجی خۆی نەپێکاوە.

ئارتۆ داوا لەبینەر دەکات، قایل بێت لەدەرەوەی سنووری رۆژانـەی خـۆی رێبکـاتو بچـێتە ناوچـەی نوێـوە، چونکە پێشـنیازی شـانۆیەکی بـۆ دەکـات جیاواز لەشانۆ سایکۆلۆژییەکان کەلەسەر بناغەی دیالۆژی پڕوپوچو قسـەی هەرزان دامەزراون.

هەرچۆن پێشنیاز دەکات بینـەر وەك ئـەو مـارە وابێـت کەلەگـەڵ موزیکـدا دەگونجێو کاردانەوەی بۆی دەبێت، سەبارەت ئەوەش گوتویەتی ((پێویسـتە مامەڵـەی بینــەر هــەروەك (مــار) بکــەین، کــە بەئەفســوونی خۆمــان لــەڕێی جەســتەیەوە شــەتەکی بــدەین، کەواتــە بینــەر لەشــانۆی توندوتیژیــدا وا لەناوەندداو نمایشەکەش بەچواردەوریدا ئەنجام دەدرێت)) (2)

ئەو رێکخستنەوە نوێیـەی پانتـایی شـانۆکەی (ئـارتۆ) پێشنیازی دەکات جۆرێك لەپەیوەست بوونو یەکگرتنی نێوان ئەکتەرو بینەر دێنێتە دیو چی ســنوور هەیــە دادەڕمــێ، بــەوەش جەســتەی ئەکتــەر دەبێتــە تــەوەری درووستکردنی روانینو پێگەیشـتنی لەهەمانکاتـدا، بـوونی بینـەر لـەناو دڵـی رووداوەکاندا لەڕێی سڕینەوەی تەختـەی شـانۆوە، کـارێ دەکـات خـودی ئـەو بینەرە ببێتە ئەکتەرێکی نایاب، هیچ بەربەستێ لـەنێوان ئـەو و ئەکتەرەکانـدا نامێنێ.

کەواتــە پێویســتە بینــەر بچــێتە نــاو گەمــە شــانۆییەکەوە، دەنــا وەك بووکەڵەیــەك لــەبورجی عاجــەوە دەڕوانێتــە رووداوەکــان بــێ ئــەوەی هــیچ توانایــەکی هــەبێ بــۆ دەوڵەمەنــدکردنی روانینەکــەی لــە گۆشــەنیگای جیاوازەوە، بەڵام شێوەی بازنـەیی پانتاییە شانۆییەکە کە گەمەکەی تیادا نمـایش دەکرێـت، وا دەکـات ئەکتـەرەکان بەچـواردەوریاندا بینــەر بــێ، لەگۆشـەی جیـاوازیی هۆڵەکـەوە، بەمـەش پرۆسـەی پەیوەنـدیو ئاوێتـەبوون، یان جووتبـوون (الانـدماج) لـەنێوان نێرەرو وەرگرانـدا ئاسان دەبێو بـەوەش ((شـانۆ دەبێتـە ئاهـەنگێکی بەکۆمـەڵو تیایـدا ئەکتـەرو بینـەر هێنـدەی یـەك بەشدار دەبن تیایدا))(3)

ئـارتۆ، جـەخت لەسـەر شـڵەقاندنی هـۆش و بیرکردنـەوەی بینـەر دەدات زیاتر لەوەی هەندێ زانیاری پێ بدات، چونکە مەبەستێتی بەرەو رەوشێکی پەلکێشکردنی ببات، کەتیایدا رۆڵی ئاوەزو لۆژیک باڵ بەسەر شانۆکەدا بکێشێ، وەك ئەوەی کلینیکیك بێ بۆ چارەسەری نەخۆشییە گەردوونییە سەختەکان، (جۆن جاك روبین) دەڵێت ((من شانۆکەی ئارتۆ وا دەبینم، کەبینەر تیایدا لەحاڵەتی راکێشاندا بێ، تەنانەت میتۆد، سروتێکی ئاهەنگسازیی بەسەردا دەچەسپێ، شانۆ، توندوتیژیی بەهۆی بەهێزیی خۆیەوە، وەك تەنیا رووداوێك خۆی دەسەلمێنێ))(4)

ئەگەر بیرتۆلد بریخت ئامانجی بەندکردنی واقیع بووبێ بەمەبەستی گۆڕینی لەرێی ستراتیژی وەرگرتنەوە، تاوەکو بینەر ببێتە خاوەنی رۆشنبیرییەکی رادیکالانەی دژ بە بۆرژوازیەت، لەکاتێکدا هەن جێماوی روانینی شانۆی توندوتیژی لەپاکژبوونەوی ئەرستۆییانەدا دەبیننەوە، بەڵام لەراستیدا جیاوازیی گەورە هەیە لەنێوان ئەو پاکژبوونەوەیەو پاکژبوونەوەی ئارتۆییدا، ئەوەش لەلایەن (فرانکۆ تۆنیلی)یەوە جوان روونکراوەتەوەو کاتێ گوتویەتی (( دیاردەی پاکژبوونەوە لای ئارتۆ، ئامانجی رزگارکردنی بینەر نییە لەهەندێ هەڵچوونی بنچینەیی، وەکو ترس و بەزەیی، بەڵکو بەساکاریی پاکژبوونەوە لای ئەو هۆشدارییە بەرامبەر ئەو هێزانەی تارادەیەك هەستیان پێدەکەین، هەروەها ئاشکراکردنی (من)ی کۆ، کە ئەوەش لەخۆیدا دەبێتە سەرەتایەك))(5).

ئارتۆ گەیشتۆتە ئەوەی کەپێویستە شانۆ، تراژیدیا لە باشترین حاڵەتیدا دروستبکات، بەشێوەیەك نە چێژو نەخۆشیی لێ نەکەوێتەوە، بەڵکو بەتەنیا بریتی بێت لەئازارو شپرزەیی و توندوتیژی.

ئەمەش ئەو واتایە دەگەیێنێ کەشانۆی توندوتیژی داوای رێکخستنەوەی ئاسۆی چاوەڕوانیی بینەر دەکات، ئەو بینەرەی بەکاربەری هەموو دەرهاویشتەکانی شانۆ کلاسیکییە کۆن و بێ فەڕەکان بووە.

2ـ شانۆی داستانی:

گۆڕین لەجیاتی پاکژبوونەوە:

ئەگــەر شــانۆی ئەرســتۆیی ســێبەری چــڕوپڕی خــۆی لەســەردەمە جیاوازەکانــدا بەســەر هونــەری شــانۆدا کێشــابێ، ئــەم حاڵەتــە لەگــەڵ دەرکــەوتنی خــۆری ئیســتاتیکی شــانۆیە ئەزموونگەرەکانــدا ڕەویوەتــەوە، بەتایبەت شانۆی هاوچەرخی بیرتۆلد برێخت، ئەو شانۆ داستانییەی بووەتە خاڵی وەچەرخانی گەورەی مێژووی شانۆو گۆڕانێکی ڕەگو ریشەیی بووە لەســـەرجەم لایەنـــە هونـــەریو هزریوئایدۆلۆژییـــەکانی شـــانۆدا، بـــە وەرگرتنیشــەوەو ئــەو ڕۆڵــە پێشــڕەوانەیەی کەپێویســت بــووە بینــەر لــەنێو پانتاییە شانۆییەکاندا هەیبووبێت.

بــۆ پێگــەی گرنگــی بینــەر لەئــەدەبیاتی (برێخــت)دا گوتەیــەکی خــۆی دێنینەوە، کەتیایدا ڕایگەیاندووە ((شانۆ بەبێ بینەر شتێکی بێ مانایە،.. کەواتــە شــانۆکەی ئێمــەش بــێ مانایــە گــەر پەیوەنــدیی بەبینــەرەوە نــەبێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کەتا هەنووکە شانۆ نازانێ ئەرکی خۆی چییە))(6)

هەرئــەوەش بــووە وای کــردووە برێخــت لــەبیری شــانۆی ئەرســتۆیی شـانۆیەکی شۆڕشـگێر هەڵبـژێرێت کـەهاوئامانجی وەرچـەرخانە مێـژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا نوێیەکان بێت.

ئـەو پـەنای بـردە بـەر مارکسـیزم وەك ئاڕاسـتەیەکی هـزریو ئایـدۆلۆژیی، لەگەڵ ماتریالیزمی دیالیکتیك وەك پرۆگرامێکی زانستی و مێژوویی.

برێخــت، شــانۆی کــردە ئاوێنەیــەك بــۆ نیشــاندانەوەی ناکۆکییــە چــیناییەتییەکان و دەرخســتنی هــەموو ئــەو دەلاقانــەی لــەنێوان چــینە بۆرژواکان و چینە کۆمەڵایەتییە بێبەشەکاندا هەبوون، لەبیری بووە پەیامی ئاشـکرای خـۆی ئاڕاسـتەی بینـەری نـامۆ بکـات لـەنێو (ئەفسـانە)ی ژیـانی ڕۆژانـەی کۆمـەڵگا سـەرمایەدارە بەکاربەرەکانـدا، بـە مەبەسـتی خسـتنەکاری ئاوەز(عەقڵ)یان بۆ قوتاربوون لەو نامۆبوونە، ((ڕوانینی برێخت بۆ مێژوو

تەواو جووتە لەگەڵ ماتریالیزمی مێژووییدا، گرفتی نامۆبوونیش وەك خاڵی دەستپێك بەكاردێنێ))(7).

نامۆبوون Distanciation یان (نامۆكردن) بەسادەترین واتای كردنی شتە باوەكانە لای بینەر بەشتی نامۆو شاز، هاوكات كردنیان بەسەرچاوەی پرسیارو شوێن كەوتن، بۆرژواو چینە حوكمڕانەكان شتی یەكجار سادەو ساكار پێشكەش بەبینەر دەكەن، بەڵام لەراستیدا شتی تەمومژاویو پێچڕاوەنو لە دووتوێیاندا ئایدۆلۆژیای دژ بە خواستی جەماوەری زەحمەتكێش هەن، بەهۆی (نامۆبوون)ەوە كە داوای راگرتنی رووداو دەكات لەدرێژەی گێڕانەوە شانۆییەكەدا، بینەر هۆشی خۆی دەخاتە كار بۆ لابردنی هەر دەمامكێ كە هەرچییەكی پۆشی بێتو، بۆ رەخنەگرتنو گەیشتن لەماناكان، بەدوورو نزیكیانەوە، هەرچۆن سوود بەبینەر دەگەیەنێ بەهۆی شانۆی داستانییەوە لەرێی بەخشینینی خۆشیو چێژەوە، بەڵام هەروا چێژێكی هەرزانو پرووپووچ نییە.

لەزۆر جێگای (ئۆرگانونی بچكۆلە)ی برێختدا ئەمانە باسكراون، بۆ نموونە دەیەوێ شانۆ چێژ بداتە چینە هەژارو بێ بەشەكان، بەوەش ((بونیادی كۆمەڵگا دەنرێ لەسەر بناغەیەك لەچێژی ئەو حیكمەتەی چارەسەری گرفتەكان دەكەن، هەروەها لەسەر بناغەی تووڕەبوونێك كە دەكرێ لەئاقاریدا بەزەیی بەرامبەر چەوساوەكان بێتە گۆڕێ، لەگەڵ رێزگرتن لەئادەمیزادو خۆشەویستی مرۆیی))(8).

شانۆ لەدوا ویستگەی خۆیدا، بەتەنیا پانتاییەكە خەڵكی رووی تێدەكەن بۆ شكاندنی تەوقی سستیی ژیانو چێژوەرگرتن لەو نمایشانەی كەتیایاندا هونەر دەبینن‌ومایەی خێرن بۆ چارەسەری واقیعێكی تاڵ، ئەو شانۆیەش كەنەتوانێ چێژبەخش بێت بۆ بینەر، دەبێ چاوی پێدابخشێنرێتەوە، چونكە ژیان خۆیشی لەسەر جوداوازییەكانی نێوان جددییەتو گاڵتە دامەزراوە، ئەگەر ئەو ناكۆكییەش نەبووایە ئەوا ژیان نەدەبووە خاوەنی ئەفسوونو هێزە حەشاردراوەكانی خۆی.

دەبێ پێ لەوە بنێین ئاڵۆزیی لەوەرگرتنی شانۆییداو جێماوەکانی ئەو دیاردەیە لەدوای (ئەرستۆ)وە هیچ کەسێ بەوێنەی (برێخت)و شانۆ داستانییەکەی تێیان نەڕوانیوە.

ئەو، بینەری کردە هەوێنی سەرەکیی شانۆکەی، پاکژکردنەوەی کردە گۆڕان، وایکرد بینەر ببێتە خاوەنی واقیعو کاریگەر لەسەری، بەوەش وایکرد بینەری راماوی ببنە وەرگرێکی رەخنەگرو گفتوگۆکەرو ئاگادار لەو واقیعەی دەبێ لەڕێی نموونەی گریمانەییەوە، کە لەشانۆدا دەیبینێ، بگۆڕێت.

برێخت مەبەستی بوو شانۆو هۆڵەکەی پێکەوە بنو دابڕاو نەبن، هەر بۆیە (دیواری چوارەم)ی داڕمان تا پەیوەندی نێوان ئەکتەرو بینەران پتەوبێت، ئەو بینەرەی نابێ لەگەڵ رەوتی رووداوەکاندا جووت بێ، بەڵکو بەئاگابێو شوێن رووداوەکان بکەوێ بەهۆی(ئاوەز) هۆشیەوە، نەك سۆزو دڵیەوە.

### 3ـ شانۆی هەژار:

### بینەر بناغەی کردەی شانۆییە

جێرزی گرۆتۆفسکی، یەك لە کەڵە هونەرمەندەکانی ئەزموونگەریی شانۆییە، کەوا کاری کردووە بۆ هەڵوەشانی جێماوە شانۆییە جێگرەکان، بەهۆی رۆشنبیریی فراوانو قووڵیەوە توانیویە چاو بەچەمکی شانۆو سەنگیو ئەرکەکانیدا بگێڕێتەوە، ئەنجامی توێژینەوەکانی، لەدایکبوونی شانۆیەك بوو کە ناوی نا (شانۆی هەژار)و بەپلەی یەکەم جەختی لەسەر ئەکتەرە بەبێ لەبیرکردنی بینەرانی شانۆ، بەڵام هەموو پێکهاتەکانی دیکەی شانۆ، لای ئەو لە توانایدا بووە دەستیان لێ هەڵبگیرێت، بەتێکستی شانۆییو کەرەستەکانی سنیوگرافیاشەوە، چونکە ((رازی بوون بە هەژاریی شانۆو روونکردنەوەی لەهەموو شتێك، دەمانباتەوە بۆ بنەماو سەرچاوەکانی یەکەمی شانۆ))(9).

لەبەرئـەوەی گەڕانـەوە بـۆ سـەرەتاکان داخـوازیی گـەورەی شـانۆکارە پێشـڕەوەکان بـووە، هـەر بۆیـە لای گرۆتۆفسـکی گەیشـتن بـەو مەبەسـتە داماڵینی شـانۆ بـووە لەکەرەسـتەو دیکـۆرو تەواوکـەرەکان، کەبـەلای ئـەوەوە رووبەکی ناڕاستەقینەیان دەدایە شانۆ.

ئەو مەبەستی بووە جەخت لەسەر پەیوەندیی دیالیکتیکی نێوان ئەکتەرو بینـەر بکـات، لـەپێناوی هێنانـەدیی کـردەی بەشـانۆیی کردنـدا، کریسـتیان جیلـو ئـەو پەیوەندییـە لەشـانۆی هـەژاردا لەپەیوەندییـەکی ماتریـالی- مازوشـیدا دەبینێتـەوە، چـونکە ئەکتـەر لەلایەکـەوە بەدەسـت ئازارەکانیـەوە دەناڵێنیَ و لەلایـەکی دیکەشـەوە چێژ لەچالاکییەکەی وەردەگرێت، هەرچۆن لەلایـەکی تریشـەوە بینـەر چێژ لـەو ئازارەی بەرچاوی دەبینێ، چـونکە لای ئـەو، پـەی بردنـە بـەهێزەکانی نـاخ و رزگـاربوون لەهـەر شـتێ کەرەنگە بیخنکێنێت(10).

ستاتیکای شانۆی هەژار پانتاییەکی دیکەی شانۆیی هێنایە ئارا، جودا لە (قوتووی ئیتـاڵی)، لـەودیوەو لـەپێناو پاڵنـان بەبینـەرەوە بـۆ جووتبـوونی تـەواو لەگـەڵ رووداوەکانـداو بەشـداریی ویـژدانیی لەگـەڵ ئەکتەرەکانـدا، گرۆتوفسـکی داوایـدەکرد نمایشـی کارەکـانی لـەژوورێکی ئاسـاییدا بیَ کـە هـیچ دابڕانێـك نـەبیَ لـەنێوان نێـرەرو وەرگرانـدا، تـا ئـەو بەردەوامییـە گـەرموگوڕو راسـتەوخۆیە لـەنێوان هـەردوولادا بێتـەدیی بـەبیَ هـیچ بەربەسـتێك، گرۆتوفسـکی دەڵێـت ((دەبـیَ دوورایـی نێـوان ئەکتـەرو بینـەر نەهێڵین، ئـەویش بـە نەهێشـتنی سـەکۆی شـانۆو لابردنـی هـەموو سنوورێك، لێگەڕیَ باتوندوتیژترین دیمەن رووبەڕووی بینەر رووبدات لەیەك باڵی نێوان خۆی و ئەکتـەرەوە، بـا بینـەر بتوانیَ هەسـت بەهەناسـەکانی ئەکتـەر بکـات و بۆنی ئارەقەشی بکات، ئا ئەمەیە پێویستیی، کەهێنانە کایەی شانۆی ژوور فەرز دەکات))(11).

چیدی چـەمکی تەختـەی شـانۆ بـوونی نامێنـیَ، چـونکە گەمەکـە لـەنێو ژوورێکـدا ئـەنجام دەدرێـت، بـوونی ئەکتـەر لەتـەك بینـەردا هۆکـاری ئـەو نزیکی و تێکەڵبوونەوەیـە کـە ئەنجام رۆڵـی دەبیَ لەسروتئاسـایی نمایشـداو

هێنانە ئارای کەشێکی ئەفسووناویی، پیتەر بروك رای وابووە گرۆتۆفسکی تەنیا 30 بینەری لەنمایشەکانیدا بانگکردووە، چونکە ((ئەو باوەڕی وابووە کەگرفتەکانی ئەکتەر لەوە قورسترن بواری بدەن بیر لەبینەری زۆرتر لەو ژمارەیە بکاتەوە))(12).

دەشێ بۆشایی پانتایی شانۆ لای گرۆتۆفسکی لەئارەزوویییەوە بوو بێت بۆ بەرچاونەگرتنی بینەران، هەرچۆن نمایشەکانی بۆ ژمارەیەکی سنووردار لەبینەران، کە بە (دەستەبژێر) ناویدەبردن، لەوەوە بووە کە ئەو ژمارە بینەرە پەیوەست نەبوون بەهیچ پێوەندێکی ئابووریی، یان کۆمەڵایەتی، تەنانەت رۆشنبیرییەوە، چونکە مرۆڤی سادە کەلە هەگبەکەیدا پوڵو رۆشنبیریی شك نابات، دەتوانێ سەربکات بەشانۆیەکی هەژاردا، (کریستیان جیلو) ئەم خاڵە وەها شیدەکاتەوە ((شانۆکە بۆ دەستەبژێربووە، چونکە ئاڕاستەکاری گرووپی دیاریکراوی خەڵك بووە، ئەوانەی هەستدەکەن ئەو بینین و ئاشکراکردنە کارێکی پێویستە))(13).

ئەو مەرجەی بۆ بەشداریی هەر کەسێ بووە وەك بینەر لەشانۆکەی گرۆتۆفسکی دا، ئامادەباشیی بووە بۆ لەنێودا ژیانی سرووتێکی شانۆیی و ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی بووە، کاتێ بینەر لەرەگەزێکی هەڵچووەوە دەبێتە رەگەزێکی بکەرو کارا، واتە دەگەڕێ بەشوێن شێوەی نوێ بۆ وەرگرتن و بەشداریی، شانۆی هەژار شانۆیەکە عەوداڵی خاوێنییە، گرۆتۆفسکی دەڵێت ((ئێمە خۆشگوزەراندن پێشکەشی کەسێ ناکەین کەبچێتە شانۆ بۆ دابینکردنی پێویستیەکی کۆمەڵایەتیی، کە ئەو دابینکردنە دەخوازێ بەر رۆشنبیرییەك بکەوێت، ئێمە بینەرێکمان لا گرنگە کەپێویستی رۆحیی هەبێ و لەڕێی رووبەڕووبوونەوەی شانۆوە خودی خۆی شیبکاتەوە))(14).

بینەر گەر هەست بەپێوییستی جووتبوونی بێ قەیدو شەرت نەکات لە نێو نمایشی شانۆییدا، ناگاتە ئەو ئاستەی هۆشیار بێ بەرامبەر بایەخی شانۆو رۆڵی لەپاکژکردنەوەی رۆحداو بەخشینی وزەیەکی چالاکی نوێ، بەو رۆحە، هەروەها ناتوانێ تێکەڵ بەو ریسە ئاڵۆزە بێت، گەر وانەبێ، ئەوا

**ئاگای لەو پەیوەندییە دیالیکتیکیەی نێوان خۆیو رۆح نابێ بۆ پارسەنگ راگرتن لەسەر هەموو ئاستێك.**

**پەراوێزەکان:**


1- A. Artaud: Oeuvres Completes. II. Gallimard. 1976.p،17.

2- A. Artaud: Le theartre et son double. Gallemard. Paris 1964. p 126.

3- Gerard Durozoi: A. Artaude I alienation et la folie. Larousse. Pris. 1992،p، 148.

4- J.J. Roubine: introduotion aux grandes theories du theatre. Bordas. Paris. 1990. p،150.

5- Franco Tomelli: lesthetique de la cruaute. Ed.A.G.N. Nizet paris. 1972.p.43.

6- برتولد بريشت، نظرية المسرح الملحمي، ت: جميل نصيف، عالم المعرفة، بيروت، ص/28.

7- احمد العشري، مسرح برتولد بريشت بين النظرية الغربية والتطبيق العربي، عالم الفكر، م21، ع3، 1992،ص18.

8- برتولد بريشت، نظرية المسرح الملحمي، ص335.

9- جيرزى جروتوفسكي، دروس من مسرح جروتوفسكي التجريبي، ت: هناء عبدالفتاح، مطابع الآثار المصرية، ص28.

10-Cristian Gilloux: le theetre face anous “in”. planetplus. Fevrier. Paris،1976، p:32.

11- جيرزى جروتوفسكى، نحو مسرح فقير، ت: كمال قاسم نادر، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ص40.

12-بيتروبروك، المساحة الفارغة، ت: فاروق عبدالقادر، كتاب الهلال، 1986،ص 97.

13-Cristian gilloux. Jerry Grotowsky. Planete plus. Op.cit.p.35.

14- جيرزى جروتوفسكى، نحو مسرح فقير،ص38.

---

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی:** منتديات اتحاد كتاب الانترنت العرب.

# دیاردەی تیرۆر لە بەرهەمەکانی پیسکاتۆرو بریٚختدا

میشیل باتیرسون

هەرچەندە (Walter Laqueur) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێناسەی (تیرۆر) چ ئێستاو چ لە ئایندەی چاوڕوانکراودا ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ هەندێ لە رەگەزە بنچینەییەکانی ئەو زاراوەیە باسیان لێوە بکرێت.

فەرهەنگی (Blackwell) بۆ هزری سیاسیی پێناسەی تیرۆر بەوە دەکات کە (شێوەیەکە لە شێوەکانی توندوتیژی سیاسی، بەرامبەر دەسەڵاتی میریی دەنوێنرێت، بەڵام زۆرجار خەڵکی ئاسایی پێوە دەبن، مەبەست لێی دروستکردنی کەشێکی تۆقێنەرە، تامیری وەڵامی داواکاریی تیرۆریستەکان بداتەوە.

لە بەریتانیاش یاسای دژە تیرۆر لە ساڵی 1976دا لەبەندی (14) یەکەمدا باس لە تیرۆر دەکات بە: بەکارهێنانی توندوتیژیی بۆ ئامانجی سیاسیی، واتە پەنابردنە بەر کاری توندوتیژی بۆ چاندنی ترس لە دڵی خەڵکیدا.

دەکرێ لەو پێناسانەوە، سێ دیاردە بۆ تیرۆر دیاریی بکەین، یەکەم: دەبێ تیرۆر پەنا بباتە بەر چالاکییەکی توندوتیژیی، وەك کاولکردنی موڵكو ماڵو کوشتنی خەڵك.

دووەم: دەبێ ئەو چالاکییە تیرۆریستانەیە، خاوەنی پێشینەیەکی ئایدۆلۆژیی هاندەر بێت، چونکە توندوتیژیی کوێرانەو بێ هۆکاری سیاسیی بەتیرۆر دانانرێتو ئەنجامدەریشی بەتیرۆریست نازانرێت.

سێیەم: هەرچەندە تیرۆر بریتییە لە بەکارهێنانی توندوتیژیی بەرامبەر بەدەسەڵات، هەرچۆن لە سەرەدەمی تیرۆری فەرەنسیدا هاتەدیی، بەڵام لە زمانی نوێدا چالاکیی تیرۆر هەمیشە بەواتای رووبەڕووبوونەوەو کردارێك دێ بۆ گۆڕینی سیستمی باو، پاشان دژ بەدەسەڵاتی دەوڵەتو ئەوانەیە کە پشتگیریی لەو رژێمە دەسەڵاتدارە دەکەن، تەنانەت ئەو خەڵکە ئاساییەش کە دەشێ رازی بن بەدەسەڵاتداریی رژێمەکەیان.

ڕەنگە هەرسێ دیاردەکە پێکەوە تیرۆر بخوڵقێنن، بەڵام جیاوازیی هەیە لەنێوان چالاکیی توندوتیژانەو ئایدۆلۆژیای سیاسییانە لە مێژوودا، چونکە چالاکیی توندتیژانە کە لە پەلاماردانی دەسەڵاتدا خۆی دەنوێنێت دەبێتە خەسڵەتی دیاری ژمارەیەك لە تاوانباران، بەڵام ئایدیۆلۆژیای سیاسیی لەگەڵ بانگەوازی گۆڕین لە ڕەگو ریشەوە، کۆمەکی جوڵانەوە شۆڕشگێڕانەکان دەکات، بەڵام نە خاچ پەرستان، نە مافیاو نە ڕێکخراوی نیشتمانیی ئێرلەندی (Sinn Fein) بەمانای وشە تیرۆریستی نەبوون، ئیتر هەستی مرۆڤ بەرامبەریان هەر چییەك بێت.

هەندێ جار تیرۆر دەبێتە بابەتێکی نموونەیی بۆ درامای نوێ، چونکە دراما بەخێرایی کرداری وروژێنەر، مشتومڕی سیاسیی، ململانێی کەسیی دەگرێتە خۆ، ڕێگا بۆ بینەر خۆشدەکات بڕوانێتە گۆشەیەکی نادیاری کۆمەڵگای سەردەم، کە ڕەنگە ئەو دیاردەیە پەیوەندیی بەژیانی ئەوانەوە هەبێت.

لێرەوە لە ئەو هۆکارانە دەکۆڵینەوە کە دووان لە ڕابەرانی درامای سیاسیی سەدەی بیستەم پێی بوونە خاوەنی ناوبانگ، ئەوانیش (پیسکاتۆر)و (بریخت)ن، واتە لە بابەتی تیرۆردا لەکارە شانۆییەکانیاندا.

## پیسکاتۆرو بریختو تیرۆر

بۆ ئەنجامدانی باسەکەمان، پەنا دەبەینە بەر دوو بابەتی دژ بەیەکتر، یەکەمیان گەشتی پیسکاتۆر لە سەرەتای کاری کلاسیکیدا، دووەمیش شانۆگەریی هەر چۆن بریخت دەیبینێت، کە ئاماژەکانی بەرایی، لە ئایندەی شانۆدا وەدەرکەوتن.

بۆ ئەم مەبەستەش ئاماژە بە بۆ بەرهەمێکی پیسکاتۆر دەکەم لە ساڵی 1926دا کە ئەویش (دزەکان)ی شیللەرە، هەروەها بۆ بەرهەمێکی بریخت (ئەو ڕێو شوێنانەی گیرانە بەر) کە ساڵی 1930 نووسیویەتی.

فریدریك شیللەر شانۆگەریی (دزەکان)ی Schiller لە ساڵی 1780دا نووسیوە کە هێشتا خوێندکار بووە،نیشانەکانی ئەم کارە بەتەنیا قۆناغی

هـەرزەكاریی نووسـەرەكەی نیشـان نـادەن، بـەڵكو قۆنـاغی بـەپیتی ئـەدەبیی ژیانی ئەویش دەردەخەن.

شـیللەر (دزەكـان)ی لـەژێر كاریگـەری شەكسـپیری مەزنـدا نووسـیوە، كـە نـەیتوانی لـەبریی ئـەو پـەنا بەرێتـە بـەر (كونیـلو راسـین)، وەك نموونـەی شـانۆی ئـەڵمانی، شـانۆگەرییەكە بـەجۆرێكی میلـۆدرامیی چـنراوە، كـە دەنگەكانی نادیارو چنینەكە ناڕێكە، كارەكەی ئەو لەسەر گوتاری درۆزنانە، پەیامبـەری خۆگـۆڕ، جووتـێ بـرای باشو خـراپو پیرە باوكەكـەیان كـە وەك (جلوستە)ی شالیر وەهایە، بەوە لە خشتە دەبرێت كە گوایە كوڕە باشەكەی ناپـاكی لەگـەڵ كـردووەو خراپەكەشـی خۆشـیدەوێت، كارەكـەی شـیللەر نموونەیەكی ئەدەبییەو تیایدا ڕەوانبێژی بەهێزو رستەكانی فەلسەفین.

كاتـێ (برێخـت) ئامـادەی نمایشـی (دزەكـان) بـوو لـە كۆبوونەوەیـەكی سـەندیكادا سـاڵی 1920، یەكسـەر هەسـتی بەخەسـڵەتە میلۆدرامییـەكانی كـرد، لەگـەڵ ئەوەشـدا، شـیللەر سەرچـاوەی ئیلـهامی یەكـەمین گروپـی تیرۆریسـتەكانی رژێمێك بـوو، كـەوا (ئەسـكەندەری دووەم) یـان لـە 1881دا تـیرۆر كـرد، ئـەوان لـە یەكـەمین كۆبوونەوەیانـدا لـە (لایبزیـك) لـە 1789دا رایانگەیانـدووە (بەشـێوازێك دەجـەنگن كـە "ولیـەم تیـل" پێـی دەجـەنگا، ئەمەش ئامارژەیە بۆ شانۆگەرییەكەی ساڵی 1804ی شیللەر.

سـەبارەت بـە (دزەكـان)، بەدرێـژایی دوو سـەدە، ئـەو شـانۆگەرییە مـافی ئەوەی هەیە بانگەشە بكات كە لەو شانۆگەرییانەی باسیان لە تیرۆر كردوە پلـەی یەكـەمی بەدەسـتهێناوە، شـانۆگەرییەكی وەكـو (یۆلیـۆس سـیزەر) وێنەی كردەوەیەكی تـیرۆری كێشاوە كە لـەرێی پلانێكەوە رژێمـی حوكمڕان دەڕوخێـــنن، بـــەلآم (پـــرۆتس) كودەتایـــەك بەئەفســـەران دەكـــات، نـــەك تیرۆریسـتان، لـە (دزەكـان)دا هەرسـێ ڕەگـەزە باسـكراوەكە هـەن، كـە تـیرۆر پێكـدەهێنن، كـردار بریتییـە لـە توندوتیـژیی، تیایـدا شـار دەسـووتێنرێو دەسـت لـە كچـە راهیبـەكان(قەشـە ژنـە رەبەنـەكان) دەوەشـێنرێت، دەسـتەی دزان لـە دەرەوەی یاسـادا كاردەكـەنو دەیانـەوێ هەركـەس لـە دەسـەڵاتدایە

تێکیبشکێنن، لێرەدا پرسیارێ دروست دەبێ: ئایا دەکرێ تیرۆر باش باس بکرێتو ئاخۆ پەیوەستە بەئایدیۆلۆژیایەکەوە؟

سەبارەت بەپاڵنەرەکانی پاڵەوان قسە هەیە، ئاخۆ سیاسیین، یان شەخسین، (کارل مۆر) بەوە ناسراوە کە لە پێناوی دادپەروەریدا پەنای بردۆتە بەر توندوتیژیی، نەوەك لە پێناوی پارە پەیدا کردندا..! کارل مۆر پاڵەوانی دزەکانەو ئەو لە پێناوی دزیدا مرۆڤ ناکوژێت، ئەو باکی بەپارە نییە، بەڵام ئەگەر دەستی بگاتە: خاوەن زەوییەك کە وەکو ماڵات تەماشای جوتیارەکانی بکات، یان کەسێ کەشو فش بەماڵی دزراوەوە بکات، یان کەسێکی تر کە یاسا گەندەڵ بکاتو چاوی دادپەروەریی بە بەرتیل کوێر بکات، یان لۆردێکی بچووك لە جلوبەرگی کەشخەیدا.. خودایە.. ئەگەر ئەو لە جێگای خۆیدا بێ وەکو شەیتان رادەپەڕێ، هەروەك هەموو گیانی ئاگرێ بێ لە تووڕەیی...

کارل مۆر ئەوانە بەم چەند وشەیە کورت دەکاتەوە:

من دز نیم تا لەگەڵ حەزو شەودا پلان بگێڕم، کاری من سزادانەو بازرگانی من تۆڵە سەندنەوەیە.

لەگەڵ ئەم مۆتیفە (روبن هوودییە) بۆ چارەکردنی هەڵەکانی جیهانێکی بێ بەزەییدا، نکۆڵی ناکرێ لەوەی هۆکاری بەرەنگاریی (کارل مۆر) بۆ دەسەڵات لە باوکی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە کە کوڕەکەی رەت کردۆتەوەو پەیوەندیی بەهیچ ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییەوە نییە، ئەو دژ بەزوڵمە، کەچی خۆشی کردۆتە حوکمداری دەستەیەك لە دزانو بەدڵڕەقییەوە مامەڵەیان دەکات. گوزارشتەکانی نیمچە سیاسین، بەڵام نابنە بنەمای هیچ بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانەی راستەقینە..

دوای ئەوەی کۆنترۆڵی ماڵەکەی دەکرێت، (مۆر) دەبێتە هۆی کوژرانی باوکیو برایەکیو کچە عاشقێکی، ئەنجام لەڕێی پیاوێکەوە خۆی دەداتە دەست میری، تا ئەو پیاوە پاداشتێ وەربگرێتو بەو هۆیەوە یانزە مناڵەکەی بژیێنێت.

دەتوانین بڵێین (دزەكان) یەكەمین شانۆییە لە جیهانی شانۆدا مامەڵەی لەگەڵ تیرۆردا كردبێت، تەوەری سەرەكیی ئەم شانۆگەرییە نیشاندانی چارەنووسی دوو كەسە كە سیاسیی نین و بەهۆی چەند ئەڵقەیەكی میلۆدرامییەوە پێكەوە بەستراون.

كاتێ (Leopold jessner) ساڵی 1926 بانگێشتی پیسكاتۆری كرد تا لە شانۆی بەدیمەنی بەرلین دەرهێنانێ ئەنجام بدات، ئەمیش بڕیاری دا كە كارێكی كلاسیكی پێشكەش بكات، بەڵام بەشێوازێ جەماوەری ئەو سەردەمە نوێیە پێی ئاشنا بن، (جیسنەر) دوای شەڕی یەكەمی جیهان وەك بەڕێوەبەری ئەو شانۆیە دامەزرابوو، ساڵی 1919 شانۆكەی بە (ولیەم تێل)ی شیللەر كردەوە كە باسی لە خەباتی گەلی سویسری دەكرد لە پێناوی ڕزگاریی وڵاتەكەیاندا، ئەمەش ئاماژە بوو بۆ ئەڵمانیای نوێ دوای ڕوخاندنی حوكمی Kaiser.

نوێ كردنەوەی كارە كلاسیكییەكان (نەك تەنها نیشاندانی هاملێت لە خوانی ئێوارەداو بە بۆینباخەوە) هەوڵێكی باش بوو بۆ دەرخستنی پەیوەندیی هەریەك لە كارەكانی ڕابردوو بەخەڵكی سەردەمەوە، ئەمەش بووە باو، نمایشی بریخت بۆ شانۆگەریی (ئەدواردی دووەم)ی مارلۆ بەدیدی خۆیەوە ساڵی 1924 بەنمایشێكی گونجاو ناوبراوە، جیسنەر كاتێ ساڵی 1920 (ریچاردی سێیەم)ی شەكسپری خستە سەر شانۆ مەبەستی وەئاگاهێنانەوە بوو لەمەترسییەكانی دیكتاتۆریەت، پاش ئەوەی (پیسكاتۆر) تۆڵەی خۆی بە (دزەكان) كردەوە، ساڵی 1926 (جیسنەر) بیلاتی بە ئەڵمانیا شوبهاند لە ڕابردوویەكی نزیكدا، لە (هاملێت)ی ئەودا (كلاودیوس) وەك (Kaiser welhelm) نیشان درابوو.

هەروەها ساڵی 1921 ئێریك زیجزل-ی دەرهێنەر (دزەكان)ی لە بەرگێكی نوێدا خستە سەرشانۆ، بەكڵاوی ئاسن و تۆپی عەییارە 98 ملم و بەیداخی سوورەوە!

لەگەڵ ئەوانەشدا، پرۆگرامی پیسكاتۆر ڕادیكاڵی تربوو لە (زیجل)، ئەو بەشێوازێكی نەشیاو چیرۆكەكەی نیشاندا، چی مشتومڕی فەلسەفیی هەبوو

فرێی دابوو، لە ناوەرۆکە میلۆدرامییەکەی کەم کردبووەوەو دەوری چەندین کاراکتەری لاوەکی نەهێشتبوو، تەنانەت (شبیجل بیرج)ی ئاژاوە چی کردبووە پاڵەوانی شانۆگەرییەکە.!

پیسکاتۆر لە کتێبەکەیدا (شانۆی سیاسیی) لەسەر ئەو کردەوەیەی ئاوا نووسیبوو: (بیرج) فێڵی درامیی منە، رێکخەرو بارومەتری تایبەتە، من کە ئەوەم دیی هاربووم، ئەو پیاوە بچووکەو (کارل مۆر) کەسێکی گەلۆری رۆمانسییەو چەتە پیاوکوژەکانی دەوریشی لە دەستەیەك دزو جەردە بەولاوە چی تر نین، ئیتر هەرگیز کۆمۆنیست نین، سەیرە، چۆن ئەو پیاوە بچووکە کە بەمانای وشە خراپ بووەو باوکی راستەقینەی نەبوو چۆن لە مەجلیسی لۆردەکاندا خۆی دیوەتەوە! کە هەرگیز خەسڵەتی پیاوی خۆشەویستی نەبووە!

بۆ روونکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە، پیسکاتۆر بەرگێکی کردۆتە بەری (شبیلبیرج)، وەك بەرگەکەی چارلی چاپلن، لەو ماوەیەشدا فیلمەکەی چاپلن (The Gold RuSh) لە سینەمای بەرلیندا بەشی شێری پێ برا بوو.

سبیلبیرج هاورێکانی (مۆر) رازی دەکات ببنە دز، لای شیللەر ئەوە سەرچاوەی نەهامەتی بووە بۆ مۆر، چونکە وا بەرەو خراپە کردن دەچێ، هەرچۆن (ماکبێس) کەوتە ژێر کاریگەریی جادووگەرەکانەوە.

بەڵام لە دارشتنەوەکەی پیسکاتۆردا (شبیلبیرج) هۆشیاری چینی کرێکار بەرز دەکاتەوە بۆ مافەکانیان و پاڵیان پێوە دەنێ بۆ کردەوەیەکی توندوتیژانە بەئاراستەیەکی سیاسییانە، لە واقیعدا (شبیجلبیرج) وەك پیکساتۆر دەیویست، دزەکانی شیللەری کردبووە کۆمەڵێ تیرۆریست، لای پیسکاتۆر مەرگی ئەو پاڵەوانە مەرگی کۆمۆنیستێکی خاوەن خەونە، لەبری ئارەزووی تۆڵەسەندن بانگەوازی ئازادیی بلند دەبێتەوە.

بەڵام برێخت کەمتر لەسەر گروپە شۆرشگێرەکانی نووسیوە، هەرگیز بەو مانایەی خۆی ویستویەتی تیرۆریستانی نیشان نەداوە، ئەو، یەکەم نیشاندانی بۆ وێنەی شۆرشگێرەکانی لە (ئەسبرتین) لە شانۆگەرییەکی سەرەتای نووسینەکانیدا بوو کە ئەویش (دەهۆڵ لە شەودا) بووو ساڵی

1922 لـە "میـونیخ" بـۆ یەکـەمین جـار نمایشـکرا، تیایـدا پاڵەوانەکـەی (کراجلەر) لە پێناوی شۆڕشێکی هیوا بڕاودا دەستبەرداری ژنەکەی خۆی دەبێت.

ساڵی 1932 (دایـك)ی نـووس، تیایـدا باسـی پـەروەردەکردنی سیاسـیی ژنێکی سادەو ساکار دەکات، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەوە نییە کە گروپـە شۆڕشگێڕە، کە ژنەکە یەکێکیانـە، مەبەستیان بووبێت پـەنا بەرنـە بـەر هـیچ کـارێکی تیرۆریسـتانە، لــە (تفەنگــەکانی ســینۆرا کــارار)ی (1937)یشــدا کوڕەکانی سینۆرا خزاونەتە کاری توندوتیژییەوە، بەڵام لە جەنگی ئەهلیدا نـەك وەك تیرۆریسـت، لـە (تـرس و کلـۆڵی رایخـی سـێیەم)ی 1938دا خۆمـان لەبەردەم دەستەیەك لە بەرگریکاران دەبینینەوە کەوا بەرامبەر فاشییەکان دەجـەنگن، بــەڵام هــیچ ئاماژەیــەك نییــە بێجگــە لــە گرتنەبــەری شــێوازی ئاشتیخوازانە.

هەروەها لە شانۆگەریی (ڕۆژانی کۆمۆنەدا) Commneی 1956دا باس لە گرفتــی پارێزگــاری لــە شــۆڕش بــەهۆی هێــزەوە کــراوە، هــەروەها لــە داڕشتنەوەی (ئەنتیگۆنا)دا لە 1948دا یـەك کـەس دەردەکـەوێ کە تـەواو دژ بەدەسەڵاتی زۆردارانەیە.

جێـی سـەرنجە، لـە شـانۆگەرییە تەعلیمییەکانیـدا، برێخـت لـە سـەرەتای سییەکاندا زۆر لە شیکردنەوەی دیاردەی تیرۆر نزیك بووەتەوە.

ئەو جۆرە شانۆیە میتۆدێکی نوێی بەدراما بەخشی، مەبەستی فێرکردنی چینێك بـوو نـەوەك دڵشـادکردنی جـەماوەر، کاتـێ دیـارترین شـانۆگەریی لـەم میتـۆدە بـەناوی (ئەوانـەی ئـەنجام دران) لـە 1930دا لـە بـەرلین نمایشـکرا، تیایـدا سـێ هـەزار کرێکـار (کۆرسـی بڕیـاردان) گۆرانییـان چـڕی، تیایـدا توندوتیژی سیاسیی لوتکەی ئەم کارە بوو، بەڵام توندوتیژییەکە بەرامبەر کەسـێك بـووە لـە گروپێکـی شۆڕشـگێڕ، نـەوەك تـیرۆر بـێ بەرامبـەر دنیـای دەرەوە.

ئەوەی تێبینی کراوە، لای هەریەك لە پیسکاتۆرو برێخت زیرەکیی هەیـە، بەڵام زۆر سەرکەوتوو نییە، چونکە بانگەواز بۆ شانۆیەکی سیاسـیی دەکـەن

که روون‌و ئاشکرا بێ، نەوەك تەمومژی سەردەمە سەرەتاییەکانی پێوە بێ، بەڵام لای ئەمانیش مشتومڕی عەقلانی نەبوو، لە یەکێك لە بەشەکانی (شانۆی سیاسیی)دا پیسکاتۆر پێویستیی هونەر لە بوونی (عەقڵی پێگەیشتووو خاوێندا دەبینێتەوە).. ئەو هەرچەندە گاڵتە بەئایدیای سەدەی نۆزدە دەکات کە شیللەر نوێنەرایەتی کردوە، بەڵام خۆیشی نموونەی ئەوتۆی هێناوەتەوە کە لۆژیکی نەبوون! بریخت زۆر بەباشی ئاگاداری ئەو کە مەترسییانە بووە کە هاتوونەتە ڕێی نیمچە شۆڕشی دراما.

ئەو سۆزەی ئەکتەرەکان دەریانبڕیوە، کاتێ ژنەکانیان لەسەر شانۆ خیانەتکار دەرچوون، بەهەمان شێوە کاتێ سەرمایەداریێ کرێی کەم کردوەتەوە، ئەو سۆزەیان نیشانداوەتەوە.

بینەر وا نەماوە لە حاڵەتی چاودێریدا بێت، بزانێ ئاخۆ ڕۆمیۆ بەجولێت شاد دەبێت، بەڵام ئەوان پەرۆشی ئەوەن بزانن، ئاخۆ چینی کرێکار دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن یان نا.

ساڵی 1955 ئێرنست شوماچەر (Ernst Schumacher)ی ڕەخنەگری بەناوبانگی ئەڵمانی گومانی خۆی لەمەڕ شانۆکەی پیسکاتۆر دەربڕیو، ئەو وتویەتی (تێخزاندنی چەند دیمەنێك لە کارەکەداو لابردنی نێوانی شانۆو ڕاستی کە پیسکاتۆر هەوڵی بۆ داوە بیهێنێتەدی، وای کردووە وەهمی شانۆیی تەواو ڕوپۆش کرابێت، تا بینەر بتوانێ بەروونی بیربکاتەوە).

لەگەڵ ئەوانەدا، بریخت هەوڵی داوە زۆرتر گۆڕان بکات، تەنیا لە ناوەرۆکدا نا، بەڵکو لە فۆرمیشداو پێشوازیی لە شانۆی نوێ بکات، ئەوان، واتە پیسکاتۆرو بریخت دووان لەکەسایەتییەکانی شانۆی سیاسیی سەدەی بیستەمن کە ویستویانە چارەسەری ڕووداوەکانی شۆڕش بکەن لەڕێی توندوتیژییەوە، بەڵام لە پەراوێزدا.

کە هەندێ دیاردەی تیرۆریش لە شانۆیاندا دەبینرێتەوە، ئەوا ئەوان پەردەپۆشی کاری سیاسیی عەقلانییان کردوون، مردنی پاڵەوانێ، یان کوشتنی کەسێك وەك ئوتومبیلێکی مین ڕێژکراو، یان ڕفاندنی چەند دەست بەسەرێك نییە، بەکارهێنانی توندوتیژی لای هەردووکیان وەك شێوازێکی خەباتی سیاسیی شتێکی گونجاوە، گەر ئاگاداری بەرگریی ئەوان بین دژی فاشیزم.

سەرچاوە:

میشیل باتیرسون، الأرهاب والمسرح الحدیث، ترجمة: د. امین حسین الرباط، القاهرة، اکادیمیة الفنون، 1996.

# دەرهێنانی شانۆیی و ئاراستە هونەرییەکانی

د. جمیل حمداوي

دەرهێنانی شانۆیی لەسەرەتادا پەیوەست بووە بە نووسەری شانۆییەوە، کاتێ تێکستی داهێناوە کۆمەڵێ ڕێنمایی و ئامۆژگاری دەرهێنانی تیادا دەستنیشانکردوە کە تایبەت بوون بە ئەکتەرەکان و تیایاندا سەرنجی ئەوتۆ دیاریکراون کە بەکەڵکی دەستنیشانکردن و نمایش و ئاخافتنیان و جووڵەیان لەسەر شانۆ هاتووە.

ئەمە لە شانۆی گریك و ڕۆمانی و شانۆکانی خۆرئاوادا باو بووە، بە تایبەت لەشانۆی شەکسپیردا کە ڕێنماییەکانی دەرهێنان بەجوانی خراونەتەڕوو، پاشانیش، ئەرکی دەرهێنان سپێردراوە بەدیارترین ئەندامی گروپ و باشترین ئەکتەر کە کاریگەریی گەورەی هەبووە لە بەڕێوەبردنی گروپەکەو کارەکانیدا. بەدرێژایی سەدەی بیستەمیش، دەرهێنەر بریتی بووە لە ئەکتەری هونەرمەند و مامۆستای مەشقکارو بەڕێوەبەری کارگێڕیی کەوا سەرپەرشتی ئەو شانۆیەی کردوە کە کاری تێدا ئەنجامدوە، ڕێنمایی ئەکتەرەکانی کردوە و لە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکییەوە بەشوێن تازەترین ئەزموونی شانۆییدا گەڕاوە.

دەرهێنەری شانۆیی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا دەرکەوتووە، لەو دەمەدا بە (ڕیژیسیۆر- Regisseur) ناسراوە، هەرچەندە زاراوەی ( دەرهێنان) لە بیستەکانی ئەو سەدەیەوە کەوتوەتە بەرگوێ. یەکەمین دەرهێنەر لە مێژووی شانۆی خۆرئاوادا بریتی بووە لە شازادە جۆرجی دووەم، یەکەمین کاری دەرهێنانی لە ساڵی 1874دا پێشکەشکردووە، بەوەش هەوڵیداوە لەسەر بنەمای دەرهێنانی نوێ گەشە بە شانۆی نوێ بدات.

کەواتە، ئەو قوتابخانە هونەرییانە کامانەبوون کە دەرهێنان لە شانۆی خۆرئاوادا و بەدرێژایی ئەفراندنەکانی هێناویە کارا؟ پاشان، ئەو میتۆدە هونەری و تەکنیکییانە چی بوون کە دەرهێنانی شانۆیی پشتی پێبەستوون؟

**أ/ ئاراستەی ڕیالیزم لە دەرهێنانی شانۆییدا :**

**ساکس مینجن و وردەکاریی ڕیالیزمی مێژوویی**

ساکس مینجن یەکەمین دەرهێنەرە لە مێژووی شانۆی خۆرئاوادا، بەشدارییکردوە لە بەرهەمهێنانی وێنەی شانۆیی – شێوەکاریی خاوەن رەهەندی ستاتیکی کە سەرجەم پرۆسەی نمایشە شانۆییەکەی گرتووەتەوە.

مینجن بنەماکانی شانۆی تەقلیدیو سیستمی بالیە و بیرۆکەی بە ئەستێرەبوونی هونەرمەندی تێپەڕاندوە و لەبری ئەوان شێوازی کاری (بە کۆمەڵی) لە شانۆدا داهێناوە و هەوڵیداوە هەمەجۆریی لە ئاستی شانۆدا دەرکەوێ، لەبریی ئەو سستییەی شانۆ لەیەك ئاستیی خۆیدا پێوەی دیار بووە، هەرچۆن سیستمی دیسپلینی لە مەشقی ئەکتەرو ئاراستەکردنی ئەندامانی تیپەکەیدا پەیڕەو کردوە، بەو پێیەش سیستمی ئەکتەری ئەلتەرناتیفی داهێناوە و جووڵەی کۆمەڵە ئەکتەری هێناوەتە سەرشانۆ کە ئەکتەرێکی دیار سەرکردایەتی ئەکتەرەکانی شوێن خۆی کردوە؟ ئەم دەرهێنەرە کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر دەرهێنەرانی دیکەی وەکو ستانسلافسکیی رووس و راینهارتی ئەڵمانی و ئیرفنجی بەریتانی.

مینجن، بە وردەکاریی مێژوویی و رەسەنێتی ریالیزمی لە گوزارشتی شانۆییدا ناسراوە، بەتایبەت لە شانۆگەرییە مێژووییەکەی (یۆلیۆس سیزەر)دا کە ئەو شێوازە مێژوویییە رۆمانییەی وەرچەرخاندووە بە ئاستێکی دیکە لە رووی سینۆگرافیا و دیکۆر و ئێکسسوارەوە.

### ب/ ئاڕاستەی ناتوریالیزم لە دەرهێنانی شانۆییدا:

### ئەندریە ئەنتوان لە نێوان ناتوریالیزم و تیۆری دیواری چوارەمدا

ئەندریە ئەنتوان (1858–1943)ی خاوەنی شانۆی ئازاد بە خاوەنی قوتابخانەی ریالیزمی فۆتۆگرافی ناسراوە لە شانۆی نوێدا، لەوەشدا کاریگەری ڕێبازی ناتوریالیزمیی (ئیمیل زۆلا)ی لەسەر بووە.

ئەندریە ئەنتوان وردەکاریی ژیانی ریالیزمانەی ناتۆریالیزمی گواستووەتەوە سەر تەختەی شانۆ، بەشێوەیەکی دەقاودەق، هەرچۆن خاوەنی تیۆری دیواری چوارەم بووە، کە بریتییە لە ڕێزگرتنی پەیوەندیی ئەکتەر بە بینەرەوە، ئەویش لە پێناوی دروستکردنی (ئیهام) لەشانۆدا.

**پ/ ریالیزمی سایکۆلۆژیی:**

**سانسلافسکی و ریالیزمی ناوەکیی لە شانۆدا**

کۆستانتین ستانسلافسکیی گەورە دەرهێنەری ڕووس لە مەشقدا پشتی بە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی بەستووە، سەرکەوتوو بووە لە نزیککردنەوەی ریالیزم و سایکۆلۆژیادا و ئەوەش بووە بە میتۆدی ناسراوی کارکردنی ستانسلافسکی، کورتەیەکی وانە ڕۆژانەییەکانی وەك مەبەست و تیۆر و ڕێنمایی بە دەرگاکانی شانۆکەیدا هەڵدەواسی کە کەوتبووە ناوەڕاستی مۆسکۆوە، ئەوانە دەروازەی بنچینەیی و مەبەستەکانی بوون بۆ مەشقی ئەکتەر.

ستانسلافسکی پشتی بەستبوو بە شانۆییەکانی چیخەف و ئیبسن و دیستویفسکی (بۆ نواندن و مەشق)، شانۆنامە دەقاودەق بۆ ئەکتەرەکان دەخوێنرایەوە و پاشان راڤە زمانەوانی و دەلالییەکانی بۆ دەکرا. پاشان مەبەستە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی نێو ناوەرۆکیان دیاری دەکرا. دوای لێبوونەوە لە پرۆسەی خوێندنەوە، شانۆنامەکە دابەشدەکرا بەسەر ئامانجە گشتی و تایبەتییەکاندا لە ڕێی میتۆدی ڕەوشتییەوە، ئینجا ئەکتەرەکان دەکەوتنە خوێندنەوەی دەورەکانیان و لێکۆڵینەوەیان و دابەشکردنیان بەسەر هزر و مەبەستەکانی نمایشدا، بۆ تێگەیشتنی تەواو لە بیرۆکە گشتییەکە. پاشان مەشق لە ڕێی شیکردنەوەی لایەنی سایکۆلۆژی و سروشتیی دەورەکانەوە دەستی پێدەکرد و پشت دەبەسترا

بە یادەوەریی هەڵچوون و ئەزموونی کەسیی لە ڕێی لێکچوواندن و هەژاندنی هەڵچوونەکان و دوورکەوتنەوە لە گرژیی دەروونی و بەکارهێنانی جەخت و ئاگاداری. ئەو دەرهێنەرە لە مەشقەکانیدا پەیڕەوی گریمانە و ئەگەرە مەرجدارەکان، یان هەڵسوکەوتییەکانی دەکردو بۆ ئەوەش سوودمەند بوو لە هەردوو گریمانەی (ئەگەر) و (یان) بە مەبەستی چۆنێتی نمایش و تێگەیشتنی تەواو لە کاراکتەر و شۆڕبوونەوە بەناخیدا.

ئەکتەری ئەو، پەنای دەبردە بەر خاوکردنەوەی ماسولکەکانی و ئەنجامدانی چەند جوڵەیەکی وەرزشی و هونەرە یاریدەدەرەکانی وەك موزیك و بالیە و سەما و مەشقی دەمودوو. ئەکتەر لە رامانی هۆشەوە(ئاوەز) بۆ کاراکتەرەکەی، هەوڵی یەکخستنی وشەو جوڵەی لەرێی دیاریکردنی زیندووی واقیعییانەوە دەدا، هەربۆیە پەنای دەبردە بەر (ئیرتیجال) لە پرۆسەی نواندندا، ئەویش لە پێناوی جوان رایی کردنی دەورەکەی. ستانسلافسکی، یەکەمین دەرهێنەرە دوای کۆمیدیای (دی لاتی)ی سەدەی شانزەیەم کە تەکنیکی (ئیرتیجال)ی گەڕاندوەتەوە سەر تەختەی شانۆ. ئەکتەرەکان سەردانی ئەو شوێنانەیان دەکرد کە پەیوەندییان بە کاراکتەرەکانی خۆیانەوە هەبوو، هەرچۆن سەریان دەکرد بەماڵی یەکتردا تا لە رەوشی کەسی و دەروونیی یەکتربگەن، ئەو رەوشەی ئەکتەرەکان دەیانبردە سەرو کاریگەریی (ئەریێ) یی لەسەر نواندنی سەر شانۆی هەر یەکێکیان هەبوو، ئەوەیان دەکرد بۆ ئەوەی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتیی لە نێوان ئەندامانی تیپەکەدا بێتەدیی.

لەوێوە، ستانسلافسکی پشتی بە سایکۆلۆژیای ناوەکیی لە مەشق و کارکردندا دەبەست، تاوەکو بەڕاستگۆیی واقیع بگوازرێتەوە و بەراستیی لە ژیان تێبگەن.

### ت/ ئاراستەی ریالیزمی نوێ:

### ماکس رینهارت و لەناوبردنی بەرنامە

ماكس رینهارت Max Rienhardat لە دەرهێنەرە دیارەکانی ئەڵمانە کە لەشێوازی ریالیزمیی راستەوخۆ دوورکەوتۆتەوە، لە دەرهێنانە شانۆییەکانیدا خەسڵەتەکانی ریالیزمیی نوێ، یان میکانیزمیی نوێ رەنگیانداوەتەوە، هەرچۆن لە هونەری نواندنەوە نزیك بووەو هەرخۆیشی بەڕێوەبردنی ئەکتەرەکانی لە ئەستۆ گرتووە.

رینهارت لە شێوازی نمایشی شانۆییدا گەلێ دەرکەوتوو بووەو بە (شا)ی نمایشە گەورەکان ناسراوە، میتۆدی ئەو پشتی بە (لەناوبردن) و سەرلەنوێ (داڕشتنەوە)ی بەرنامەکانی دەرهێنان بەستووەتەوە.

### ج/ جاك کۆپۆ و نواندنی بێدەنگ:

جاك کۆپۆ (Jacques Copeau) لە دیارترین دەرهێنەرانی فەڕەنسایە کە پەیڕەوی بەرنامەی میانڕەویی کردوەو بە هۆشدارییەوە رووبەڕووی ریالیزمی درێژدادڕانەی بووەتەوە.

لە دەرگای رۆژنامەوانی و رەخنەی ئەدەبییەوە چووەتە جیهانی شانۆوە و دەرهێنانی ئەو پشتی بە دەمودووی راست و رەوان و نواندنی بێدەنگی گوزارشتکەر و پرکەرەوەی پانتایی بۆشی شانۆ بەستووە، لەسەر ئاستی دیکۆر و سینۆگرافیادا.

### چ/ئاڕاستەی فۆرمالیزم، یان دژە ریالیزم:

### میرهۆڵد و بیومیکانیزم

فیسفۆڵد میرهۆڵد (Vesvelod mierhold) بە دیارترین خوێندکاری ستانسلافسکی دادەنرێت لە بواری دەرهێناندا، ئەو هونەرمەندێکی شێوەخوازی(فۆرمالیزم) دژ بە ریالیزم بووە و بانگەشەی مارکسیزم وابەستەبوونی سۆشیالیزمی رەتکردوەتەوە و لەگەڵ ئەوەدا نەبووە کە هونەر ببەسترێتەوە بە واقیعەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هونەری بە خودی هونەرەوە بەستووەتەوە و دەرگای لە رووی تویژینەوە فۆرمالیزمەکان والاکردوەو لە مامەڵەی دیاردە هونەری و دراماییەکاندا باوەڕی بە بونیادگەریی هەبووە.

مایرهۆڵد شانۆکەی لەسەر مەشقی ئەکتەر بونیاد ناوەو مەشقی شێوەخوازانەی بونیادگەرانەی پێ کردوون و لەوەشدا پشتی بە (بیومیکانیك)، یان میکانیزمی زیندوو بەستووە و بۆ مەرامەکەشی لە جەستەی مرۆڤ و یاساکانی بزواندن و بۆشایی کۆڵیوەتەوە.

**ح/ئاراستەی ئەبستراکت ( تجریدی )**

**ئەلیکساندەر تایرۆفو سینۆگرافیای پەتی**

ناوی ئەلیکساندەر تایرۆف (Alexander Tairov) لەگەڵ سینۆگرافیای پەتی،یان رووتاڵگە (ئەبستراکت)دا دێت، ئارایشتی ئەکتەرەکانی بەشێوەیەکی نامۆ دەکران، بەجۆرێ لەهیچ کەسێکی واقیع نەکەن، ئەنجام بەهۆی ئارایشت و جلوبەرگە نامۆکەیانەوە لەچاوی بینەراندا دەبوونە کەسانی زۆر تایبەت، پاشانیش ئەو ئارایشتە تەنزاوییەیان و گەمە پاڵەوانییەکانی سەر شانۆیان و گاڵتەجاڕی و دەرخستنە کاریکاتۆرییەکەیان دەبوونە خەسڵەتی دەرکەوتنی سەر شانۆیان.

**خ/ ئاراستەی تۆمارگەریی، یان سیاسیی بەڵگەنامەیی:**

**ئێروین پیسکاتۆر و شانۆی سیاسیی**

دەرهێنەران ئێروین پیسکاتۆر ( Erwin Piscator) و پیتەر ڤایس (weise) و گۆنتەر گراس و کیبارد و فالزەر و بیرتۆڵد بریخت و ژمارەیەك لە دەرهێنەرانی دی، بەشداربوون لە دامەزراندنی شانۆی سیاسیی، یان وەك دەگوترێت (شانۆی تۆمارگەریی) و شانۆی بەڵگەنامەییدا. پیسکاتۆرلە هێنانە ئارای شانۆ بەڵگەنامەییەکەیدا سوودێکی باشی لە هونەری سینەما وەرگرتووە، سینەمای لەبری بەکارهێنانی ئامێری ئاڵۆز و گران لە شانۆ میللیە جەماوەرییەکەیدا خستووەتەکار. هەرچۆن پەناشی بردوەتە بەر دروشم و لافیتەی سیاسی و حیزبی و بەکارهێنانی تیشکی زۆر بۆ رۆشنکردنەوەی شانۆ، لەگەڵ بەگەڕخستنی بڵندگۆ و ئامێرەکانی ژاوەژاو. لای پیسکاتۆر ئەکتەر لە کەسێکی ئاساییەوە بووەتە کەسێکی (رۆبۆت) ئاسا.

## د/ ڕێبازی سوریالیزم لە دەرهێنانی شانۆییدا :

لیپۆلد جیسنەر (Leopold Jessner) یەکێکە لە دەرهێنەرانی ئەڵمان کە لە دەرهێنانی شانۆگەرییەکانیدا پەیڕەوی ڕێبازێکی کردوە کە بە جۆرە شێتێتییەك ناسراوە، تیایدا هانی ئەکتەرەکانی داوە بەشێوەی خێراو شێتانە لە ڕەوشی گرژیی ترسناکدا نامۆیانە دەرکەون، هەروەك تاوانباری هەڵاتوو بوون. پاشانیش ئەکتەرەکانی لە جێگایەکی دیاریکراوی شانۆدا ڕێك دەوەستان بۆ نیشاندانی گەلۆری و شێتی خۆیان دەبینرا، ئەو شانۆگەرییانەی جینسەر دەرهێنەری بوون بە شێوەیەکی خێراو شێتانە نمایش دەکران، ئەویش واتای ئەوەی دەگەیاند کە کاراکتەرەکانی کەسانی شاز و نەخۆش و وروژاوی دەروونی نین و لە ڕەوشی خراپدان، دووچاری وڕێنەکردنی سوریالیزمانە و نامۆبوونی خود و شوێن بووبوون. لەوێوە شانۆگەرییەکانی دەچوونە خانەیەکەوە کە تیایدا چنینی ڕۆڵە درامییەکان لە ئەنجامی نا هۆشیاری و بێ مێشکییەوە بوو. پێدەچێ ئەم شانۆیە شۆڕشێك بووبێ بەرامبەر شانۆی ڕیالیزم کە بەرامبەر بۆرژوازییەت نمایشدەکران، کە دواتر ئەو شانۆ ڕیالیزمە گۆڕرا بە شانۆیەکی جەماوەریی میللی و تیایدا ژمارەیەك لە دەرهێنەرانی شانۆی بەڵگەنامەیی و سوریالیزم لە وڵاتانی ڕووسیای سۆشیالیزم و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کاریان تێدا دەکرد.

## ر/ گۆردن گریج و بەرنامەی دیاریکردن لەشانۆدا :

دەرهێنەری ئینگلیز (ئیدوارد گوردن گریج)ی شۆڕشگێڕ بەرنامەیەکی دیاریکردن (هەڵبژاردن)ی لە دەرهێنانی شانۆییدا گرتەبەر، تیایدا جەختی لەسەر ڕوانینی جوانکارییانەی هونەریی دەکرد، کە پشتی دەبەستە هەریەك لە ڕووداو و وشەو هێڵ و ڕەنگ و ریتم. بەوشێوەیەش بایەخی زۆری دەدایە هەموو شتێك کە (جوڵە)ی تیادا بووبێت، نەك شتی گوتراو، هەروەها ناوی ئەو دەرهێنەرە بەندە بە زاراوەی (شانۆی سەراپاگیر– الشامل)، یان بەرنامەی دیاریکردن لە پرۆسەی بە ئەزموونکردنی سەرجەم تیۆرەکانی شانۆو دەرهێنانی (باو) لەسەر گۆڕەپانە هونەرییەکە، ئیتر کۆن بوون یاخود

نـویٚ. (گـریج) لـە دەرهێنانـدا پشـتی دەبەسـتە سـەر جوانکـاریی دیمـەن، هەروەها پانتایی بۆش (هەروەکو جاك کۆپۆ)، لەگەڵ سیستمەکانی تیشکی رەنگـاو رەنـگ، هاوکـات بایەخیشـی داوە بـە نەخشەسازیی و سـینۆگرافیای شـێوەکارانە. لـە کـارە درامییـەکانی ئـەودا کـە خـاوەنی رەهەنـدی هونـەری و سـتاتیکی بـوون، رەنـگ و رووی شـانۆی خۆرهـەڵات و شـانۆی دێـرین بینراونەتـەوە، لـەبریی ریـالیزمی درێژەپێـدەر هونـەری بیـنین (بینـایی) و خوڵقانـدنی وێنـەی شـانۆیی درامیـی خراوەتـە سـەر شـانۆ، لـە هـەمان کاتـدا دژی (ئەکتەری دەسەڵاتدار)بووە و ئەو ئەکتەری بەجۆرێ دیـوە کـە دەرهێنـەر بـە ئـارەزووی خـۆی فـەرمانی پێبکـات. بـە هـەرحاڵ، لـە مێـژووی شـانۆی هاوچـەرخ و نوێـدا (گـریج) بـەو دەرهێنـەرە ناسـراوە کـە درامـاتۆرگێکی کۆششـکاربووە و مامەڵـەی لەگـەڵ رۆحـی تێکسـتەکاندا بـووە و بـە پێـی تێڕوانینی خۆی خستوونیە سەرشانۆ.

### ز/ ئەدۆڵف ئـاپیا و شۆڕشێك بەسەر تیشکی شانۆییدا:

ئەدۆڵف ئاپیا (Adolph Appia)ی دەرهێنـەری سویسـری بایـەخی زۆری بـە تیشکی شانۆیی داوە، لەدوای داهێنانی کارەبا لەلایەن تۆماس ئەدیسۆن لە کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەوە هـیچ کەسـێ وەك (ئاپیـا) لـە شـانۆدا بایـەخی بـە تیشـك نـەداوە. ئـەم دەرهێنـەرە دژ بـە بـەکارهێنانی تیشـکی سـەر زەویـی (نـزم)بـووە و لـەبری ئـەوە تیشـکی شـەپۆلداری سـەرەوەی بـەکارهێناوە کـە تیشـکی گشـتی بووە و سێبەرەکەشـی کەشـێکی شـاعیرانەی درووسـتکردوە. هەرچـۆن بایـەخی بـە سـینۆگرافیای پـەتی داوە و ئـەوەش بـەرۆونی لـە شـانۆگەریی (فاوسـت)ی گۆتـەدا دەرکـەوتووە، هاوکـارت گرنگیـی بـە ریتمـی بینـایی و جەسـتەیی داوە کـە لەگـەڵ سـەرجەم پێکهاتـەکانی دیکـەی کـارە شانۆییەکەدا گونجاو و هاوئاواز بوون.

### و/ ئاڕاستەی ئەزموونگەریی:

### بیتواف و دەستگرتنەوە لە سینۆگرافیادا

بیتـــواف، لـــه دیـــارترین دەرهێنـــەره ئەزموونگـــەرەکانی شـــانۆی نـــوێ و هاوچەرخه لەتەك هەریەك له دەرهێنەران (لویس چۆڤیه، ئاریان مینوشکینی خـــاوەنی شـــانۆی خـــۆر، چـــارلز دەلـــین، گاســـتون بـــاتی، فیـــۆدۆر کۆمیســـار جفسکی، ئیڤرینـۆڤ، یـۆژین ڤاکتانکـەڤ، پیتـەر بـروك، جێـرزی گرۆتۆفسکیی خـــاوەنی شـــانۆی هـــەژار و جولیـــان بلیـــك)و چـــەند دەرهێنـــەرێکی دیکـــەدا. بیتـــواف دەرهێنـــەرێکی پـــەتیی /ئێکسپیرشـــینیزم (تجریـــدی)ی دیـــاربووه، ئـەوەش لەکارەکانیـدا بـه باشـی رەنگـی داوەتـەوه، لـه نمایشـەکانیدا لەبـەر دەســتکورتی پــەنای دەبــرده بــه دەســتگرتنەوەی لــه دارایــی تــەرخان بــۆ سـینۆگرافیا، کـه بـه پارەیـەکی زۆر ئـەنجام دەدرا، هەربویـه دیکـۆری سـادەو هەژارانـەی بـەکاردەهێنا و لـه سـینۆگرافیادا بـه مەبەسـتەوه کـاری دەکـرد و هاوکـات شـێوازی تـازەداهێنراوی لـه دەرهێنانـه درامییەکانیـدا، دەخسـته بەرچاو. هەرچۆن ئەم دەرهێنـەره بەوه ناسـراوبوو کـه رووداوه شانۆییەکانی بـه شـێوەیەکی کـاتیی راگرتـووه لـه دیمـەنێکی دیـاریکراودا بـۆ جەختکردنـه سەر، بەشێوازێکی فۆتۆگرافییانه، بۆ ئەوەش پەنای بردوەتـه بەر تـەکنیکی وەستاندن La Pauseی دەرهێنان.

---

**سەرچاوە**

**ماڵپەڕی :** بوابة المغرب

# پیتەر بروك درامیيانە نامەكانی چیخەف دەخوێنێتەوە

د.فاضل السوداني

دەرهێنــەری جیهـانی پیتــەر بروكـی (79 سـاڵ) نمایشـە شـانۆییەكەی، كەناوی ناوە (دەستت بخە ناو دەستم) لەسـەر 400 نامـەی خۆشەویسـتیی بونیـاد دەنـێ، كـەوا نووسـەری شـانۆیی رووس (ئـەنتوان چـیخەف)و ژنـە

ئەکتەرە گەنجەکەی (ئۆلگا کینبەر)ی ئەندامی شانۆی هونەریی مۆسکۆ، ئاڵوگۆڕیان کردوە، ئەمە پاش ئەوەی (کارول رۆکامۆرا) بۆ شانۆی ئامادەکردوون.

ئەو نامانە تا ئەمڕۆ بۆ هەژانی عاتیفی تایبەت سەرچاوەن، کە دوای تێپەڕبوونی سەدەیەکی تەواو بەسەر نووسینیاندا لە خۆشەویستیی و راستگۆیی پڕاو پڕن، گەر وانەبا، ئەوا بەڕێوەبەرانی میهرەجانی (Foops25)، کە شانۆی جیهانیی کۆبنهاگن سەرپەرشتیی دەکات، خەونی ئەوەیان نەدەبوو میهرەجانە هاوینییە ساڵانەکەیان بەو نمایشە شانۆییەی پیتەر بروک بکەنەوە.

ئەوەی زیاتریش بووە مایەی سەرسوڕمانی بینەرە دانیمارکییەکانی نمایشەکە، پاڵەوانێتی ئەم کارە لە نێوان ئەکتەری ناسراوی سینەمایی (میشێل بیکۆلی)و ئەکتەری شانۆیی بەناوبانگ (ناتاشا باری)ی هاوسەری پیتەر بروک دابەشکرابوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی سۆزو خۆشەویستیی داهێنەرێکی وەك (چیخەف) لە تەمەنی سی ساڵیداو (ئۆلگاکینبەر) لە تەمەنی بیست ساڵیدا، لە لایەن ئەو جووتە ئەکتەرەوە بە یەکتر دەسپێردران. ئەوان بەوپەڕی سادەییو روونیو بە شاعیرێتیی مەزنەوە عەشقی نووسەرێکی شانۆییو ئەکتەرێکی بە توانایان لە شەش ساڵی تەمەنیاندا نمایش دەکرد.

هەڵبەت ئێستا کارێکی هێندە ئاسان نییە لە بابەتێکی وەها بدوێیتو لەم زەمانەدا زەحمەتە نامەی خۆشەویستیی خاوێنو دێرین زیندوو بکرێنەوە، بە تایبەت کە ئەوڕۆ هەموو شتێ درۆزنەو ئەگەری لەناوچوونی هەیە، بەخۆشەویستیشەوە!

میتۆدی نواندنی هەر دوو ئەکتەر لە پێناوی زیندووکردنەوەی ئەو دوو کاراکتەرەدا پەیوەست بوو بە رێبازی نوێی دەرهێناوە کە لە لایەن (بروك)ەوە بونیادنراوە و لە دەرهێنانی شانۆییەکانیدا لەم شەش ساڵەی دواییدا پراکتیزە کراوە، ئەویش بە پلەی یەکەم پشت دەبەستێ بە ساکاریو چڕکردنەوەی هونەرییانە لە هەر شتێکدا، ئیتر لە جوڵەی

ئەکتــەردا بێــت، یــاخود لــە ســینۆگرافیای نمایشــەکەدا دوور لــە ئــاڵۆزیو تانوپۆی شانۆیی (بە بیانووی ئەزموونگەرییەوە) کەوا دەکات( بیرۆکە) بە شێوەیەك تەمومژاویی بێت، کە بینەریش سەری لێدەرنەکات!

ئەمــە ڕێبــازێکی دەرهێنانــەو بناغــەی نووســینی گــرنگترین کتێبــەکانی (بروك)ە، وەك (پانتایی بەتاڵ)ەکەی، بەڵام پڕاو پڕە لە دەوڵەمەندیی کاری تەعبیریی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ.

هــەر لــەم روانگەیــەوە، دەرهێنــەر لەســەرجەم نمایشــەکانیدا هەوڵــدەدات بگاتــە ئەکتــەرو پانتاییــەکی شــیعریی گوزارشــتکەر کــە شــانۆی هاوچــەرخ بــەهۆی پەســەندکردنی شــانۆی ســانا، یــاخود یــەکجار زبــرو قــورس‌و چەلەحانی، لەدەستیداوە.

لێـرە بـەتاڵ، یـان (بـۆش) بـەمانای (هـیچ)، یـان (نـەبوون) نایـەت، بـەڵکو واتای ژیانـە، وەك بگوترێ ئا لـەم پانتاییـەدا شتێك ڕوودەدات، یان گرفتیٚ چارەسەر دەکرێت، بە مانایەکی تر، بروك بیرۆکەی نمایش چڕ دەکاتەوە، هـەروەها جوڵـەی ئەکتـەرو وێنـە لـە پانتـایی شـانۆدا تـا دوا پلـە، بـەجۆرێ روون‌و خاوەن گوزارشت بێ‌و هاوکات قوڵ‌و شەفاف لەبەرچاوی بینـەر، کە دەبێتــە هــۆی ئــەوەی نمایشــێکی روون ببینــێ لەئاماژەکانیــداو قــووڵ لەماناکانیدا، جوڵەی ئەکتەر گەرم‌و گوڕ و بەزوویی دەگاتە ناخی بینەران.

بروك، لەکاروانی هونەری دوورو درێژی خۆیدا، کە لە نیو سەدە زیاترە زۆر شــێوازی تاقیکردۆتــەوە و گــەلێ تیــۆری پراکتیــزە کــردووە، ئــەو بەئــەزموونی خــۆی گەیشــتۆتە ئــەم میتــۆدەی دەرهێنــان کــە گوزارشــتی ئاشکرایەو دەوڵەمەندەو لەو ئاقارەوە نمایشێ دێنێتە ئارا، کە پەیوەستە بە راستگۆیی ناخ‌و هەستی بێگەردی داهێنەرێکی وەك چیخەفەوە.

### نامەی شاعیرانەی گەرموگوڕ

چــیخەفی چــیرۆکنووس‌و درامــانووس‌و هــەروەها پزیشــك، لــە شــانۆی هونــەریی مۆســکۆ بەئەکتــەر (ئۆلگــا کینبــەر) دەگــات، لــەو شــانۆیەی بەسەرپەرشتی دەرهێنەرو بیرمەندی رووسی (ستانسلافسکی) بەڕێوەدەچوو و چەند شانۆنامەیەکی چیخەفی بە شانۆ شاد کردو سەرکەوتنی گەورەیان

بەدەستهێنا، هەر وەکو (لالۆڤانیا)و (سێ خوشکەکە) و (باخی گێلاس)و هەندێکی دیکە، ئەوان (چیخەف و کینبەر) هەستیان بە هەژانی خۆیان دەکرد بەرامبەر یەکتر، ئەوە بووە خۆشەویستی و هاوسەربوونیانی لێکەوتەوە، ئەو هاوسەرییەی تەنیا شەش ساڵی خایاند (چیخەف لەتەمەنی 44 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد)، چیخەف چونکە دووچاری نەخۆشیی (سیل) بوو بوو، بەناچاری ژیانی ناوچەیەکی گەرمی وەك (ماڵتا)ی هەڵبژاردبوو، ئەوەش یارمەتیی دەدا بۆ نووسین، بەلام (کینبەر)ی دڵخوازی بەهۆی کاری شانۆوە ناچاربوو لەمۆسکۆ بژی، هەر بۆیە نامە درێژەکانیان تەنیا هۆ بووە بۆ گوزارشتیان لە خۆشەویستی نێوانیان و ئەو پەیوەندییە دەگمەنەیان.

ئەوان باسی گیروگرفتەکانی ژیان و ئەفراندنی شانۆییان لەنامە پڕ لەسۆزو شاعیرانە گەرمو گوڕەکانیاندا کردوە، هەر ئەوانەش وایانکردووە نمایشەکەی پیتەر بروك/ چیخەف (دەستت بخە ناو دەستم) ببێتە نمایشێ لەخۆشەویستی و شانۆ.

تێکستە ئامادەکراوەکە، لە کەشی نامە چیخەفییەکانەوە لەگەڵ میتۆدەکەی (بروك)دا دەگونجاو یارمەتیی دەدا گوزارشتێکی دەگمەن، پشت بەستوو بە رستە چڕوپڕەکان بکات، نامەکان لەدوو توێیاندا لایەنێکی گرنگ هەبوون، ئەویش شاعیرێتی هەست و سۆزەکان، کە بەدوور بوون لە توندوتیژیی واقیع، خۆشەویستی و ژانی دووریی زیندووبوون، هەر بۆیە تراژیدیای لە یەکتر دابڕانیان، یان دووریی ناچارییان، چیرۆکی پڕ لە عەشقی نێوان ئەو ژن و مێردەی لێکەوتۆتەوە، عەشقێ سەرچاوەکەی لەیەکتر گەیشتن و رێزی راستگۆیانەی ژیانی رۆژانەی یەکترو بیانوو هێنانەوەیان بۆ کاری ئەفراندنیان، لەوێوە سەرسامیی ئەو پەیوەندییەیان دەردەکەوێ، ئەوان داهێنەربوون لە شانۆو خۆشەویستی و ژیاندا، لەوێشەوە بایەخی نمایشی ناوبراو بەروونی دەردەکەوێ.

لەو نمایشەی پیتەر بروك (دەرهێنان) دوورە لە هەڵچوونەوە، ژاوە ژاوو دەنگە دەنگ نییە، بەڵکو گوزارشتی بێدەنگییەك هەیە دەگاتە ئاستی

کاریگەریی شیعریو تیایدا جوانییەکی زۆر لە دووریی چیخەفو ژنەکەی دەڕسکێ، ئەو جوانییانە زۆریان لەنواندنی (ناتاشا باری)و (میشێل بیکۆلی)دا ڕەنگیان دەدایەوە، ئەوان لە پانتایی تەختەی شانۆدا دەجولانەوە کە هەر لەسەرەتاوە سێ کورسیی داپۆشراو بەقوماشی سپی لەسەر شانۆکە دابەشکرابوون، بەڵام ئەکتەرەکان شوێنییان بەپێی پێویستو گوزارشتی ڕووداوەکە، هەر وەك رابردوو دەگۆڕێت.

ئەمە بێجگە لەو پەردە سوورەو فەرشێکی سەر زەوییەکەو مێزێکی نووسین، کە ژوورەکە هەر لەوە دەچوو ژووری بێ بۆ خوێندنەوەی شانۆنامەیەك کە بەتیشکی سپیی ڕووناك بووبێتەوە، هەموو ئەوانە کەشێکی دڵتەنگیان ڕەخساندبوو کە کاراکتەرە چیخەفییەکان بە لێو بە باریی خۆیانەوە تیایدا بێنو بچن، تا ئامادەکاری (نامەکان) سوور بووە لەسەر ئەوەی نمایشەکە گوزراشت بێ بۆ کۆمیدیایەکی ڕەشی شاعیرانەی شەفاف.

لەو سینۆگرافیایەدا ئاگری چیرۆکی خۆشەویستییەکی بەهێز دەسووتێ، کە بەگڕی دابڕانو دووریی نێڵە نێڵێتی، جارێ هەردوو ئەکتەر دوور لە ڕووداوەکانو بەسەرهاتی عەشقی چیخەفو خانمەکەی بۆ بینەران دەگێڕنەوە، باسی ژیانیان دەکەن کە پڕ بووە لەشانۆو شانۆییەکانی چیخەفو هەلومەرجی نووسینیان دێننەوە یاد، یاخود لەگەڵ گێڕانەوەدا دێنە ناو ڕووداوەوەو هەر شتێ دەنوێنن کە پەیوەست بوون بە ژیانی ئەوانەوە، وەك چۆن لە رابردوودا ڕوویانداوەو لەنامەکاندا هاتوون.

یان کاتەکان تێکهەڵکێش دەکرێن، بۆ نموونە ئەو دەمەی چیخەفی (باشو شەرمن) ناتوانێ ئارەزووی خۆی بەرامبەر ستانسلافسکیی دەربهێنەری بیرمەند بدرکێنێو هەمیشە وەك ڕێزدانان بۆ ئەو، سەری ڕەزامەندی دەلەقێنێ، بیروڕای راستەقینەی بۆ ژنەکەی دەنووسێ، ئێستا هەردوو ئەکتەریش ڕای خۆیان لای بینەران ئاشکرا دەکەن. نمایشەکە باس لە ڕووداوێکی راستەقینەی نێو یەکێ لە نامەکان دەکات، ئەویش باسی نامەیەکە کە بەسەرهاتی یەك لەشانۆنامەکانی دەگێڕێتەوە کە لەشانۆی

مۆسکۆ نمایشکراوەو تیایدا ستانسلافسکیی دەرهێنەر نەیتوانیوە بگاتە سروتی شانۆییەکەو ئەو کۆمیدیا رەشەی لەسەری بونیادنراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بووە کە دەرهێنەرەکە لەو قۆناغەدا بیری لای ریالیزمی فۆتۆگرافیی نوقمی ناتوریالیزم بووە، ئەو ویستوویەتی سروشتو ژیان وەك خۆیان بگوێزێتەوە سەر شانۆ، دوور لە بەشانۆکردنی پێویستی نمایش.

جارێکی دی هەردوو ئەکتەر لەگەڵ چیخەفو هاوسەرەکەی ئاوێتە دەبنەوە، (ناتاشا) دەبێتە یەکێك لەکاراکتەرەکانی (سێ خوشکەکە)، ئەمەش دەمانباتە لای میتۆدی (شانۆ لە ناو شانۆدا)، بروك ئاگاداری تەکنیکی دەرهێنانە، بەڵام بێ زیادەڕۆییەکی ئەوتۆ، ئەو شێوازی چڕکردنەوەی هەموو شتەکانی پەیڕەوکردووە، ئێسکسوار نییە تا ئەکتەر بەکاری بهێنێ، بۆ نموونە کاتێ بڕگەی نامەکان دەخوێننەوە بێ بوونی کاغەز ئەنجامی دەدەن، یان کەبروسکەیان پێدەگات هەر بە جوڵە ئاماژەی بۆ دەکەن.

بەهایەکی هونەریی دیکە پشت بەتەکنیکێ دەبەستێ کەپەیوەندیی بەئامادەکردنو دەرهێنانی نمایشەکەوە هەیە، بۆ نموونە کە (کینبەر) لەدیدی خۆیەوە رووداوی پێشوو بیردێنێتەوە، هەمان رووداو لەدیدی چیخەفیشەوە گوزارشتی لێ دەکرێ، لەگەڵ توانجو پێکەنینو گاڵتەی تاڵ، کە کار لەبینەران دەکەن، هەندێ جاری دیکەش هەردوو ئەکتەر تێکەڵ بە رووداوەکان دەبن، یان دوو رووداو تێکەڵ دەبن بەیەکترو پێکەوەو بەنۆرە دەیگێڕنەوەو قسەی یەکتر تەواو دەکەن.

هەروەها، چونکە رابردوو بەچڕی لەرووداوەکاندا بوونی هەیە، دەرهێنەر بایەخ بەدەنگی شەمەندەفەر دەدات، کەهەر لە دەنگی مەرگ دەچێت، ئەمە زۆر گرنگە، لێکدانەوەیەکی شیاوە، چونکە هەمیشە مەرگ لەماڵەکەی چیخەفدا شانی داداوە، ئەویش بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە، هەر بۆیە پەردە گەورە هەڵواسراوەکە بە رەنگە سوورەکەیەوە سەرنج دەباتو نەجوڵاندنەوەی وەڕسیی بەدوادا دێت. هەر چۆن بۆ گوزارشت لە رابردوو دەنگی (تەلەگراف)ی کۆن دێ لە نادیارەوە.

بەر لەوەش کەچیخەف بدوێت، شەپقەکەی دەکاتە سەری و گۆچانەکەی هەڵدەگرێ و پەنا دەگرێ لە تەنیشتێکی کەمێ تاریکدا، ئیتر بێجگە لە بۆشایی و شانۆکە چی دی بۆ (ئۆلگا) نامێنێ «ناتاشا» تا کۆتایی شانۆگەرییەکە کارێك دەکات واهەست بکەیت (ئۆلگا) خنکاوی «بۆشایی» بووە لەدوای مەرگی چیخەفەوە، بەهەردوو لێوی وشکهەڵاتووەوە بۆ لە دەستدانی مێردەکەی و بەرەنگی پەڕیوەوە، کە دەزانێ جارێکی دی چاوانی ئەو جووتە چاوەی (چیخەف ـ بیکۆلی) نابیننەوە! بەچاوانی کە هەروەکو منداڵ دەیڕوانییە جیهان، چونکە دەزانێ، جارێکی دی یەکتر نابیننەوە!) ئاوا (ئۆلگا، ناتاشا) بەسەرسوڕمانەوە لەدوا نامەیدا دەپرسێ (ئەو نامەیەی ناتوانێ رەوانەی بکات بۆ خۆشەویستییە لە دەستچووەکەی)، بەڵام ئەو دەیبیستێ، بیکۆلی (چیخەف)ی مردوو دەیبیستێ، لەتاریکایی قوڵایی شانۆکەدا تەنیا زەردەخەنە لەسەر لێوانی دەبینرێت.

**نواندن**

(ناتاشا باری) بەوپەڕی ناسکییەوە لەسەر شانۆکە دەجوڵایەوە، لە جوڵەیدا ئەو پەڕی گوزارشت هەبوو، بە جوڵەیەکی ساکارەوە کەبەدەستی دەیکردودەستی بە قژە سپییەکەی خۆشەویستەکەیدا دەهێنا، بۆمان دەردەکەوت چەندە سەرسامە بەئەفراندنی خۆی، یان کاتێ شاڵەکەی دەدا بەشانیدا، بەو جووڵە بچووکە سادەیە گوزاشتی لەنیگەرانیی خۆی دەکرد بەرامبەر مێردەکەی، وەك ئەوەی بخوازێ جارێکی دی نەخۆشیی رووی تێنەکاتەوە، بەڵکو جارێکی تر بتوانێ بۆ ژیانی شەوێکی دی و ئاهەنگێکی تر مۆمی لەگەڵدا داگیرسێنێ.. ئەمیش لای خۆیەوە تێدەگەیشت، لەهەستی ئەو دەگەیشت و هەر چۆن لە جوڵەی خۆیەوە لە هەستی ئەو دەگەیشت، لە دەستە پڕ لە سۆزەکانی و دەنگە ناسکە کاریگەرەکەشی دەگەیشت کە باسی ئەمی بەوپەڕی سەرسامییەوە دەکرد.

بەڵام (میشێل بیکۆلی)، هەرچەندە بەو پەڕی شاعیرانەوە گوزارشتی لە ژیان دەکرد، جەختی لەسەر ئەوە دەکردو بۆ مەبەستەکەشی پشتی

بەمیتۆدەکـەی ستانسلافسـکی بەسـتبوو هەرچـۆن لـە کتێبەکەیـدا (کـاری ئەکتەر لەگەڵ خۆیو دەوروبەرەکەیدا) هـاتبوو، واتـە شـێوەی لەگەڵدا ژیانو جووتبـوونی تـەواو لەگـەڵ دەورەکەیـدا، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ماوەیـەکی لـــەنێوان خـــودی خـــۆیو دەورەکەیـــدا بـــەپێی میتۆدەکـــەی (برێخـــت) هێشتبووەوە، ئەوەش زۆربەی جار لەلایـەن (پیتـەر بـروك)ەوە پـەیڕەو کـراوە لەکارەکانیدا.

هەر بۆیە هەردوو ئەکتەر (بیکۆلی و ناتاشا) لـەژێر کاریگـەریی شـاعیرانەی (پیتــەر بــروك) لەشــانۆدا، بەجووڵــەی خــۆ نیشــاندانی خێــراو درۆزنانــەو جلوبـەرگی رەنگـاو رەنگـی سـەرنج راکێشـەوەو بـەو جوڵاندنـەوەو ئامـاژە زۆرانـەی کەلەناویانـدا رۆحـی ئەکتـەر ون دەبـن بینـەرانیان نەخەڵەتانـدبوو، بەڵکو پشـتیان بەسـتبوو بەئاماژەی خاوەن گوزارشـتو روونیـی هەسـتیان، بەحـەق ئەکتـەری خـاوەن ئـەزموونی دیـاربوون، بـەو پـەڕی گاڵتـەئامێزیو کۆمیدیاوە نزیك کەوتبوونەوە لەگیانی چیخەفەوە.

دەرهێنـــەر لـــەم نمایشـــەیدا، رەگـــەزە پێویســـتەکانی گرژیـــی درامیـــی خسـتبووە بەرچـاو، کەلەسـەر بناغـەی هەسـتێکی ئاوێتـەو سـۆزی خـاوێنی کاریگـــەر لەســـەر بـــەزەیی بینـــەران بونیـــاد نرابـــوو، بـــەڵام بـــێ لەســـۆزێ لەقەرەباڵغیو شێوازی شەفاف، کەوا پەیوەندیی بەواقیعییەتی بونیاددانەوە هـەبێ، چـونکە شـانۆی پیتـەر بـروك شـانۆی ئەکتـەرە، هـەر بۆیـە دەرهێنـەر پەیوەست نـەبوو بەدرێـژەی شتەکانەوە، تـا سـەردەمی چیخەفو لێکچوونی زۆری نێوان چیخەفو (بیکۆلی) ئەکتەر بگوێزێتەوە.

ئامـانجی سـەرەکیی پیتـەر بـروك لـەم نمایشـە، جەختکردنەوەیـە لەسـەر رەتکردنـەوەی کۆتـایی تراژیدییانـەی ژیـانی مرۆڤێـكو مـەرگی نـاوادەی کەسێکی داهێنەری وەك چیخەف، ئەویش لـەڕێی دەرخستنی جوانییەکانی ژیانیو ئەفراندنەکانی، هەروەها لە رێی نیشـاندانی ناشـرینییەکانی ژیـان بـە هۆشیارییەکی سەرسوڕهێنەوە بەرامبەر هەموو ئەوانە.

---

سەرچاوە:

**ماڵپەڕی: الحوار المتمدن،** 17⁄5⁄2007.

# دیالۆژ لەشانۆی ناماقووڵدا

د.شفیق مجلی

ئاشکرایە پەخشانی ئەدەبی لەزمانی پاراوو ڕێکوپێکو ڕەوان پێک هاتووەو بەجوانی وشەو دەربڕینەکانی دەگەیێنێت، لەگەڵ ئەمەدا دەبینین ئەمڕۆ خەریکە بەهای زمانی پەخشان لەشانۆدا بەگشتیو لەشانۆی ناماقووڵدا(بێهودە) بەتایبەتی لەدابڕینو کەمبوونەوەدابێت، هۆی ئەمەش لەوەدایە کەئەم جۆرە پەخشانە خۆی لەخۆیدا دەربڕینی حاڵەتەکانی هۆشو مەنیقە، ئەم پەخشانە لەشانۆگەرییەکانی نووسەرانی پێشڕەو (ناماقووڵدا) نابینریێو ئەو نووسەرانە ئەم جۆرە نووسینە باڵایەی شانۆیان لەئەزموونە مرۆڤایەتییەکان دابڕیوە.

ئەوان، هەرچەندە زیاتر بەلای زمانی ریالیزمدا دایدەشکێننەوەو زمانی شانۆش هەروەکو زمانی هەموو بەشەکانی تری ئەدەبیات بەردەوام لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا لەگۆڕراندایە، بەڵام لەشانۆی ناماقووڵدا زمانی دیالۆژ پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەو بابەتانەوە هەیە کەئەم شانۆیە چارەسەری دەکات، هەرهەموو بابەتەکانیشیان لەدەوری کلۆڵیی مرۆڤی ئەم سەردەمەدا دەسوڕێنەوە، مرۆڤی شارستانێتی ڕۆژئاوا کەگەلێك پەژارەی بەدەست گیروگرفتی جەنگەوە بینیوەو پاشانیش لەژیانی تەنراو بەپەستیو ڕاڕاییو داماویدا کاتیان بردۆتە سەر، بەڵێ ئەو مرۆڤەی کەشیرازەی بەرابوردووی پڕ لەبیروباوەڕیەوە پچڕا، هەمووبەهاو نرخێکی دادەکەویێ، کەواتە پاڵەوان لەشانۆی ناماقووڵدا مرۆڤێکەو لەناخیا زۆرانبازییەکی گەرمو گوڕ دروست بووە، بەجۆرێکی لێ بەسەرهاتووە کەهەرگیز نەتوانێت ڕووبەڕووی ژیان بوەستێتەوە، چونکە ئەو کەسە باوەڕی وایە زۆر لەوە ئاڵۆزترو نامۆترە کە تێی بگەینو بەهۆی مێشکمانەوە زاڵ بین بەسەر گیروگرفتەکانیدا.

مرۆڤی ئەم چەرخە نوێیە گەلێك سوودی لەرێڕەوو ڕێبازە فیکریو ڕۆحیو سیاسەییەکانی بینیوە، تەواو ئاشنای ئەو زانستانە بووە کەسەبارەت بەئەدەبیاتو هونەرن، بێگومان کاری هەموو ئەمانەی لەسەر بووە، بۆیە لە چاویدا ژیان بووەتە گرێکوێرە!

دەبێ ئەم مرۆڤە نوێیە کەوا بەدەست کۆمەڵێ دەردی ورووژاوی نێو بیروباوەڕیەوە دۆشداماوە. چۆن چۆنی بدوێت؟ چ زمانێك بەکار دەهێنێت

لەکاتێکدا زمان (بەتایبەتی لەدەربڕینی هونەریدا) ڕەنگدانەوەی حاڵەتەکانی هۆش‌و باری دەروونی قسەکەرە؟ دەبا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە گوێ لە (لاکی) بگرین کەیەکێکە لەکاراکتەرەکانی شانۆگەریی (لەچاوەڕوانی گۆدۆ)ی سامۆیل پیکیت، کە ئەم کاراکتەرەیان تەمسیلی هۆش، یاخود (بیر) دەکات، لاکی هەر دەم دەکاتەوە ڕستێك وشەی ئاوای لەدەم هەڵدەوەرێت: (لەلایەکی ترەوە، هەرچۆن گوێمان لەنووسینەکانی بانشەرو واتانە، بوونی خواوەندێ.. کوا کوا کوایە، کەئەم کوا کوا کوایە بە ڕیشێکی سپییەوە لەودیو سنووری کاتەوە، بەدرێژایی بەرزاییەکانی تەمەڵیی پیرۆز، خۆشەویستییەکی گەورە بەبێ چەند شتێکی هۆنادیارەکانەوە، کە کات لەئەنجامدا دەیانخاتە روو !! هتد..)، لاکی هەموو دیالۆژەکانی هەر بەم شێوەیەن، گومانیشی تیا نییە کەقسەکانی هەمووی ناماقووڵ‌و وتەی بێ مانایە..زمانی ئەو ڕەنگدانەوەی تەواوی حاڵەتی هۆشێتی، تا مەسەلەو ڕووداوەکانی ئەم جیهانەی لاتێکەڵ تر بێ، ئەوا ئەو زمانەش کەپێی دەدوێت زیاتر تێکەڵ‌وپێکەڵ تر دەبێت!

لێرەدا، تاڕادەیەکی زۆر دەتوانین لەوەبگەین کە دیالۆژەکانی (لاکی ) بەدەوری بابەتەکانی شانۆگەرییەکەدا لەسووڕانەوەدایە، چەند وشەیەك چەند جار دەوترێنەوە، وەك بوونی خوا، دادپەروەری، مەرگ، دۆزەخ. بەجوانیش دەیبینین بەدەست ئازاری ناوەوەی داماوەو دەناڵێنێ‌و مەرگ ترس‌و تۆقاندنی لەدڵیا چاندووە، هەر بۆیە زوو زوو کۆمەڵێ ڕستەی وەك: زوقمێکی ترسناك، تاریکایی زۆر، کەللەسەر، بەرد... زوو زوو لەسەر زمانی دووبارە دەبنەوە.

گەر ئەو نموونەیەی سەرەوە دەلالەت لەشتێ بکات، ئەوا خواستی نووسەری شانۆگەریی لەوەدایە زمانێکی ئەوتۆ بخاتە ڕوو کەتیایدا بەباشی پەی بەڕووداوەکانی ناخی مرۆڤ ببرێت‌و بەڕاستگۆیی بیخاتە بەرچاو، ئەمەش یەکێکە لەو ئەزموونە فرەچەشنانەی کە زمان‌و دیالۆژی شانۆیی پیایدا تێپەڕیون.

ئەوەی ئاگای لەمێژووی شانۆی ئینگلیز بێت دەزانێت چۆن ئەو شانۆیە لەنێوان زمانی پەخشان‌و زمانی شیعردا بەردەوام لەگۆڕاندا بووە، هۆی ئەمەش لەوەدایە کە نووسەری شانۆگەریی ئەوان، بەتەنیا جۆرێکی ئەو زمانانە (واتە پەخشان‌و شیعر) رازی نەبوون، چونکە یەکەمیان واتە ( زمانی پەخشان) زمانی هۆش‌و لۆژیکە، ئەم زمانەش بۆ شانۆی بیروباوەڕە چڕەکانی وەك بەرناردشۆ نەبێت بۆ هیچی تر دەست نادات، شانۆش بەر لەوەی جێگای هۆش بێ جێگایەکە بۆعاتیفە.

دووەمیان ( کەزمانی شیعرە) لەراکێشانی بینەراندا بەلای خۆیدا سەرکەوتوو نەبووە، ئەوانەش کە لاسایی شەکسپیریان دەکردەوەو (هەر لەبنەڕەتەوە بلیمەتییەکەی ئەویان نەبووە) نەیانزانی ئەو زمانەی بۆ سەردەمی شەکسپیر دەستی دەدا بۆ هیچ سەردەمێکی تر دەست نادات، هەربۆیە ئەمانیش لەکارەکەیاندا سەرکەوتوو نەبوون. ئەوەتا شانۆی ئینگلیز بەردەوام لەکارو کاردانەوەدایە. گەر ئەلیوت توانیبێتی بەزمانی شیعر چەند وتەیەکی ژیانی رۆژانە بخاتە بەرچاو، ئەوا دەواتی تر کە بەدوایدا هاتن بەشوێن زمانێکی ئەوتۆدا دەگەڕان کەتەواو لەزمانە ئەدەبییەکەوە دووربێت، هەرچۆن ئەمڕۆ هەندێك لەنووسەرانی پێشڕەویش هەر بەو شێوەیە دەکەن.

هەوڵدانی هەندێ لە نووسەرە نوێیەکان، بەتایبەت نووسەرانی ناماقووڵ ئەو ئاکامە دەردەخەن کە ئەوەندەی بایەخ بەبیر کردنەوەو فەلسەفەی خۆیان دەدەن، نیو ئەوەندە بایەخ بەداب‌ونەریتە شانۆییەکان نادەن.. هەربۆیە تێڕوانینی فەلسەفەکەیان لەروانگەی خۆیانەوە بەسەربەستییەکی تەواو دەردەبڕن‌و لایان گرنگ نییە کەشانۆگەرییەکی دامەزراو لەسەر بنەما هونەرییەکان بخوڵقێنن، وەك ئەوەی لەکۆندا نووسەرانی شانۆگەریی دەیاننووسی.

پیکیت لەپاڵ ئەوەدا کەدەربڕینی بە بنەڕەتی کارە درامییەکانی دانا، لەسەردەستی ئەو بەچەند هەواڵدانێك ئەنجامدرا، بۆ ئەوەی شێوازێکی ئەوتۆ بدۆزێتەوە کەوا بەکەڵکی دیالۆژی کاراکتەرەکانی بێن، ئەو دەیویست

تاقیکردنەوەکانی لەچوارچێوەی مرۆڤایەتیدا بێ، تاقیکردنەوەیەك کە تەواو بێ هودەیی و قوڵایی ناخ و دەروونی پێوە دیار بێ، وشەی ئاسایی ئەوتۆی خستە رستەوە کە لەژیانی رۆژانەدا دەیان جار دووبارە دەبنەوە، ئەمە بێجگە لەو زمانە شیعرییەی پێی دەنووسی..بۆنموونە لە (چاوەڕوانی گۆدۆ)کەیدا ئەو زمانەی فلادیمیرو ئیستراگۆن پێی دەدوێن زمانێکی ئاسایی ئەوتۆیە کە زۆرجار لەزمانی خەڵکی ئاساییەوە بەرگوێمان دەکەوێت، بەڵام پیکیت بۆ نەخشاندنی نیازو مەرامی خۆی لە چنینی وشەکاندا گەلێك جار وتەی وەك: راکێشانی ناوەوە، بێتاقەتییەکی کوشندە، ترس لەنادیار، ورەبەردان و هیوا.. دەکاتەڕایەڵ، دەبینین لەبەشی دووەمی شانۆگەرییەکەدا هەردووکیان (فلادیمیرو ئیستراگۆن) لەژێر درەختێکدا دانیشتوون و دەیانەوێ قسەیەك بکەن، شتێ بڵێن و دڕ بەو بێ دەنگییە ترسناکەیان بدەن، ئەوەتا دەڵێن:

ئیستراگۆن: ئێمە لەگەڵ بێدەنگیدا دۆش داماوین، کەواتە با باس لەهێمنی بکەین.

فلادیمیر: راست دەکەیت.

–بەوەش ئیتر بیرناکەینەوە.

–ئەمە بیانوومانە.

–بەمە گوێمان لێ نابێت.

–هۆمان بەدەستەوەیە.

–هەموو دەنگە مردووەکان.

–دەنگیان لە باڵ دەچێ.

–وەك گەڵای درەخت.

–وەك خۆڵ.

–وەك گەڵای درەخت (بێدەنگی).

–هەموو بەیەك دەنگ قسە دەکەن.

–هەریەك لەگەڵ خۆیدا.

–بەڵکو بەچرپە.

-عەنتیکەیە (بێدەنگی).

ئـەم دووکەسـە مێشـکیان سـاف نییـە تـا بتـوانن گفتوگۆیـەکی ڕێكوپێك بکەن، لای ئەمان دەنگی هـۆش نـزمترین دەنگـە، چونکە دەنگی عاتیفە زاڵە، هەربۆیە هۆشیاریش بووە بە ژێر لێوی بێئاگاییەوە ...ئەو دوو کاراکتـەرە وا لـەپیکیت دەکـەن بـەزمانی پەخشـان نەنووسـێ، تەنانـەت وەك کەسـێکی ئاسایی نایاندوێنێ...لەراستیدا لەیەك چوونی تـەواو هەیـە لـەنێوان شـێوەی نووسـین و بەرهـەمی نووسـەرانی شـانۆیی نامـاقووڵ و نووسـەرانی شـیعری نـوێ، چـونکە هـەردوولایان دەیانـەوێ بەیـەك شـێوە تاقیکردنـەوەی مـرۆڤ بەگشــت جەمســەرێکیەوە بنووســنەوە، مــن بــزانم هــەر ئەمەشــە کــە ئــەو قووڵاییەی داوەتە بەرهەمی نووسەرانی ناماقووڵ و لەبەرهـەمی نووسـەری تـر جیـاوازن...خوێندنـەوەی بەرهـەمی ناماقووڵـەکان نەفەسـی درێـژی گەرەکـە، کەوتارێکی یـۆژین یۆنسـکۆ دەخوێنیتـەوە، وەك ئـەوە وایـە شـیعرێکی نـوێی (گران) بخوێنیتەوە، ئەو نووسەرە دووحاڵەتی ئاوەز دەردەبڕێت:

یەکەم: هەست کردن بـەجیهانێ پێچەوانەی ئـەم جیهانـەی تیایـدا دەژین، جیهانێکی پڕ لەبەختیاریی و جوانی، دوور لەهەموو دەردەسەرییەك.

دووەم:هەسـت کـردن بـەم جیهانـەی خۆمـان. ئـەوەتا یۆنسـکۆ دەڵـێ ((پێویستە هەریـەك لەئێمـە ئـەوە بزانـێ کـەجیهان لەمادەیـەك خوڵقاوە زیـاتر لەخەون دەچێت، دیوارەکانی قایم نین و بەچاو دەتوانین دەلاقەی تێ بخـەین و تێوەی بڕوانینە جیهانێکی بێ سنوور، جیهـانێ کە لەتـەنیا تیشـك و ڕەنگی بێگەرد بەولاوە هیچی تری تیا نابینرێت...)).

لـەم سـاتەدا یۆنسـکۆ بـەختیارو خۆشـحاڵە، چـونکە زینـدووە، بـەڵام بەداخەوە بەختیارییەکەی کەم خایانەو لەچەند چرکەیەك بەولاوە بڕناکات، کـە بەئاگادێتـەوە دەبینـێ جیهـان هەرجیهانـە پـڕ لـەدەردو ناخۆشـییەکەیەو بـاڵی ڕەشـی بەسـەر سـەری ئـەودا کێشـاوە، هەربۆیـە دەڵێـت ((ئـەو مـادە ناشرینە گشت لایـەکی تـەنیوە، هـەموو بستە بۆشاییەکی گرتووەتـەوە، چی سەربەستییە لەناودەبات، ئاسۆی بەختیاریی تەڵخە، جیهان خەریکە دەبێتە بەندیخانەیەکی تەسك و تروسك...)).

ئەوی زیاتر ئەم زمانی ناماقووڵە دەردەخات ریالیزمێتی نووسینێتی، کە لەزمان و دیالۆژی شانۆنامە کۆنەکان ورد دەبینەوە هەست دەکەین زمانێکی راستگۆ نییە، لەناخەوە هەڵنەقوڵاوە، هەموو شتێ شاراوەیە، هەربۆیە نووسەرانی ئەم رێبازە شانۆییە زۆرجار نائومێدن لە وشەو لایان وایە وشەو رستە مەبەستیان ناپێکێ، ئەوەبوو پیکیت روویکردە پانتۆمایم و دۆریس لیسینج لە شانۆگەریی (راستیی بیلی نیوتن) دا کاراکتەرێ دەردەخا کەهیچ ناڵێت، بەڵکو بەهۆی ئامێری فلووتەکەی دەستییەوە دەیەوێ رازو قسەی دڵی بگەیێنێ! یان لەشانۆگەریی (هەمووکات پەتای سوور) دا لەیەك بەشی تەواودا کەسێ قسەی تیا ناکات، هەروەها پینتەر-یش لەبەرهەمێکیدا دووبارە بەو شێوەیە دەنووسێ، ئەوەتا لە (دەنکەشقارتە) دا کاراکتەر ورتەیەك لەزمانی نایێ ! لەو نووسەرانەش کە تەواو بڕوایان بە (وشە) نەما پیتەر بروك، دەربارەی ئەمە خۆی دەڵێت ((ئیتر بڕوام بە وشە نەما، چونکە ئەو هۆیەی پاڵی پێوە دەنام بۆ دروستکردنی وشە، نەما.. وشە هیچ ناگەیێنێ، هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە))!

**له گۆڤاری (السینما والمسرح)ی میسرییەوە وەرگێڕراوە.**

# گەردەلوولی شەکسپیر
# لە نمایشێکی فەرەنسیدا

د. محمد سیف

شانۆنامەکە باس لە (برۆسبیرۆ)ی شازادەی میلانۆ دەکات کە دەبێتە قوربانیی پیلانێکی چنراو، لە لایەن براکەی خۆیەوە، کە بەهۆیەوە لە دەسەڵاتی دەکات و بۆ دورگەیەکی دوور دەخاتەوە، لەوێ بە چوار دەوری خۆیدا بە تەنیا کتێبەکانی و (میراندا)ی کچە جوانەکەی و (کالیبان)ی خزمەتکاری درندەی و (ئارییل)ی ئارەزووباز شک دەبات، ئەو دووکاراکتەرەی نامۆن لەگەڵ سەراپای کارەکتەرەکانی دیکەی شەکسپیردا، لەم شانۆنامە – قەسیدەیەدا هەردوو جەمسەری خەون و راستیی دەنوێنرێن، ئەم گەردەلوولەی شەکسپیر وەك ئەوانەی دیکەی نین کە لە زۆربەی شانۆنامەکانیدا هەن، گەردەلوولێکە لە لایەن جادووگەر و شاعیرێکەوە بەکاردەهێنرێت کە (برۆسبیرۆ)یە، جاریك دەیکاتە ئامرازێك بۆ تۆڵە سەندنەوە و کوشتن و برین و خاپوورکردن و جارێکی دیکە دەیکاتە هۆکارێ بۆ ئاشتەوایی و لە دایك بوون و خۆشەویستیی.

**بە سەرهاتەکەش بە مجۆرەیە :**

رۆژێك برۆسبیرۆ سەرنجی پاپۆرێك دەدات کە سەرنشینەکانی بریتی دەبن لە براکەی و هەموو ئەو پیاوانەی بوونە هۆی لە دەسەڵاتکردنی و دەربەدەربوونی.

ئەمیش پەنا دەباتە بەر ئەو هێزە ئەفسووناوییەی بە درێژایی دوانزە ساڵی دەربەدەرییەکەی بە دەستی هێنابوو، ئیدی گەردەلوولێ دێنێتە ئارا کە مایەی چاندنی ترس و تۆقانە و هەموو تارماییەکانی رابردووی دێرین بەرەو دوورگەکە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەکات..

دوای ئەوەی پاپۆڕەکەیان تێك و پێك دەشکێ لەسەر کەنار دورگەکەی برۆسبیرۆی لەسەر دەژی، بە سیمایەکی ئەفسووناوییەوە پێشوازییان دەکات، (غونزالو)ی راوێژکار جلوبەرگەکەیان چنگ دەخات، هەروەك ئەوەوان کە تازە لە رەنگ هەڵکێشرابن! بەڵام ئەنتۆنیۆ و سباستیانی جووتە مەست تواناى تەماشای ئەو دیمەنەیان نییە!

شەکسـپیر (گـەردەلوول)ی سـاڵی 1611 نووسـیوە، ئـەو کاتـە تەمـەنی 47ساڵ بـووە و بـە پێـی قسـەی زۆر لـە مێژوونووسـان ئـەوە دوا شـانۆنامەی بـووە و ئیـدی لەنـدەنی جێهێشـتووە و گەڕاوەتـەوە بـۆ زێـدی لـە دایکبـوونی (ئەسیتراتفورد ئون ئافون).

گـەردەلوول ئاوێتەیـە لـەنێوان ئەفسـوون و گێرەشـێوێنیدا، هەرچـۆن چـیرۆکەکە رەنگـی موزیـك و شـاعیرێتی لـەخۆ گرتـووە، هاوکـات تێکەڵـە لـە چـەند جـۆرە شـانۆنامەیەك، بەتایبـەت مەرگەسـات و بەزمەسـات، بـەجۆرێ تێکەڵ بەیەکتر کراون جوداکردنەوەیان لەیەکتر مەحاڵ بێ.

ئـەم شـانۆنامەیە کـە بـە نموونـەی بلیمـەتیی شەکسـپیر نـاو دەبرێـت، وەك پەسارێك وایە بۆ ئەوانەی لە هـیچ شـوێنێکی دیکـە بوونیـان نییـە. ئـەی ئـەوە نییـە دورگەکـەی برۆسـبیرۆی بـۆ نێـردراوە جێگایەکـە تیایـدا شەکسـپیر مەسەلەی دەسەڵات بەدید و چارەسەری تایبەتیی خۆیەوە دەخاتە بەرچاو.

دەرهێنـــەری فەڕەنســـی (دۆمینـــك بتـــوازۆ) سەراســـیمەی ئەفســـوونی شانۆنامەکە بووەو جارێکی دی گەردەلوولی خستەوە سەرشانۆ، ئـەمجارەیان دەرهێنـەر تـەکنیکی شـانۆیی گـەورەی بـەکارهێناوە، تـەکنیکی جـۆراو جـۆر، بووکەڵەی گـەورە گـەورەی خسـتۆتە کارەکـەوەو گروپێکـی نـوێی لـە ئەکتـەر هەڵبـژاردووە لـە فەڕەنسـا و ئیتاڵیـا و تـونس و ئـەڵمانیا.. پەیوەنـدیی گەرموگوڕی برۆسبیرۆ و میراندای کچی رەنگ پێداوەتەوە.. سێبەری بیکیـت و فرۆیـد بەسـەر کارەکـەوە هەیـە، سێبەرێك بەسـەر دنیایـەکی پـڕ لـە خـوارو خێچی بێ سنوور!

(دۆمینـــك)ی دەرهێنـــەر چـــەند جـــارێکی دی ئـــەم شـــانۆنامەیەی نمایشـکردوە، ئـەویش لـە سـاڵانی 2001، 2003، 2006. کاتـێ بـۆ یەکـەم نمایش گەیشتووەتە ئیتاڵیا گوتویەتی:

((گـەردەلوول کلیلـی سـەرجەم پرسـیارە تایبەتەکانـە و کلیلـی رەوتـی هونەریی منە وەك دەرهێنەرێکی دوور لە نیشتمان)).

شـانۆگەرییەکە وەك وتووێـژی نێـوان تێکسـتەکە و چیرۆکی راسـتەقینەی خودی هونەرمەندێکە کە دەیەوێ لە وڵاتێکی بیبیانی کاربکات، لە مەنفادا.

نمایشەکە لە شێوەو ناوەرۆکیدا هەر لە سەمای (فالسن) دەچوو، کە لەلایەن دەرهێنەری فەڕەنسی (دۆمینك بتوازۆ)وە نەخشەو ئاوازی لە ڕێی هەرچوار ریتمە زمانەوانییەکەی (فەڕەنسی و ئیتالی و عەرەبی و ئەڵمانی)یەوە بۆ دانراوە. کۆمەڵێ پرد روو لە جێگای جۆراوجۆر و خەیاڵ و بۆچوونی جیاواز..

ئەکتەرەکان لە ژێر چەپکە تیشکی شینی ئاوین بوون، بەرادەیەك واماندەزانی دەورەکانیان لەسەر رووی ئاو دەبینن، یان وان لەناو جیهانێکی ئەفسووناویدا، دەرهێنەر تەنیا شەش لە کاراکتەرەکانی شەکسپیری هێشتووەتەوە، هەرچوار نیشتەجێکەی دوورگەکە (برۆسبیرۆ و میراندا و کالیبان و ئارییل)، لەگەڵ کابرایەکی سەرخۆش بەناوی (ستیڤانۆ) و لیبوکێکی ئیتالی بەناوی (ترینکۆلۆ)، بەڵام ئەنجومەنی لۆردی ئیتالی کە (فەردنیاند)ی کوڕی پاشای ناپۆلییان تیادایە و شەیدای (میراندا)بووە، هەموویان لە بووکەڵەکان دروستکرابوون کە بە درێژایی نمایشەکە لەلایەن پێنج ئەکتەری ئەڵمانەوە خرابوونە گەڕ.

هەر گروپەش لەنمایشەکەدا زمانی خۆیان و ئاخافتنی تایبەت بە خۆیان هەبوو، هەروەها لە نواندنیشدا، نواندنێکی شانۆیی بوو چوار زمان بەرجەستەی دەکرد.

زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەتایبەت توێژینەوەکانی (مارسیل موس) فێری ئەوەی کردووین کەوا پێکهاتەی مرۆڤ زادەی رۆشنبیرییە، هەر زمانەش جەستەی تایبەت بەخۆی هەیە، هەرچۆن بیرکردنەوە لە دایکبووی بنەماکانە، وێنای سیمای دەموچاویش لە ڕێی دەنگەوە دەکرێت، هەروەها شێوەو چەماوەیی پشت و بەکارهێنانی هەردوو باڵ... هەر رەگەزێ لەگەڵ زمانی دایکدا لە هەڵچووندا بێ ئەوا کاریگەریی خۆی دەبێ... ئەو دەرهێنەری پەیڕەوکاری ئەوانە بوو، هەربۆیە لە نمایشەکەدا کاری لەسەر چوار زمان کردبوو. خاڵی دەستپێکی دەرهێنەر لەم کارەیدا ناسنامەی نیشتمانیی ئەکتەرەکانی بوو (واتە ئاوێتەی تەکنیکی هونەری شانۆیی لە مێژووی هەرسێ وڵاتەکەدا – فەڕەنسا و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا).

لە پێناوی ئەوەشدا کە بینەر بەباشی لە نمایشەکە بگات، دەرهێنەر شاشەی سپیی لە هەردوو تەنیشتەکەی شانۆ دانابوو و دیالۆژەکانیان لەسەر دەکرا بە زمانی فەرەنسی، بۆ ئەوەش سوودی لە وەرگێڕانەکەی (جان میشال دبران) وەرگرتبوو، کە لەم دواییەدا بڵاوکراوەتەوە. فرە زمانیی لەم نمایشەدا هەرگیز کۆسپێك نەبوو لە ڕێی تێگەیشتن لە تێکستەکە، بە پێچەوانەوە، گوتارە شانۆییەکەی بەهێزکردبوو، هەروەها هێزە بەرامبەر و دژ بە یەکەکانی نێو دڵی تێکستەکە.

بە تەنیا دووان لە ئەکتەرەکان بە فەرەنسی دەدوان، ئەوانیش:

– برۆسبیرۆ (رۆلان بیرتین)

– میراندا (سلفیان روز–ی ئەکتەری سویسری).

رۆلان بیرتین ساڵی 1983 پەیوەندیی بە (کۆمیدیا فرانسین)ەوە کردوە، ئەم ئەکتەرە فەرەنسییە خاوەنی دەنگ و دەمودوویەکی نایابە، هەربۆیە (دۆمنیك بتوازۆ)ی دەرهێنەر بۆ ئەم شانۆگەرییەی (گەردەلوول) هەڵیبژاردوە، ئەو توانی لە نمایشەکەیدا نواندنێکی جوان و گونجاو بخاتە بەرچاو، تراژیدیای تێکەڵ بە نواندنی کۆمیدیی کردبوو، هەرچۆن رەگەزەکان ئاوێتەی یەکتردەبن، خەیاڵی لە زماندا ژیاندبووەوە، هاوکات (ئارییل) بەهۆی کردارە زارەکییەکانی زمانی عەرەبییەوە گەمەی بەوانی دی دەکرد، هەرچۆن زمانی ئەڵمانیشی بەهەمان شێوە بەکاردەهێنا، وەکو کەرەستەیەك بۆ گوتارێك. ئەڵمانییەکە زمانی هەر پێنج جوڵێنەرەکەی بووکەڵەکان بوو کە رۆڵی شازادەکانی (میلانۆ و ناپولی)یان یاریی دەکرد. نواندنی جوڵێنەری بووکەڵەکان سیمایەکی گاڵتەجاڕی زیادەڕەوییان بەخشیبوو، ئەویش لە ڕێی تێکدانی دەموچاویان و جیڕەی ددانەکانیان و گۆڕینی رووی خۆیان بۆ ناشیرینی و دڵڕەقی و پێکەنینی هیستریاییانە، ئەمە وەك دەربڕینێ بۆ شەڕخوازیی نێو ناخی شازادەکان. هەر لە ڕێی زمانی ئەڵمانییەوە (ئەنتۆنیۆ و سباستیان) پلان دادەنێن بۆ کوشتنی گەورەکەی خۆیان، کێبڕکێیانە بۆ درکاندنی وشە بەمەبەستی بێدەنگکردنی (غوانزالو)ی کۆنە راوێژکاریان، کەواتە زمانی ئەڵمانی لێرەدا زمانی

سیاسـەت و خـاوەن هێزەکانە، غوانزالۆ، تـەنیا کەسـە کـە واز لـە چەلەحانێ ناهێنێ و بۆ ئاخافتنیش زۆر لەخۆی دەکات.. زمـانی ئـەڵمانی لـەم نمایشـەدا زمـانی گاڵتـەجاڕی و شـێواندنە، ئـەویش لـەژێر پـەردەی ناسـکی و کۆکیـدا، بــەڵام ئیتــاڵی روون و بــێ رووپۆشــە، لــە نمایشــەکەدا زمــانی هــەردوو سەرخۆشـەکەیە کـە لـە پاپۆڕەکـە رزگاریـان بـووە، ئـەوان ئیتـاڵین، کالیبـانیش لەگەڵ ئەواندا هەر بـە ئیتـاڵی دەدوێـت، ئـەو دڕەندەیـەکی نیشـتەجێی دورگـە ئەسـڵیەکەیانە کـە تیایـدا (برۆسـبیرۆ) زانسـتی زمـانی فێرکـردوون، دوور لـە ئەندێشــە، هەرســێکیان (ســەرخۆشــەکان و کالیبــانی خزمــەتکار) یــەکێتیی خۆیــان لــە گەمەیــەکی وەرگــێڕاو لــە کۆمیــدیای (دیلارتــی)وە دەبیننــەوە، گۆرانییـەکانی ئـەو جووتـە سەرخۆشـە لـە یـەکێتیی نێوانیـان زیـاتر نییـە. (ترانکیلـو)ی لێبووك جلوبـەرگی رەنگـاورەنگی بریقـەداری پۆشـیوە، بەتـەنیا قسـەکەر بـە زمـانی عـەرەبیی رێزمـانی (ئارییـل)ە کـە هونەرمەنـدی تونسـیی (هــدی بــن کمــال) نمایشــی دەکــرد و بووبــووە زمــانی شــانۆ و دارە ئەفسـووناوییەکەی نمایشـەکە، ئارییـل کارەکـەری (برۆسـبیرۆ)یـە و هـەموو فەرمانــەکانی ئــەو جێبــەجێ دەکــات، درکانــدنی ئــاوازی ســەرزاری، ئەفسـووناوی بـوون و کاریگـەرییان هـەبوو، چـونکە مـوزیکی عـەرەبیی لای بینەری فەڕەنسی ئاشنایە، وەك هەر موزیکێکی بییانی ئاشنا بەوان. ئارییل تــەنیا کەســە بــە عــەرەبی دەدوێ و برۆســبیرۆش بــە فەڕەنســی لــە گــەڵیا دەدوێـت، لـەوێوە وە هـەموو ئەندێشـەکان دەهاتنـەدیی، ئارییـل لـە هـەموو زمانــەکانی دورگەکــەی دەرهێنــەر دەگــات و پێشــیان دەدوێــت، هەربۆیــە پرسیارەکانی بە فەڕەنسی لە برۆسبیرۆی گەورەی دەکرد، بە وردیش گوێی رادەدێرا بۆ پیلانی شازادەکانی ئەڵمان، کاتێکیش خۆی دەگەیاندە جێگای لێبووکـە ئیتاڵییـەکان ئاگرەکـەی خۆشـدەکرد تـا ناکۆکییـان زیاتربـێ، لـە لایەکی دیکەوە بەکارهێنانی زمانی فەڕەنسیی لەلایـەن برۆسـبیرۆ و میراندای کچیەوە نزیکبوونـەوە بـوو لـە بینـەران، هەرچـۆن یەکخسـتنبوو لـە نێـوان زمانـەکانی دیـدا، سـەرجەم دیالۆژەکـانی نێـوان میرانـدا و خۆشەویسـتەکەی (فرنانـدۆ) لـە نمایشـەکەدا بـوو بوونـە مەنـەلۆژێ بەرامبـەر بووکەڵەیـەك کـە

هـەرگیز وەڵامـی لێنەبیسـت، بەرامبـەر میرانـدا بـاوکی هەیـە کـە لـە فەڕەنسـی بـەولاوە بـەهیچ زمـانێکی دی نـەدەدوا، بـەڵام ئـەو گـەورەی شـوێنەکەو سـەر شـانۆکە بـوو، هەرچـۆن گـەورەی ئـەو ئەفسـوونە بـوو کـە سەرانسـەری دورگەکەی گرتبووەوە.

ئـەم تێکسـتەی (شەکسـپیر) لەسـەر ئاسـتی فـرە کلتـوری بـەکارهێنرابوو، ئەکتـەرە ئینگلیزەکـان لەسـەر شـانۆ کەسـایەتی نادیـاری وەك جنۆکـەو سـیحربازیان بەرجەسـتە دەکـرد، شـانۆگەرییەکە نـوقمی ئەفسـوون و هەوەسبازیی دەریای سپی ناوەڕاست بوو بوو، هەرچۆن بایەخی تایبەتیی بە پەیوەندییە جوگرافیاییەکانی (میلانۆ، ناپۆلی، تونس و جەزائیر) دابوو، ئەوانە لەو دەمەدا شارانی نامۆبوون و تیایدا دڕندەو گەنجینەی زێڕ و نهێنییەکان حەشار درابوون، سەرنجماندەدا تێکستەکە لەگەڵێ هەڵوێست و ساتەکاندا بەرەو گەمەیەك پەلکێشی دەکردین، ئەویش لە ڕێی نێوانە جوگرافییەکان و جوداخوازییە کلتورییەکان، ئەوە سەیربوو ئەم نمایشە کە تێکستە ئەسڵییەکەی هەڵێنجابوو، هەروەها زمانی ئینگلیزیش، جۆرە بەتاڵکردنەوەیەکیش هەبوو، وەك ئەوەی بیەوێ شەکسپیرمان لەبیربەرێتەوەو جارێکی دیش بیدۆزینەوە. وەك ئەوەی دواجار بۆمان بسەلمێ شەکسپیر بوونی نییە، ناتوانین پێی بگەین، بەتەنیا لە ڕێی شتە هاوچەرخەکانی نێو تێکستەکەیەوە نەبێ، چونکە دەبێ تێکست بەپلەی یەکەم هەڵوێستێ بێ تەبا لەگەڵ ژیاندا، پاشان خۆ ڕزگارکردن لەزمانی تێکستە ئەسڵییەکە خۆرزگارکردنە لە رابردوو، هەرچۆن خۆ ڕزگارکردنە لە دیدی شەکسپیریی وەك میرات و کلاسیکییەکی بەردین، ئەفسوونیش بەتەنیا لە بوێریدایە بۆ بەکارهێنانی زمانێ کە ئەندێشەمان فراوانکات.

گەردەلوولی (دۆمنیك بتوازۆ) لەم نمایشەدا گەشتێ بوو ڕووەو جیهانی دیکە، زمانیش تیایدا لە ئەندێشەیەکی شانۆیی زیاتر چی دی نەبوو.

**سەرچاوە:** مجلة الخشبة.

# محیّدین زەنگنە

**یاسین النصیر**

محێدین زەنگنەی نووسەری شانۆیی ناسراو ساڵی 1940 لەشاری کەرکوک لەدایکبووە، لەخێزانێکی گوزەران مام ناوەندیدا پەروەردە بووە، زۆر لەو شارەدا نەماوەتەوەو چووەتە شاری بەعقوبەو تا ئەمڕۆش لەو شارە ژیان بەسەر دەبات.

هەر لەمنداڵییەوە گرفتەکانی ژیان و دیمەنەکانی دەوروبەر بەو راستییەیان ئاشناکردووە کەدەبێت مرۆڤ نیشتمانپەروەر بێت، ئەو سەر بەخێزانێکی تێکۆشەرو روناکبیرە، هەر لەخێزانەکەیەوە فێری ئارامی و خۆڕاگریی بووە، ئیدی ئەو خەسڵەتانە لەگەڵیدا گەورە بوون.

لە بەعقوبە قۆناغی ئامادەیی تەواوکردووەو پاشان چووەتە بەشی زمانی عەرەبی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغداو ساڵی 1963 تەوایکردووە، ماوەیەکی زۆر مامۆستای زمانی عەرەبی بووەو لە بەعقوبە دووچاری تەنگ پێهەڵچنین بووە.

ئەو لەکاتێکدا لە زانکۆ خوێندوویەتی، بەهرەمەندیی نووسینی شانۆگەریی لێوە دەرکەوتووە، دواتر بووەتە نووسەرێکی یەکجار دیار لەشێوازو لەزمانی نووسیندا (کە بەعەرەبی جڵفە نەینووسیوەو هەمیشە زمانی ئەدەبیی هەڵبژاردووە)و ئەو زمانەش لەشانۆکەی و نمایشەکانیدا پەسەندو ناوازە بووە.

خەسڵەتێکی گرنگی دیکەی تێکستەکانی ئەو، گەلێ رووداو بەهۆی کاراکتەرەکانیەوە دەخاتە بەرچاو، وەك ئەوەی تۆماری گشتی ژیانیان والاّ بکات، ئەو کەسانێ دەخاتە بەردەستی دەرهێنەر کە پێگەیشتوون و زیندوون، وەك ئەوەی لەناوماندا بژین.

زیاد لە 22کاری شانۆیشی لەکتێب و دووتوێی گۆڤارەکاندا رووناکیان دیوە، هەر هەمووشیان رێگای چوونەسەر تەختەی شانۆیان دیوەتەوە، بەهۆی کارەکانی ئەوەوە هەردوو تیپی (شانۆی میللی)و (شانۆی ئەمڕۆ)* کە لەلایەن دامودەزگا کلتوورییەکانی رژێمەوە دژایەتی دەکران، ساڵانێکی زۆر لەبەرچاوو چالاك بوون، بەلاّم کەمتر بەهەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ هەردوو تیپی(نەتەوەیی)و (شانۆی هونەری نوێ)دا دەکرد.

شانۆگەرییەکانی زەنگنە لەسەر شانۆی عەرەبی نمایشدەکران و لەقاهیرەو تونس و مەغریب و لوبنان و سوریاو ولاتانی کەنداو کاریگەریی جەماوەریی و(رەخنەیی)یان هەبوو.

سێ رۆمانیشی نووسیوە کە یەکێکیان(ئاسۆس)ەو باس لەکوردێکی عێراق دەکات دوای ئەوەی ولاتەکەی جێدێلێت و لەزێدو ماڵی خۆی دادەبڕێت، لەجێگایەك خۆی دەبینێتەوە کە ژیانی تێدا نییە، ئەو بەهۆی هێمای ناوی باڵندەیەکەوە کە(ئاسۆس)ی ناوناوەو بەدورکەوتنەوە لە سروشتی خۆی دەمرێ، ویستوویەتی باس لەکۆچ و راگوێزان بکات کە رەگی قووڵیان لەهزرو ژیانی ئەم نووسەرەدا داکوتیوە.

هەروەها دوو کۆمەڵە چیرۆکیشی هەیەو چیرۆکەکانی ئەو لەمەداری سەرجەم کارەکانی دیکەیدان: کۆچ، کارکردن، شوێنکەوتن، گەڕان بەدوای ئازادیداو وەستانەوە بەرامبەر چەوسێنەرانی ئەم جیهانە.

کاراکتەرەکانی ئەو هەروا لەژینگەیەکدا ناژین، بەڵکو چارەنووسیان بەندە بەچۆنیەتی ئامانج و بیرکردنەوەیان و سەر بەتوێژە تێکۆشەرەکەی نێو کۆمەڵن.

ئەو، ماوەیەکی زۆر وانەبێژی قۆناغی ئامادەیی بووە، هەروەها کاری لە رۆژنامەنووسیدا کردووەو دەیان وتاری لە رۆژنامە عێراقی و عەرەبییەکاندا بلاوکردۆتەوەو بەر لەنمایشیش زۆر لەشانۆگەرییەکانی لە گۆڤارە عەرەبییەکاندا خراونەتە بەرچاو.

یەکەمین شانۆگەریی ئەم نووسەرە(نهێنی)ی ساڵی (1968)ە کە تیایدا باس لەخۆڕاگریی مرۆڤی خاوەن باوەڕ دەکات و لەو پێناوەشدا زۆر چەرمەسەریی ژیان دێتە رێگای، پاشان(کوللە)ی نووسیوە لەساڵی 1970دا، کوللەی سوڵتانی خوێنڕێژ پەلاماری ژیان و ئازادیی مرۆڤی ئاسایی دەدات و پاشان هێرش دەبەنە سەر کۆمەڵگا و رۆشنبیریی و سیاسەت!

دوای ئەوە ساڵی 1975 شانۆگەریی(پرسیار)ی نووسیوە کە کارێکی بەهاداری شانۆی عێراقییە، یەك لەچیرۆکەکانی(هەزارو یەك شەوە) کە

چیرۆکی(سەفوان‌و بەرگدرووە جوولەکەکە)یە دەکاتە دەروازە بۆ کێشەی گەلی فەلەستین، یان کێشەی هەر گەلێکی دی کە بەدەست داگیرکردنەوە بنالێنێ، ئەو، شانۆگەرییەکەی بەشێوازێکی هاوچەرخانە نووسیوەو بەرهەمەکەی هۆشیاریی نووسەر نیشاندەدات لە بەکارهێنانی کەلەپووردا بەشێوەیەکی هونەریی نوێ، (پرسیار) دەکەوێتە نێو تەوژمی تازەگەریی نووسینی شانۆییەوە، چونکە لەناوەڕاستی حەفتاکاندا نووسەران لەهەوڵی ئەوەدابوون تازەگەریی لەبینینەوەکانیاندا هەبێت، ئەو شانۆگەرییە سەرەتا لە عێراق‌و دواتریش لە زۆر وڵاتی عەرەبیی دیکەدا نمایشکراون.

بەهۆی ئەو شانۆگەرییەوە محێدین زەنگنە لەشانۆی عەرەبیدا ناسراوە، دوای پرسیار، شانۆگەرییەکی دیکەی بەناوی(مۆڵەت)ەوە نووسیوە کە تیایدا گوزارشتی لەئازادیی کردووە، ئازادیی مرۆڤ‌و ئازادیی بیروڕا.

ساڵی 1979 شانۆگەرییەکی لەسەر رەوشی سیاسیی شێواوی عیراق نووسیوە بەناوی (لەسەدەی بیستەمدا ئەمە روودەدات)، تیایدا ئاماژە بەجڵەو گرتنە دەستی هێزی ناکۆمەڵایەتیی دەکات لەکاروانی نوێی وڵاتدا، بۆ شانۆگەرییەکەشی پەنای بردووەتە بەر کەلەپوور.

ئینجا شانۆگەریی (یەمامە) لەگۆڤاری(الموقف الأدبی)ی سوریا لە 1980دا بلاودەکاتەوەو ساڵی دوای ئەوە شانۆگەریی(ئێوارەتان باش ئەی رەشپێستە سپییەکان)، تیایدا ناوە جوداکانی( رەشپێست‌و سپی) پێکەوە گرێدەدات، وەك گاڵتەپێکردنی نووسەر بەپێکهاتەی (چەوساندنەوەو ئازادیی)، ساڵی 1982 شانۆگەرییەکی گرنگی دیکە بەناوی(سندوقی بەردین) دەونووسێ‌و بەدیارترین شانۆی ئەزموونگەریی ئەو دەمە لەقەڵەم دەدرێت‌و لەلایەن تیپی نەتەوەییەوە خراوەتە سەر شانۆی(رەشید). ئەو شانۆگەرییە بەکارێکی دژ بەرژێمی ئەو دەمە ناودەبراو باسی لەزیندانەکان‌و پێکهاتەی هەستی مرۆڤ دەکرد، چۆن جێگای تەنگ کاریگەریی بەسەر مرۆڤەوە جێدێڵێ، ئەو بەهۆی بیرۆکەی سندوق‌و ژوورەوەو ژیانی کەسانی دیکەو زیندان‌و ئابلوقەو مەرگی نیشاندەدا، لەو پێکهاتەیەوە نووسەر باسی

لەکۆچی کوردان دەکرد بۆ دەرەوەی نیشتمانەکەیان و لەوێوە ئاماژەی بەخۆڕاگریی مرۆڤ دەکرد.

ساڵی 1983 (گوڵەکان بۆکێ)ی نووسیوە، گوڵەکانی باخەوانێ کە هەڵە ناکات، گوڵەکانی ئەو، ژن و حەزو باوەڕن. ساڵی دواتر(هاواری بێدەنگییەکی کەڕ)ی نووسیوەو د. عەونی کەڕومی خستوویە سەر شانۆ، تیایدا خەمی نووسەرو خەمی دەرهێنەر ئاوێتە بوون، نووسەر بە هاواری بێدەنگ پەی بەئاخافتن دەبات بەرامبەر نائومێدی سیاسیی گەورەی ئەودەمە، هاواری دەرهێنەریش، کە لەبێدەنگیدا ڕێگایەك دەدۆزێتەوە بۆ بەرەنگاریی فیکریی.

ساڵی 1986 شانۆگەرییەکی جوانی بەناوی(چیرۆکی دوو هاوڕێ)ی نووسی کە پێکهاتەی هەست و سۆزی مرۆیی دوو هاوڕێیە، کە لەوەوبەر لەیەکتر دابڕاون و تووشی زیندان و جیاوازیی هەڵوێست و بیروڕاو ژیانێکی سەرگەرم بەژنهێنان و رۆشنبیری و شاکارەکان و پەنگخواردنەوە بوون و ئەو دەمەی پێکدەگەنەوە دەبینن هەر هاوڕێن و بەزمانە کۆنەکەیان دەدوێن.

ساڵی 1987بەشانۆگەرییەك گفتوگۆیەکی چڕوپڕ دێنێتە گۆڕێ، ئەویش(دڕك و داڵ)ە، باس لەو گرفتانە دەکات کەدووچاری روناکبیر دەبنەوە لەژیانیدا، هەمان ساڵ(پاسەوان) دەنووسێ کە باس لەبەرپرسیاریی مرۆڤ دەکات بەرامبەر خەڵکی و خودی خۆی.

دواتریش هەریەك لەشانۆگەرییەکانی: رەگەکان سەوز دەبن- 1988، ئەی بەرد بدوێ- 1989، کاوەی دڵدار- 1989، سزا-1990، پۆشاکی مەرگ-1996، مەرگی هونەرمەند-1998، پشیلەکان-1999، خەونی پادشا یان مانداناو ستا خروب-1999، دەنگ و سەنگی خۆیان هەبووە.

زەنگنە، وەك پەیمانی بەخۆی دابێت، ساڵانە شانۆگەرییەکی نووسیوە، ئەو، رۆژانە کاردەکات و نووسین لەلای بەردەوامیی ئازادییە، دەنووسێ(وەك زۆرجار پێمی دەڵێت) چونکە هیچ ڕێگایەکی تر نازانێ بۆچوونەوە سەر ژیان، بێجگە لەنووسین.

لەشانۆگەرییەکانیدا پاڵەوانە میللییەکانی ئەو خەمیان لەکۆڵ گرتووە، زیاد لەتوانای خۆیان، ئەو لەگەڵ جۆرە بابەتێ مامەڵە دەکات کە لەگەڵیاندا دەژیو عەشق دەکات، ئەو بێجگە لەنمایشی شانۆگەرییەکان بەکوردیو عەرەبیو لەزۆر وڵاتی عەرەبیداو لەعێراقدا، لەقاهیرە خەڵاتی باشترین نووسەری وەرگرتووە، هەروەها لەفێستیڤاڵی قەرتاج رێزی لێنراوە، ئەمانە بێجگە لەوەرگێڕانی تێکستەکانی بۆ زمانی کوردیو باسکردنی زۆریو ناوبردنی لەفەرهەنگی نووسەراندا.

لەو نووسینانەدا کە لەسەر کارەکانێتی، ئاماژە بەوە کراوە کە کاراکتەرەکانی هەڵگری خەونێکی مرۆییانەن، گەورەتر لەبیرۆکەی(کارو ئازادیو وجود)، ئەو لەو شانۆنووسانەیە کە لەپێناوی هێنانەکایەی نموونەکانی مرۆڤی هاوچەرخ، پەنای بردووەتە بەر کەلەپوورو حیکایەتە میللییە دێرینەکان، ئەو مامەڵەی لەگەڵ (هەزارو یەك شەوەو گۆڕانییەکان)و سەرچاوەکانی دیکەی کەلەپوور کردووەو زۆر لەکارەکانی بەشانۆگەریی پێشڕەو دەناسرێت، چ لەنووسینداو چ لەدەرهێناندا، ئەو نووسەرێکی مولتەزیمە بەکێشەی مرۆڤەوە لەهەر کوێیەك بێت، کوردبوونی ئەو بەکاراکتەرەکانیەوە دیارن، چەوسانەوەی گەلەکەی وای لێکردووە بەشوێن ئازادییو ئاشتیدا بگەڕێو بۆ خۆیشی تێکەڵی بزوتنەوەی نیشتمانیی عێراق بێت، لەو پێناوەشدا زیندانی کراوەو دەبەدەری دیوە، هەر ئەوانەش بوونەتە هۆکاری پتەوبوونی بیری پێشکەوتنخوازانەی ئەوو ئەو بیرەش لەکارەکانیدا رەنگیانداوەتەوەو هەمیشەش لەشانۆیی سەر بەدەسەڵاتو شانۆی گاڵتەجار بەدوور بووەو ئەوەش لای دەرهێنەرەکانی، پەسەندو دڵگیر کردووە.

ئێستا، محێدین زەنگنە وەك زۆر نووسەری دیکەی ئەم وڵاتە بەهەژاریی ژیان دەباتەسەر، لەشارەکەیدا گۆشەگیرەو دوورە خەڵك، چاوەکانی ماندوونو چاوەڕوانی کەسێکە فریای چاوەکانی بکەوێت.

* ئەو دوو تیپە ناسراوەو تیپی(شانۆی هونەری نوێ)و(تیپی نەتەوەیی) لەبەغدا، ساڵانێکی دوورو درێژ بوو بوونە رەنگو رووی شانۆیەکی عیراقی پێشکەوتوو، بەرهەمەکانیان نەك هەر لەعێراقدا، بەڵکو لەفیستیڤاڵە شانۆییە عەرەبییەکانیشدا کاردانەوەی خۆیان هەبوو دەنرخێنران و لەسەریان دەگوتراو دەنووسرا/ وەرگێڕ.

سەرنج:

1- نووسەری ئەم وتارە مامۆستا یاسین ئەلنصیر یەکێکە لەڕەخنەگرە شانۆیی و ئەدەبییە هەرە ناسراوەکانی عێراق و نووسەرێکی پێشکەوتنخوازەو دۆستایەتی دێرینی لەگەڵ ئەدەبیات و شانۆی کوردیدا هەیەو لەنزیکەوە هاوڕێی گەلێك لە نووسەرو هونەرمەندانی کوردە../وەرگێڕ.

2- هەرچۆن مامۆستا محیێدین زەنگنە لەشانۆی عیراقی و عەرەبیدا نووسەرێکی هەڵکەوتووە، بەهەمان شێوە چەند تێکستێکی وەرگێڕدراوی هەیەو بە شانۆی کوردی شادبوون و لای بینەران دەنگدانەوەی خۆیان هەبووە، وەکو (نهێنی) کە لەساڵی 1976 لەلایەن دەرهێنەر جەلیل زەنگنەوە لە سلێمانی خرایە سەر شانۆ، هەروەها (مۆڵەت)ی ساڵی 1977ی دەرهێنەر ئەحمەد سالار کە هەر لە سلێمانی نمایشکراو(پرسیار) کە لەشاری هەولێر ساڵی 1979 لە دەرهێنانی کاك پەیمان بەگۆك نمایشکرا، لەگەڵ دووبارە نمایشکردنەوەی (مۆڵەت) لە هەولێر ساڵی 1989 لە دەرهێنانی هونەرمەند تەحسین عەلی شەعبان/ وەرگێڕ.

3- ئەوکاتەی مامۆستا یاسین النصیر وتارەکەی نووسیوە، مامۆستا زەنگنە لە باقووبە دەژیا، بەڵام چەند ساڵێکە لەشاری سلێمانی ژیان دەباتە سەر و کاردەکات (وەرگێڕ).

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی: المسرحيون**

# شـانۆی هـەژار

د.عوني كرومي

گرۆتۆفسکی یەکێکە لەدەرهێنەرە جیهانییە هەرە گەورەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهان، پایەی ئەم مەزنە هونەرمەندە وا لەڕیزی پیتەربروك و ئەنتیوان ئارتۆو بریخت دا، ئەوەش لەبەر تایبەتێتی شانۆکەی و لەرووی خۆماندووکردن، بەشوێن هونەری نواندن و ئەکتەردایە.

پیتەر بروك لەپێشەکیی کتێبی (شانۆی هەژار)دا نووسیویە ((گرۆتۆفسکی کەسێکی تایبەت و مرۆڤێکی جیاوازە، چونکە لەهەموو جیهاندا، هەر لەستانسلافسکییەوە تائەمڕۆکەسێك بەوێنەی گرۆتۆفسکی بەناخی نواندنا شۆڕ نەبووەتەوە، نواندن چ لە کردارەکانیدا یان لەشێوەی دەرکەوتن و جەوهەرو ماناکانیدا...))، هەروەها نووسیویە ((لەپێناوی بەدیهێنانی سەربەخۆیی لێکۆڵینەوەکانیدا رەنجێکی بێ وێنەی دا بۆ دروستکردنی تاقیگەیەکی شانۆیی))[1].

گرنگیی ئەو تاقیگەیە لەم سەردەمانەدا لەوەدایە دەرگایەکی گەورە لەرووی لێکۆڵینەوەو تاقیکردنەوە دەخاتە سەرپشت، ئەم تاقیگەیە هێندە گەشەی سەند، تا بووە پەیمانگای بالآی هونەری نواندن و گەلێك هونەرمەندی پایە بڵندی پێگەیاند کەبەهەموو جیهاندا بڵاوبوونەوە.

تاقیگەکەی کارێکی وایکرد کە گفتوگۆو لێدوانێکی زۆر چ لەوڵاتەکەی یان لەرۆژئاوا لەنێوان دەستەو تاقمی رۆشنبیرو هونەرمەندانا بەرپابێ،ئەنجامی ئەمە بە جۆرێك شکایەوە کەوا کۆمەڵەی شانۆییەکان، هەر لە هەڵچوونەکانی گرۆتۆفسکی و شێوازی کارکردنی لەشانۆگەرییەکانیدا، بوونە سەرچاوەی لێ وەرگرتن، هەروەها شانۆی زیندووو شانۆی دڵرەقی و ئەزموونەکانی پیتەربروك سوودیان لەبۆچوونەکانی ئەو لەمەڕ هونەری نواندنەوە وەرگرت.. گرۆتۆفسکی تەنیا بۆ پشت ئەستووری خۆی، لە بۆچوونەکانیدا هەر بەتاقیگەکەیەوە نەوەستا، بەڵکو لەگەڵ تیپەکەیدا دەستیدایە گەڕان و رووی کردە گەلێك شوێن لەجیهانداو لەو شوێنانەدا گرنگیی زۆری بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە دەدا، گرۆتۆفسکی ماوەیەك لەگەڵ پیتەربروك دا کاری کردو دووقۆڵی لەئامادەکردنی ئەکتەردا خەریك بوون، هەروەها چووە کەنەداو فەڕەنساو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو لەو

ولاّتانە هەرچۆنێك بۆی ڕەخسابێ وەك فێرکەرو پسپۆڕو خاوەن ئەزموونو ڕاهێنەری ئەکتەر، کاری کردووە.

ئەکتەرەکان سوودیان لەئەزموونو ڕاهێنانەکانی وەرگرتووە، ئەوەتا ئەمڕۆش زۆربەی پەیمانگاکانی نواندن کتێبەکەی دەخوێننوسوود لەو پرۆگرامەی وەردەگرن کەدەورێکی باشی هەبوو لەپێشخستنی دلڕقیو بێ هودەییو شانۆیی زیندوودا، چ لەڕووی لێکۆڵینەوە، یان لەرووی پراکتیکی کار کردنەوە.

کاری ئەو هونەرمەندە لەسەر شانۆی پۆڵۆنیا کارێکی دیارو ئاشکرایەو ڕۆڵی ئەم هونەرمەندە جگە لەکارکردنی خۆی لەوبلاّوکردنەوانەدا بوو کە گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبیەکان دەیانخستنە روو،بەجۆرێك وای لێهات ناوی (شانۆی هەژار)و گرتۆفسکی زۆرجار دەبووە سەرناوو سەر باس.

بەرهەمی شەستەکانی گرۆتۆفسکی لەگەڵ حەفتاکاندا جیاوازە، لەمەی دواییاندا گۆڕرانی زیاتری بەسەردا هاتبوو.. ئەوەتا لەدوا شانۆگەرییەکەیدا کە لە حوزەیرانی1975دا بەناوی (شاخی ستوونیی ئاگرین )[2] یەوە پێشکەش کرا، بە تەواوی لەوانەی بەر لەخۆی جیاواز بوو، گرنگیی گرتۆفسکی ئەمڕۆ لەوەدایە کەدەیەوێ شانۆکەی لەحەسانەوەو رابواردن بەدوور بگرێ، هەوڵیداوە بارزگانی بەڕۆشنبیرییەوە نەکات، بەڵکو ویستویەتی شانۆ بکاتە شوێنێك بۆ دەربڕینی ڕۆشنبیریی، هەوڵیداوە شانۆ لەدەست کارتێکردنەکانی تەکنەلۆژیا رزگاربکاتو لەو هونەرانەی بەدوور بگرێ کە بوونیان پێویست نییە بۆ شانۆ، وەك (ئێستگەو تەلەفزیۆنو هونەری شێوەکاریی)، ئەو هونەرانەی لای خەڵکی تر پێویستن بۆ شانۆ، لای ئەو شانۆ هونەری سەرەکییەو هەموو هونەرێك لەخۆ دەگرێت، ئەو دەیویست ئەکتەر بکاتە سەرچاوەی بەرهەمەکانی، نەك لەبەرئەوەی دەرهێنەرێکی شانۆی هەژار بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لێکۆڵەرەوەی ئەو شانۆیە بووە. گرنگیی ئەم لەوەدایە کە وەك هونەرمەندەکانی تر نەیدەڕوانییە نواندنو ئەکتەر، بۆ نموونە هونەرمەندان (ستانسلافسکیو برێختو پیسکاتۆرو ڤاختانکەفو مایرهۆڵد)و گەلێکی تر لەچاوی

دەرهێنەرێکەوە دەیانڕوانییە ئەکتەر، بەڵام ئەم وانەبوو..ئەم ئەکتەری دەکردە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکانی شانۆکەی، ئەم سوودی لە بۆچوونەکانی ئەکتەر وەردەگرت و هەوڵیدەدا لێکدانەوەکانیان قووڵ و پڕمانابێ..

ویستی کارتێکردنی گیانی بکاتە سەر ئەکتەرەکان، هەر بۆیە سوودی لەشانۆی ئاسیا وەرگرت تا بە چاکی لەلایەنی سۆفینیزمەکەی حاڵی بێ...

مەشق و هێنانی سەیر سەیری بەئەکتەرەکان دەکرد،هەوڵی دەدا ئەکتەر دەربڕین لەگەڵ باری لەش و مێشکیدا یەك بخات.

لە(فەرهەنگی شانۆ)دا ناوی گرۆتۆفسکی لەسەرەوەی ئەو ناوانەیە کەخزمەتی چاکیان بەشانۆی پۆڵۆنیا گەیاندووە، هەروەها بەهونەرمەندێکی مەزنی هەموو جیهانیش دانراوە، هەر لەوفەرهەنگەدا ناوی چەند هونەرمەندێك براوە کەکاریان لەسەر گرۆتۆفسکی هەبووە، ئەوانیش بریتین لە:ئۆرستۆفۆرس لە پۆڵۆنیا، ئانتۆنین ئارتۆ لەفەڕەنسا، ستانسلافسکی و مایرهۆڵد، هەروەها سوودی لەئەزموونەکانی برێخت و شانۆی ئاسیاو شانۆی (نو)و (کابووکی)ی وەرگرتووە، هەردەم هەوڵیداوە کەخۆی بەهونەری نواندن و ئەکتەرەوە خەریك بکات و بایەخی بە لەش و گیانی ئەکتەرەکە داوە،[3] هەوڵی ئەوەی داوە کەئەکتەر زیاد لەتواناى خۆی دەرکەوێ...ئەکتەر بەجۆرێك لەنواندنا دەرکەوێ بەباشی هەستی پێ بکرێ کەئاگای لەخۆی نەماوەو با لە رووە سایکۆلۆژییەکەوە ترس بخاتە دڵی بینەرانەوە، ئەوا باشترەو بەو کارانەش جوانیی هونەری نواندن دەردەکەوێ و ئەکتەری جوانکارو خوڵقێنەر دەبینرێتەوە، کە کاری دەکرد گوێی بەهەندێ شت نەدەدا، لەوانە (کات).

ئەو، بەچاوی بەشدارێك سەیری بینەرانی خۆی دەکرد، نەك بینەری ئاسایی، هەوڵیدا کەشانۆکەی بگەێنێتە زۆرجێگا، ئەوەبوو بەچل کورسییەوە رووی دەکردە دارستان و لادێکان.

## گرتۆفسکی کێیە؟

ئـەم مرۆڤـە، زۆربـەی رەخنـەگران دایـان نـاوە بەکەسـێکی تایبـەت، چ لەبیرکردنـــەوەدا، یـــان لەســـەردەمەکەیو جـــۆری ژیـــانی، پێـــی وتـــراوە: گرۆتۆفسـکی ئـەو پۆلۆنیاییەیـە کـە گیـانێکی سـلافیی هەیـەو لـەنێوان رۆمانتیکییـەتی خـەیاڵو ریـالیزمی بـێ بەزەییدا، سـلافییەکی تەقلیدییـەو شەوانە بێ ئاگایەو هەرکە گوێی لەدەنگی کڵێسە دەبێ بەئاگادێتەوە...[4].

ئــەم هونەرمەنــدە ســاڵی 1933 لــە پۆڵۆنیــا لــەدایك بــووە...وەك هونەرمەندێ لەزۆر رووەوە ناسراوە، وەکو:ئەکتەر، دەرهێنـەر، بەڕێوەبـەری شانۆ، خاوەنی قوتابخانـەی تایبـەت لەشانۆدا، هـەروەها رابـەرێکی شانۆیی بـووە.لـە کراکـۆو مۆسـکۆو چـین خوێندویـەتیو سـاڵی 1957 لـە کراکـۆو بۆتسـنا نوانـدنی کـردووە، سـاڵی 1959 لەگـەڵ (یۆنسـکۆ) بـۆ یەکـەم جـار شـانۆگەریی دەرهێنـاوە، ئـەویش شـانۆگەریی (کورسـییەکان) بـوو، لەگـەڵ فـلازن تاقیگـەی (سـیانزەپۆلی) لەشـاری ئۆپـۆلاش دامەزرانـد، تاقیگـەی سیانزەپۆلی لەساڵی 1965دا بـردە وارشـۆو هێنـدە تاقیگەکـەی پەرەیسـەند تـاوای لێهـات بـووە پەیمانگایـەك بـۆ لێکۆڵینـەوە لەهونـەری نواندن،گەشـتی هونـەریی بـۆ گـەلێك وڵات کـردووە، لەتـەك خـاتوو کیـزڵان کۆرسـای هاوڕێیـدا چەند شانۆگەرییەکیان ئامادە کردووە، لەوانەش :هاملێتو دکتـۆر فاوسـتو چـــەند شـــانۆگەریو بەرهـــەمێکی پۆڵـــۆنیو هەنـــدێك لەبەرهەمـــەکانی (کالــدۆرێنی)، گــەلێك وتــارو نووســینی بڵاوکردووەتــەوە، ســاڵی 1968 کتێبێکی لەژێر ناوی (شانۆی هەژار)دا بڵاوکردەوە، ئەم کتێبـەی وەرگێڕرایـە سەر زمانە زیندووەکانی وەك ئەڵمانیو ئینگلیزیو فەرەنسی [5].

شـانۆی گرۆتۆفسـکی بەئاشـکرا رەنگدانـەوەی شـانۆی ستانسلافسـکیی پێوەدیـارە، خـۆی لـەم بارەیـەوە دەڵـێ ((بەرهەمـەکانمان زۆرشـتی لـە ستانسلافسـکی دەچـێت، شـانۆ بەگشـتی سـوودی لەستانسلافسـکی وەرگرتووە، چونکە ئـەو خـاوەنی ئـەزموونو لێکۆڵینـەوەی گـەورەو بـەهادارە، شـانۆکەی ئـەو کۆمـەڵێ پرسـیار دەکـات کەبەشـوێن شـێوازی نموونەییـدا لەسۆراخدان، بەڵام وەڵامی چارەسەرکردنی ئێمە لەگەڵ ئەودا جیاوازن))[6].

ئەم قسەیەی گرۆتۆفسکی بۆچوونەکەی (رۆزئیفاتر)مان بەباشیی بۆ دەداتە قەڵەم،چونکە ئەویش زووتر وتوویە:ستانسلافسکی دروستکەری یەکەمینی شانۆ هەژارەکەی گرۆتۆفسکییە، ئەو نووسەرە ئەمەی لەئەنجامی قسەی ستانسلافسکی خۆیەوە وتووە کە دەڵێ ((ئەمانە هەمووی بێ سوودن، ئەمانە هونەری درامای کاریگەر ناخولقێنن، هونەری نواندنی ناوەوە نادەن بەدەستەوە..موڵكو خاوەنی کاراکتەر، ئەکتەری بەهرەدارو بەتوانایە))(7).

هەر ئەم قسەیەی ستانسلافسکی هانی گرۆتۆفسکی دا تابڵێ ((دەتوانرێ بەبێ ماکیاج و جلوبەرگ و دیکۆر، شانۆ بخرێتە بەرچاو، تەنانەت بوونی تەختەی شانۆی تایبەتیش و تیشك و کارتێکردنە دەنگییەکان گرنگ نییە)).

پەراوێز:

1- پیتەر بروك لەپێشەکی کتێبی (شانۆی هەژار)دا، دەزگای بلاوکردنەوەی فەریدریك، 1968- ل 9،(بەزمانی ئەڵەمانی).

2- بۆ تێگەیشتنی زیاتر دەربارەی ئەم ئەزموونە بڕوانە: پرۆژەکانی شانۆی گرۆتۆفسکی. گۆڤاری (فنون الأردنية) ژمارە 1، ئازاری 1978،ل.17

3- فەرهەنگی شانۆ- دەزگای هەنشڵ لە ئەڵمانیای دیموکرات، بەرلین،1977، ل213.

4- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

5- رؤوف مسعد-گرۆتۆفسکی و شانۆی هەژار، گۆڤاری (السينما والمسرح)ی عێراقی، ژمارە 4، ساڵی یەکەم، ل9.

6 - گرۆتۆفسکی و شانۆی هەژار ل17، 18.

7 - جیمس رۆز، ئیفاتر شانۆی ئەزموونگەریی لەستانسلافسکییەوە تائەمڕۆ، وەرگێڕانی: فاروق عبدالقادر، گۆڤاری (الأقلام)، ژمارە 12، ساڵی سیانزەهەم، ل38.

*تێبینی:

**ئەم بابەتە بەهەندێ کورتکردنەوەوە کراوەتە کوردی/ وەرگێڕ.**

---

**سەرچاوە:**

مجلة الأقلام عدد 1979/1.

# هونەری باڵا
# لە شانۆی شەکسپیردا

د.فاطمة **موسى**

یـەکێك لـەو وتـە هەڵانـەی کـە دەربـارەی شەکسـپیر بـەرگوێمان دەکـەوێت ئەوەیــە (شەکســپیر بەناهــەق ســەرو پۆتــەڵاکی یەکێتییــە هونەرییــەکانی کوتاوەتـەوە..)، واتـە بـەهیچ جۆرێك پێڕەوی هـەر سیٚ یەکێتییە بەناوبانگە ئەرستۆییەکەی (کاتو شوێنو رووداو)ی نەکردووە.

هەنـدێکی تـر دەڵـێن: تەنانـەت پشـتی بەیـەکێتی زمـان ( وەك هۆیـەکی دەربـڕین) نەبەســتووەو لەشــانۆگەرییەکانیدا پەخشــانو شــیعری تێکــەڵ کـردووەو زۆرجـاریش بـەپێی هەڵوێسـتە درامییـەکان کێشـی شیعرەکانیشـی گۆڕیوە.

هەندێکی ترلایان وایە شەکسپیر لەیەکێتییە ئەرستۆییەکان لایداوە، ئەو یەکێتییەی بەر لەو، لەشانۆکاندا پێڕەو دەکران.

ئەمەش هۆکەی لەوەدابوو کە رۆمانتیکەکان بەتایبەت فەڕەنسییەکان ئـەم جـۆرە قسـانەیان وەك چـەکێك دژ بـە بەلایـەنگیرانی قوتابخانـەی کلاسـیکیو رەخنــەگرانی ســەدەی حەڤــدەو هەژدەهــەم بــەکاردەهێنا. رۆمانتییــەکان شەکسـپیریان وەك ئـاڵا لەئـەدەبی فەڕەنسـیدا هـەڵکردو ئـەم کارەشـیان وەك دژوەســتانەوە بەرامبــەر دوژمنــانی شەکســپیر وابــوو. ئــەوەبوو (ســەتندالّ) ساڵی 1824 وتارێکی لەژێر ناوی (بەراوردیّ لـەنێوان راسینو شەکسپیر) دا بڵاوکـردەوەو (فیکتـۆر هۆگـۆ)ش سـاڵی 1827 لەپێشـەکی شـانۆگەرییەکەیدا (کرومۆیـل) لـە شـێوەی مانیفێسـتێکدا شۆڕشـی خـۆی بەسـەر دابو نـەریتی شـانۆی کلاسـیکی کۆنـدا راگەیانـد، لـەو پێشـەکییەدا نووسـیویە ((شەکسـپیر لوتکەی ئەو شاعیرانەیە کە بۆ شانۆ دەنووسنو بلیمـەتی ئـەو لـە دەرخسـتنی رەگەزە نامۆو دژبەیەکەکاندایە، واتە شکاندنی شێوازەکەی ئەرستۆ)).

مێژووی ئەدەبیش، رێزلێنـانی ئەسـکەندەر تۆماسـی بەهونـەری شەکسـپیر تۆمـار کـردووە، ئـەو تۆماسـەی کـە زسـتانی 1827 –1828 لـەپاریس پـڕ بەدەنگی هاواری کرد:

***(ئەم شاعیرە ئەلیزابییسیە گەورەترین کەسە لەدوای خوا).***

لەبەرهـەمی چـەند شـاعێرێکی ئینگلیـزی سـەدەی نۆزدەهەمـدا دەبیـنین شانۆگەرییە شیعرییەکانیان بەجۆرێك نووسـیوە کە رەخنـەگران ناویـان بنێن

(لادەرانـی شـانۆی کـۆن)، لەشـانۆگەرییەکانیاندا ئاشـکرا مـەنۆلۆژی دوورو درێـژو پیاهەڵدانی زیاد لەپێویست دەبینرێت.ئەو نووسەرانە رایان وابووە کــە شەکســپیر نموونــەو سەرچــاوەبووە بــۆ نوســینەکانیان، بــەڵام ئــەو راســتییەیان لاشــارراوە بــووە کەبەســەر لێکۆڵــەرەوەکانی بەرهــەمی شەکسپیریشـدا تێپـەڕیوە، ئـەویش چـۆنێتی شـانۆی ئەلیزابیسـی بـووە کـە شەکسپیر لە بنەڕەتا شانۆگەریی بۆ نووسیوە.

هەر بەو شێوەیە ناوی شەکسیر نووسا بە شۆڕشی رۆمانتیکەوەو دژ بە ئەرسـتۆو داب‌و نـەریتی شـانۆی کلاسـیکی دادەنـرا. لەراسـتیدا بـەر لـە شەکسـپیر شـانۆی کلاسـیك لـە ئینگلتـەرە نـەبووە تـا شـانۆکەی بـە شـۆڕش بزانرێـت، هەرچـی شـانۆی ئەلیزابیسیشـە ئـەوا بریتـی بـوو لەشـانۆیەکی میللی‌و پێشکەوتوو، سەرەتا لەکۆشـکی پاشاو فەرمانڕەواکان‌و لـەگۆڕەپانی میوانخانــەکان‌و هــۆڵی کۆلێــژی زانکۆکانــدا کەوتــەروو، ئــەم شــانۆیە هــەر لەسـەرەتای دەرکەوتنییـەوە بـەجوانی‌و رێـك‌وپێکی، وەك شـانۆیەکی میللـی، ئازادی جوڵانەوەو بەرفراوانی بیرکردنەوەی تیا وەدەردەکەوت.

زۆری دیمـەن لەشانۆی شەکسپیردا لەئەنجامی پشت پـێ بەسـتن بەشـتی سـەپێنراوەوە نـەبووە، بـەڵکو بـەهۆی زۆریـی رووداوو کـەمی‌و لاوازی ئـەو شانۆیانە بووە لەدیکۆرو پەردەو کەرەستەکانی تردا، ئەو شێوازە نەگۆڕەش کە بووەتە وێنەی بەردەمی شانۆکە هێما بووە بۆ قەڵاو عـەرش‌و سـەرکەوتن‌و گۆڕستان، شانۆکەش هەمووی تەمسیلی جیهانی کـردووە، هەربۆیە ناونانی شانۆی شەکسپیر بە تۆپی زەوی ناونانێکی هـەرواو کوێرانـە نـەبووە، بـەڵکو ئـەوەی گەیانـدووە کـە شـانۆ وێنەیـەکی بچـکۆلەی هـەموو جیهانـەو هـەروەك شەکسـپیر خـۆی دەیـووت (تـۆپێکی تەختــەیی)یـەو بچـووککراوەی تۆپــە گەورەکەی زەوییە.

ئێسـتاش ئـەوەتا وێنـەی شـانۆ ئەلیزابیسییەکان ئـەوەمان بۆ دەردەخـەن لـەزەوی سـەر تەختـەی شـانۆکەدا دەرگـا هەیەوهـەروەها لـەبنی شـانۆکەداو لەودەرگایـەوە شـەیتان‌و تارماییـەکان دێنەسـەرێ، گوایە شانۆکە رەمزە بۆ دۆزەخ‌و دنیایەکی تر، لەسەریشەوە چەند شتێك دەبینرێت گوایە ئاسمانـەو

لەوێوە خواوەندو فریشتەکان دادەبەزن. بەوشێوەیە، ئەم شانۆیە زانیاریی ئەو سەردەمەی بەرامبەر (بوون) دەربڕیوە. کەواتە ئاساییە کە لەتەراژیدیای (ئــەنتۆنی و کیلۆپــاترا) دا شــوێن نــامێنیٚو دەیــان جــار دیمــەن لەئەســکەندەرییەوە دەگوێزرێتــەوە بــۆ رۆمــاو بەپێچــەوانەوە، ئەمــەش بەگوێرەی پێداویستی دراماکەیەو بینەریش لێی وەڕس نابێت.

شەکســپیرو نووســەرانی ســەردەمەکەی گرنگییــەکی ئــەوتۆیان بەدەستنیشــانکردنی (کــات) نەداوە،بــەڵکو پێداویســتی هەڵوێســتە دراماییەکان بنچینە بووە لایان. ئازادیی شەکسپیر لەشوێن کەوتنی هێڵی درامیدا بەبیٚ هیچ کۆسپێکی کاتو شوێن ئەمڕۆ تەنیا بەکامێرای نویٚ نەبیٚ مەیسەر نابیٚ.

## یەکێتی رووداو

گەر لەهەگبەی شانۆکەی شەکسپیردا ئەوهونەرە بالاٚو بلیمەتییە خۆی حەشار نەدایە، ئەوا ئەمڕۆ هەرگیز بەوشێوەیە نەمریی بۆ نەدەنووسرا، یەکێتی کارە هونەرییەکە، بیٚ لەیەکێتیی میکانیزمی کەوا کوٚتو پێوەندی کاتو شوێن دەیسەپێنین، لەشانۆی ئەم کەڵە هونەرمەندەدا بەچاکی دەردەکەوێت، بەتایبەت (یەکێتیی رووداو)، کەواتە بابزانین یەکێتیی رووداو لای شەکسپیر چۆن چۆنی بووە؟

بۆ ئەم وردبوونەوەیە، دەبیٚ جیاوازیی لەنێوان رووداوی تەراژیدیاو کۆمیدیاکانیدا بکەین، چونکە باسی ئێمە لەسەر یەکێتییەکانە.

گەر بەسەرنجەوە بڕوانینە تەراژیدیا گەورەکانی شەکسپیر، دەبینین ئەم شاعیرە بایەخێکی زۆری بەیەکێتیی بابەت داوەو چنینی (الحبكــة) بابەتەکانی بەوێنەی دووهێڵ لە تەراژیدیاکانیدا دەردەکەون، هەندیٚ جار ئەو دوو هێڵە بەرامبەر یەکنو یەکسان بەیەکن، هەندیٚ جاریش دژ بە یەکن،گشت تەراژیدیایەکی فیکر، یان بابەتێکی سەرەکیی تیایەو ئەم هونەرمەندە بە زۆر شێوەو بەزۆر جۆر چنین چارەسەری کردوون، یان

هاتووه به گەلێك چنین كه لەخزمەتی چنینه گەورەكەدان بەرهەمەكەی ڕەنگین كردووه. (هاملێت و شالیر) باشترین بەڵگەن بۆ ئەوقسەیەمان.

له (هاملێت) دا دەبینین مەسەلەی مەرگ و پەیوەندیی لەگەڵ مردنی باوكی هاملێتدا سێ جۆره چنین دروست دەكات: هاملێت و تارمایی باوكی، لایرتس و پۆلۆنیۆسی باوكی، فۆرتنبراسی میری ئازا، كه داوای عەرشی پاشای مردوو دەكات، ئەو دوو هێڵی چنینەی دووهەم و سێهەم لاوەكین و لەخزمەتی چنینی یەكەمدان كه سەرەكییه.

لەتەراژیدیای (شالیر)دا ڕووداو بەوێنەی دوو هێڵی بەرامبەر دەڕۆن بەڕێوه، هەندێ جار بەیەك دەگەن و زۆرجاریش لەیەك جیادەبنەوەو دواجار یەك دەگرنەوەو بەرەو كۆتایی شانۆگەرییەكه دەكەونەڕێ. بابەتی شالیر ململانێیه لەنێوان باوكان و نەوەكانیان، ململانێ لەنێوان نەوەیەكی نوێ كه پەلەیانەو دەیانەوێ بەر لەوەی باوك بچێته گڵەوه شوێنی بگرنەوه. هێڵی ڕووداو دیسانەوه لەم شانۆگەرییەدا دووانه، یەكێكیان سەرەكییەو لەنێوان شالیرو كچەكانیدایەو ئەوی تریان لەلایەن میری كۆشكەوەیه، كه دووهەمیان لاوەكییەو لەخزمەتی یەكەمیاندایه.

زۆربوونی هێڵی ڕووداوو چنین، شانۆی شەكسپیری ئەوەندەی تر بەهێز كردووه، یەكێتیی شانۆنامەو شێرازەی بابەتی پێ نەپچڕاوه، بەڵكو بەجۆرێك چنیونی، كه شانۆگەریی تۆكمەو ڕازاوەی پێ درووست كردوون.

## یەكێتیی دەوروبەر

زۆر كەس لایان وایه شەكسپیر گرنگییەكی ئەوتۆی بەدەوروبەر نەداوه، بەڵگەشیان ئەوەیه كەلەكاتی هەستیاردا، پێكەنینی تێكەڵ تەراژیدیاكانی كردووەو بەم كارەش لەهونەر لایداوه، دەڵێن گوایه زۆر جار كه ناچار بووه گاڵتەگێڕێك بهێنێته تەراژیدیایەكەوه لەبەر دووو هۆ بووه:

یەكەم: بۆ ڕازیكردن و سەرنج ڕاكێشانی زۆربەی بینەر.

دووەم: ئەکتەرەکان شەریك بوون لەزیان و قازانجی بەرهەمەکاندا، بۆیە رازی نەبوون بەرهەمێکی تەراژیدیای وشك پێشکەش بکەن و خۆشیان لەبرسا قوڕەی سکیان بێت.

بەلاَم شەکسپیر ئەو کاتەی گاڵتەگێڕێکی لەتەراژیدیادا خستووەتە گەڕ، سەلماندویەتی کە بەتواناترین هونەرمەندەو بەو کارە هاوجۆرێتی خستوەتە کارێکی هونەرییەوە کە بتوانیٚ سەرنجی بینەرانی بەلای خۆیدا رابکێشێت.

دیمەنی کۆمیدی لەتەراژیدیادا، هەرچۆن لەکۆمیدیادا کێشەیەك چارەسەر دەکات، لەمیشدا هەر بەهەمان جۆرە، ئەوەتا ئەو کاتەی هاملێت باسی مەرگ لەگەلٚ گۆڕهەڵکەنەکاندا دەکات ئەوان لەنێو خۆیاندا نوکتەو قسەی خۆش دەگێڕنەوە، بەم دیمەنەش زیاتر تیشك ئاڕاستەی شانۆگەرییەکە کراوە.

دەرگاوانەکەی (ماکبێس)یش بەهەمان شێوەیە. خۆ لە(شالیر)دا ئەوا گاڵتەگێڕ دەگاتە لوتکەو بەجۆرێکی ئەوتۆ (شا)دێنێتە پێکەنین تا رێگا خۆشکات بۆ وتنی هەموو قسەیەکی شارراوە.

## یەکێتیی زمان

شەکسپیر لەیەك شانۆگەریدا پەخشان و شیعری بەکارهێناوەو بەگوێرەی پێداویستییە درامییەکە مامەڵەی پێکردوون، واتە:پەخشانی گۆڕیوە بەشیعرو زمانی شیعریشی گواستووەتەوە سەر زمانی پەخشان. هەندێك وا دەزانن بنەمای شانۆگەرییەکانی دەبوایە تەنیا بەشیعر داڕێژرایە، چونکە پەخشان لەنرخی بەرهەمەکانی دادەبڕیٚ، بەلاَم بەپێچەوانەوە، ئەو کە زۆرجار پەخشانی بەکارهێناوە هەروا لەخۆیەوە ئەو کارەی نەکردووە، بەڵکو لەئاسۆیەکی روونەوە بووە کە زانیویە زۆربەی خەڵکەکە، چونکە بەپەخشان دەدوێن، ئەوا بیەویٚ و نەیەویٚ زیاتر چێژ لەپەخشان وەردەگرن، بەلاَم کەسانی تایبەت بەزمانی شیعر دواون و هەرچۆن هەندیٚ دیمەنیش پێویستی بەشیعر کردبیٚ، ئەوا بەکاری هێناوە، ئەو دیمەنانەی تریش، وەك

نووسینی نامەو شێت بوون (دیمەنی شێتێك)، یان گاڵتەکردنو نوکتە گێڕانەوە، زیاتر بەپەخشان نووسیونی.

لەکاری کۆمیدیدا زیاتر پەخشانی بەکارهێناوە، بەڵام لەچنینی کارە رۆمانتیکییەکاندا بەتایبەت بەسەرهاتی ئەوینو دڵداریی شیعری بەباڵای نووسینەکان بڕیوە.

دواجار دەڵێینەوە: شەکسپیر بۆ ئەنجام گەیاندنی بەرهەمەکانی گوێی بەیەك رەگەزیو یەك توخمیی جۆرەکانی نووسینو زمانو رووداوو دەوروبەر نەداوە، بەڵکو هەموویانی تێکەڵ بەیەك کردووەو هەر هەمووشیان لەخزمەتی شاکارەکانیدان.

---

سەرچاوە:

گۆڤاری (السینما والمسرح).

# پیکاسۆ و شانۆ

هەر كاتێ باسی پاپلۆ پیكاسۆ (1881. 1973) بێتە پێشەوە، ئەوە لەیاد دەكرێت، كە ئاماژە بۆ پەیوەندیی ئەو نیگاركێشە ئیسپانییە بە هونەری شانۆوە بكرێت، تەنانەت رەخنەگران‌و مێژوونووسانیش پێ لەو راستییە لە ژیانی ئەو هونەرمەندەدا نانێن، كەوا بە درێژایی سەدەی بیستەم جیهانی سەرقاڵ كردبوو.

بەڵام لەم بارەیەوە، كتێبێك لەلایەن (دۆگلاس كوپر) نووسراوەو ساڵی 1968 چاپكراوەو چەندین جاری دیكەش چاپكراوەتەوە.

هەروەها دوو پێشانگە، لەساڵی 1960دا بە بەشداریی خودی پیكاسۆو جارێكی دی ساڵی 2006 لە فرانكفۆرت، وایانكردوە چاوی پڕ لە سەرسوڕمان بڕواننە سەدان تابلۆو پارچەو دوكیومێنت، كە دەیانسەلماند چەندە پیكاسۆ نیگاركێش‌و پەیكەرساز بووە، هێندەش لەشانۆوە نزیك بووە، بەڵام بەشێوەیەكی یەكجار تایبەت.

**سەرەتاكان**

"یەك لە خەونەكانم لەو دەمانەدا، گوێگرتن بووە لە گیتارەكەی پیكاسۆ، ئەو كاتەی نوقمی ژەنینی دەبوو.."..ئەمە قسەی (جان كۆكتۆ)یە، كاتێ لێیانپرسیوە "پەیوەندیی ئەو نیگاركێشە ئیسپانییە گەورەیە چی بووە بەهونەری دی‌و شانۆوە، لە دوو دەیەی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەو كاتەی پیكاسۆ بەرادەیەكی زۆر بەناوبانگ بووەو بەشێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو باڵی بەسەر ژیانی هونەریی پاریسدا كێشاوە، بەجۆرێ كەسێ لەوەوبەر ئەو پێشبینییەی نەكردبێت".

له ئاقاری ژیانی پیکاسۆوه دەزانین، که (کۆکتۆ) ئەو خەونەی هاتووەته دی، ئەویش لەڕێی (سیرگای دیاگلیف)، ئەو شانۆکارو کارگێڕەی توانی ناوی به هەموو ئەوروپادا بلاوببێتەوە.

ئەویش کاتێ میوانداریی ژمارەیەکی زۆر له هونەرمەندانی بالیەی رووسی کردوه بۆ نمایشی (بالیەی رووسی) وەك نمایشی نوێی هونەرەکانی سەماو میوزیكو جلوبەرگو دیکۆر. دەتوانین بڵێین تازەگەریی بۆ ئەو بواره لەسەردەستی پاپلۆ پیکاسۆ ئەنجامدراوە، ئەویش بەمجۆرە:

ئەوکاتەی بەهاری 1917 (دیاگیلیف) پەیوەندیی به هاوڕێکەی خۆی (جان کۆکتۆ)وه کرد تا تێکستێك بۆ نمایشی بالیەیەکی تیپەکەی بنووسێت تا له (رۆما) نمایشی بکەن، کۆکتۆ نەیدەزانی ئەو پەیوەندییە دەبێته هۆکاری ئەوەی پیکاسۆ بێته ناو جەرگەی ئەو کارەوەو ناو خەونەکانیەوە.

ئەوه بوو به دەوری خۆی (کۆکتۆ) پەیوەندیی به هاوڕێ نیگارکێشەکەی خۆیەوه (پیکاسۆ) دەکات تا نەخشەی پەردەی سەر شانۆکەو جلوبەرگو دیکۆرەکەی بۆ بکێشێت، ئەمەی نەکرد لەبەر ئەوەی پیکاسۆی لاو، هاوڕێی بوو، یان چونکه نیگارکێش بوو، یان تا هەردوو گوێچکەی نوقمی تازەگەریی بوو بوو، بەڵکو لەو کاتەوەی گەیشتبووه پاریسو سەرنجی دابوو قۆناغی نیگارەکانی له پەمەییەوه بەرەو (شین) رەتدەبوو، ئەمه بێجگه له بەشداریی له داهێنانی هونەری تەکعیبی (کیوبیزم)دا، هەرچۆن له کارەکانیدا بایەخی دەدایه دیمەنی شانۆییو تابلۆکانیشی به فۆڕمێکی نمایشی شانۆیی رێکدەخست، هەروەها، هاوکات بۆ نیگارەکانی، کارەکتەره جیاوازەکانی له دنیای (کۆمیدیای دیلارتی)، ئەو کۆمیدیا شانۆییه دێرینه ئیتاڵییەوه وەردەگرت، یان له کاراکتەرەکانی سێرکەوە، تەنانەت له زۆرانبازیی گایەکانەوە، پیکاسۆ هەر هەموو ئەوانەی به رەهەندێکی نمایشکارانەوه وێنا دەکرد، تەنانەت هەندێك دەیانووت: پیکاسۆ، هزرو رەنگەکانیو بابەتەکانی بەشێکن له نمایشی شانۆیی.

هاوکات پیکاسۆ، به پێچەوانەی هاوڕێ نیگارکێشەکانی، که بەشداربوون لەگەڵیدا بۆ داهێنانی (کیوبیزم)و هەفتانه له قاوەخانەی (لاروتوند) له

گەڕەکی مونبارناس کۆدەبوونەوە، ئەم دەیویست لە تێکەڵبوونی شانۆدا، نیگارکێشانی پێش خۆی (دیلاکروا، لوتریك، دومیەو دیغا) کە شانۆیان دەکردە بابەتەکانیان، جێبهێڵێت، دەیویست لە هەموویان جیاوازبێت و بەتەنیا خۆی، لەنێو شانۆدا بیّ و ببێتە بەشێك لە گەمەکە، نەك تەماشاکەریّ بیّ لە دەرەوەی شانۆکەدا.

لەو دەمەدا (تولوز لوتریك) لەوانی دی زیاتر نزیك بوو لە گەمەی نمایشەوە، بەڵام خۆی لە یانەکانی شەودا گیر کردبوو، بەڵام پیکاسۆ لە شانۆدا گەلیّ زیاتری تێپەڕاند، هەربۆیە (جان کۆکتۆ) بۆ پرۆژەکەی رووی لێنا.

### سەرنەکەوتنی نمایشەکەو بەدەربوونی پیکاسۆ لەو شکستە

لەبەر رۆشنایی ئەو بانگهێشتنەو چونکە (دیاگیلیف) لەو کاتەدا نمایشەکانی لەرۆما دەخستە بەرچاو، کۆکتۆو پیکاسۆ هەردوو پێکەوە چوون بۆ پایتەختی ئیتاڵیا، تا لەویّ یەکەمین نمایشی بۆ تیپی (بالیەی رووسی) دابڕێژن، نمایشێك لەسەر ریتمێکی میوزیك کە لەلایەن (ئێریك ساتی)وە دانرابووو لە کاری ئەمان (شێتانە)تر بوو، بینی بۆ شیعری (جان کۆکتۆ) کە بنچینەی نمایشەکە بوو، میوزیکیّ دانراوە بەدەر لە هەموو سۆزێك! هەرچۆن لەگەڵ کیوبیزمی رازاندنەوەی شانۆکەدا نەدەهاتەوە کە پیکاسۆ نەخشەکێشی بوو، ئەمە جگە لە دیکۆرو جلوبەرگ.

نمایشەکە هەڵگری ناونیشانێکی سادە بوو کە هەر (نمایش) parade بوو، بەواتای فەرهەنگیی: نمایشێکی گاڵتەجاڕ کە چەند کلۆڵێك پاڵەوانی بوون، لەوانەی پڕاوپڕی تابلۆکانی لەوەوبەری پیکاسۆ بوون، کەواتە بۆ پیکاسۆ کارێکی زەحمەت نەبوو، بەتایبەت لە تێکستەکەش هی کۆکتۆ بووبێت.

بەر لە نمایشەکە سیّ کەس لەبەر دەرگای هۆڵی شانۆکەدا پێشوازییان لە بینەرەکان دەکردو هەر لەوێدا چەند بەش لە دیمەنەکانی نمایشەکەیان، بەر لە نمایش نیشاندەدا.

هەرسـێکیان (سـاتیو پیکاسـۆو کۆکتـۆ) لەگـەڵ دیـاگلیفو تیپەکـە، کاتــەکانیان بەوپــەڕی چــالاکیو بــڕواوە بەســەر دەبــرد، بڕوایــان بــە بەرهەمەکەیان زۆر بوو، بەڵام وەك چاوەڕێ بوون، نمایشی یەکەم شەویان سـەرکەوتوو نـەبوو، بەتـەنیا هـەر بینـەرە ئامادەبووەکـانی نێـو نمایشـەکە نــەیانکردە هــەرا، بــەڵکو بــۆ ڕۆژی دوایــی ڕەخنــەگرانو ڕۆژنامــەکانیش هاواریان لێ هەڵساو گوتیان: چ کارەساتێکە!

نمایشـەکە سـەرکەوتوو نـەبوو، بـەڵام پیکاسـۆ نەیدۆڕانـد، بەتـەنیا ئـەو پلاری ڕەخنەی بەرنەکەوت، بەڵکو بینـەران بەتـەنیا چەپڵەیان بۆ بەشداریی (کیوبیزمی)ی ئەو لە پەردەو جلوبەرگەکاندا کوتی، ئەوە تـەنیا دەستکەوتی پیکاسـۆ نــەبوو، بــەڵکو پاڵــەوانی نمایشــەکە، (ئۆلگـا کوکلـو فـا)شــی دەستکەوت، ئەو کچەی پیکاسۆ سەرسام بوو پێیو خۆشیویستو پاشان بــووە هــاوڕێیو دواتــریش خواســتیو هەشــت ســاڵ پێکــەوە ژیــان، تــا بەیەکجاری لەیەکتر دابڕان.

ئەو ساڵانەی پیکاسۆ لەگەڵ (ئۆلگا) بردییە سەر، هاوکات بوون لەگەڵ کارکردنی لە دیکۆرو پەردەی شانۆو جلوبەرگدا، جارجارەش بەشداریی لە داڕشـتنی تێکسـتو میوزیکـدا، کـە لـەرێی تیپەکـەی (دیـاگیلیف) نمـایش دەکــران، ماوەیــەك دوور لــە دیــاغیلیفو تیپــە رووســیەکە، بەشــداریی (کۆکتـۆ)ی هـاوڕێی شـاعیرو دەرهێنـەری فەڕەنسـیی خـۆی دەکـردو چـەند کارێکیان بەرهەمهێنا.

بەڵام لەبەرخاتری چاوەکانی (ئۆلگا)، گەڕایەوە بۆ هاوکاریی (دیاگلیف)و لەگەڵیـدا خـەریك بـووەوە. سـاڵی 1919 مـوزیکی (ئیمانوێـل دی فالیـا)ی هاونشتمانی پیکاسۆ بووە هەوێنی نمایشی (سێ قۆچی)، ساڵێ دوای ئەوە (لیونیدماسـین) لەگـەڵ مـۆزیکی نـاوازەی (ئیگـۆر سترافنسـکی) نمایشــی (بولیتشـینیلا)ی لـە کۆمیـدیای دیلارتـی یـەوە ئامـادەکردو تیایـدا پـاپلۆ بیکاسۆ نیگارکێشی پەردەو جلوبەرگو دیکۆر بوو، لەم بەرهەمـەدا، سوودی لـە دیمەنـە گاڵتـەجاڕە کۆنـەکان وەرگـرت کـە لـە ڕۆمـا، ئـەو دەمـەی لەگـەڵ (کۆکتۆ)دا سەردانی کرد، دیبووني، ئەوانـە بە جۆرێ کاریگـەرییان لەسـەری

جێهێشت، تا کۆتایی ژیانی لە نیگارو پەیکەرو دیکۆرەکانیدا رەنگیان داوەتەوە.

ساڵی 1922، دیاگیلیف لەگەڵ پیکاسۆو فاسلاف نیجنسکی ( کە ئەو دەمە بە مەزنترین سەماکەری سەدەی بیستەم ناو دەبرا) کاریان لەسەر نمایشی (دوای پشتی ئاژەڵ) کرد لەسەر موزیکێکی کلۆدیبوس، هەر ئەو ساڵە پیکاسۆ هاوکاریی (کۆکتۆ)ی کردەوە لە شانۆیی (ئەتیلیٚ)ی پاریسدا، بەڵام ئەمجارە بۆ نمایشی بالیە نەبوو، بەڵکو بۆ نمایشێکی تراژیدی وەرگیراو لە (ئەنتیگۆنا)ی سۆفۆکلیس لە دەرهێنانی (شارل دۆلان)، ئیلهامی پیکاسۆ بۆ دیکۆرو جلوبەرگەکانی لەم کارەدا واباسکرا کە کاریگەریی گریكو رۆمانەکان لەسەر هونەرەکەی هەیە.

ساڵی 1924 پیکاسۆ کاری لەسەر میوزیکی (ئیریك ساتی) کرد بۆ بەرهەمهێنانی دیکۆرو جلوبەرگو پەردەی کارێکی بالیەی گەورە بەناوی (مرکور) لە دەرهێنانی (لیونید ماسین).

لەگەڵ دروستبوونی کێشەکانیدا لەتەك (ئۆلگا)ی هاوسەری، وردە وردە لە چالاکییەکانی تیپەکەی دیاغیلیف دوورکەوتەوە، بەڵام کۆتایی ئەو ساڵە (1924) جارێکی دی وا رەخسا پیکاسۆو کۆکتۆو نیجنسکیو دیاگیلیف پێکەوە کۆببنەوە، ئەمجارەیان بۆ کارکردن بوو لە کارێکی میوزیکی (داریوس میلو) بۆ نمایشێك هاوشێوەی (گۆرانی سەقاکوژ)، واتە (بالیەی ماڵئاوایی)، هاوکاری ئەو دنیا جوانانە بۆ نمایشی (شەمەندەفەری شین) بوو کە تایبەت بوو بە هێڵی شەمەندەفەری نێوان (پاریس – تولوز) کە لەو کاتەدا داهێنانێکی تەکنیکی بوو.

### کۆتایی کار، یان دابڕان؟

دوای (شەمەندەفەری شین)و دوای جیابوونەوەی لە (ئۆلگا)، کاری پیکاسۆ لەگەڵ تیپی بالیەی رووسی بەیەکجاری کۆتایی هات، بەڵام پەیوەندیی بە شانۆوە دانەبڕا، هەرچەندە بۆ چەند ساڵێکیش لە چالاکیی راستەوخۆی شانۆیی دووربکەوتایەوە.

بینینـەوەی پیکاسـۆ لـە شـانۆدا، لەپـەنجا سـاڵی کۆتـایی ژیـانی، تـا دوا کۆچی لە 1973دا، دیاریکراو بووە، بگرە لە وردە چالاکییدا خـۆی نوانـدوە، بۆ نموونە، دروستکردنی (گۆچان)ێ بۆ دەستی (جان ماری) لە شانۆگەریی (ئەنـدروماك) لـە 1944دا، بـەر لـەوەش نەخشـەی پـەردەی شـانۆگەرییەك بەناوی (14ی یۆلیۆ) لە 1936دا، یان پەردەی شانۆگەرییەکی سەمائامێزی (جاك بریڤـەر)و (رۆلان بیتـی) بـەناوی (ژوان) لـە 1945دا، یـاخود نەخشـەی دیکـۆری شـانۆگەریی (ئـۆدیبی پاشـا)لـە 1947داو دیکـۆری شـانۆگەریی (سروودی جەنائیزی) 1945 کە لە قەسیدەیەکی (لۆرکا)وە ئامادەکرابوو.

هەروەها گەڕانەوەی بۆ شانۆگەریی (دوای پشـتی ئاژەڵ)، ئەمجارەیان لـە ئۆپێرای پاریس لەساڵی 1960دا.

ئـەو هونەرمەنـدە لـە بیسـتەکانی سـەدەی بیسـتەمەوە، بایـەخی بـە هونەرەکانی شانۆو نمایش داوە، بگرە چووەتە قوڵاییانەوە.

ئەو هونەرمەندە گەورە بەڕەچەڵەك ئیسپانییە، کە ناوبانگی سەدەیەکی داگیر کردبووو سەدان شاکاری جوانی کێشاوەو بەرهـەمی پەیکەرسازیو گڵێنـەکاریی ناوازەشـی شـان بەشـانی تابلۆکـانی هـەبووە، هاوکـات هەنـدێ تێکیستیشـی نووسـیوە، مـاوەی کۆتـایی ژیـانی، هـەموو هونەرەکـەی لـەژێر دروشمـی (دیمـەنی شـانۆیی)دا بـوو، بەواتایـەکی تـر، ئـەو دیمەنـە، تـەنیا بەشـێك نـەبووە لـە پێکهاتـەی هـەموو دیمەنـە نیگارکێشـراوەکانی، بـەڵکو بەشێك بـووە لـە رۆحـی هونەرەکـەی، دیـارە بـەوەش، شـانۆگەریی نـاو نـاخی خۆی گەڕاندوەتەوە بۆ هونەرەکەی، کـە بـەر لـە چـوونە نـاو نمایشەکانیشـەوە هەر لە گەڵیدا ژیاوە.

هەر بەو پێیە، هەمیشە گەڕاوەتـە سـەر بایەخـدان بـە نیگارکێشـانی سێرك لـە کارەکانیـدا، هاوکـات کلـۆڵیی دەموچاوەکانیشـی گەڕانـەوە بـووە بـۆ کاراکتـەرەکانی کۆمیـدیای دیلارتـی (ئـەرلکانو بیـارۆ)، هەرچـۆن بـەدوور نەبووە لە نیگارکێشانی لیبووکەکان، بەهەمان شێوەش، لە هـەر تابلۆیەکیدا، کـە نیگـاری پـۆرترێتی کوڕەکـەی، یـان یـەك لـە ژنـەکانی، یـاخود کەسـێکی

دیکەی خێزانەکەی کێشابێت، وەستان و سیماو جەوهەریان هەر شانۆیی دەبوون.

## شانۆییەك لە جۆرێکی تایبەت

زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین، پیکاسۆ بە درێژایی ژیانی کاری بە دوو ئاڕاستە کردوە، دوو ئاڕاستەی تەواو، بە شانۆیی کردنی ژیان بۆ نیگارەکانی، پاشان بە شانۆیی کردنی نیگارەکانی بۆ ڕەنگدانەوەی ژیان بەسەریانەوە.

لەو پێناوەشدا، بە تەنیا بەوەوە نەوەستاوە کە هاوڕێ و منداڵەکانی و کەسوکارەکەی لە تابلۆکانیدا کردوونەتە مۆدێلی شانۆیی (هەرچۆن کە نیگاری "بۆلی"ی کوڕی کێشاوە بە جلوبەرگی لێبووکەوە)، بەوەش نەوەستاوە زۆر دیمەنی تەنیا دەرهێنانی دیمەنەکانی ژیان نین، وەك ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆیەکی گەورە نمایش بکرێت، بەڵکو لەوە زیاتر ڕۆیشتووە، ئەو کە ویستیویەتی سەرلەنوێ نیگاری چەند تابلۆیەکی دڵگیری نیگارکێشانی بەر لە خۆی بکاتەوە، وەك ئەوان نەیگواستۆتەوە و (نەیگێڕاوەتەوە)، بەڵکو بە(شانۆ)ی کردوون، لە بەشێکیدا مەودایەکی شانۆیی داوەتێ تانیگاری بکێشێتەوە، وەك چۆن بۆ نموونە کاری لە تابلۆی (بیلاسکویت)ی ئەمینیناس کردوە، لەگەڵ تابلۆی (خۆراك لەسەر گیا)ی مانێ، هەروەها (3ی مایۆ)ی گۆیا.

لەلایەکی ترەوە، کاریشی لەگەڵ چەند دیمەنێکدا کردوە کە نە لە شانۆ دێرینەکان، نە لە هونەری گریك و ڕۆمانی وەرنەرگرتوە، یان لە هونەرمەندانی گەورەی پێش خۆی، بەڵکو لە خودی ژیانەوەی وەرگرتوون.

بۆ نموونە، دەکرێ تابلۆ بەناوبانگەکەی (دووژن لە کەنار دەریا رادەکەن)ی بە کارێکی گەورەی وەرگیراو لە جوڵاندنەوەیەکی شانۆیی و لە جوڵەیەکی سەمای بالیە، پێکەوە، نەزانین؟ ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی 1922دا کێشاویەتی، واتە ئەو ساڵەی سەرقاڵی کارکردن بووە لەگەڵ (دیاگیلیف).

پاشـان، تـابلۆ مەزنەکـەی (گیورنیکـا) کـە لـەژێر کاریگـەریی سـەربڕینە نازییـە بەدناوەکـەی سـاڵی 1937 لـە گونـدێکی ئیسـپانیی بـێ دیفاعـدا کێشـاویەتی، دەکـرێ دیمـەنێکی شـانۆیی تـەواو نـەبێ؟ بەتـەنیا لـە رەگـەزە پێکهاتووەکـانیو پەیوەنـدیی نێـوان ئـەو رەگەزانـەدا نـا، بـەڵکو لـە پێکهاتـەی رەهەندیی تابلۆکەشدا..

کەواتە دەبێ بڵێین:

پاپلۆ پیکاسۆ بە پلەیەکی سەرەکیی هونەرمەندی شانۆو نمایش بووە، لـە دیمـەنێکی (زۆرانبـازیی گایـەکان)ەوە دەسـتی پێکـردوەو تـا گەیشـتووەتە نووسینو نمایشـی شـانۆنامەیەك بـە نـاوی (چێـژ لـە گوناهەکـەی وەرگیـراوە)، تا دەگات بە تابلۆو دیکۆرەکانی.

ئەو بڕوای وا بووە کە شانۆ لە هـەموو شـتێکدایە، بـەڵکو ژیـان شـانۆیەکی گەورەیە، ئیدی جەوهەرەکەی بۆ نەگەڕێتـەوە بـۆ نێـو دڵـی هـەموو شـتێك..بـۆ نێو دڵی سەرجەم کارەکانی خۆی؟

**سەرچاوە:**

ابراهيم العريس، فنان خارج فنه..بيكاسو و المسرح، مجلة القافلة، نوفمبر/ ديسمبر 2009.

# مۆلێر.. گەورەترین هونەرمەندی سەردەمی خۆی

نووســەری کتێبــی (مــۆلێر)، کــە رەخنــەگر و مێــژوونووس (هێنــری ترولــوب)ی پسـپۆڕە لەئـەدەبیاتی فەڕەنسـی و بەتایبـەت شـانۆی مـۆلێردا، بەسەرهاتی ژیانی ئەو بلیمەتەی تۆمارکردوە، کە لەهەموو دنیادا ناسراوە و هەروەکو شەکسپیر ناوبانگی بڵاوە.

جان باتیست بوکلان، ناسراو بە مۆلێر ساڵی 1622 لە پاریس لەدایك بووە و باوکی لەدروستکردنی فەرش و راخەردا کاری کردوە، بەڵام باپیری ئارەزوومەندی هونەربووە و گەڵێ جار لەگەڵ خۆیدا کوڕەزاکەی بردووە بۆ شانۆ، هەرئەوەش کاری لەو منداڵە کردوە کە سەرسام بێ بەتایبەت بە شانۆگەرییە هەزەلییەکان، پاشان چووەتە دواناوەندییەك بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی، دەڵێت، یەك لە هاوڕێکانی خوێندنی، میرزادەیەکی فەڕەنسا بووە، کاتێ هەستی بەزیرەکی و بلیمەتیی ئەو کردوە هانیداوە و خزمەتی کردوە.

نووسەری ناوبراو دەڵێ:

مۆلێر کە گەورەتر بووە، لەگەڵ باوکیدا ناڕێك بووە، چونکە ئەو ویستویەتی لەفەرش چنیندا کاری لەگەڵدا بکات، بەڵکو لەپێریتی ئەودا بچێتە سەر کارەکەی باوکی و بەتەواویی جێگای بگرێتەوە، بەڵام مۆلێر حەزی لەو پیشەیە نەکردوە، بەڵکو چووەتە کۆلێژی یاسا و لەوێ خێزانێکی هونەرپیشەی بەناوی (بیجار) ناسیوەو بووەتە هاوڕێیان. لەو کاتەدا بۆ یەکەمجار نازناوی خۆی ناوە (مۆلێر)، بەڵام کەسێ نەیزانیوە بۆچی وا کتوپڕ ناوی خۆی گۆڕیوە و ئەو ناوەش بۆ، خۆیشی بەبیریدا نەدەهات ببێتە ناسراوترین ناو لەشانۆی فەڕەنسی و تەنانەت جیهانیشدا.

ساڵی 1643 کاتێ تەمەنی بووەتە 21 ساڵ، لەگەڵ (بیجار)ەکاندا بەناوبانگترین گرووپی شانۆی فەڕەنسایان دامەزراندوە و (مادلین)ی کچی خێزانەکەش بووەتە بەڕێوەبەری، لەوێوە مۆلێر کەوتووەتە داوی خۆشەویستیی ئەو کچەوە، پێنج ساڵی بەردەوام لەگەڵ کچەدا پێکەوە

ئەکتەربوون، بەڵام سەرەتای شانۆکەیان بەجۆرێکی ئەوتۆ نەبووە و بینەری زۆر رووی تێنەکردوون.

بەڵام دوای ئەوەی شازادەی وڵات و برای شا سەرپەرشتییان کردوون، هەلی بۆ رەخساوە لەشانۆگەرییەکی تراژیدیدا بەرامبەر (لویسی چواردەیەم) کەبەناوبانگترین شای فەرەنسا بووە، بەشداریی بکات، بەڵام شانۆگەرییەکی وەرسکەربووە،دوای ئەوە لەشانۆگەرییەکی هەزەلیدا بەشداریی کردوەو توانیویە سەرجەم بینەران و لەسەروو هەمووشیانەوە (پاشا) بهێنێتە پێکەنین.

لەوێوە زانیویە کە بەهرەی ئەو لەکۆمیدیادایە، نەك کاری جددی، دەنگ و جووڵە و ئاماژەکانی بەس بوون تابینەرانی نوقمی پێکەنین بکات، هەربۆیە ناوبانگی فراوان بوو لەبواری ئەو جۆرە شانۆیەدا، لەوکاتەشەوە پاشا جێگایەکی لەکۆشکدا بۆ تەرخانکرد، تا هەرکاتێ بیەوێ بەپێکەنین خەمەکانی بڕەوێنێتەوە، لەو سەردەمانەشدا، پاشاکان چواردەوری خۆیان بەنووسەر و هونەرمەندە بەهرەمەندەکانی تەنیبوو.

یەکەمین شانۆنامەی گاڵتەجاڕی گەورەی مۆلێر (لۆتییە بێ نرخەکان) بووە کەساڵی 1659 نمایشکراوە، ئەوکاتە تەمەنی 38 ساڵ بووە، شانۆگەرییەکە سەرکەتوو بووە و (پاشا)مۆلێری نوقمی دیاری و خەڵات کردوە، بەڵام ژنانی لۆتی کە لای مۆلێر بووبوونە مایەی گاڵتەجاڕیی، لێی تووڕە بوون و شانۆکەیان روخاندوە، ئەوکاتەش پاشا شانۆیەکی تایبەت بەخۆی بۆ دروستکردوەتەوە.

پاشان نووسەری کتێبەکە دەڵێت:

ساڵی 1662 مۆلێر، (ئەرماندبیجار)ی خواستووە، کەخوشکی (مادلین)، یان کچی بووە، ئەو (20) ساڵ لەمۆلێر بچووکتر بووە، هەر لەو ساڵەدا بایەخی بەبابەتێکی شانۆیی ئەوتۆ داوە کەلەو سەردەمەدا باسی نەکراوە و تازە بووە، ئەویش پێگەی ژن لەکۆمەڵگادا بووە. هەربۆیە شانۆنامەیەکی بەناوی (خوێندنگەی ژنان) نووسیوە و کە نمایشکراوە گەلێ سەرکەوتوو بووە، بەڵام بەلای پارتی پیاوانی ئایینەوە ناپەسەند بووە و گومانیان لە

ئاکاری مۆلێر پەیداکردوە و بەکەسێکی بەڕەڵایان ناوبردوە، ئەوان ترساون لەوەی کاریگەریی خراپ بکاتە سەر پاشا، هەربۆیە ئەو ئسوولێیانە شانۆنامەکەیان بەدناو کردوە و بەکارێکی دژ بەئایین و بێ ئابڕوو ناویان بردوە، بێجگە لەوەش، بایەخی پاشا بەمۆلێر و خەڵاتکردنی بەردەوامی، ئەکتەرانی تری تووشی ئیرەیی کردوە و رقیان لێی بووەتەوە، ئەویش بە نووسینی شانۆنامەی نوێ وەڵامی داونەتەوە و گاڵتەی پێیان کردوە.

ئەو پیاوێکی بەهێز و بڕوا بەخۆبوو بووە، ساڵی 1664 فەرمانی شاهانەی بۆ دەرچووە و کراوە بە بەرپرسی بەشی خۆشگوزەراندن لەکۆشکی شاهانەدا، بۆ ئەو سەردەمە ئەو کارە پۆستێکی گەورەبووە، هەر ئەو ساڵە شانۆنامەیەکی بەناوی (دووڕوو) وە نووسیوە و تیایدا ریاکاری و دووڕوویی ئەو کەسانە نیشان دەدات کە خۆیان بەخواپەرست نیشان دەدەن و لەناخیشیاندا جۆرێکی دیکەن، ئەوانەی بەرووکەش خواپەرستن و دەیانەوێ سۆز و رێزی خەڵکی بەلای خۆیاندا رابکێشن، هەروەها زەکات و پارە چنگ بخەن، ئەوان مەکرباز و فێڵاوین، مەرامیان لەژێر پەردەی دیکەدا شاردوەتەوە.. ئەم شانۆگەرییە ناوەندە ئاینییەکانی فەڕەنسای شڵەقاند، کردیانە رۆژی حەشر، پاشا ناچاربوو نمایشەکە رابگرێت، تا تووڕەبوونی ئەوان کەم بکاتەوە، چونکە ئەویش ترسی لێیان هەبوو، لەقەشەو مەترانەکان، ئەمە جگە لە (پاپا)، بەڵام مۆلێر فێڵی لەو سانسۆرانە کردو لەچوارچێوەی ئاهەنگی تایبەتدا نمایشی دەکردەوە.

ساڵی 1665 ئەفراندنی مۆلێر لەشانۆنامەیەکی نوێیدا بینرایەوە کە ئەویش (دۆن جوان) بوو، ئەویش گەلێ سەرکەوتنی بەنسیب بوو، سەرکەوتنی بێ وێنە، ئیدی ناوی ئەو کەوتە سەر هەموو زمانێ، ناوبانگی لەئاستێکی وادابوو پاشا ناوی تیپەکەی نا بە (تیپی پاشا)، ئەوەبوو مۆلێر بووە گەورەترین هونەرمەندی سەردەمەکەی خۆی، لەهەموو لایەکەوە بەشکۆمەندیی ناودەبرا (هەروەکو نووسەری کتێبەکە دەڵێت).

ئەو دووساڵەی نەخۆشکەوت تیپەکەی پچڕپچڕ دەردەکەوتن، بەڵام لەنووسین دانەبڕا، ئەوەبوو شانۆنامە بەناوبانگەکەی (بێچارەیی

ئـادەمیزاد)ی نووسـی و تیایـدا ئـازار و مەینـەتیی جیابوونـەوەی لەگـەڵ ژنەکەیـدا خسـتبووە ڕوو، دوای ئـەوەش شـانۆنامەی (بـەزۆربوو بـەدکتۆر)ی نووسـی، ئینجا ویسـتی بـەناوێکی دیکـەوە شـانۆنامەی (دووڕووو) نمـایش بکاتەوە، بەڵام پیاوانی ئایین پێیان زانی و ڕێگەیان لێگرت.

ســاڵی 1668 شـانۆنامە مەزنەکـەی (پیسـکە)ی نووسـی، کەلـە هـەموو جیهانـدا دەنگـی دایـەوە، هەرکەسـێ بیویسـتایە بەپیسـکەکان پێکـەنیبا، دەچـووە سـەیری شـانۆگەرییەکە و لەپێکەنیـدا ژانـی دەکـرد، هـەر ئـەو کاتـە سانسـۆر دەسـتی لەسـەر (دوو ڕوو) هـەڵگرت، ئەویش ساڵی 1669نمایشـی کـردەوەو سـەرکەوتنی بـێ وێنـەی بەدەسـتهێنا، هـەزاران کـەس دەچـوونە تەماشای، چونکە هەر یاساغە و پەسەند و دڵخواز دەبێ.

دوا شانۆنامەی مۆلێر بەناوی(نەخۆشی واهیمە)وە بوو، کەباسـی کەسـێ دەکات کە هیچی نییـە و خـۆی بـە نـەخۆش دەزانـێ، ئیدی لەسـەر شـانۆکە تووشـی نەخۆشـیی دەبێـت و لەبەرچـاوی بینەرانـدا دەکـەوێ و ڕاسـت نابێتەوە، دیارە ئەکتەرەکە هەر خودی مۆلێر خـۆی بـووە، بـەو جـۆرە بووەتـە شـەهیدی شـانۆی گاڵتـەئامێز، ئـەو شـانۆیەی زۆری بـۆ کـرد و بـۆ کۆشـا، تەنانەت ناوەکەی بووە هێمای ئەو جۆرە شانۆیە و خۆیشی بە مـەرگێ شاد بوو کە خەونی هونەرمەندی گەورە و مەزنی وەك ئەو بووە.

بـەر لـە مـەرگی، دەیـان کـاری شـانۆیی دیکـەی جێهێشـتووە، کـە هـەر هەموویان بە نەمریی ماونەتەوە، ئەوانیش:

* پزیشکی فریو
* تەمبەڵ
* پزیشکی عاشق(کە بەداخەوە بزر بووە و نەگەیشتووەتە دەستمان)
* ژنهێنان بە زۆر

زۆربـەی شـانۆنامەکانی مـۆلێر، تـا ئـەمڕۆ لـە شـانۆکانی پـاریس وەکـو نموونەی بەنرخ لە نموونـەکانی شـانۆی جیهانیی نمـایش دەکرێنـەوە، وا بـۆ چــوار ســەدە دەچــێ و مانگانــە و هەفتانــە خــەڵکی دەچــنە ســەیری

شانۆنامەکانی ئەو مۆلێرەی کە بە خۆڕاگریی ماوەتەوە، دەچنە سەیری شانۆیەکی نەمر کە کۆتایی هاتنی بۆ نییە.

پاشان (هینری ترولوب)ی نووسەری کتێبی(مۆلێر)بە قووڵی هەریەك لە شانۆنامەکانی مۆلێر شیدەکاتەوە، جێگای خۆیەتی بڕوانینە ئەو پێشەکییەی خودی مۆلێر، کە بۆ شانۆنامەی (دوو ڕوو)ەکەی نووسیوە، کە تیایدا وتویەتی:

–ئەم شانۆنامەیەم زیاتر لە هەموو ئەوانی دیکەم ئاژاوەی ناوەتەوە، لەسەری ئازاردراوەو نمایشیان لێ قەدەغە کردووم، ئەوەش بۆی سەلماندم کە پیاوانی ئایین بەهێزترین توێژی کۆمەڵن. من لەوەوبەر قسەم لەسەر(ژنە لۆتییەکان) و (پزیشکە فاشیلەکان) و (ئۆرستوکراتەکان) و (ئەوانەی ژنەکانیان لەخشتەیان بردوون) کردبوو، کەسێ لەوانە هەڕەشەیان لێ نەکردووم، یان یەکێ لە شانۆنامەکانی دیکەم قەدەغە نەکراوە، بەڵام ئەو شانۆنامەیەم کە هەندێ لە پیاوانی کەنیسەی بەدناو دەکرد دەستبەجێ ڕاگیرا، هەر دوای یەکەمین نمایشی، لەهەموو لایەکەوە گرفتم بۆ درووست دەکرا، ئەوان زیرەك بوون لە شەڕی شانۆنامەکەمدا، دەیانووت دژی ئایینە، نەك ئەوانەی بە بەرگی ئایین خۆیان داپۆشیوە، من هێرشم کردبووە سەر بازرگانەکانی ئایین، ئیتر بە کافر و زەندیق ناوبرام، لەگەڵ ئەوەشدا کە وەك هەر ئادەمیزادێکی دیکە ئیمانم بە خوای خۆم هەیە، بەدناو کرام و توانییان بۆ ماوەیەك شانۆنامەکەم ڕاگرن..

هەرچۆنێ بێت، ئەو مۆلێرەی جێی شانازیی فەڕەنسایە، هەرچەندە لە ژیانی خۆیدا تامی سەرکەوتن و شکۆمەندیی چەشتووە، هاوکات بە دووریش نەبووە لە ئازارەکانی چەوساندنەوە و دژایەتی کردن.

سەرچاوە:

**ماڵپەڕی** الفنون- النحلة و الجيران.

# لۆرکاو

# مـــــالی بەرنارد ئەلبـــــا

# رياض عصمت

**لۆركا يەكێكە لەوانەی هەموو كاتێك بەلای خۆیدا رامدەكێشێ، لەشیعرو شانۆكەیدا هەست بەوە دەكەم دڵێك پڕیە لەسۆزو خێراخێرا لێ دەدات، هەست دەكەم خۆری ئیسپانیا قوڵپ بەخوێنەكەی دەدات، لەشیعرەكانیدا گۆرانی ناسكو بێگەرد دەچریكێنێ، جوانی قورتوبە خەیاڵی رازاندووەتەوە، بەدڵپاكییەوە خۆشەویستییە ناكامەكەی دەردەبڕێ، لەهەمان كاتدا دەیەوێ وەك نووسەرو دەرهێنەرێكی وریا شانۆكەی لەو شەقڵە گۆرانی ئامێزە رزگاربكات، دەیەوێ پەی بەهێڵێكی بابەتی نوێی ئەو تۆ بەرێت تا وەك بناغەیەك شانۆكەی لەسەر دابمەزرێنێت، ئەوەبوو بەتەواویی بەئامانجی خۆی گەیشت، هەرلە كۆمیدیا سەرەتاییەكانییەوە تا دەگات بەدوا سێ تەراژیدییەكەیو لەهەموویاندا مەبەستی خۆی بەچاكی پێكا.**

**داماسۆ ئەلوەنسۆ سەبارەت بەلۆركاو ئیسپانیا وتوویەتی ((ئامانجی كارەكتەری هونەریی لۆركا لەوەدابوو كەدەیویست دەنگی ئیسپانیا بێ، بە تەواوی لەشیعرە گۆرانی ئامێزییەكاندا بەمەرامی خۆی گەیشت، ئەو گیانەی بە وێنەی سروودێكی بڵند لەشیعرەكانیدا بوو، جارێك شاراوەوجارێك ئاشكرا، نهێنییەكانی سنعەتی شیعریان وەدەردەخست، ئەو گیانە تەنیا گیانی شاعیرێ نەبوو، بەڵكو گیانی ئەندەلووس بوو، گیانی ئیسپانیای لۆركابوو)).**

**لۆركای مەزن لە11ی حوزەیرانی ساڵی 1898 لە (فیۆنتی فاگیرۆس )ی نزیك غەرناتە لەدایك بووە، باوكی كۆنە مامۆستا بووە، پاشان بووەتە موڵكداری زەوی، ساڵی 1914 دەچێتە زانكۆی غەرناتەو لەوێ یاسا دەخوێنێ، لە1919 ئەو ناوە جێدەهێڵێو بەرەو مەدرید دەچێت، ساڵی**

1921 یەکەمین دیوانە شیعری خۆی لەچاپ دەدات، پاشان چەند جارێك دەچێتە (بەرشەلۆنە)و لەوێ پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵ دالی، ئەلبێرتی، جۆرج گۆیلانو سالیناس دەبەستێ، لەوماوەیەدا خۆی بەنیگارکێشانەوە خەریك کردووە، ئەوەبوو ساڵی 1927 چەند سکێچێکی خۆی لەئاهەنگەکانی (گۆنکۆرا)دا نیشان دا، ساڵی 1928 چاپی یەکەمی (قەسیدە قەرەجییەکان)ی بڵاوکردوەتەوە.

ساڵی 1929–1930 دەچێتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو،لەوسەرەوە لەرێگای کوباوە دەگەڕێتەوە، ساڵی 1931 تیپی شانۆی (باراکا)ی دامەزراندو لە1933دا ئەو تیپە شانۆگەرییەکەی لۆرکا (شایی خوێناوی) پێشکەش کرد.

*ساڵی 1936 دوا شانۆگەریی خۆی کە (ماڵی بەرنارد ئەلبا) بوو، بۆ چەند هاوڕێیەکی خوێندەوە. پاشان دەچێتە غەرناتەو لەوێ دەگیرێ و لە19ی ئابی 1936 دا شەهید دەکرێ.

ماڵی بەرنارد ئەلبا، کەدوا بەرهەمێتی، بەباشترینو سەرکەوتووترین شانۆگەریی دەبژێررێت، بێگومان بەر لەم شانۆگەرییە دەیان ئەزموونی لەبواری دەرهێنانو نووسیندا هەبووە، بەڵام لەمیاندا بەیەکجاری خۆی لەدەست تێکەڵ کردنی شیعرو شانۆ رزگارکردووە.

ئەدۆلفۆ سالازاری هاوڕێی لۆرکا دەربارەی ماڵی بەرنارد ئەلبا وتوویەتی ((حەوت ئافرەت بەبێ پیاو لەماڵێکی لادێدا کەدەرگاکەی کلۆم دراوە، لەنێو گڕەو قرچەی مانگی ئابی ئەندەلووسدا، بەرنارد ئەلبا کاراکتەرێکە بەوێنەی کاراکتەرەکانی شانۆی گریك، دایکەکەش لەشانۆیی (شایی خوێناوی) دا بەهەمان شێوەیە. ئەو کاتەی لۆرکا (بەرنارد ئەلبا)ی بۆ هاوڕێکانی دەخوێندەوە، هەر کە لەدیمەنێك دەبووەوە، (سالازار)بانگی دەکرد: دڵۆپێ شیعر نەما، هەمووی هەر ریالیزمە..)).

بێگومان ئەوەش ئامانجی لۆرکا بوو، دەیویست لەسەرچاوەی واقیعەوە هونەرەکەی هەڵێنجێ، دەیویست لەهەویر مرۆڤ دروست بکات، بەهەر شێوەیەك بیەوێ...

ئەنجیلۆ دی ریۆی رەخنەگر لە نووسینێکیدا بەناوی (شانۆی لۆرکا) وە دەڵێ ((لەوەدەچێ لۆرکا بیەوێ تەراژیدیا بنووسێ، تەراژیدیایەکی هێمن، سارد، بابەتی، تەراژیدیا بەبێ هیچ جۆرە گۆرانییەك)).

شانۆگەریی ماڵی بەرنارد ئەلبا دەربارەی ئەو ئافرەتە دڵڕەقە دەدوێ کەبەئاڵۆزی خۆی، هەموو کچ و کارەکەکانی گیرۆدە کردووە، ئەو دایکەی کچەکانی خۆی لەچوار دیواری ئەستووردا بەندکردووە، دیوارێکی ئاسنینی ئەوتۆی دروستکردووە کە هەرگیز هیچ پیاوێك نەتوانێ لێیان نزیك بکەوێتەوە..بەڵام هەرگیز لەتوانایدانییە بەرامبەر حەزو ویستی لەشی کچەکان بوەستێتەوە..زۆرانبازیی لەنێوان کچەکاندا بۆ گەیشتن بە (رۆمانۆ) ناوێك دروست دەبێ، ئەو رۆمانۆیە کەدەیەوێ بەتەنیا بەگەورە کچە ناشرینەکان بگات، دەیەوێ بەپارەو پوولی ئەو گەورە کچە شادبێت، لەهەمان کاتدا (مارتێریۆی) کچە پشت قەموورییان خەو بەشووکردنەوە دەبینێ بەهەمان کەسەوە، هەروەها هەردوو خوشکەکەی (ماگدۆلیناو ئەدیلد) دڵیان پیایدا دەچێ...کەدایکەکە بەم نهێنییانە دەزانێ، بۆ تۆڵەسەندن لەکچەکانی دەڵێ: (( رۆمانۆم کوشت))، ئەنجامی ئەمەش بەوە دەشکێتەوە کە کچە بچووکەکەیان لەداخدا خۆی دەکوژێ..دوای ئەم کارەساتە دایکە بێ بەزەییەکەیان داوایان لێ دەکات هەموو بەشداربن لەکفن و دفنی ئەو کچە ساوێلکەیەو سوپاسی یەزدانیش دەکات کە کچەکەی بەکچێنی و پاکیزەییەوە بردەوە بارەگای خۆی.

لۆرکا بەم حاڵەتە تەراژیدیاییە کۆتایی بەشانۆگەرییەکەی هێناوە کە بەر لەوەی فاشستەکان چرای ژیانی بکوژێنێتەوە نووسیویە. لۆرکا لەم شانۆکەرییەدا بەڕوونی بەرامبەر رەوشتی کۆن و کردەوەی رزیو وەستاوەتەوە..لەم شانۆگەرییەدا کێشەی چینایەتی بەتەواوی دەرخراوەو ململانێی نێوان لەش و عاتیفەی مرۆڤ نیشاندراوە...لەم شاکارەدا خوێنەر بەچاکی هەست بە مرۆڤپەروەریی لۆرکا دەکات، ئەو دەیەوێ مرۆڤ سەربەست بێ و هەموو کۆتو پێوەندێکی لێهەڵماڵێ.

راستە گەلێکی تر پێش لۆرکاو لەماوەی نووسینی ئەویشدا دەیانویست کەلەپووری ئیسپانیا بۆ بەرهەمەکانیان بکەنە بابەت و ناوەڕۆك، ئەوەتا دەیان بەرهەمی نووسەرانی وەك (لۆبدی ڤیگاو ماشادۆ) دەبینین، بەڵام هیچیان بەوێنەی لۆرکا ئاسۆی بینینیان بەرامبەر کەلەپووری نەتەوایەتی ئەو گەلە، فراوان و گەش نەبووە...

هەر ئەلوەنسۆ، دیسان سەبارەت بە لۆرکاو شانۆگەرییەکەیماڵی بەرنارد ئەلبا وتوویەتی: ((لۆرکا لەم شانۆگەریی ماڵی بەرنارد ئەلبایەیدا، وەك هەموو جارێکی تر کەلەپووری رەسەنی هەڵبژاردووەو ئەو کەلەپوورەی زیرەکانە کردووە بە شانۆگەرییەکی هاوچەرخ و زیندوو. زاراوەی میللی و حیکایەتی کۆنی هێناوەو بە بیرکردنەوەی ئەمڕۆوە دایڕشتووەتەوە، بڕواناکەم کەسێکی تر بەوێنەی لۆرکا بەسەر کەلەپووردا زاڵ بووبێ و بێ زۆر لەخۆکردن بەرهەمی پەسەندو نایابی نووسیبێت)).

ماڵی بەرنارد ئەلبا یەکێکە لەو سێ شانۆگەرییەی دەیویست لەسێ بەشدا وەك زنجیرەیەك بیاننووسێ، بەڵام بەداخەوە مەرگ بواری نووسینی سێهەمیانی نەداو لەسنگیا شەهید کرا، (ئەوەبوو بەتەنیا ماڵی بەرناردی نووسی و زنجیرەکەی تەواو نەکرا...).

هەر لەم نووسینەماندا دەمەوێ شتێك سەبارەت بەو دەرهێنانە نایابە بدوێم کە هونەرمەندی عێراقی سامی عبدالحمید ئەنجامیدا، ئەم دەرهێنەرە کە ماڵی (بەرنارد ئەلبا)ی بۆ تیپی شانۆی هونەری نوێی بەغدا دەرهێنا بەتەواوی ئەو رایەی لۆرکاری سەلماند کەوتویەتی ((یارمەتی نەدانی مادی بۆمان هیچ جۆرە کۆسپێك لەڕێگاماندا ناخوڵقێنێ، ئەگەر جل وبەرگ و دیکۆریشمان نەبێ، ئەوا تەنیا جەستەمان بەسە بۆ ئەوەی چیمان گەرەکە پێشکەشی بکەین)). لۆرکا هەروەها بۆ نمایشی شانۆگەری بڕوا بەخۆبوون وتویەتی ((گەر لەڕووماندا وەستان و نەیانهێشت لەهۆڵی رێك وپێکدا شانۆگەرییەکانمان پێشکەش بکەین، هەرگیز دۆش دانامێنین، بەڵکو گەرمتر کاردەکەین و شانۆکەمان دەگوێزینەوە بۆ سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان،

**گەر ڕێگای ئەوەشیان لێ گرتین، ئەوا شانۆیەکی نهێنی دروست دەکەین و بەرهەممان دەگەێنینە ئەشکەوتەکان)).**

**لەو هۆڵە بچکۆلەیەی شانۆی بەغدا، سامی عبدالحمید تیشکی دابوو لەقەفەزێکی گەورە کە لە ناوەڕاست هۆڵەکەدا دروست کرابوو ولەهەر چوارلایدا بینەران تەماشایان دەکرد...کەئەو بەرهەمەم دی هەستم کرد جارێکی تر لۆرکا زیندووبۆەتەوەو بەوێنەی سرودێکی بڵند، بەوێنەی روناکی لەچاوو بیری خەڵکەکە دەدرا..ئەکتەرەکان هەموو سەرکەوتووبوون، بەهەموویان سەمفۆنیایەکی ڕێكوپێك و جوانیان پێشکەش کردین...ئاوازێ بوو بەوێنەی ئەوەی لۆرکا خۆی دەیویست،دڵگیرو ناسك.**

---

**سەرچاوە:**

رياض عصمت، البطل التراجيدي في المسرح العالمي.

# هونەری نواندن

فرانك هوايتنج

## مێژووی نواندن

**لەمێژووی شانۆدا دەستەیەك سەرئامەدان هەن، كە بناغەیان بۆ هونەری شانۆیی داڕشتووە.**

(تیسبس)یەکەمین ئەکتەری مێژووی شانۆیە و(ئەسخیلۆس) یەکەمین کەسە کەدوو ئەکتەری پێکەوەو لەیەك كاتدا خستووەتە سەر شانۆ،(سۆفۆكلیس)یش بۆیەکەمجار سێ ئەکتەری لەسەر شانۆ بەکارهێناوە.

نواندن،وەك هەریەك لە هونەر وزانستەکانی دیکە مەڵبەندی دەرکەوتنەکەی (یونان) بووە، ئەو هونەرە لەو وڵاتەدا بەسروشتیو بەرەسەنی لە دایکبووە.نواندن لەسەرەتایدا کلاسیکی بووە،بەڵام هاوکات بەدەرنەبووە لە رەوتی خێراو ئیلهام وهەڵچوون، پێشڕەوانی ئەو رێبازەش بریتیبوون لەهەریەك لە(بۆلاس،کینتۆس،ئەسیوب)و دوای ئەوانیش (رۆسیکاس) بووە. کە بە دواچەلەنگی هونەرەکە ناسراوە.

دوای ئەوە، شێوازێکی دیکەی هونەری شانۆیی پەیدا بووە، کە بە(شانۆی میللی) ناسراوە وبەنواندنی سەرپێی(ئیرتیجالی)ناسراوەو دووان لەوانەی لەم هونەرەدا بلیمەت بوون، ژنە ئەکتەری شۆخ وشەنگ (ئیلیزابیلی ئەندریتی) و(فرانشسكۆ)ی مێردی بوون.

هەرچۆن لەو دەمەدا هەردوو گرووپی(پیاوانی ئەمیندارانی گەنجینە)و(پیاوانی ئەمیندارانی دەریا)، گرنگترین گروپ بوون.

## شانۆی ئینگلیزی

(دافید جاریك) بە مەزنترین ئەکتەری ئینگلتەرە دادەنرێ لەسەدی هەشتەمدا، ئەو بە هونەرمەندێکی راستەقینەو رەسەن ناوبانگی دەرکردوە، دوای ئەویش بە نیوسەدە (باد موندکین) دەرکەوتووەوپاش ئەویش (لۆرد بایرن) پەیدابووە.

ژن، لەسەر شانۆی ئینگلیزیی لەسەردەمی پاشایەتیدا بۆیەکەمجار بینراون، لەناوە درەوشەدارەکانی ئەو ئەکتەرانەش (خاتوو بریسبیرولوبلەری ونیل جۆن) لە پێشەوەن.

## شانۆی فەڕەنسی

شانۆی فەرەنسی بەشی خۆی لە ئەستێرەکانی بەرهەمهێناوە، کە لەپێش هەموویانەوە ناوی (مۆلێر، میشیل بارۆن وروسیکاس) دێت.هەڵبەت دیارترین کچە ئەکتەری سەرەتای سەدەی نۆزدە (ئەدریان)ی شەنگ بووە دوای ئەویش (سارە برنار) ناسراوە.

## شانۆی ئەمریکی

سێ ئەکتەری ئەمریکی توانیویانە ناوبانگی جیهانی بەدەستبهێنن، یەکەمیان (ئەدوین فورست) بووەو دوای ئەویش، هەریەك لە (ئەدوین بیوت وجۆزیف جیفرسۆن) ناویان دێت.

## ئایا فێربوونی نواندن لە توانادایە؟

لە دێرین ولەنوێشدا قسەیەك باو بووە کە دەڵێت:

((ئەکتەرەکان لەدایك دەبن، نە درووست ببن)). قسەیەکی تریش هەیە دەڵێت ((ئەکتەری نوێ، بەپێچەوانەی هەموانەوە، بەبەهرەمەندیی لەدایك بووە)).

ئەمە قسەیەکی قایلکەرە، بەڵام ئایا بەهرە چییە، پاشان، ئاخۆ ئەکتەریش وەك هەر ئادەمیزادێکی دیکە لەدایك دەبێ؟ئەگەر ئەکتەرەکان سەر بەتوێژێکی دیکەن، دەبێ گەوهەری جیاوازیی لەکوێدا بێت؟

بەگشتی، دوو را هەیە سەبارەت مەسەلەی دروستکردنی نواندن کەلەیەکتر جیاوازن:

رای یەکەم پێی وایە ئەکتەر هەر بە ئەکتەری لەدایك دەبێ ومەسەلەکە تەنها بەهرەیە، کەواتە بیرۆکەی فێربوونی نواندن لای ئەوان رەتدەکرێتەوە.

بەڵام، رای دووەم پێی وایە نواندن، وەك هەر هونەرێکی دیکە پێویستی بە فێربوون ومەشق کردن هەیە.

هاوکات، رایەکی دیکەش هەیە کە کۆکردنەوەی ئەو دووجۆرە (بەهرەو فێربوون) بەپێویست دەزانێ بۆ درووستبوونی ئەکتەری سەرکەوتوو.

## ئایا نواندن هەستکردنە.. یان...؟

تیۆرەکانی نواندن بەسەر دووقوتابخانەی سەرەکیدا دابەش دەبن:

1.قوتابخانەی پیشەیی-ئامێریی:

کەئاڕاستەکەی بریتییە لە هێنانەکایەی گرفتێك لە رووکەشداو جەختکردن لەسەر بەکاهێنانی (جەستەو دەنگو ((ئیمائە)) ولەرەی دەنگو هەڵسوکەوتو میتۆدە پیشەییەکان).

2.قوتابخانی سایکۆلۆژی، یان ئەفراندن:

کە ئاڕاستەکەی بریتییە لە نزیك بوونەوە لە کرۆکی گرفتێكو جەختکردن لەسەر رەگەزەکانی وەکو(تێگەیشتن، پاڵنەر، خەیاڵکردن، مەبەست وکردار).

بەڵام ئاخۆ هەڵویستی مامۆستایانی نواندن لەمەڕ ئەم دوو قوتابخانەیە چییە؟

لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر مامۆستا ئەوە بەچاکتر دەزانن کە بە(قوتابخانەی پیشەیی)یەکە دەستپێبکرێت، بەڵام زۆربەی کاتیش بەرەنگاری پاڵنەرو هۆکارە هەڵچوونەکانی، بەر لەکۆتایی هاتنی مەشق دەبنەوە.

لۆژیکی شتەکان لەدوا شیکردنەوەدا جەخت دەکات کە هەستکردنی ئەکتەر بایەخێکی ئەوتۆی نییە، ئەگەر هەستی بینەران نەجولێنێ.

## هۆکارەکانی ئەفراندن:

1.خۆڕزگارکردن لە ماندووکردنی ماسولکەکان بەبێ هۆ:

گرژیی ناپێویست زیان بە ئەکتەردەگەێنێ، بەتەنیا رێگر نابێ لەبەردەم بەکارهێنانی جەستەو دەنگدا، بەڵکو خەیاڵیش ئیفلیج دەکات.

2.چڕکردنەوەی سەرنج:

پێویستە ئەکتەر هەر بەوێنەی نووسەر، یان نیگارکێش، یان میوزیککار بگاتە حاڵەتی بۆهاتن(ئیلهام)، بەڵام لەبارێکی تردا، چونکە ئەوانی دی بەئەفراندن شاد دەبن لەتەنیاییدا،بەڵام ئەکتەر لەنێو ئاپۆڕەی بینەراندایەو تیشکی لەسەرەو لەهەلومەرجێکی جیاوازدایە.

3.زۆر لە ئەکتەرەکان نواندنی باش لەباش بەرێکردنی کردارو لۆژیکە هونەرییەکەدا دەبیننەوە، ئەکتەری مەزن زۆربەی کات بەدووری نازانێ شتی

تەنگاوکـەر رووبـدات، هەرچـۆن پێویسـتە لەسـەری، کـاریٚ بکـات بۆچـوون لەسەر راستییە هونەرییەکە بێتە ئارا، بۆ هەرچییەك دەیلێ‌ودەیکات، ئەگەر مەبەستی بێ بینەران بۆچوونیان لەسەر نمایشەکەی‌و نواندنەکەی هەبێت.

4.ئەگەری ئەفسوناویی(خەیاڵکردن):

پێویستە ئەکتەر کاتێك دەچێتە دەورێکەوەو بەتایبەت گەر واقیعی بوو، ئـەو رسـتە ئەفسـوناوییە لـە بیرنـەکات کـەدەڵێت(ئەگـەر فـلان بوومایـە چـی دەبوو؟).

## خەسڵەتەکانی ئەفراندن:

1.پێویستە لەسەر ئەکتەر ئەفراندنی خودی ئەنجامبدات.

2. رێگا والاَبکات لەبەردەم هەمەچەشنەییدا لـە بوارەکـانی گـۆڕراندا، نـەك چەقبەستن.

3.دەبێ دڵنیایی هاوەڵی بێت.

## وەرگرتنی پیشەیی:

1.پێکان:

واتە دیتنەوەی شتەکان بەپێی نەریتەکانی پیشـەی نوانـدن لەسـەر شـانۆ، وەکو وەرچەرخان بە ئاڕاستەی بینەرانداوچەمانەوە لەنزیك بینەرانەوە.

2.جەستەی ئەکتەر:

دەنگ‌وجەستەی ئەکتـەر لـەگرنگترین بنـەماکانی شـانۆیی پیشـەیین، بـەلاَم ئەگـەر وا دانـێین کەجەسـتەی ئەکتـەر مەحالـە بڕیـاری لەسـەر بدرێ‌وبـە هـیچ جۆرێ دەستەمۆ ناکرێت، ئەوا دەبێ بەتەنیا باسی دەنگی ئەکتەر بکەین.

لـەئامادەکردنی ئەکتـەردا، لەسـەر مامۆسـتای شـانۆ پێویسـتە ئاگـاداری لەهەندێ شت بێت، کەپەیوەستن بە دەنگەوە، وەکو:

1.بەگشتی پرۆسەی ئاخافتن ئەرکێکی گرانە، واتە هەریـەك لـە بەشـەکانی دەنگی بەکاربردوو لەگوزارشتی بیرۆکەکاندا ئەرکی دیکەیان هەیە، لە ئەرکـە سەرەتاییەکانی وەکو خواردن‌و هەناسەدان.

2.لەبەرئەوەی ژیان لەم سەردەمە نوێیەدا لەژێر زەبری فشاری زۆر وبەردەوامدایە، لەدەنگدا بەشێوەیەکی گشتی زۆر لە خۆکردن وقرخەو بەرزیی چینەکانی دەنگ وخراپ درکاندن دەبیسترێنەوە، کە ئەم خەوشانەش دەگەڕێنەوە بۆ زیادبوونی گرژیی ناپێویست لەماسوولکەکاندا، پێویستە سادەو ساکاروخاوبکرێنەوە.

3.باشکردنی دەنگ بەشێوەیەك سەرنج ڕاکێش بێت، پەیوەستە بەبوونی بڕواو گونجانی سایکۆلۆژیی ئەکتەرەوە.

---

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی:** منتديات المكتبة العربيـة.

# دانیمارك.. زیندانێکی گەورە

د. فاضل السوداني

**هەموو ساڵێ، لەقەڵای شاری هلسنیۆری مێژوویی (kronborg slot)، کە ساڵی 1584 بونیادنراوە، چەند نمایشێکی شانۆنامە بەناوبانگەکەی شەکسپیر(هاملێت)نمایشدەکرێ،تەنانەت وایلێهاتووە قەڵاکە بەناوی خودی هاملێتەوە ناوی دەرکردوە، شارەکەش(هلسنیۆر)ی ئارامی کەنار دەریا کە تائەمڕۆ ئەم شارە شکۆدارە سەرنجکێشمان دەکەنەوە بۆ رابردوو وسەدەکانی ناوەند. هەموو ساڵێ ئەو بۆنەیە دەبێتە فیستیڤاڵێکی هاوینەی هاملێتی شەکسپیر و گەشتیارانی زۆری گەلێ شوێنی جیهان دەبنە میوانی و لەوێڕا ڕێگایان دەدرێت قەڵاکە بەهەموو هۆڵەکانیەوە و ژووری ڕاستەقینەی نووستنی پاشاو سەرجەم پاشکۆکانی دیکەی ببینن.**

**یەك لەنمایشەکانی (هاملێت) کە گرنگ بوو و زمانی نوێی سەرسامبوونی رەچاوکردبوو، لە رووی دیدی دەرهێنانەوە، لەدەرهێنانی هونەرمەندی لیتوانی (ئیمۆتناس تەکغوسیۆس)بوو، دەرهێنەر بەتەنێ پشتی بە ئەکتەرە زیندووەکان نەبەستبوو، بەڵکو بوونێکی نوێی دابووە کەرەستە وشتە راستەقینەکان لەخودی تێکستە شەکسپیرییەکەدا، بەوەش زمانی درەوشەداری هێنابووە ئارا، ئەو هاتبوو وزەیەکی گەورەی گوزارشتی دەرخستبوو، هاتبوو پێکەوە شتە دژبەیەکەکانی نیشاندابوو، وەکو تاریکی و تیشکی روناکیی، ئاگر وبەفر، ئاو و وشکایی وشتی دیکەی ئەو تۆ کە لەژیاندا ئارامن، بەڵام لەسەر شانۆ بوونی گوزارشتکارانەیان هەبوو،بە جۆرێ زمانێکی شەکسپیریی نوێ لە کایەدابوو، تیایدا (ترس) و(ئەندێشە) بەشێوەیەکی بەرچاو و هەستیار بەرجەستە کرابوون و بوو بوونە**

دەستەواژەی گوزارشتکارانەی ئەوتۆ کە ڕەهەندی نوێیان بەخشیبووە هونەری نواندن.

بەڕای من ئائەمەیە نووسینەوەی نوێ بۆ تێکست و نمایشی شانۆیی لەدیدی نوێوە، ئائەمەیە ئەو نمایشەی زۆر لەدەرهێنەران خەونی پێوە دەبینن. ئەمە ئەفراندن بوو لە کاری شەکسپیردا و بەهۆی ئامرازو وێنە و وشە وبینینەوە، بێ شێواندنی تێکستەکە هاتەدی، ئەو شێواندنەی گەلێ لە دەرهێنەرانی عەرەب دەیکەن! لە ڕاستیدا،نمایشەکە سەرنجڕاکێش بوو، بەجۆرێ درەوشاوەبوو بڕوات نەدەکرد بەوەی دەتبینی، هەرچۆن لە فۆڵدەری نمایشەکەدا نووسرابوو (هەرگیز هاملێت بەمجۆرە نابینی، تۆ نمایشەکە دەبینی و تەنگەنەفەس دەبیت...).

### نمایشێکی دیکەی لیتوانی بۆ هاملێت LAREPUBBLICA

هەر ساڵی 2007، هەمان گروپ (هاملێت)ی نمایش کردەوە، لە پێناوی قوڵکردنەوەی دید و وێنەی شانۆییەوە، بەجۆرێ، کلتوری (لیتوانی) بەشێوەیەکی فراوان بەکارهێنرابوو، ئەوەش بەڕوونی لە سەماو کۆتایی نمایشەکەدا دەبینرایەوە.

### هاملێتی ئینگلیزیی

هاملێتی ئینگلیزی، لەدەرهێنانی (بیڵ ئەلکسەندەر) نمایشی شانۆیی بەرمنگهام، نمایش و دابەشکردنی هارمۆنیو جووڵەی ئەکتەرەکانی لەسەر تەختەی شانۆ پشتی بەستبوو بە (قوتابخانەی ئینگلیزی)ی، بەڵام (ئۆڤیلیا)ی ڕەشپێست بە جلو بەرگە سپییەکانیەوە، جەختکردن بوو بۆ داڕزان و بێ ئارامی و دوودڵیی ئەو، دوودڵیی لە نێوان خۆشەویستیی بۆ (هاملێت) وڕق وکینەی بۆ پۆخڵێتی ئادەمیزاد کە لەوڵاتێکی پڕ لەپیلانندا دەوریانداوە، یاخود ئەو زیندانە گەورەیەی لەمانای بوونی تێناگات و ناتوانێ بەرامبەری دان بەخۆیدابگرێت. دەرهێنەر (بیڵ ئەلکسەندەر) هاتبوو دەرگاو پەنجەرە و گومەزە ڕاستەقینەکانی قەڵاکەی بەکارهێنابوو، بەجۆرێ

ئەکتەرەکان بەبەرچاوی بینەرانەوە لە دەزگاکانەوە دەهاتن ودەچوون ودەیانبینین بۆ ئەو کارە سەریان دادەنەواند بۆهاتن و چوونە دەرەوە بە دەرگا تاریکەکاندا، هەندێ جاریش سێبەری ئەکتەرەکان بەسەر دیوارەکانی قەلاوە دەردەکەوت و ئەوەش سروتێکی خەونئاساى دەبەخشییە شوێن و کاتەکە. لەگەڵ ئەوانەشدا نمایشەکە بە نمایشێکی تەقلیدیی مایەوە.

## هاملێت بە چوار هونەرمەندەوە

ئەزموونێکی دیکەی سەرنجڕاکێش و گرنگی (هاملێت)لە نمایشی تیپێکی گەڕۆکی دانیمارکیدا بوو کە پێکهاتبوون لە دوو ئەکتەر،یەکیان بۆ ژەنینی (پیانۆ)و ئەوی دیکە بۆ (چەلۆ)، لەمیاندا سەرلەنوێ بەسەرهاتەکەی (هاملێت) بەشێوەیەکی ئازاد داڕێژرابووەوە، بەمەبەستی نمایش بۆ گەورە ومنداڵ. ئەمەش هەر لەسەرەتای نمایشەکەوە بەدی دەکرا، چونکە بەوتەیەکی هاملێت دەستی پێدەکرد کە ئەو وتەیە لە کۆتایی شانۆنامەکەدایە، ئەوەی دەڵێت (بەتەنیا بێدەنگی دەمێنێتەوە)، ئیدی ئەکتەرەکە لەخەو رادەپەڕێ و لەگەڵ ئەکتەرەکەی هاوڕێی و دوو ئامێر ژەنەکەدا دەکەونە پێکەنین و ئیدی لەوێوە دەکەونە گێڕانەوەی بەسەرهاتی میرە بەختەوەرەکەی دانیمارك (هاملێت)، بەبێ (ئۆڤیلیا)، کە ئەکتەرەکەی دیکە نمایشی دەکرد، هەرچۆن بە جووتە نمایشی کاراکتەرە جیاوازەکانیان دەکرد و ئەوەش جۆرێ لە حاڵەتی(نامۆکردن)ی دروستدەکرد. ئەوان لەهەوڵی ئەوەدا بوون توانای بەشدارییەکی زیندوو و کاریگەر بدەنە دیکۆر وئێکسسوارە بەکارهاتووەکان، بۆ نموونە، ئامێری (چەلۆ)کە دەبووە تابووتی(ئۆڤیلیا). دوای ئەوەی بە قوماشێك پەردەپۆش دەکراو هەڵیاندەگرت و بەسرووتێکەوە بەدوایدا دەڕۆیشتن. لەکۆتاییشدا (هۆراشیۆ) دەیووت (ئەمە بەسەرهاتی مەرگی هاوڕێکەم، هاملێتی میری دانیمارك بوو، بەلام ئەفسووس، تائێستا منیش بەزیندوویی ماوم)، ئەوەی وەك شایەتییەك لەبەردەم دادگادا دەدرکاند.

## ئەمساڵیش دوو نمایشی"هاملێت" دەبینرێت

ئەمساڵ (2008)، دوونمایشی"هاملێت"ئەنجامدرا، یەکێکیان نمایشێك بوو بەمیتۆدی سەمای نوێ لەلایەن دەرهێنەر و کیۆگرافی نەمساوی (Brandstrup Kim) و تیپەکەی (Dance Company Art)، سەبارەت ئەو دەرهێنەرەش وەك رۆژنامەکان نووسیویانە لەڕێی هاملێتەوە دانیمارك راهێنەر و دەرهێنەرێکی نوێ دەناسێ، سینەمای لە زانکۆی کۆپنهاگن و سەمای لە لەندەن خوێندووە.

تەکنیکی سینەما لەنەخشەسازیی سەرجەم نمایشەکەو بینینەوەی بینەران و لێکدانەوەیاندا رەنگی دەدایەوە، هەرچۆن لەجووڵەو و سەما و وێنەی وردی ماناداردا نمایشەکە بەڕەونەق بوو، بەوانە گوزارشت لەو تراژیدیا شەکسپیرییە کراو رەخنەگران کۆك بوون لەسەر ئەوەی نمایشەکە ناوازە و دووبارە نەبوو بوو، وەك فۆڕمێکی شانۆیی کەلەسەر جەستەو پانتایی و تیشك و رەنگ بونیاد نرابوو.

دەرهێنەر بەشێوەیەك رووداوەکانی دامەزراندووە، کەتیایاندا تارمایی پاشای کوژراو رۆڵی سەرەکی دەبینی لە بزواندنی رووداوە تراژیدییەکاندا، هەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی، پاشا بەردەوام لە ناوەندی رووداوەکاندا بوو تا چارەنووسە خراپ وشپرزەکان بتۆقێنێت.

بەوەش دەگوترا: میتۆلۆژیای خێزانە کە رەوتی رووداوەکان دەبات بەڕێوەو بونیادی تراژیدییانەی نمایشەکە، بەجۆرێك دڵڕەقی و (میراتی باوك) هەموو شتێکی گرتووەتەوە، تەنانەت (ئۆڤیلیا)بووەتە قوربانییەکی بێ گوناه.نمایشەکە جەختی لەسەر گەوهەری شەکسپیریانەی تراژیدیای هاملێت دەکرد، بەجۆرێ لە هاوارێ دەچوو کەوا لە رۆژگارەکانی ئایندەشدا دەنگدانەوەی ببیسترێت.

زۆر لە رۆژنامە بەناوبانگەکان لەسەر ئەکتەرەکانیان نووسی و تیایاندا رۆژنامەی (یۆلاند بۆستن) ئاماژەی بە ئەکتەری دانیمارکی(Jen Albinus)کرد چونکە نمایشی(هاملێت)ی بەتوانایەکی جەستەیی و رۆحیی گەورەوە کرد، توانی کۆنترۆڵی بینەرانی دانیشتووی گۆڕەپانی قەڵا مێژووییەکە بکات.

هـــەر ئامـــاژەو جووڵەيـــەكی كاريگـــەر ومانـــاداربوون، هەرچـــۆن كچـــە ئەكتـەر( Kirsten Olsen)زينـدوويّتی و روونيـی بەخشـيبووە (شـاژن جلـترود)و ئەوخانمەش كە بووبووە ئۆڤيليا بەهرەمەنديی خۆی سەلماند.

**نمایشی دووەم**

دووەمـــين نمايشـــی(هامليّـــت)كـــە لـــەم دواييانـــەو لـــە باخچـــەی كۆشـــكی(Rosenberg)ی شـــاهانەی ميّـــژوويی لەلايـــەن تيپـــی TNT–ی ئينگليزييـەوە نمـايش دەكـرێ و دەرهيّنەرەكەشـی(بـۆل سـتنينك)ە، كـە گـەلیٚ شـانۆنامەی شەكسـپيری وەك (مـاكبيّس) و (خـەونی شـەويّكی هاوينـە)ی دەرهيّناوە.

لە فۆڵدەری شانۆگەرييەكەدا نووسيويەو دەڵيّت :نمايشی هامليّتی ئيّمە، دژ بەو بيرۆكـە تەقليـدی وناسـراوەيە كـە تائيّسـتا باسـی دەكريّـت، هەرچـۆن هــەوڵی ســەلماندنی ئــەوەش دەدەيــن كــەڕەوتی رووداوەكــان ئابــەو جــۆرە پەيوەست بووە بەو ئاژاوەيەوە كە لەميّشكی ميری دانيماركدا هەبووە...

سەركەوتنی نمايشەكەی ئەمساڵ، وای لەو تيپەكردوە كەگەشتيّكی باش بـە ولاّتـانی ئاسـياو ئـەوروپادا بكـەن، بـۆ سـەرلەنویٚ نمايشـكردنەوەی (هامليّت).

---

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی مسرحيون.**

# شانۆکانی رووسیا

وڵاتـی رووسـیا، گـەلێ شـانۆی تێـدابووەو تێـداماوە، ئـەویش بـەهۆی پێشـکەوتوویی هونـەرەکانی شـانۆو موزیکـە تیایـدا، لەوانـەش شـانۆکانی

موزيك، دراما، لەگەڵ شانۆی کۆمیدیاو شانۆی منداڵان، لە شانۆ گرنگەکانی رووسیاش، ئەمانەن:

1- **شانۆی بالیەی رووسی:**

شانۆی بالیە یەکەمین جار لەکۆشکدا دامەزراوە، نمایشە بەراییەکان ناو بەناو لەکۆتایی سەدەی حەڤدەیەمەوە لەبیلاتی قەیسەر(ئەلیکسی میخایلوفیتش) پێشکەش کراون، لە رۆژگاری قەیسەر (بوترسی گەورە)دا نمایشەکان زیاتربوون.

ساڵی 1738فێرگەی بالیەی بەترسبۆرگ دامەزراوە، هەروەها ساڵی 1773 لقێکی بالیە لە مۆسکۆ دامەزرێنراوەو دواتر بووەتە کۆلیژی سەمای مۆسکۆ.

هونەری بالیە لە رووسیادا لەژێر دوو کاریگەریدا گەشەی کردوە، ئەوانیش کاریگەریی سەمای خۆرئاوایی لەسەر دەستی ریژیسێۆرە خۆرئاواییەکان، کە لەسەدەی هەژدەیەمەوە لە رووسیا کاریان کردوە، دووەمیش کاریگەریی سەمای فۆلکلۆریی رووسی بووە، چونکە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا هونەری بالیەی رووسی وەك فێرگەیەکی نیشتمانیی سەربەخۆ دامەزراوە.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ناوبانگی ریژیسێۆرانی بالیەی وەکو(میخائیل فۆکین و گۆرسکی و غولیزوفسکی و لوبوخۆف)، وەك تازەگەرانی بالیە بڵاوبووەتەوە، ئەوان لەڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە بالیەیان گەشەپێداوە..

**شانۆی بەلشەوی**

کۆنترین و گرنگترین شانۆی رووسیایە، گرنگیی ئەم شانۆیە بەتەنیا بەهۆی ناوبانگی جیهانییەوەی نەبووە، بەڵکو شێوەی تەلارسازییە دەگمەنەکەشی ئەوەندەی تر بەناوبانگی کردوە، تەلاری ئەم شانۆیە ساڵی

1776بناغەی دانراوە، بەڵام ئەو تەلارەی کە تا ئێستا بەناوی بەلشەوییەوە ماوە، ساڵی 1825 دامەزرێنراوە.

### شانۆی هونەریی مۆسکۆ

شانۆی هونەریی کە ساڵی 1898 دروستکراوە، نمایشی هەریەك لە دامەزرێنەرانی شانۆی رووسی(ستانسلافسکیو دانتشینکۆ)ی تیادا ئەنجامدراوە، لەگەڵ نمایشی شانۆیی کلاسیزمی نوێو زۆر لە شانۆنامەکانی (چیخەف)، کە دواتر ئەم شانۆیە بەناوی ئەو نوسەرە مەزنەوە ناونراوە.

### شانۆی کرملین بۆ بالیە

ئەم شانۆیە دەکەوێتە ناوچەی کرملینی مۆسکۆوە، ساڵی 1890 لەلایەن هونەرمەندی رووسی(ئەندرییە بیتروف)ەوە دامەزرێنراوە، شانۆیەکە بایەخ بە نمایشی بالیەی کلاسیکی رووسی دەداتو بینەران لە هەموو جێگایەکی دنیاوە سەردانی دەکەن.

### شانۆی مارینسکی

لەشاری سانت بەترسبۆرگ لە رووسیا ساڵی 1860 بە نمایشی ئۆپێرای(غلینکا) کراوەتەوە، بەناوی ژنەکەی ئیمپراتۆر ئەلیکساندەری دووەمەوە ناونراوە. بەرای پسپۆرانی هاوچەرخ، ئەم شانۆیە بە باشترین فێرگەی بالیەی ئۆپێرای ئەوروپا دادەنرێت.

### شانۆی درامیی

بەشانۆی (ئەلیکساندەر ئانسکی)ناسراوەو شانۆی درامیی ئەکادیمیای نیشتمانیی رووسیایە، دێرینترین شانۆی نیشتمانیی رووسیایە، خاتوو ئەلیزابێسی کچی قەیسەری رووسیا(بەترۆسی گەورە) لە 1756دا دایمەزراندووە، بە باوکی شانۆکانی رووسیا دادەنرێت.

## شانۆی مالی

لەشانۆ دێرینەکانی ئەو وڵاتەیە، بەهێمای لەدایکبوونی شانۆی پیشەوەری رووسیا دادەنرێت و ساڵی 1756 لەلایەن زانکۆی مۆسکۆوە دامەزراوە، لەگشت کاتەکاندا کاریگەریی ئەم شانۆیە لەسەر رۆشنبیریی و رای گشتی خەڵکی رووسیا زۆر بووە.

## شانۆی ئۆپرازتسۆن بۆ نمایشی بووکەڵە

لە گەورەترین شانۆییەکانی بوکەڵەیە لەجیهاندا، ساڵی 1931دامەزراوە، لەکتێبی (گینیس)دا ناوی هاتووەو هەر لەسەرەتاوە لەلایەن هونەرمەندو ریژیسیۆرو نووسەرو ئەکتەر (ئۆپرازتسوف)ەوە سەرپەرشتی کراوە، لەم شانۆیەدا، شانۆگەریی منداڵان و شانۆگەریی ئاساییش تیایدا نمایش دەکرێت و لەحەفتا ساڵی تەمەنیدا ملیۆنان بینەری منداڵ و گەورەو دەیان سەرۆك دەوڵەت و حکومەتەکان و سەدان کەسی بەناوبانگی بوارەکانی هونەرو رۆشنبیریی و زانست سەردانیان کردووە.

## شانۆی فۆلکۆفی درامیی

شانۆی فۆلکۆفی درامیی لەشاری یاروسلافل، یەکەمین شانۆی پرۆفیشناڵە لە رووسیاو ساڵی 1750 فیۆدۆر فۆلکۆف دایمەزراندوە، ساڵی 1992 ناوی فۆلکۆفی بەسەردا بڕاوە، شانۆکە بووتە یەك لەنیشانەکانی شارەکەو بەردەوام چالاکی لەسەر نمایش دەکرێت، هەرچۆن نمایشەکانی دەخرێتە سەر شانۆکانی دیکەی رووسیا، ریپۆرتواری ئەم شانۆیە 26 نمایشی نووسەرە کلاسیکییەکانی رووس و بێگانەی تیادا تۆمارە.

## شانۆی نوفۆسیبیرسك

شانۆی گەورەی شاری(نوفۆسیبیرسك)ە، کە تەرخانە بۆ بەرهەمی درامیی ئۆپراو باڵێ، بیناکەی گەلێ گەورەیەو دەکەوێتە گۆڕەپانی لینین لە سەنتەری شارەکەدا، ساڵی 2005 چاککراوەتەوە، ئەم شانۆیە کە بووەتە

هێمایەك بۆ شارەكە ساڵی 1945 بە ئۆپرای(ئیڤان سوسانین)ی موزیكزانی رووس(میخائیل گلینكا) كراوەتەوەو گروپەكەشی لە بەهێزترین گروپەكانی رووسیایەو نمایشەكانی خەڵاتی پێبەخشراوە.

### سێركی گەورەی بترسبۆرگ

دەكەوێتە ناوچەی فۆنتانكاو یەكەمین شانۆی جێگیری سێركە لە رووسیا، ساڵی 1877كراوەتەوەو بەجوانترین شانۆی سێركی ئەوروپا دادەنرێت، ساڵی 2004 سەرلەنوێ نۆژەن كراوەتەوەو سیمای تەلارسازییەكەی بەجوانی نەخشێنراوەتەوە، لەم شانۆیەدا دیارترین نمایشی بەكارهێنانی ئاژەڵە مەشق پێكراوەكان لەلایەن چەند خێزانێكی هونەرمەندی وەك(دوروف و فیلانوف و زاباشنی) ئەنجامدراوە، هەرچۆن ئەم شانۆیە نمایشی لێبووكە بەناوبانگەكانی بەخۆوە دیوە، ساڵی 2007 ئەم شانۆیە بەبۆنەی تێپەربوونی 130ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا، ئاهەنگی گێڕاوە.

### شانۆی ئاژەڵان

شانۆی ئاژەڵانی دوروف، بەتەنیا لای خەڵكی مۆسكۆو شارەكانی دیكەی رووسیا ناسراو نییە، بەڵكو لای میوان و گەشتیارانی بێگانەش جێگایەكی دڵگیرە، ئەكتەرەكانی ئەم شانۆیە مرۆڤ نین، بەڵكو ئاژەڵ و باڵندەن. فلادیمین دوروف، ئەكتەری سێرك و نووسەرو لێبووك و زانای سایكۆلۆژیا، لەساڵی 1912 گۆشەیەكی بۆ ئاژەڵەكانی بنیاتناوەو لەبری توندوتیژی بەباشی و بەزەییەوە مامەڵەی كردوون، پاشان لەم شانۆیەدا گەورەو منداڵ بەنمایشەكانی شاد بوون.

**سەرچاوە:**

**ماڵپەری** (www. enaad 21.com )

# لۆرەنس ئۆلیڤیە

# مەزنترین ئەکتەری شانۆیی سەدەی بیستەم

سامي عبدالحميد

ئەکتەرو دەرهێنەری ئینگلیزی بەناوبانگ لۆرەنس ئۆلیڤیە چاوی لێك ناو بۆ دواجار شانۆی جیهانی بەجێهێشت و دوای ئەوەی ژیانێکی پڕ لەسەرکەوتنی لەبواری نواندنی شانۆیی و سینەمادا بردەسەرو دوای مردنیشی کاریگەرییەکی گەورەی لەدڵ و دەروونی گشت هونەردۆستانی جیهاندا بەجێهێشت.

کاریگەرییەکی ئەوتۆشی بەسەر هونەری شانۆوە جێهێشت، کە هونەرمەندەکان هەمیشە دەیبینن و ناوبانگێکی وای پێ بڕا کە بەزەحمەت هونەرمەندێکی شانۆیی تربە نسیبی بێت.

ئۆلیڤیە، ساڵی 1907 لەدایك بووە، لەشانۆدا قوتابیی (ئیلیزی فۆغیرتی) بووە. بۆیەکەم جار لە (ستراڤوردا بوئیفن)ی نیشتمانی شەکسپیردا چووەتە سەر شانۆ، ئەوەش ساڵی 1922 بووە لە شانۆگەرییەکی شەکسپیردا. ساڵی 1935 بەهرەدارانە کاراکتەری (رۆمیۆ)ی رۆمیۆو جولێتی نواندووە، برنادشۆ یەکەمین کەس بووە کە سەرسام بووە بەم دەورەی. دووساڵ دوای ئەوە لەشانۆی نویٚ کاریکردووە، پاشان چووەتە شانۆی (ئۆلدفیك)و لەویٚ وەك ئەکتەرێکی رەسەن و هەڵکەوتوو دەرکەوتووە، هۆی ئەوەش توانای دەربڕینی شیعرییانەو جوڵانەوەی جوان و زیرەکیی لەشمشێربازی دا، کە ئەمانە هەموویان لەخزمەتی حاڵەتە رۆمانتیکییەکاندا بوون. خۆ ساڵی 1937 کە کاراکتەری (هاملێت)ی نواندووە، ئەوا تەواو بووەتە مایەی سەرسامیی هەموو بینەران.

ساڵی 1947 شاژنی بەریتانیا نازناوی (سوارچاك)ی پیٚ بەخشیوە، دواتریش نازناوی (سێر)ی دراوەتیٚ، ئەمانەش بەهۆی خەباتی بەردەوامییەوە بووە لەپێناو شانۆی ئینگلیزیدا.

ئۆلیڤیە، ساڵانی نێوان 1939–1945 لەهێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا خزمەتی کردووە، ساڵی 1956 بووە بەبەڕێوەبەری (شانۆی ئینگلیزی) و لە1962 یشدا شانۆی میهرەجانی (جیجستر)ی بردووە بەڕێوە. ئەو دەورە شەکسپیرییانەی ئەم ئەکتەرە سەرکەوتووانە دیوونی بریتین لە: ریچاردی سێیەم، ماکبێس، ئۆرلاند، هێنری پێنجەم، ئەنتۆنی و کیلۆپاترە، دواجاریش (ئۆتیللۆ).

ساڵی 1970 کە تیپی شانۆیی نیشتمانیی ئینگلیزی دامەزرا، ئۆلیڤیە بووە بەڕێوەبەرو تا1974 تیایدا مایەوە، پاشان (پیتەر هۆڵ)ی دەرهێنەر چووە جێگای، شایانی باسە یەکێك لەخانووەکانی شانۆی ئینگلیزی نیشتمانیی لەکەناری تایمس دا بەناوی ئۆلیڤیەوە ناونراوە.

چەند ساڵێ لەمەوبەر، چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی ئۆلیڤیەم بینی، لێیان پرسی:کاتێ دەورێکت لە شانۆگەرییەکدا دەدەنێ، ئایا وەك ئەکتەرەکانی تر لێی دەکۆڵیتەوە، ئایا مەودا جۆربەجۆرەکانیشی دەدۆزیتەوەو لەپەیوەندیی نێوان کاراکتەرەکەت و ئەوانی تر سەرنج دەدەیت، دیارە ئەمەش کارو ئەرکی سەرشانی ئەکتەرانی سەر بەرێبازەکەی ستانسلافسکین و لەپێناوی بنیاتنانی کاراکتەرەکانیاندا دەیکەن، ئەی تۆش ئەو کارانە وەکو ئەوان بەئەنجام دەگەیەنێت؟

ئۆلیڤێیە وەڵامی دایەوە: بێگومان نەء، من وەك ئەوان ناکەم، گەر لەوەوپێش شانۆگەرییەکەم نەخوێندبێتەوە دەیخوێندنمەوە، ئیتر سیمای ئەو دەورەی پێمسپێرراوە دێتەپێش چاوم، پاشانیش دەست دەکەمە نواندنی و بە پشتبەستن بەمەوداکانی دەچمە ناو دەورەکەوە، ئەنجام وەك پێویست نواندنەکەم دەبینرێ و ئەمەش جۆرە ئیلهامێکە، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسانەشدا بەر لەنواندنی کاراکتەری ئۆتێللۆ، لێیان پرسی بوو: چ هۆیەك وای لێکردیت کە تائێستا دوودڵ بیت لە نواندنی ئۆتێللۆ، هەرچەندە زۆربەی کاراکتەرەکانی تری شەکسپیرت نواندووە؟ ئەویش دەڵێ: چونکە هەستم دەکرد تائێستا لەبارنەبووم بۆ نواندنی ئەو دەورە.

هەرواش بوو، کاتێ ساڵی 1964 دەرهێنەری لاو (جۆن دکستەر) ڕووی لێنا بۆ نواندنی کاراکتەری ئۆتێللۆ، دەمودەس ئۆلیڤیە ڕازی بوو، لەوکاتەدا نەیتوانی دەست بکات بە ڕاهێنان، چونکە بەچەند کارێکی هونەریی ترەوە سەرقاڵ بوو، هەموو ئەکتەرەکان دەستیان کردە پڕۆڤەو چاوەڕوانی بوون، چاوەڕوان بوون بێت و ببینن چی دەکات؟ بەتایبەت چونکە ئەوان چەند هەفتەیەك بوو لەمەشقدا بوون و دەورەکانیان ئامادەکردبوو، هەرکەهات و

دەستی کردە راهێنان هەموویانی سەرسام کرد، چونکە لەهەموویان باشتر بوو، تەنانەت هەستیان کرد چەند قۆناغێ وان لە دوایەوە.

ئەم سەرکەوتنەشی، بەهۆی ئەوەوە بوو کە ماوەیەکی دوورودرێژ خەریکی راهێنانی دەنگو لەشی بوووخۆی بۆ ئۆتێللۆ ئامادەدەکرد، من دووجار ئەم هونەرمەندەم لەسەر شانۆ دیوەو سێیەم جار نەمتوانی بیبینم، یەکەم جار لەنواندنی دەوری سەرەکیی شانۆگەرییەکی یۆنسکۆدا بوو، ئەویش لەساڵی 1961 دابوو، هەرچەندە ئەوکاتە بەتەمەن گەورەبوو، بەڵام هێندە چستو چالاك بوو واتدەزانی لاوێکی بیست ساڵان لەسەر شانۆیە.

جاری دووەم ساڵی 1963 لە شانۆگەریی (خانووەکەی تەکیان) دا دیم، کە دەوری باوکێکی بەساڵاچووی دەبینی، نواندنەکەی تەواو جیاوازبوو لەوەی پێشووی، هەموو سیفەتو سیمای کابرایەکی پیری بەساڵاچووی ئینگلیزی تیابوو، لەوانەبوو کە هەمیشە لەسەر شەقامەکان دەبینران، چ لە جوڵانەوەیدا، یان لەدەمودوییدا، یاخود لەتووڕەبوونیدا، بەراستی بەجۆرێ قەناعەتی پێت دەکرد کە خۆشت نەزانی چۆن وات لێ دەکات!

بەڵام جاری سێیەم، کاتێ ویستم لەشانۆگەریی (سەمای مەرگ)دا بیبینم بەداخەوە بلیتی چوونە ژوورەوەم دەست نەکەوت، هەموو رۆژێ هۆڵەکە قەپات بوو، چەند ئێوارەیەك بەهیوای دەست کەوتنی بلیتێکی گەڕاوەوە چوومەوە، بەڵام دەستم نەکەوت !

---

**سەرچاوە:**

**پاشکۆی رۆشنبیریی رۆژنامەی** (الجمهورية).

# برێخت
# یان قوتابخانەیەکی شانۆیی

سمیر عبدالرحیم **چلبی**

**برێخت** (1898 – 1956) **نووسەری شانۆیی و دەرهێنەر و شاعیر و بیرمەندی ئەڵمانە، سەرەتای کاری شانۆیی بەنووسینی زنجیرەیەك تێکستی ئەزمونگەریی دەستپێکردووە، کە کاریگەرییەکی زۆری شانۆی تەعبیرییان لەسەر بووە.**

لەو شانۆنامانەی، کە لەم ساڵانەی دواییشدا بەزۆری نمایش دەکرانەوە:

– مێرد، کە ساڵی 1918 نووسراوە و لە 1923 دا نمایشکراوە

– دارستانی شارەکان، ساڵی 1921 نووسراوە و لە 1923 دا نمایشکراوە، بەڵام یەکەمین شانۆنامەی کە مەیلی سیاسیی ئەویان نیشاندا (ئۆپرای سێ قورشەکە) بووە، کە لە 1928 دا نووسیویە و بریتی بووە لە هێرشێکی گاڵتەجاڕانە بۆ سەر کۆمەڵگای بۆرژواو پێودانەکانی، ئەم شانۆنامە موزیکئامێزە کە (کورت ڤایل) ئاوازی بۆ دانابوو و دواتریش بووە هاوکاریی هەمیشەیی برێخت ناوبانگی جیهانیی وەدەستهێنا و لەهەریەك لە مۆسکۆ و پاریس و نیویۆرك نمایشکراوە.

– لە دە ساڵی دوای ئەوەدا زۆربەی کارەکانی برێخت فێرخوازیی، یان داستانی بوون، ئیدی زیاتر لە جیهانی رۆمانتیکی پڕاوپڕ لەسۆزداری بەرامبەر رابردوو و ئەندێشەوە (وەك لەشانۆ بەراییەکانیدا بینراون)، هەنگاوی ناوە بۆ راستەوخۆیی، بەڵام ئەو شانۆنامانەی لەم ماوەیەدا نووسیونی کەمتر بەربڵاو بوون، بێجگە لە (لەگەڵ ڤایل) کە بەناوی (حەوت هەنگاوی کوشندە)شەوە لە 1933 دا نمایشکراوەتەوە، هەروەها (جۆنی پیرۆز لە گەوری مەڕومالاتدا)ی لە 1930 دا نووسیوە، بەڵام تا ساڵی 1959 نەخراوەتە سەر شانۆ.

ساڵی 1933، ئەو دەمەی هیتلەر بووەتە حوکمڕان برێخت ئەڵمانیای جێهێشتووە و لەوڵاتانی ئەسکەندەنافیا نیشتەجێ بووە، بەڵام کە ساڵی 1941 ئەو وڵاتانە داگیرکراوە رۆیشتووەتە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەدرێژایی ساڵانی جەنگ لەوێ ماوەتەوە.

لەساڵانی 1937 تا 1945 چەند شانۆنامەیەکی گرنگ و بایەخداری نووسیوە، ئەوانیش:

– ژیانی گالیلۆ/ 1937 – 1939

– دایکە ئازاکە/ 1938 – 1939

– ژنێکی باش لەستیزواندا/ 1938 – 1941

– بۆنتیلاو ماتی/ 1940

- ئەوەی لەتوانادایە بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەرتۆروادی/ 1941
- خەونی سیمۆن ماشار/ 1940 – 1943
- شڤایك لە دووەمین جەنگی جیهانیدا/ 1942 – 1943
- بازنەی گەچینی قەوقازی/ 1943 – 1945

دوای ئەو ماوەیە، ئیدی نووسینی بۆ شانۆ یەکجار کزبووە و پرۆسەی ئامادەکردن و وەرگرتنی ئەنجامداوە، کاتەکانی خۆی داوە بەنووسینی شیعر و بابەتە تیۆرییەکانی لەبواری شانۆدا و بە دەرهێنانی شانۆنامەکانی خۆیەوە خەریك بووە، دوای گەڕانەوەش بۆ ئەڵمانیا لە 1949 دا سەرقاڵی بەڕێوەبردنی تیپی (بەرلین ئینسامبڵ) بووە.

لەو قۆناغەی ژیانیدا پلەو پایەی ئەو لە نووسەریی و بیرمەندیی شانۆییدا بووە، تا 1949 زۆر لە کارە گرنگەکانی دەرنەهێنابوو، بەڵام کاتێ هەر لەو ساڵەدا (دایکە ئازاکە) لەلایەن بەرلین ئینسامبڵەوە خرایە سەر شانۆ و (هیلینا ڤایگلٚ)ی هاوسەری دەوری پاڵەوانەکەی بینی، دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. کاتێکیش (بازنەی گەچینی قەوقازی) لە 1954 دەرهێنا، برێخت بووە گرنگترین کەسایەتیی شانۆی هاوچەرخ.

بایەخی برێخت لە دوو رووەوە درەوشاوە بووە:

یەکەم: لەرووی دەرهێنانی شانۆنامەکانیەوە.

دووەم: لەرووی سەنگی تیۆرەکانیەوە لەبواری شانۆدا.

دەکرێ شانۆنامەکانی بەسەر چوار قۆناغدا دابەش بکەین:

1- رۆمانتیك (1912 – 1918)
2- فێرخوازیی (1928 – 1938)
3- مرۆڤایەتیی گشتی (1938 – 1945)
4- فێرخوازیی – دووەمین قۆناغ (1945 – 1956)

بێجگە لە چەند کارێکی لەگەڵ مۆزیکزان (کورت ڤایل) لەقۆناغی یەکەمیدا و دووەمیدا، بەڵام ئەو بەرهەمانەی بەنووسەرێکی شانۆیی نەمریان هێشتووەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی سێیەمی. لەو قۆناغەدا

بەرهەمـــەکانی بایەخـــدان بـــوون بەلایەنـــە کۆمەلاّیـــەتی و سیاســـییەکان و کاراکتەرەکانیشی کاریگەر و مەزن بوون.

بریّخـت بەپیّچـەوانەی میتۆدەکـەی ستانسلافسـکی، لـەبری جووتبـوونی ئەکتـەر و چـوونە نـاو دەورەکەیـەوە، داوای لەئەکتـەر دەکـرد ماوەیـەك بـۆ (رەخنـەگرتن) لـەنێوان خـودی خـۆی و دەورەکەیـدا بهێڵێتـەوە، دەیویسـت ئەکتەر تەواو خۆی لەیاد نەکات و ناخی بەیەکجاریی نەهـەژێ، بـەڵکو دەبوو لەڕێی تێگەیشـتنی تـەواو لەشـێوازەکانی کرداری دەروونییـەوە، بەشـێوەیەك کاراکتەرەکـەی نمـایش بکـات کـە جـۆرە هەڵوێسـتێکی لێـوە دەربخـات، بینـــەریش لـــەبری ئاوێتـــەبوون لەگـــەڵ کاراکتـــەرەکانی شـــانۆگەرییەوە، ئارادەیـەکی بـاش دەیتـوانی لـە دەرەوەی رووداوەکـانی سـەر شانۆکە خـۆی بهێڵێتەوە، تاوەکو هەڵسەنگاندنی رەخنەگرانەی هەبێت.

ئـەو وەك هونەرمەنـدی شـانۆ پرۆگرامـی دەرهێنـانی بـەجۆرێ داڕشـتبوو، کـەوا بتـوانێ گونجـان بخاتـە نێـوان هەڵوێسـتی و ئەکتـەرەکانی، ئەوانـەی مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـردن، بیرۆکـەکانی ئەوکۆمـەڵێ بنـەما و راسـپاردەی چەقبەستوو نەبوون، بەڵکو ئاڕاستەی گشتی بوون.

شانۆنامەکانی بریّخت بواری دەرهێنـانی جۆراوجۆریـان بـۆ رەخسـێنراوە، نەوەك نمایشکردنێ لە دیدێکی دیاریکراوەوە.

**سەرچاوە:**

الموسوعة المسرحية، بغداد، 1990.

# پانتۆمایم
# نائامادەیی زمان و
# ئامادەبوونی کردار

بلاسم الضاحي

## وەکو زاراوە:

پانتۆمـــایم لەوشـــەی یۆنـــانیی (pantomimes)ەوە وەرگـــیراوەو بـــەو هەڵوێستە بێدەنگانـە دەگوترێـت کـە لەشـانۆی نوێـدا بینراونەتـەوە[1]، ئـەو هەڵوێسـتانەش بەجووڵـەی جەسـتەی ئەکتـەر گوزارشـتیان لێـدەکرێت، بـەبێ وشە درکاندن.

لـەم سـەردەمە نوێیـەدا نوانـدنی ئامـاژەدار، یـاخود (ئیمـائی) بەرامبـەرە بەزاراوەی پانتۆمایمی یۆنانی، بەتایبەت لای عەرەبەکان وەها بەکاردێت[2]، بەڵام ئەمە بەهەڵەداچوونی تێدایە، چونکە ئەو دوو زاراوەیـە لەیـەکتر جودان، نوانـدنی (ئیمـائی) [3]، بـە تـەنیا زمـانی جووڵـە نییـە، بـەڵکو ئـەو نواندنـە زانینیـی زمـانی کـردار و هونـەری بێـدەنگو هونـەری هـۆش و هەسـتیارییە، لەکاتی نمایشـی دیمـەنی بێدەنگدا، لەشانۆگەریی بێدەنگدا بـەکارهێنراوە و پشت دەبەستێ بە ئیمائەی جووڵەی گوزارشـتکار، لـەبری هـەر گوزارشـتێکی دەنگـی وتـە،یان (وشـە)، واتـە لـەبریی دەنـگو وشـە، کـرداری پانتۆمـایمی هاتووەتە گۆڕێ[4].

ئـەم هونـەرە، هونـەرێکی دراماییـە و کـرداری جەسـتە وەردەگێڕێتـە سـەر ماناکانی بینین لە چیرۆکێکدا، یاخود لەهەر هەڵوێستێکی کۆمیـدیی دیکـەدا، ئەم هونەرە وەك کارێکی سـەربەخۆ و بەسـوودوەرگرتن لـە (نوانـدنی ئیمـائی) بۆ هێنانـە ئـارای زمانێکـە تایبـەت بـە (کـرداری بێـدەنگ)، بەسـوود وەرگـرتن لەجەستەی ئەکتەر و تەواوکەرەکانی دیکەی نمـایش بـۆ گوزارشـت لـەو حاڵـە درك پێکراوانەی دەناسرێتەوە و بینەر بەدەلالەتەکانی جووڵە تێیان دەگات.

لـەڕووی مێژووییـەوە[5]، گـەر بمانـەوێ ئـەم هونـەرە بدۆزینـەوە، ئـەوا لـە رووبـەری تەسـکی نێـو رۆژگـارە لەیـەك دوورەکانـەوە دەرکـەوتووە، سـەرەتا بەگوزارشـتی تاکـە سـەماکەر لەگـەڵ کـۆرس و ئامێرەکـانی موزیکـدا دەسـتی

پێکـردوە، سـەماکەر گوزارشـتی لەخـەڵکی جیـاواز و کاراکتـەری جیاجیـا کـردوە و سـەرەتا دەمـامکی پۆشـیوە، دواتـر دەمامـك گـۆڕراوە بـە ئارایشـت، بەڵام ئەویش گۆڕراوە بۆ لێبووك (مهرج) کە هەڵچوون و داچوونەکانی ناخ و جووڵـە هەسـتیارەکانی لێ بینـراوە، هەرچۆن رەخنـەگر (علـی مـزاحم عبـاس) لەکتێبەکەیـــدا (هونـــەری پانتۆمـــایم) لێـــی دواوە و پاشـــان دەڵێـــت (شارسـتانییەکانی خۆرهـەڵاتی دێـرین لەمیسـر و ژاپـۆن و چـین بـە نوانـدنی بێدەنگ – پانتۆمایم ئاشنا بوون، هەروەکو یۆنان و رۆمانییەکان)[6].

ئەم هونەرە، تەرخان بووە بۆ نمایشی سرووتە ئاینییەکان (بەبێدەنگی)، وەکو سـەمای (سـاتیری) کـە ئەرسـتۆ لـەکتێبی (هونـەری شـیعر) دا ئامـاژەی پێکـــردوە، تـــا دەگـــات بـــە درامـــای میللـــی کـــە خۆیـــان لـــە شـــیعرە (فیسکینییەکان)دا دیوەتەوە، تا دەگاتە سەردەمە نوێیەکان، کەوا تیایدا ئەم هونــەرە بایــەخێکی ئــەوتۆی پێنــەدراوە و بینــەران زیــاتر مــەیلیان لەگــەڵ نمایشـە دەنگدارەکانـدا هـەبووە و حـەزیان بـەوە کـردوە لـەپاڵ جووڵـەدا چێـژ لەدەنگی ئەکتەرەکان وەربگرن.

بـەڵام پانتۆمـایم وەك هونـەرێکی خۆشبەسـەربردن ماوەتـەوە کەتیایـدا نمایشـی ئەکتـەر بـۆ دەرخسـتنی بـەکارهێنانی جەسـتەی بـووە بەشـێوەیەکی ژیرانە و مەبەستیش بەرجەستەکردنی (مانا) بووە.

## لایەنە درەوشاوەکانی پانتۆمایم:

1- ئـــەم هونـــەرە توانیویـــە بەربەســـتەکانی زمـــان (وەك ئـــامرازی لەیەکترگەیشـتنی گـەل و نەتـەوەکان) تێکشـکێنێت و لـەبری ئـەو زمـانێکی مرۆیـی هاوبـەش و ئاسـان بێنێتـە ئـارا، کـە زمـانی (ئیمائـە)یـە و بـەئاماژە گوزارشتی قایلکەر بۆ تێگەیشتن، ئەنجام دەدات.

ئەم هونەرە لە ئەکتەری پانتۆمایم دەخوازێ بە کەرەستەکانی خـۆی بینـەر بخاتـە نێـو بازنەیـەکی ئەندێشـەداری داخـراو کـە ئەندێشـەکەی بگـۆڕێ بـۆ وێنەیەکی واقیعی لەبیریدا و بۆ ئەو مەبەستەش بینـەر سـوود لـە یـادەوەریی خـۆی وەردەگرێـت کـەوا رووبـەرووی کـرداری ئەکتـەر دەبێتـەوە... هـەر ئـەو

بازنـەی ئەندێشـەیەیە وابەسـتەی بینـەر دەكـات و ئەكتـەریش سـوود لـە جووڵـەی جەسـتەی دەبینـێ، كـە بەرهـەمی كـرداره بێدەنگـەكانێ و مانـا بەرهەمدێنن.

2- بۆ پێویستیی تێكستی شانۆیی، یان كاری دەرهێنەرێك بۆ نمایشی دیمەنێك، یان چەند دیمەنێك لەشانۆگەرییەكی دیالۆژداری ئاساییدا.

3- پێویستیی شانۆ و شانۆكاران بەنواندنی پانتۆمایم لەزەمەنێكدا كە ئازادییـەكانی هـزر لـەبار بـرابن، لەوكاتانـەدا شـانۆكار دەتـوانێ بـیروڕا و هێماكـانی لـەڕێی ئـەم جـۆره نمایشـەوه بپەڕێنێتـەوه بـۆ بینـەر، بـێ ئـەوەی سانسۆر كۆسپ بخەنه ڕێگای، دیاره هەمیشه هونەرمەندی داهێنـەریش بۆ ئەو ڕێگایانـه دەگـەڕێ كـه هونەرەكـەی پـێ بخاتـه بەرچاو. لای هونەرمەندی عـەرەب، ئـەزموونی وا هـەبووه كەهـەر لەخانـەی (ئـەدەبیاتی شـانۆ)دا وەك ئـەدەبێكی شـانۆیی نووسـراو، وەرچـەرخێنراوه بـۆ شـانۆگەریی بینـراوی بێدەنگ، كەتیایاندا سوود لە هونـەرەكانی دیكـەی وەكو: پێكهێنـانی وێنـەی شـێوەكار (لەسـەر شـانۆ) و گرتـەی سینەمایی (بـۆ گوزارشـتی نائاسـایی) و سەما (بۆ نمایشی جووڵەی ڕێكخراو)، لەگەڵ مۆزیك كە (لەتوانایدایـە ڕستە ریتمییەكان بەپێی زەمەنی جیاواز بگەیێنێ) و (شـیعر) بۆ داهێنـانی وێنەیـەك لە ئەندێشه، هـەموو ئەوانە لەگەڵ (شـانۆ)دا، كە ڕووداوی درامیی، بەچڕیی دەخوڵقێنێ.

لەم هەوڵانەدا كە هونەرەكان ئاوێتـەی یـەكتر دەكرێن و دیـواری نێوانیـان نـامێنێ، بەرهـەمێكی ئـەوتۆ دێتـه كایـەوه و تیایـدا تـابلۆ و وتـەی بینـراو و مۆزیـك و جووڵـه هـەر هـەموو لەیـەكتر دەچـن، مەبەسـتیش هەژاندنی بینـەره لەڕووی واتا ستاتیكی و دەلالەتییەكانەوه.

بەرهـەمی پانتۆمـایم، وەك ئـەو سـیناریۆیە وەهایـە، كـە لـەبری (كـامێرا)، چاوی بینەر وێنه جولاوەكـان دەبینـێ، بـەڵام بـەپێی ڕووداوەكـانی چیرۆكەكە لـەڕێی بینینـەوه، گێڕانـەوه دەگاتـه بینـەر، گێڕانـەوەش لـه ڕێـی جووڵـەی ئەكتەرەوه، جووڵه، زمانی جەستەیه بۆ (حیكایەتخوان) ی ڕووداوەكـان، یـان

**گوتاری جەستەیە و بە ڕەنگەکانی تیشك و ئێکسسوارەکانی نمایش ئەو گوتارە باشتر دەگات.**

**ئەم جۆرە شانۆیە، وەك ئەوانە نین کە بۆ خوێندنەوە دەنووسرێن، بەڵکو بۆ ئەوەن بخرێنە سەرشانۆ، ئەوانە لەدوولایەنەوە لە (سیناریۆ)ی سینەمایی و (سکریپت)ی شانۆیی دەچن، لەسیناریۆ کە (جووڵەی ئەکتەر تۆمار دەکات و گۆشەی کامێرا و جۆری گرتەکانی هەردیمەنە دیاریی دەکات)**[7]**، لەسکریپتی شانۆنامەش، چونکە (جووڵەی ئەکتەر دیاری دەکات لە جوگرافیای شانۆدا).**

**پەراوێزەکان:**

1- معجم المصطلحات الدرامية و المسرحية، د.ابراهيم حمادة.

2- فن التمثيل الصامت (الميم) في العراق – دراسة و نصوص، علي مزاحم عباس.

3،4،5- **هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

6- السيناريو، سد فيلد، ترجمة: سامي محمد.

7- فن الاخراج، زيغموند هييز، ترجمة: د.هناء متولي، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد 124، سنة 1980.

---

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی** (المسرح)، النخلة و الجيران.

# بینەری شانۆ لەکوێوە بۆ کوێ؟

فرحان بلبل

**شتێکی تازە نییە گەر بڵێین (شانۆ هونەری بینەرە)، بەڵام دەبێ ئەوەش زیاد بکەین، بەبێ بینەرانی زۆر کە بەپەرۆشەوە بچنە شانۆ، ئەوا شانۆ هیچ**

کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی و ستاتیکی جێناهێڵێت، دواجاریش لە کۆمەڵگادا گۆڕانی بونیادی فیکری و ئابووریی ڕوونادات.

گەر بینەری شانۆ دەستەبژێر بوو، وەك بینەری خوێندکاران، یان کرێکاران، ئەوا بەشدارییەکی ئەوتۆ بۆ وتوویژ لەسەر بەرهەمی شانۆ نایەتە دی و هاوبەشیی ئەوتۆی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکە ناکرێت، چونکە کۆمەڵ لەسەرجەم چین و توێژەکان پێکدێت، گەر هەموو ئەوانە پێکەوە لەگەڵ شانۆدا لەهەڵچووندا نەبن، ئەوا پەیامی خۆی ناگەیێنێ و وەك هەرشوێنێکی ڕابواردن خەڵکی سەری پیادا دەکەن.

گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شانۆ، دەبینین قۆناغی زۆر کاریگەر هەبووە، بەهۆی بابەت و میتۆدە هونەرییەکانی نمایشەکانیانەوە نا، بەڵکو بەهۆی ئەو بینەرەوە کە دەوری شانۆیان داوە و پەرۆشی دیتنی نمایشەکان بوون، هەروەك بەشداربن لەجەنگێکدا لەپێناوی کۆمەڵدا، وەکو شانۆی دێرینی یۆنان، کە شانۆ سروتێکی ئاهەنگسازیی ئایینی و کۆمەڵایەتیی بووە و گەلی (ئەسینا) بەهەموو جۆرە خەڵکێکیەوە لەدەوری کۆبوونەتەوە و مشتومڕیان سەبارەت کاروبارە سیاسی و ئابوورییەکان کردوە.

هەر ئەو کاریگەرییەی شانۆ بووە لەسەر خەڵکی، دۆخێکی وا هاتووەتە ئارا کە بڕیاری ئەوە بەسەر (سوکرات)دا بدرێ ژەهر بخواتەوە.

لەقۆناغەکانی دواتر ئاماژە بەقۆناغی شانۆی شەکسپیری دەکەین کەخەڵکەکەی لەندەن، بەپیاوچاکان و سۆزانییانەوە لەدەوری خڕ دەبوونەوە، ئەویش دەبووە نمایشی مێژووی ئینگلتەرە، هەرچۆن شانۆیەکی هێندە سیاسیی بووە هونەرمەندە ئەفرێنەرەکانی خۆیان لەزینداندا دیوەتەوە، لەوکاتەدا ئینگلتەرە لەکۆتایی سەردەمی دەرەبەگییەوە بەرەو سەرەتای سەردەمی سەرمایەداریی دەچوو، لەوکاتەدا جەنگێکی ئابووریی لەئارادا بوو وتیایدا بیرمەند و ئابووریناسان و بینەرانی شانۆش بەشداری ئەو جەنگە بوون.

دەبێ ئەوەشمان لەیاد بێت، کە لە سەردەمی (مۆلێر)دا شانۆیەك هەبووە بینەران تیایدا جمەیان هاتووە، فەڕەنسییەکان لەو دەمەدا ئامانجیان ئەوە

بووه لە نەتەوەیەکەوە ببنە گەلی مەزنی فەڕەنسا، هەر زووش شۆڕشەکەی ئەوان سیمای ئەورووپای گۆڕی. لەو وەرچەرخانەدا شانۆ ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، گەر شانۆ و لوتکەکانی دیکەی هزر و ئەدەبیات ڕێخۆشکەر بووبن بۆ شۆڕشی فەڕەنسا، ئەوا هەر زوو شۆڕشەکە چەندین شۆڕشی هزر و ئابووری و کۆمەڵایەتیی لێ کەوتووەتەوە، لەوێڕا شانۆ و بینەرانی بەدرێژایی قۆناغەکان سووتەمەنیی شۆڕشەکان بوون، ڕەنگە تەنیا ئەوە بەس بێ ئاماژە بۆ ئەو ڕۆژە بکەین کە نمایشی شانۆگەریی (هرنانی)ی ڤیکتۆر هۆگۆی تیادا کرا، کە گەلی پاریس بوون بە دووبەشەوە، بەشێك لەگەڵ کۆنی کۆمەڵایەتی و فەڕەنسای کلاسیکدا بوون، بەشێکی تر لەگەڵ نوێی کۆمەڵایەتی و فەڕەنسای ڕۆمانتیکدا بوون.

گەر لەئاست ڕیالیزمی سەدەی نۆزدەشدا بوەستین و بڕوانینە ئەو شانۆیەی کە بیروڕای نوێی تێدا گوتراوە، دەبینین بینەر چ بەشدارییەکیان هەبووە لەو شانۆیەدا کە بەلای جەنگە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەدە پڕ لە پێشهاتەدا دایانشکاندوەتەوە، هەرچۆن داکۆکییان لە سەرمایەداریی نوێ کردوە بەهەمان شێوەش دڵڕەق بوون بەرامبەری، ئەوان شەڕیان لەگەڵ گەندەڵییەکان کردوە تا ڕەوڕەوەی کۆمەڵ بەرەو پێشەوە وەرچەرخێ، جێی خۆیەتی ئاماژەیەك بە شانۆنامەی (ماڵی بووکەشووشە)ی ئیبسن بکەین، کاتێ ژنەکە (نورا) دەرگای ماڵەکەی وەك جۆرە یاخی بوونێ بەسەر شووکردن و مێردەکەیدا دادەخات، ئەوا سەرانسەری ئەورووپا لەگەڵ شانۆنامەکەو گەلێکی دیکەش دژی بوون.

لەسەدەی بیستەمدا کاریگەریی شانۆ لە ئەورووپا کەمتر نەبووە لەوەوبەری، هەردوو جەنگە جیهانییە گەورەکە لایەنەکانی ژیانیان ڕاچڵەکاند، بوومەلەرزە بوون، یاخی بوونی ئەوتۆ هاتە ئارا گەر هێندەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیاش نەبووبن، ئەوا سیمای ژیانیان لە ئەورووپا و ئەمریکا گۆڕیوە، شانۆ و بینەری شانۆ ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە بوون و داکۆکییان لێیان کردوە، بۆ نموونە شانۆی (برێخت) بەرامبەر گۆڕانکارییەکان لەسەنگەری شانۆوە دەجەنگا.

بەرامبەر جەنگەکان، ویژدانی ئەم دنیایە بوون بەدووبەشەوە، پشتیوانی لێیان یاخود دژایەتی کردنیان، گەر سەرنجێکی شانۆی (توندوتیژی) لەئینگلتەرەی پاش جەنگی جیهانیی دووەم بدەین، دەبینین گەلی سارد و سڕی ئینگلتەرە چۆن چۆنی گرژ بوون، هەر بەوێنەی گەرموگوڕیی رۆژگاری قۆناغە شەکسپیرییەکە وابوون.

لەو قۆناغە پڕ لەتوندوتیژییانەوە بەتەنیا بریتی نەبوون لەچالاکی نواندنی شانۆیی و پشتیوانیی کردنی بینەر، بەڵکو رێبازی شانۆیی نوێ پەیدابوون کەوا پێکهاتەی هونەرەکەیان لەشێوەکانی بونیاد و نمایشەوە گۆڕیوە، کلاسیك و رۆمانتیك و ریالیزم و تەوژمەکانی دیکە کە درێژەی ئەوان بوون، یان بەسەریاندا یاخی بوون، بێجگەلە رەنگدانەوەی ئەو راچەنینە کۆمەڵایەتییە گەورانە، شتێکی دیکە نەبوون. ئەو رێبازانە بوونە هۆکاری گۆڕینی شێوازی هونەری شانۆ لە هەموو دنیادا، سەرنج دەدەین هەمیشە گۆڕان لەپێکهاتەی درامادا لەوکاتانەدا بووە کەبینەر پشتگیریی لەشانۆی توندوتیژی کردوە، قۆناغی کلاسیزمی فەرەنسی یاسای (سێ یەکێتییەکەی) لێ کەوتووەتەوە، لەکاتێکدا پاشایەتی کۆمەڵی فەرەنسیی هەڵگێڕاوەتەوە، رۆمانسیزم کلاسیزمی سڕیوەتەوە، لەکاتێکدا بینەران ئەوپەڕی داکۆکییان لێی کردوە.

گەر لەو قۆناغە پڕ لەراچەنینانە گەڕێین، کەوا وەڵامدانەوە بوون بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و بینەران ئەوپەڕی پشتیوانییان لێ کردوە، دەبینین دوای ئەوانە شانۆ وەك هەرچالاکییەکی ئاسایی بووە، بەتەنیا ئەو تێکستانەیان نمایشکردوەتەوە کە لە رۆژگاری خۆیاندا کاریگەر بوون، بێ ئەوەی کاریگەریی نوێیان لێ بکەوێتەوە، لەم ماوانەدا شانۆ تەنیا درێژە پێدەری ئەو تەوژمانە بوون کە اسکران، بینەر وەك بەدواداچوونی چالاکیی روناکبیریی دەچوونە شانۆ، ئەمڕۆش هەر وەهایە، بەدواداچوونە زیاتر لە پشتگیری و شێلگیری کردن بەرامبەری.

ئا لەم حاڵەتەدا خەڵکە بینەرەکە بەتەنیا (تەماشاکەر)ن نەك ئەو جەماوەرە شانۆییەی لەکۆندا هەبوون، لەدنیادا وەهایە و لەزۆربەی وڵاتانی

خۆرئاوادا شانۆ لەکلتورێکی روناکبیریی زیاتر نییە،کە ژیان بەبێ ئەو ناتەواوە، بەڵام هەر تەماشاکردنەو هیچ کاریگەرییەکی هزری و کۆمەڵایەتیی جێناهێڵێ و وەکو جاران خەڵکی گرژ و تووڕە ناکات.

---

**سەرچاوە:**

**رۆژنامەی (النور)، ژ:** 279، **ر:** 31/1/2007.

# سارویان.. ئەو نووسەرەی خەڵکی سادەی خۆشدەویست

عبدالفتاح قلعەچی

ئەرمەنییەك ئەفسوونی خۆرهەلاتی (بەحوکمی وابەستەبوونی) لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، ئا بەوشێوەیە (ولیام سارویان) لەسەر زمانی پاڵەوانەکانییەوە دەدوا، ئەو نووسەرە ئەمریکییە بەو جۆرە گوزارشتی

دەکـرد و جـوانترین چـیرۆك و شـانۆنامەی لەکیشـوەرە نوێیەکـەدا دەچـاند و فەلسەفەی خۆی لە گوزارشتی پیرۆزدا رادەگەیانـد، وەك (هەڵبـەت رق و کینـە بـەململانێ و هاودژەکـان، بەخۆشەویسـتیی خـەڵکی لـەناو خۆیانـدا لـەناو دەچێ، چونکە شتێکی دیکە جگە لەخۆشەویستیی نییە).

ئـــەو دڵنیـــا بـــوو لـــەوەی چەوســـانەوە و کڵـــۆڵیی جۆرەهـــا ژانیـــان لێدەکەوێتـەوە، بـەڵام تێکسـتەکانی ئـەو، ئاوێنـە بـوون بـۆ خەڵکـە سـادە و ساکارەکە و هونەرمەندانە خۆی بە خۆشەویستیی مرۆییانە چەکدار دەکـرد و هەمیشە هیوایەکی لەدەم کەلەوە بەدی دەکرد.

ئـەو سـوور بـوو لەسـەر ئاشـکراکردنی نهێنییەکانی ژیـان، چونکە سـوور بوو لەسەر خۆشەویستیی خودی ژیان، دەشیزانی ژیانی رۆژانە و گونجان و تەبایی لەگەڵ گەردووندا بۆخۆی جۆرە سەرکێشییەکە، سارویان دەڵـێ "هـەر رۆژێکـی نـوێ وەکـو سەرکێشـییەکی نـوێ وەهایـە، چونکە دەکەویتـە خـەم و حەسرەتەوە، چونکە هـیچ لێکدانەوەیـەکی تـر نییـە بـۆ رووداوەکـان"، بـەڵام پەیوەنـــدیی ئۆرگـــانیی نێـــوان مـــرۆڤ و گـــەردوون لەســـەر بنچـــینەی خۆشەویســـتیی بونیـــاد دەنرێـــت، پـــەی بردنـــی مـــرۆڤ و لێکدانـــەوەکانین، کەپێگـەی لەسـەر ئـەم جیهانـە دەکەنـەوە و بـەهێزی دەکـەن، سـارویان ئابـەو جۆرە تەماشای مرۆڤی دەکرد.

د.نـەبیل راغـب لـە (فەرهـەنگی ئـەدیبانی ئـەمریکا) دا لەباسـی ئـەودا وتویـــەتی "مـــرۆڤ، دەربازبوونـــە لـــەکۆت و پێوەنـــدی ســـاتەکانی ئێســـتا و گەیشتنە بەبواری دیکـەی بارگـاوی بـە هێـزە لـە رادەبەدەرەکان، کـە دەوریـان داوە".

مـرۆڤ لای ئـەو، پێکهاتـەی بناغـەیی ئـەم گەردوونەیـە، هەربۆیـە دەتـوانێ بەباشیی تێی بگات، ساڵی 1934 کەسەرەتای ناوبانگی ئەدەبیی ئـەو بـووە، لەچیرۆکی (بەتەنیا خۆمان دەزانین زیندووین)دا گوتویەتی "تەنیا لەو مردنە پڕنەمرییەدا پێکدەگەین".

ئەو ژیانی سەخت بووە، چوارساڵ لەهەتیوخانە و حەوت لەقوتابخانە و سیان لەسوپادا و هـەمووجار گوتویـەتی "وامـدەزانی زەمـەن زۆر بارگرانـە و

بەقورسیی بەڕێوەدەچێت، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت من هەڵەم و خەمەکانم هەر لە لەدایکبوونمەوە لەگەڵمدا هاتوونەتە دنیاوە".

ساروویان ساڵی 1908 لەشارۆچکەی (فریسنۆ)ی سەر بە ویلایەتی کالیفۆرنیا لەدایك بووە و لە خێزانێکی ئەرمەنیی هەژاردا گەورە بووە، لەپێناوی بژێویدا زۆرێك لەرەشە خەڵکەکەی ناسیوە و بەناچاریی پەنای بردوەتە بەر دابەشکردنی رۆژنامە و پۆستە و پاشان لەکێڵگەیەکدا کە هەتاو دەستوپێی سوتاندوە، کاری کردوە.

هەر ئەو ئەرمەنییە هەژارە بوو کەپاشان خەڵاتی (پۆلتیزەر)ی ئەدەبیی پێ بەخشراو ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد، تەنانەت ئەو (رۆژنامەفرۆشە) بووە دیارترین نووسەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەدەی بیستەمدا.

لەشانۆنامەکانی ئەم نووسەرە:

* دڵم لەزەوییە بەرزەکاندایە.

* رۆژانی تەمەن.

* خەڵکی ئەشکەوت.

پزیشکێکی حەڵەبی بەناوی (تۆرۆس) بەسەرهاتی دیدارێکی لەگەڵ ساروویاندا، لەدوکانێکی بەرگدرووی شەقامی (لاڤایت)ی پاریس بەمجۆرە دەگێڕێتەوە:

کەناسیمی، گوتی:

- من خەڵکی حەڵەبم خۆشدەوێ، چونکە کەسانی سادە و ساکارن، بازاڕ و قەڵاکەیم خۆشدەوێ، باشە تۆرۆس، لە سوریا شانۆتان هەیە؟

– بێگومان هەمانە.. نووسەریشمان هەیە بۆ شانۆ دەنووسن.

– ئەی تۆ بۆ نانووسیت؟

– ئاخر من نازانم بۆ شانۆ بنووسم.

– من فێرت دەکەم، تۆ ژن و منداڵت هەیە، زۆرچاکە، هەڵبەت هەندێ جار لەگەڵ ژنەکەتدا دەبێتە شەڕتان.

– نا.. خوانەکات؟

– با، چۆن شەڕتان نابێ؟ درەنگ دەگەڕێیتەوە و سەرخۆشی، ئەویش داوای پارەت لێدەکات و تۆش پێت نییەو ئیتر دەبێتە شەڕتان، دە یەك دوو لاپەڕە لەسەر ئەوە بنووسە.. یان، کچەکەت درەنگ دێتەوە و لێی دەپرسی لەکوێ بوویت، دەڵێ "جا تۆ هەقت چییە، من ئازادم..!".

یان بەکوڕەکەت دەڵێی بچۆ جگەرەم بۆ بکڕە و ناچێ، بەناچاریی خۆت دەچیت.. لەوانە بنووسە.. دوای مانگێ دەبینی شەست لاپەڕەت نووسیوە و بووەتە شانۆنامە، ئەوسا خەڵکی ئەڵمانیا و یابان ئاشنا دەبن بەشانۆی ئێوە و خەڵکی ئەمریکا و پاریسیش حەڵەب دەبینن. ئەگەر بەراستگۆیی بنووسیت شانۆگەریی بەهێز دەخرێتە بەرچاو.

– بەڵام من نووسەر نیم.. من پزیشکی بێهۆشکەرم..

– زۆرچاکە.. کەسێ لەنێو دەستەکانتا گیانی نەسپاردووە؟

– با، منداڵێکی سیانزەساڵ بوو، عومەری ناو بوو..

– دەکەواتە دەتوانی بەهەموو هەستی خۆتەوە شانۆنامەیەك بنووسیت.. گرنگ ناو و رەگەز و ئایین نییە، ئەوە روداوێکە و دەکرێت ببێتە شانۆنامەیەکی باش..

– چۆن؟

– بەخۆت بڵێ: ئای عومەری بەستەزمان، لەبەری ژیانت نەخوارد، ئای دایکە کڵۆڵەکەی عومەر، ئاواتەکەی مردو بووە هاوڕێی خەم بۆ هەتا هەتایە.. ئای باوکی نەگبەتی عومەر، وایدەزانی کوڕەکەی گەورە دەبێ و دەبێتە پزیشکێ، یان ئەندازیارێ، یان پارێزەرێ.. تۆ خۆیشت، هەڵبەت پرسیوتە: بۆچی مرد، گەر بژیایە چ زیانێکی دەبوو؟!

ئا ئەوە سارویانە، ئەوکەسەی بەویستی خۆمان لەدەروونماندا پەیکەری مرۆڤی بۆ دادەتاشین، ئەو نووسەرەی لەبەرهەمە شانۆییەکانیدا خەون و ئاواتەکانی دەدرکاند، ئەو خەونانەی بە خۆشەویستیی مرۆڤ گەورە دەبوون.

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی: المسرحيون.**

شانۆی خۆر بۆچی؟

# خالد ایما

رەنگە کەسانێ بەسەر سوڕمانەوە بپرسن:

بۆچی (مینوشکین) شانۆی خۆری هەڵبژارد؟ باشە ئەو ناولێنانە بۆچی، ئاخۆ تەنیا هەر ناونیشانێکەو هەروا دانراوە، یان ناولێنانە بۆ پیادەکردن لەمیتۆدێکی کارکردندا؟

یاخود ئاگرێکەو دەمانسووتێنێ، تاوەکو (ئەمڕۆ) بەململانێکانی رابردوو روناك ببێتەوە و لەنوێترین ئەزموونی مینوشکینیی بەئازاردا (خۆشەویستی و مەرگ)[1] پێمان بڵێت (ئێمە، هەمووما‌ن هاوبەشین لەگشت تاوانێکدا کە لەدەوروبەرماندا روودەدەن).

لەدەرهێناندا دیموکراسیەت لەپای چی؟

ئەی بۆچی نمایشی کارێکی شانۆیی پشت بەدەقێکی نووسراو نابەستێ؟ ئەمانەو پرسیاری زۆری دیکە، کەلەم ئەزموونەوە دەکەونەوە، ئەزموونی (شانۆی خۆر)، کە لە دیدێکی سەرچڵانەوە هاتووە و لەدایك بووی سیاسەتی نوێی کارو بەرهەمهێنانی شانۆیی (مینوشکین)ە کە بەدرێژایی بیست ساڵی رابردوو بەکاری بەردەوام و شێلگیرانە جێگیری کردووە.

ئەو لە کۆنە عەمبارێکی چەکدا دامەزراوێکی دیموکراسیی بونیادنانەوەو ئەو جێگایەی کردووە بە شانۆکەی، ئەو شانۆیەی گروپێکی (40) کەسیی کاری تێدادەکەن، ئەوان لەنێو خۆیاندا (کۆمەڵەیەکی هەرەوەزیی بەرهەمهێنانی شانۆیی) یان پێکهێناوە و لەژێر دروشمی (یەکسانیی تەواو

لەکارکردنـــدا) شـــانۆ بەرهـــەم دێـــنن، نمایشـــەکانی گروپەکـــە ســـیمای دیموکراســـییان پێـــوە دیـــارە. بـــۆ نمایشـــی (چێشـــتخانە)[2] گروپەکـــەی مینوشـــکین چـــەند مانگێـــك لەچێشـــتخانە گـــەورەکانی پاریســـدا ســـەرنجی چۆنێتی کارکردنی کارمەندەکانیان دەدا.

لەو شانۆگەرییەدا کە لـەرووی رەخنـەو جەماوەری بینـەرەوە سـەرکەوتنی گـەورەی بەدەسـتهێنا، ئەکتـەرەکان بڵاوبوونـەوە، بینـەران لەسـەر شـانۆکەوە دەهاتنـە ژوورەوەو بەشـێ لەئەکتـەران پێشـوازییان دەکـردن، بەشـێکی دیکـە لەشوێنی نانخواردنەکان خواردن و خواردنـەوەیان پێشـکەش دەکـردن، ئەمـە هـــەمووی لەســـەر رێگـــا و رێنمـــایی مینوشـــکین، هەنـــدێکی دیکـــەیان لـــە چێشـــتخانەکەدا خۆراکیـــان دەکـــوڵان، هەنـــدێ دیکـــە پـــاك و خاوێنییـــان رادەگرت، یان گسکیان دەدا و قاپیان دەشت، هەندێکی تر دیکۆریـان ئامـادە دەکرد، یان جلوبەرگیان رێکدەخست، ئەمانە هـەمووی بەرامبـەر موچەیەکی مانگانـە کـە مینوشـکین پێـی دەدان بەیەکسـانی، ئـەو نمایشـەکەی ئـاوا سـاز دەکـرد، وەك سـڵاوێکی بـەر لـەوادەی نمایشـەکە بەپێی فەلسـەفەیەك کـەخۆی باوەڕی پێی هەبوو.

لـەژوورێکی تەنیشـت پانتـایی شـانۆکە، خـواردنی پێشـکەش بەبینـەران دەکرد، تا ئـەو بینـەرە یەکـەم شـایەت بـێ بەرامبـەر نمایشـێ کـە سـرووتێکی میللی و جەماوەریی بوو، کەتیایدا نهێنییەکانی چۆنێتی پرۆسـە شـانۆییەکە لەبـەر چـاوی بینـەردا ئاشـکرا دەبـێ، ئـەو بینـەرانـەی کـە بـەئازادیی بەهـەموو شوێنێکی ئەو جێگایەدا دەسوڕێنەوە، ئەمەش هەرگیز فرت و فێڵـی شـانۆیی نییـــە، هەرچـــۆن هەڵخەڵەتانـــدنی بینـــەریش نییـــە، بـــەڵکو گوزارشـــتێکی راسـتگۆیانەیە لـە فەلسـەفەیەکی هاوبـەش و بەکۆمـەڵ کـە (مینۆشـکین) لـە خانوویـەکی دێرینـدا کـە (کۆنـە عـەمبارێکی چـەك و تەقەمـەنی بـووە) جـێ بـەجێی کـردوە و کردویـە بەجێگایـەك بـۆ شـانۆکەی کـە هـەموو مەبەسـتێکی ئـەوە بـووە بینـەرانی لـەوە تێبگـەن کـە هێڵـی جیاکـەرەوە لـەنێوان ئـەوان و ئەکتەرەکان و رووداوەکان لە هێڵێکی وەهمی زیاتر نییە.

ئەم فەلسەفەیە لەگەڵ بانگەوازەکەی (پیتەر بروك)دا هاوڕایە کە دەڵێ ((دەبێ یەکەمجار بینەر قایل بکەین کەکارەکەی ئێمە بێ پێچ و پەنا و فڕوفێڵە، ئێمە هیچ شتێکی لێ ناشارینەوە، دەبێ هەرچییەکمان لەدەستدایە بیخەینە بەردەمی، بۆی بسەلمێنین کە هیچی لێ ناشارینەوە)). ئەمە تەواو بەپێچەوانەی ئەو تیۆرەوەیە کە دەڵێ ((ئەکتەرەکان هەروەك سیحربازەکان وەهان، نهێنیی پیشەکەیان دەپارێزن و لەگەڵ خۆیاندا ئەو نهێنییە دەبەنە گۆڕەوە)).

هەرچۆن فەلسەفەیە کە، لەگەڵ (ئارتۆ) و شانۆکەی دەگونجێ، ئەو شانۆیەی کە بەمیتۆدی نوێوە مامەڵەی لەگەڵ (کۆمیدیای دیلارتی) و شانۆکانی (نو) و (بونراکۆ) و (کاتالی)ی هیندیی کردوە، بەهەمان شێوە لەگەڵ میتۆدەکەی (کۆبۆ) دا تەبایە کەوا لەئەکتەرانی دەکات مەشقی سەرپێیی نیورۆژە بکەن لەشوێنە تەریکەکاندا.

کەواتە، دیسانەوە دەپرسین: شانۆی خۆر لەفەرەنسا لەپای چی؟

ئەی بۆ لە وڵاتێکی وەکو عێراق ئەو شانۆیە نییە، ئەدی (خۆر خۆری من نییە)، وەك شاعیرێك وتویەتی، ئەدی سەییاب نەیگوتووە (الشمس اجمل فی بلادي من سواها... والظلام حتى الظلام هناك اجمل فهو يحتضن العراق).. بۆچی خاتوو (ئاریان مینوشکین)ی فەرەنسی، ئەدی بۆ (شذى سالم و عواطف نەعیم) پرۆژەیەکی ئاوا دیموکراسی بونیاد نەنێن، بۆچی شانۆی ئەمڕۆمان پێویستی بە شێوازێکی وەها نییە تا پەیوەندیی ئەکتەر بەدەرهێنەر و هونەرمەند بەدامەزراوەوە گرێبدات..

پرسیار زۆرن:

- ئێمە لەکوێداین؟
- لەکوێی (ئارتۆ) و توندوتیژییەکەی ئەوین؟
- لە (پیتەر برۆك) و پانتاییە بەتاڵەکەی؟
- لە (گرۆتۆفسکی)و هەژاریی شانۆکەی؟
- لە (کانتور) و مەرگە شانۆییەکەی؟

**– ئێمە لەکوێدای (بیرۆی بەرازیلی) و خەمە شانۆییەکەی ئەودایین؟ لە (کاترینا بوزیانۆ) و شانۆی وێنەی؟**

**– کواین، لەکوێدای حەمید محەمەد جواد و سەلاح قەسەب و شانۆی وێنەدایین؟**

**– ئاخۆ ئەمانە جەختکردنەوە نین لەسەر قسەی ئەو شاعیرەی کەگوتویەتی: ((بێدەنگی... تاجی ژنە، بەلاّم بەهەمان شێوە تاجی سەری پیاوان نییە...!))**

**– ئاخۆ دەرکەوتنی ژنە دەرهێنەرێکی ئەفرێنەر و دانپێدانراو هەروا بەسانایی هاتووەتە دیی؟!**

**سەرنج:**

**پەراوێزەکانی 1، 2 دووان لەنمایشە شانۆییەکانی مینوشکینی دەرهێنەرن.**

---

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی النحله و الجیران.**

# ئيبسن.. ڕێبەری شانۆی نوێ

د. وليد البكري

**هنريك ئيبسن (1828–1906)ی نوسەری شانۆیی نەرویجی، بە باوکی شانۆی نوێ ناسراوە، ئەو لەسەرخۆ ڕوویکردۆتە لێکۆڵینەوەی واقیعییانە**

لەژیانی سەردەم، دوای ئەوە بەرەو درامای رەمزیی (سیمبولیزم) هەنگاوی ناوەو بە روونی لەو رێبازە هونەرییەدا کاری کردووە.

لەگەڵ پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکانیدا (لەقۆناغی پێگەیشتنیدا)، گەشەکردنی هونەرەکەی بەڵگەنەویست بووەو هێماکانی نێو شانۆگەرییەکانی، بەقووڵی کاریگەرییان لەسەر بینەران جێهێشتووە.

یەکەمین شانۆگەریی ئیبسن (کاتالینا)ی ساڵی 1850، شانۆگەرییەکی جددی رۆمانتیك بووە و لە بونیاددا کاریگەریی (سکریب)و لە کەرەستەشدا کاریگەریی (شیللەر)ی لەسەربووە، پاشان چەند شانۆگەرییەکی مێژوویی نووسیوە، کەخاوەن پێشینەی ئەسکەندەنافی بوونو باشترینیان (فایکن هیلجلاند) بووە لەساڵی 1858، هەروەها (خۆنیشاندەران)ی 1864.

هەر لەو ماوەیەدا لە(بیرجن) وەك راوێژکاری ئەدەبیی کاری کردووەو پاشان بووەتە راوێژکاری یەك لە شانۆکانی (ئۆسلۆ)و شانۆگەرییەگی گاڵتەجاڕیشی بەناوی (بەزمەساتی خۆشەویستی) نمایشکردووە.

ساڵی 1863 لەسەر حسابی میری، هەلی چەند گەشتێکی بۆ رەخساوە، دوای دوو ساڵیش موچەیەکی خانەنشینی بۆ بڕدراوەتەوەو ئیتر لەدەست خەمەکانی گیرفانو بژێویی ژیان رزگار بووە. ئەو موچەیە دەرەنجامی بڵاوبوونەوەی یەکەمین شانۆنامەی بووە کە زۆر گرنگ بووەو بەناوی (براند)ەوە ساڵی 1865 لەچاپدراوە.

(براند) شانۆنامەیەکی جددیی ئەو بووە کە بەشیعر نوسراوەو لەخانەی شانۆی رەمزیدا بووە، بەڵام چەندین جار وەك خۆیو بەتەواویی، تێکستەکە نمایش نەکراوە.

شانۆگەرییەکانی چەندین جار نمایشکراونەتەوەو ئاشکرا بیروڕای ئەویان دەربڕیوە، خەوشێکی سەرەکیی لەکارەکانیدا نەبوونی گیانێکی گاڵتە ئامێز بووە، هەروەها بەروونی گونجاندنی نیشانداوە، ئەوانەش چەند کەموکوڕییەك بوونو لەکاری داهاتوویدا کە(بیرجنت)ی ساڵی 1867بووە، چارەسەری کردوون، هەرچەندە گاڵتە ئامێزیی هەرگیز نەبووەتە خاڵێکی بەهێز لەشانۆگەرییەکانی ئیبسندا.

(بیرجنت) فەنتازیایەك بووە دەربارەی پاڵەوانێكی سەرگەرم كە سەراپای ژیانی بەتاڵو شیرینەوە گوزەراندووەو ئەو سەرگەرمییە مرۆییەی بەهەڵچوونو دڵڕەقی شكاوەتەوە، دواجار هەستی كردووە بوونی خۆی لە خۆشەویستی كچێكی سكارادایە، كەلەوەوبەر لەپێناوی ئامانجی گەورەدا لەسەرەتای ژیانیدا دەستی لێهەڵگرتووە.

دوو شانۆگەریی ئەو بەهەر رێگایەك بێت چوونەتەوە سەر جیهانی ویژدانیو ئەوانیش (یەكگرتووی لاوان)ی 1869و هەردوو بەشەكەی (ئیمپراتۆرو جالین)ی سالانی 1869و 1873 بوون، یەكەمیان شانۆگەرییەكی داشۆرین بووەو دووەمیان مێژوویی، بەتانو پۆ بووە.

ئیتر ئیبسن درامای كۆمەڵایەتیی نووسیوەو رووداوەكانیان پەیوەست بوون بەشارە بچووكەكانەوە، ئەو جۆرە درامایە لەگەڵ ناوی ئەودا هاتووە.

یەكەمین ئەنجامی ئەو كارانەشی چوار شانۆنامە بووە كە كاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر درامای جیهانیی هەبووە، ئەوانیش بریتی بوون لە:

1. كۆڵەكەكانی كۆمەڵ/ 1875–1877
2. ماڵی بووكەشوشە/ 1878–1879
3. تارماییەكان/ 1881
4. دوژمنی گەل/ 1882

لەو شانۆنامانەدا، ئیبسن بنیادی پتەوی شانۆییو بوێریو لە هەڵبژاردنی بابەتدا (كەتائەوكاتە باو نەبووە) یەكخستووە، لەیەكەمو چوارەمیاندا باسی لە گەندەڵی ناوخۆییو ساختەكاری كردووە، لە دووەمیشاندا جێگای راستیو درۆ لەژیانی هاوسەرگیریدا، بەڵام لە سێیەمیاندا لەنەخۆشیی ئەندامەكانی زاوزێ (وەك وێنەیەك بۆ گەندەڵیی ژیانی خێزان) دواوەو شانۆگەریی (تارماییەكان)ی ئیبسنیزمی كردووەتە مەسەلەیەكی زیندوو.

دوای ئەو شانۆگەرییانەی كە ئیبسنیان گەیاندووەتە ئەوپەڕی ریالیزم، جارێكی تر رووی كردووەتە (رەمز)و لە (مراوی) ساڵی 1884دا سامانی ریالیزمانەی دەوڵەمەند كردووەو مراوییەكی كەمئەندامی وەك مراوییەكی

راستەقینەو وەك رەمزێك بۆ كچە پاڵەوانەكەی نیشانداوە، لە(رومۆز سولم)ی ساڵی 1886یدا شوێنی كردووەتە رەگەزێكی كاریگەر بۆ هەوڵدانەكانی ژنێك، كەكاتی خۆشەویستییەكەی تەرخان دەكات بۆ كاركردن.

ئەو دوو شانۆگەرییەی لەگەڵ (هیدا جابلد)ی 1890 كە لەیەك كاتدا بەزمەسات و مەرگەسات بووەو دەربارەی خۆشەویستی و لەخۆبایی بوون دواوە، بە لوتكەی كارەكانی ئیبسن ناو دەبرێن.

لەكارەكانی دواتریدا، وەكو (خانمی دەریا)ی 1888و (بونیادی مەزن)ی 1892و (ئیولفی بچكۆلە)ی 1894، سیمبولیزم رووەو هەڵوەشان چووەو وەك بەزۆر ئاخنراو وابووە بۆ نێو پەیكەرێكی واقیعی و بەردەوام مەترسی تێكشاندنی لەسەر بووە، لەدوا شانۆگەرییەكانیدا، (جۆن جابریل بوركمان)ی 1896 (ئەو دەمەی بەشوێن مردووەكاندا دەگەڕێن)ی ساڵی 1899، سیمولیزم تەواو پەرش و بڵاوبووە، لەهەردوو حاڵەتدا رەمزییەتەكەی (براند) هاتووەتەوە ئارا (سەركەوتن بەچیادا، وردە وردە مرۆڤ لەراستییە هەمیشەییەكان نزیك دەكاتەوە).

دەسەڵاتی ئیبسن لە شانۆدا بەهێز ماوەتەوەو هەمیشە كارە لاوازو باشەكانی نمایش كراونەتەوە، زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین كاریگەریی ئەو لەسەر نووسەرانی هاوسەردەمی و نەوەكانی دوای خۆی هەبووەو بانگەوازی ئەو بەشێوەی راستەخۆ بووبێت، یان ناڕاستەوخۆ، كاری تێكردوون.

رێبازی ئەو كە رووكردنە ریالیزم بوو بەشێوەیەكی فراوان، بەڵام ئەوە لە بواری بابەتدا رەنگی دەدایەوە، نەك چارەسەر، چونكە لوتكەی كارە ریالیزمییەكانی ئیبسن هەرگیز لەگەڵ دراماكانی نووسەرە ناتورالیزمە فەرەنسییەكاندا بەراورد ناكرێت، كەوا كۆششیان بۆ ئەوە بووە لەسەر شانۆ نمایشی مرۆڤ بكرێتەوە، دەقاو دەق وەك خۆی، بەبێ هیچ فرتوفێڵێك.

مایەوە بڵێین، بەراستی هەمیشە ئیبسن شاعیر بووە، تەنانەت لەنووسینی پەخشاندا، ئەندێشەی ئەو تاكو ئەمڕۆ كارەكانی زیندوو

**هێشتوونەتەوە، بەڵام زۆربەی شانۆییەکانی نووسەرە ناتورلیزمەکان لەبیرچوونەتەوە.**

---

**سەرچاوە:**

موسوعة اعلام المسرح والمصطلحات المسرحية، عمان، 2003.

## عبدالكريم البشلاوي

**کاتێـك لـه خوێندنـهوەی شـانۆنامەی (مـاڵی بووکەشووشـه) دەبیتـەوە، دەبینـی ئـەوەی دواجار لەسـەر تەختـەی شـانۆ دەبیستریێت، دەنگـی دەرگـای دەرەوەیە کە خـاتوو (نـورا هیلمـەر) بەقایمی بەدوای خۆیدا دایـدەخات، ئـەو کاتەی ماڵە مێردی خۆی جێدەهێڵێت!**

**ئـەویش لەکاتێکدایـه کـه گومـانی لـەوە نامێنێت کـه ماڵەکـەی بێجگـه لـه (مـاڵێکی بووکـه شووشـه) چـی دیکـه نییـه، خۆیشـی بێجگـه لـه (بووکـه شووشـەیەك) کـه تۆرفالـد هیلمـەری مێـردی کرِیویـەتیو بووەتـه خـاوەنی، هیچی دیکه نییه.**

**کاتێـك بـیر لـەو دەرگایـه دەکەیتـەوە، کـەوا لەسـەر شـانۆکە بـه تونـدی دادەخریێت، دەبیَ ئەوەت لە یادبێت، ئەو زرمەیەی کە ساڵی 1879 لەسەر شـانۆ دەنگیداوەتـەوە، لەیەکـەم نمایشـی شـانۆنامەکەدا لـه کۆپنهـاگنی پایتـەختی دانیمـارك، زرمـەی دەرگایەکـه کـه لـه سەرانسـەری ئـەوروپا دەنگیداوەتـەوەو کاریگـەریو کاردانەوەیـەکی ئـەوتۆی هـەبووە خـەڵکیی لـه خشته بردوە.**

**ئـەوە یەکـەمین شـانۆنامەی هینریـك ئیبسـن نـەبووە، بـەڵام کارێـك بـووە بەهۆیـەوە ناوبـانگی دەرکـردوەو وایکـردوە ببێتـه شانۆنامەنووسـێکی جیهانیی.**

**مـاڵی بووکەشووشـه مشـتومڕی نایـەوەو گروپـەکانی نوانـدن پێشبڕکێیان بوو بۆ نمایشکردنی، زۆر لـەو قسانەی لەسـەری دەکران هێرش بردنـه سـەر ئیبسن بوون، ڕەخنەگران بەرامبەر ئەو شانۆنامەنووسه خراپ هاتنه دەنگ،**

ئەو نووسەرەی لە کاراکتەری (نورا) دا ژنێکی پێشکەش کردوون کە لە پێناوی سەربەخۆیی خۆیو ئازادیو یەکسانیدا لەگەڵ پیاودا لە خەباتدایە، ئەمە بۆ ئەمڕۆ ئاساییە، بەڵام کاتێ (نورا) بەرامبەر داب‌ونەریتی ئەو سەردەمە یاخی بووەو دژ بە زاڵ بوونی مێرد وەستاوەتەوە، دەبێ ئەوەمان لەیاد بێ کە ئەوکاتە 1879 بووەو دەبێ لە عەقڵییەتی ئەوسەردەمەوە بڕوانینە کارەکەی.

ڕەخنەگران بەرامبەری تووڕەبوون، چۆن دەبێ کاراکتەری وەك ئەو ژنە نیشانبدات؟ چۆن دەوێرێ ڕێگا بە خۆی بدات بەشداریی بارگرانیی دارایی ژیانی خێزان بکات؟ هەر بەو هۆیەشەوە بکەوێتە ژێر باری قەرزارییەوەو ئیمزای باوکی خۆی ساختە بکات؟

پاشان چۆن دەبێ ماڵەمێرد جێبهێڵێو بەتوڕەییەوە دەرگاکە توند بەدوای خۆیدا دابخات؟

کەواتە سەرسام نەبوون بە شانۆنامەکە، هەریەکەو بەجۆرێو بەپێی میزاجی خۆی لەسەرانسەری ئەوروپادا لێکیاندەدایەوەو توانجیان تێدەگرت، لەوێوە ئیبسن وای بەباش بینی کە خەڵکە تووڕەکە ڕازی بکات، هەربۆیە دەستکاریی کۆتایی شانۆنامەکەی کردو (نورا) دوای بەیەکدادانی دەرگاکەو جێهێشتنی ماڵەکەی، جارێکی تر دەگەڕێتەوە ماڵ بۆ ئەوەی چاودێریی منداڵەکانی بکات، ئامانجی ئیبسن لەم کارەی ڕازی کردنی ڕەخنەگرو ڕیژیسێرەکان بوو تالێی گەڕێن، هەروەها بۆ ئەوەی شانۆنامەکەی وەك خۆیوبێ دەستکاریی کردن بخرێتە سەر شانۆ.

بەڵام تێکستەکەی یەکەمجاری بەر لە دەستکاریی کردن، بەڕای ڕەخنەگرانی ئەمڕۆ، بە چاکترین تێکستی شانۆیی ئەو نووسەرە دادەنرێت، هەرچۆن بەلای ئیبسن خۆیشیەوە هەروابووە.

ماڵی بووکەشووشە، کارێکی هونەریی ڕەسەنە، بەڵکو خاڵێکی وەرچەرخانی هەستیارە لە نووسینی شانۆنامەی نوێدا، ئەویش لەبەر دووهۆ:

یەکـەم: ئیبسـن تیایـدا لەبنـەما کۆنـەکانی بنیـادی ( شـانۆنامەی توندوتۆڵ) ،کە جۆرە شانۆنامەیەکە بەسەرەتا دەستپێدەکات و بەکۆتاش دەگاتە کۆتایی، دەرچووە. لەم کارەدا ئەو، شانۆنامەیەك دادەهێنیٚ کە ئێستا بە (شانۆنامەی خاوەن شیکردنەوەی گەڕاوە) ناو دەبرێت، بەواتایەکی دی شانۆنامەکە دەکەوێتەوە ژێر ئاراستەی شیکردنەوەی ڕووداوێکی دیاریکراوو پاشان لەسەر شانۆکە ڕوو دەدات، بەر لەوەی زنجیرەی ڕووداوە یەك لە دوای یەکەکانی سەر شانۆکە ببینرێت، ئیدی لە نێوکۆی شانۆنامەکەو درێژەی ڕووداوەکاندا وردە وردە ڕووداوە باسکراوەکەی پێشوو دەردەکەوێت، کە ڕووداوی سەرەکییە، لەسەر خۆش لەبەر چاوی بینەر ڕووندەبێتەوە.

هەر ئەوەش وایکردوە هێزی شانۆنامەکە زیاترو کاریگەریی لەسەر بینەر زۆرتر بێت، ئەم جۆرە بەکارهێنانە بۆ میتۆدی بونیادی دراماییانە لەدوای ئیبسن درێژەی پێدراوە.

دووەم: ئیبسن لە بنەمایەکی دیکەی باوی نووسینی شانۆنامە تێپەڕی کردوە، ئەویش وەك نووسەری بلیمەت (جۆرج برنارد شۆ) گوتوویەتی "لەوەوبەر شانۆنامە بریتی بووە لە (نمایشیك) لەبەشی یەکەمیدا، پاشان (گرێ) لەبەشی دووەمیداو (چارەسەر) لەبەشی سێیەمدا، بەڵام ئێستا لەدوای ئیبسن شانۆنامە بریتییە لە نمایش و گرێو مشتومڕ، دیارە هەر مشتومڕیشە دەبێتە سەنگی شانۆنامەنووس.

ئەمە ڕاپەڕینێکە کە ئیبسن لە شانۆدا کردی، هەر ئەوەش بووە ڕووی ڕاستەقینەی ناکۆکیی نێوان خۆیو شەکسپیر، ئەوە بناغەیەك بوو کە ئیبسن دایڕشت و بلیمەتانی دراما دوای خۆی بونیادیان لەسەر دامەزراندن، لەسەروو هەمووشیانەوە خودی جۆرج برناردشۆ.

لە بەشی سێیەمی شانۆنامەی (ماڵی بووکەشووشە) دا نورا بە مێردەکەی دەڵێت" تورفالد، لێرەدا دابنیشە، دەبیٚ قسەی زۆر بکەین، ئەمەش کاتێکی زۆری دەوێت، من قسەی زۆرم هەیەو دەبیٚ بۆتیان بدرکێنم..."

هەرچەندە برناردشۆ رای وایە کە مشتومڕەکە دواکەوتووە بۆ بەشی سێیەمی شانۆنامەکە، بەڵام ئەوەش دەڵێت: کە هەموو ئەورووپای داگیر کردوە، ئەو نووسەرە بەتوانایە پێ لەو راستیەش دەنێ کە بەتەنیا مشتومڕەکە نابێتە سەنگی سەرەکیی بەهرەمەندیی ئیبسن، بەڵکو دەشبێتە تەوەری راستەقینەو شانۆنامەکە بەدەوریدا دەخولێتەوە.

هەر لەبەشی سێیەم و کۆتاییدا (نورا) گفتوگۆو مشتومڕ لەگەڵ مێردەکەیدا لەسەر هۆکاری بەرپابوونی گرفتی نێوانیان دەکات و هەر بەوەش کۆتایی بەشانۆنامەکە دێت. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مشتومڕ لای ئیبسن لە جێی چارەسەرە، کە لەوەوبەر نووسەرانی شانۆ دەقیان پێوە گرتبوو، دوای ئەویش نووسەرانی ئەوتۆ پەیدا بوون کە مشتومڕ هەموو شانۆنامەکانی داگیر دەکردن، هەر چۆن لای برنارد شۆ لەهەردوو شانۆنامەی (هاوسەرگیری) و (کێشەی پزیشکێك) دا رەنگیاندایەوە.

---

**سەرچاوە:**

هنريك ئيبسن، بيت الدمية، ترجمة كامل يوسف، مقدمة عبدالكريم البشلاوی، بغداد، دار المدى للثقافة و النشر، 2007

# المنصف السويسي: **شەست کاری شانۆییم کردو ئێستا لەسەر جادەم !**

**رۆژنامەوان(**محمد غبريس**)دیدارێکی لەگەڵ گەورە دەرهێنەری شانۆیی عەرەب(**المنصف السويسي**)ی شانۆکاری تونسی و خاوەنی بیرۆکەو بەڕێوەبەری فیستیڤاڵی(**القرطاج**)ی شانۆیی لە ساڵەکانی رابردوودا کردوە..**

لەوەڵامەکانیـدا، ئـەو شـانۆکارە ناسـراوە لـە مەینـەتی و دواکـەوتوویی کۆمەڵگاکەی دەدوێت، کە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بەرهەم نەهێناوە تا لایەنی کلتـورو هونـەر لـە سـایەیدا گەشـەداربێ.. هـەر چـۆن باسـی لـەو کارمەنـدە هەلپەرستانەش کردووە کە شانۆی وڵاتەکەی بەلاڕێدا دەبەن.

لەبەر پێگەی شانۆکار(السويسى)و لەیەکچوویی خەمەکانی ئەو و خـەمی بەشـێك لـە شـانۆکارە خـەمخۆرەکانی کـورد، بەچـاکمزانی گـرنگترین قسـەو بۆچـوونەکانی ئـەو بخەمـە بەرچـاو، دیـارە ژمـارەی ئـەو گۆڤـارەش(37)ی حوزەیرانی ئەمساڵە(وەرگێڕ).

لەکوێوە دەستپێبکەین، لە ئەزموونە نەمرەکانیەوە کە بەدرێژایی پـەنجا ساڵ لە تەمەنی پڕ لە داهێنانی پێشکەشی کردوون و تیایدا شەست کاری شانۆیی دەرهێناوە، یان لە ناخی شانۆوە کە(السويسي)هەموو تەمەن و ژیان و خەونـەکانی لـە پێناویـدا بـووە، ئـەو هونەرمەنـدە ئاشـکراو بـێ پـەردە قسەکانی دەکات، شتەکان وەك خۆیان ناو دەبات و پەنجە دەخاتە سەر زامە خـوێن لێچـۆڕاوەکان، ئــەو چــی گرفــت و قەیرانــە دەیگێڕێتــەوە بــۆ دواکـەوتوویی کۆمـەڵ..تورەیـە ! چـۆن وانـەبێ، ئـەوەتا خـۆی دەڵـێ((بـێ شوێنەو کەوتووەتە سەر شەقام))، جێیەکی نییە کاری شانۆی تیا بکات ! دەسەڵاتیش ئاوڕی لێ ناداتەوە..

چـۆن تـورە نـەبێ؟ لـەو هـەموو رابـردووە شـتێ نەچـنێتەوە..لـە کاتێکـدا کەسـانێ سـەریان هەڵداوەو لـە هـەوڵی کوشـتنی شـانۆو ئابلۆقـەدانی شـانۆ کارەکـان و ئەفراندنەکانیانـدان..بـۆ تـورە نـەبێ، بەچـاوی خـۆی دەبینـێ ژمارەی یاریگاو بنکەی پۆلیس و ئۆردوگای سەربازیی، یەکجار زیاترن لە ژمارەی شانۆکان !

مافی ئەو پیاوە و هەر شانۆکارێکی دییە، کاتێ دەست و قاچیان کۆت و پێوەنـد دەکـرێ و بـەدوو چاویان داڕمـانی شـانۆ دەبیـنن، تـورەبن..بـەڵێ..وا دەقــەومێ و کــەس ورتەیــەك ناکــات، بــەڵێ.. ئــەوڕۆ ئێمــە پێویســتمان بەشۆڕشـێکی روناکبیرییـە(وەك السويسـي دەڵـێ)تـا بەرلـەوەی هـەموو شـتێ لەدەستبدەین کۆمەڵگاکەمان رێکبخەینەوە.

لێرەوە، المنصف السويسي، با خۆی بدوێت..

***دوای ئەزموونی شانۆیی پەنجا ساڵەت، لەسەر هەردوو ئاستی تونس و وڵاتانی عەرەبی...چۆن دەڕوانیتە ئەو ئەزموونە دوورو درێژەت؟**

– ئەو کاروانە بە(قەزاو قەدەر)دەزانم، لە جیهانی سێدا شانۆکار خەم و حەسرەتی زۆرە، کەچی هەوڵدەداو تێدەکۆشێ، بەرامبەر دواکەوتوویی دەوەستێتەوەو منیش تا ئەم ساتە هەر لە بەرەنگاریدام بەرامبەر دواکەوتن، چونکە باوەڕم بە ئایندەی گەل و وڵاتانی خۆمان هەیەو دەزانم تیایدا مرۆڤ سەردەکەوێت.من بەختەوەرم بەرامبەر رابردووی کارەکانم، بەڵام بەختەوەرتر دەبووم گەر ئەرکی سەرشانم لەبارو ئاسان بهاتایە دیی، نەوەك وەکو ئێستای لێ بێت !

لە ئەورووپاو وڵاتانی تر، شانۆکار ئیرەیی پێ دەبرێت، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا، یان ئینگلتەرە، هونەرمەند بە شانۆکەی، بێجگە لەوەی نەمریی بەنسیب دەبێ، خۆی و ماڵ و منداڵی پێی دەژین، بەڵام لە وڵاتانی ئێمەدا سەد شانۆنامە دەنووسێ و گەر بشگاتە ئاستێکی جیهانیی، ئەوا هیچ بەهیچ ناکات و رەنج بەخەسار دەبێ و بێجگە لە هێنانە گیروگاز بەولاوە، تا دەگاتە گومان لێکردنی و تەکفیرکردنی!

***بەڕای تۆ، ئەمە هۆی چییە؟**

–دواکەوتوویی، ئەوە هەموو شتێکە، دواکەوتوویی وا دەکات چێژ لە ئازادیی بیروڕا و بیرکردنەوە نەبینێت.

***مەبەستت هەر لە دواکەوتووییە، یان دەسەڵاتی سیاسیی عەرەبی؟**

– هەردووکیان، دەسەڵاتیش دواکەوتووە، بڕوابکە خەریکە دواکەوتوویی لە گرێژنەمان دەبات، ئیتر لە لایەن دەسەڵاتەوە بێت یاخود کۆمەڵ، گەلانی ئێمە دواکەوتوو و نەخوێندەوارن، دەباشە چۆنی لێکدەدەیتەوە، من 50 ساڵی رەبەق لە شانۆدا ژیابم و ئێستا بێ شانۆبم ! ئەوەتا لەسەر جادەم، واتە پانتییەك نییە بۆ کارو توێژینەوەو ئەزموونەکانم، کەواتە لە تونسدا من لەسەر جادەم و پەراوێزخراوم.

***ئەمانە هەموو بەهۆی دواکەوتوویی وڵاتی ئێوەوەیە؟**

– ئەی چۆن، دەبێ شانۆکارێ لە ناوەوە و دەرەوە ویردی سەر زمانی خەڵکی بووبێت، تەنانەت لە ئەوروپاش رۆژنامەی وەکو(Lemonde)و گەورە نووسەران لەسەریان نووسیبێ و خەڵات و میدالی وەرگرتبێ و نوێنەری وڵاتەکەی بووبێت لە بۆنە نێودەوڵەتییەکان و خۆی لەسەر جادە ببینێتەوە !

گرنگ نییە بێیت ئەپارتمانی زەبەلاح درووست بکەیت، بەڵام گرنگە شانۆکاری داهێنەر درووست بکەیت، خۆ بەتەنیا سوچی دەسەڵاتی سیاسی نییە، بەڵکو دەبێ کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵی خۆی ببینێت، کوانێ خەڵکی؟ لەکوێن؟ گەر لە ئیتاڵیا شارەوانی میلانۆ لە چاکسازیی شانۆی( Picclo Teatro)دواکەوێت، ئەوا هەموو ئیتاڵیا نارەزایی دەردەبڕن و دەرژێنە سەر شەقامەکان و پشتگیریی لە بەرپرسی شانۆکە دەکەن بۆ رایکردنی کارەکانی، بەڵام لێرە کەسێ وتەی لەدەم نایەت !

***بۆچی نارۆیتە دەرەوە؟**

– چونکە وڵاتەکەمم خۆشدەوێ، دەشزانم کە لە دەرەوە هیچمان پێ ناکرێ بۆ وڵاتی خۆمان، دەشێ شتی جوان بۆ خۆمان بکەین، بەڵام ئەوە دادی کۆمەڵی خۆمان نادات.

***تۆ دەڵێی هیچم بە هیچ نەکردووە، ئەمە لەخۆبوردنە بۆ ئێوە کە لە شانۆی عەرەبیدا پێگەی بەهێزتان هەیە؟**

– هەوڵی زۆرمداوە، بەڵام نەگەیشتوومە ئاکامی ئەوتۆ، دەبێ ئێمە لەسەرئاستی شانۆی جیهان نەخشی خۆمان هەبێت..کوا؟بەڵام کوا مرۆڤ بەتەنیا دەبێتە ئەفرێندەر..دەکرێ لەبری ئەو قسەیە(شانۆیەکم بدەرێ و گەلێکی هۆشیاریت دەدەمێ)بگوترێ(کۆمەڵێکی هۆشیارم بدەرێ و شانۆیەکی پێشکەوتووت بدەمێ).ئێمە شتێکی وامان دانەهێناوە، تا ئێستا شوێنکەوتووین نەك ئەفرێندەر.

***باشە، ئەمرۆ یەکێتی هونەرمەندانی عەرەب کوا؟**

**– بەهۆی رۆڵی سیاسییەوە دووچاری مەرگ بووە، ئەو کاتە مرد کە دامەزرێنەرەکەی(تێکۆشەری گەورە سەعدەدین وەهبە)گیانی سپارد، ئەم رێکخراوە هەرچەندە ئەمڕۆ بوونی هەیە، بەڵام مردوویەکی بێ گۆڕە !**

---

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری** (دبي الثقافية).

# شانۆی چیخەفو باخی گێلاس

نادية الأسدي

نووسینی شانۆنامە هەروا کارێکی سووك و ئاسان نییە، ناکرێ هەر نووسەرێك بێت و لەبواری شانۆدا بنووسێت و تێکستی شانۆیی بەرهەمبهێنێت، چونکە شانۆ بۆ خۆی هونەرێکە و نووسەرانی دەبێ خاوەنی چێژێکی هونەریی ئەوتۆ بن، لایەنە بەنرخەکان لەهونەری ڕەسەندا بخەنە بەرچاو.

ئەمە ڕێك لەلایەن (ئەنتۆن چیخەف)ەوە جێ بەجێ کراوە، زۆربەی زۆری شانۆنامەکانی ئەو بریتین لە (ڕووداو) و تیایاندا قووڵایی ناخ هەیە، نەك قوڵایی دەرەکی، کە لەگەڵ یەکەمین جاری خوێندنەوەدا هەستی پێدەکرێت. بەڵام لەگەڵ دووەمین خوێندنەوەدا وێنەکە لەبەرچاو ڕوون و گەورە دەبێت، وا لەخوێنەر دەکات لە خوێندنەوەو پێداچوونەوەو ڕامان بەردەوام بێ، هەروەك ئەوەی لەڕاستییە شەخسی و گشتییەکان بکۆڵێتەوە. یەکەمجار کێشە ئاساییەکانی ژیانیان تێدا دەردەکەوێت، بەڵام لەهەناویاندا گوزارشت و قوڵایی ڕاستەقینەی ئەو بیرۆکانە هەیە کە ویستویەتی بەخوێنەریان بگەیێنێت.

سەرنجیشم داوە، کاتێ شانۆنامەیەکی چیخەف بەعەرەبی، یان ئینگلیزیی دەخوێنیتەوە، دەبینی بەهایەکی زۆر لەدەستدراوە، لەچاو ئەوەی بەزمانی (دایك)ی خۆی بیخوێنیتەوە، یان ئەو کاتەی هەر بەزمانی ڕووسی لەسەر شانۆ دەیبینێت، هەڵبەت هەموو کارێکی وەرگێڕراوی هەر وەهایە.

دەبینی کاراکتەری شانۆنامەکانی ئارام و هێمنن، بەڵام لەڕووداوی زۆردا دێن و دەچن و لەناخیاندا ژاوەژاو هەن و خاوەنی گرێن، ئەمانە وایانکردوە پێناسەی شانۆی چیخەف کارێکی قورس بێت، بەتایبەت کاراکتەرەکانی، بەڵام گرنگ ئەوەیە کاراکتەرەکانی یەکجار کاریگەرن و بەهەستی

راسـتەقینەوە وێنانـدوونی، بەشـێوەیەك، كاریگـەریی لەهەسـتی بەرامبـەر دەكەن و دەكرێ ئەوە بە (هەستە رووسییەكە) ناوببەین، چونكە چیخەف كاراكتـەرەكانی وەكـو كرێكـار، جوتیـار، دەرەبـەگ و موڵكـدار و..تـاد، هـەر هەموویان هەستە رووسییەكە بەرجەستە دەكەن و لەو ژینگەیەوە هاتوون، تەنانـەت خوێنــەر هەسـتدەكات كەوتۆتـە ژێـر كاریگــەریی ئەفسـوونێكی سـەیرەوە لـە سـۆزە جوانـەكان، هەربۆیـە دەگـوترێ ئـەو نووسـەرە بەباشـی واقیعـی رووسـیای گواسـتوەتەوەو توانیویـە كاریگـەریی لەسـەر خوێنـەرانی وڵاتانی دیكەش جێبهێڵێت.

جارێ دەبینـی شـانۆنامەكەی تـەنز ئـامێزە، جارێكی دی درامییـە، یـان بەزمەسـاتە، بـەڵام هــەر هەمووشـیان لەگـەڵ هەسـتە مرۆییـەكانی هــەر خوێنەرێكـدا دەژیـن، لای ئـەو خۆشەویسـتی هەیـە و خیانـەتیش، ئـازار و مـەرگ هەیـە و پاڵـەوانێتیش، هـەر هەمووشـیان لەسـەر شـانۆ بەشـێوازێك دەجوڵێن كـە خوێنـەر، یـان بینـەر رابكێشـن، واتـە بـە هـیچ جۆرێ سـارد و سست نین.

لەسـەدەی نۆزدەیەمـدا، فاكتـەرە سیاسـییەكانی نێـو كۆمـەڵگای رووسـی كاریگەریی زۆریان كردە سەر شانۆنامەكانی چیخەف، لەسـەر دەروونـی ئـەو و نووسینەكانی، كەئەمەش لەبەرژەوەندیی ئەو نووسەرە بوو، لەكارەكانیدا هەمەچەشنی و گۆڕان هەبوو لە چۆنێتی گوزارشتكردن لە كۆمەڵگاكەی.

## باخی گێلاس

جوانترین شانۆنامەی چیخەف كە خودی خۆم پێـی سەرسامم شانۆنامە شـاكارەكەی (بـاخی گـێلاس)ە، ئـەو شـانۆنامە هێمنـە، هێدییـەی گیـانی نوكتـەبازیی تێدایـە، پاڵەوانەكـەی (راتنسـكایا)ی قسـەخۆش و قسـە قـوت و براكەی (جاییف) و دەرەبەگە لاتەكە.. ئەمانـە كاراكتـەری جـوانن لـە گـۆڕین و وێناكردن و دیالۆژەكانیشیاندا، لەگەڵ گاڵتەئامێزیدا گیانی بەزەییش هەیە.

لەشـانۆنامەكەدا (ململانـێ)یـەك هەیـە و هەرئـەوەش كارەكـەی جـوان و سـەركەوتوو كـردووە، (ئانیـا) بـەهێزترین كاراكتـەرەو تەمەنیشـی لەحەڤدە

ساڵ تێنەپەڕیوە، دەخوازێ ئایندەی جوان و گەشاوەبێت، بەڵام لە ڕۆژگارێکی رەش و دڵتەنگی وادا دەژی کە تروسکایی لێ چاوەڕوان ناکرێت.

ئەم (ململانێ)یە جوان و رەوانە خەسڵەتی بەنرخیی داوەتە شانۆنامەکە، هەرچۆن (باخەکە)ش خەسڵەتی یەکجار جوانی داوەتە کارەکە، هەرچەندە غەمباریی لەباخەکەدا هەیە، وەك ئەوەی مرۆڤ دوامالئاوایی لەژیان و لەو شوێنە بکات، کە دڵخوازی لەمێژینەی بووە.

بەکورتی پەیوەست بوون بە (شوێن)ەوە لەناخی ئەم نووسەرە مەزنەدا هەڵقوڵاوە، چونکە لەشوێندا هەستی خاوێن دەردەبڕێ، لەکۆتایی شانۆنامەکەشدا دیالۆژێکی جوان هەیە بۆ پێشوازیی ژیانی نوێ و ئەوەش هیوایە بەئایندە و چاوتێبڕینە بۆ ئاسۆی ژیان.

دواجار دەمەوێ بڵێم ئەوەندەی مەیلم بۆ شانۆی چیخەف و بەتایبەتیش بۆ (باخی گێلاس) هەیە، مەیلم بۆ هیچ شانۆنامەیەکی دیکە نەبووە. یان با بڵێم، کاتێ بەرهەمێکی (چیخەف) دەخوێنمەوە دەبینم جیاوازە لەبەرهەمی نووسەرانی دی.

---

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی النخلەو الجیران.**

# پەیامی رۆژی شانۆی جیهانی2007

د.سلطان بن محمد القاسم*

**شانۆ، ئەو جیهانە ئەفسووناوییە، کە لە هەرزەکاریمەوە هۆگر و شەیدای بووم، هەر لە قۆناغی خوێندنی سەرەتامەوە، نووسین و نواندن و دەرهێنان بووەتە خولیام، سەرەتا بە ساکاری دەمڕوانییە شانۆ و لە چالاکییەکی نێو**

قوتابخانــه، کــه گیــان و هــۆش دەبوژێنێتــەوە چــی تــر نــەبوو، گەوهــەری ڕاســتەقینەیم نەدەناســی، تــا ئــەو دەمــەی کــارێکی شــانۆیی، کــە نووســەر و دەرهێنــەر و ئەکتــەری بــووم دەســەڵاتی وروژانــد، دەســتیان بەســەر هــەموو شــتێکی شــانۆکەدا گــرت و بــە بەرچــاوی خۆمــەوە دەرگاکــەی کلۆــم درا! لەوســاتەدا گیانــە زیندووەکــەی شــانۆ، کــە دەیڕوانییــە ســەربازەکان و چەکەکانی دەستیان پەنای بردە بەر ویـژدان و هـەر لەوێـدا ئارامی گـرت، ئا ئـەو کاتـە هێـز و شـکۆی شـانۆم بینـی، بەتایبـەت لـەڕووی هەرکەسێکدا کـە بیروڕای بەرامبەری پێ قبووڵ ناکرێت، دڵنیا بووم شانۆ لـە توانایدایە ڕۆڵـی مەترسیدار بگێڕێ‌و کاریگەریی لە ژیانی میللەتاندا دەبێت.

ئەو باوەڕەم وەك خۆی ماو، بگرە بەدرێژایی ساڵانی خوێنـدنی زانکـۆم لـە قـاهیرە لەویـژدانما قـووڵتر بـووەوە، ئـەویش لـەڕێی خوێندنـەوەی هەرچـییەك لەســەر شــانۆ نووســرابوو، یــاخود بــەهۆی هــەر نمایشــێکەوە کــە دەچــوومە دیتنیـان، دواتـریش هۆشـیاریم بەهۆی ئاشـنایەتیمەوە بە شـانۆی ئـەورووپی بەگشتی و شانۆی ئینگلیزیی بەتایبەتی لە ساڵانی خوێنـدنی باڵادا گەشـەی زیاتری کرد.

لە بەدواداچوونمدا بۆ شانۆ، هـەر لەسـەردەمی گریکـەوە تـا ئـەمڕۆ، پـەییم بـەو ئەفسـوونە بـردووە کـە لەشـانۆدا هەیـە و ڕۆڵـی هەیـە بـۆ ئـاوەڵاکردنی دەروونـی مـرۆڤ و شـتە شـاردراوەکانی، لـەو دەمـەوە بـاوەڕم پێـەوە بـەوەی کەشانۆ فاکتەرێکی گرنگە بۆ یەکگرتنی مرۆڤ و لـەو ئاقارەوە مـرۆڤ دەتـوانێ خۆشەویسـتی و ئاشـتی بـەجیهان ببەخشـێت، هـەر بـەهۆی(شـانۆ)شـەوە دەرگــای دیــالۆژ لــەنێو ســەرجەم ڕەگــەز و نــەژاد و ڕەنگــەکانی مرۆڤــدا، بـەجیاوازیی بـیر و باوەڕیانـەوە واڵا دەبێـت، بـۆ مـنیش یاریـدەدەر بـوو کـە بەرامبەرم قبووڵ بێ وەك خۆی و لەوەگەیشتم کە چاکە مرۆڤ یەکدەخات و خراپە لەیەکتریان دەکات.

گەر ناوبانگی شانۆ لەسەر ململانێی چاکە و خراپـە بنیادنرابێت، ئـەوا سروشتی مرۆڤ زۆربەی جار ملکەچی لایەنە چاکەکەیە.

هەر لەسەردەمی دێرینەوە، جەنگەکان کە ئێخەی مرۆڤایەتییان گرتووە درندەییان چاندووە و نرخی جوانییان لەلا نەبووە، جوانیی تەواویش لە هیچ هونەرێکدا وەکو شانۆ درەوشاوە نییە، شانۆ کۆی هونەرەجوانەکانە، هەر کەسیش چێژ لە جوانیی نەبینێ ئەوا نرخی ژیانی لەلا نییە، شانۆ ژیانە، چەندە پێویستمان بە نەفرەت کردنە لەهەموو جەنگە بێهودەکان و لەناکۆکییە، لەسەر بیروباوەڕە جیاوازەکان، کەبێگومان دەبنە ئاگری بنکای ویژدانی زیندوو، ئەوەتا دیمەنەکانی توندوتیژی و کوشتنی کوێرانە خەریکە هەموو دنیا دەگرێتەوە و لەگەڵ خۆیاندا جیاوازیی گەورە لەنێوان دەوڵەمەندیی چاوچنۆك و هەژاریی سەرکوتکراو دێنن، لەنێوان بەشەکانی جیهاندا کە بەدەست دەرد و پەتاوە دەناڵێنن، هێزی خێرخوازیی لەتوانایدا نییە بەسەر ئەوانەدا زاڵ بن. وەك نەخۆشیی ئایدز و دەردە هەمیشەییەکان کەلە سایەی نەبوونی دیالۆژی راستەقینەدا لەپێناوی ئەو جیهانەی باشتر تیایدا بگوزەرێت، بوونەتە گرفتی بیابان و وشکانییەکان.

ئەی شانۆکاران، وا زریانێ مەیدانی ئێمەشی گرتۆتەوە و لەگەڵ خۆیدا تەپوتۆزی گومان و ترسی هێناوە، خەریکە بەرچاومان تاریك دەکات و بەهۆی هاوار و جوداییەوە دەنگمان بەیەکتر ناگات و گەلانی ئێمە لەیەك دادەبڕێت، ئەو زریانە خەریکە سەرەونگونمان دەکات و لەیەکدیمان دوور دەخاتەوە، ئەگەر باوەڕی پتەومان بە(شانۆ)نەبێ و نەزانین پێگەی لەسەر دیالۆژ داڕێژراوە.

دەبێ بەهەموو شێوەیەك بەرەنگاری هەموو ئەوانە بینەوە کە ئەو زریانە بەجۆش دەکەن و بوقی بۆ دەژەنن، نەوەك بۆ لەناوبردنی ئەو دەنگە ناسازانە، بەڵکو خۆ بەدوور گرتنمان لەو ژینگە پڕ لەنەخۆشییە و تەرخانکردنی تواناکانمان لەپێناوی بەردەوامی و پەیوەندی گرتنی برایەتی لەنێوان هەموو ئەوانەی بانگەشەی تەبایی دەکەن لەنێو گەلاّندا. ئێمەی مرۆڤ بەرێوەین و شانۆش لەگەڵ ژیاندا بەردەوام دەبێ.

*ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو، فەرمانڕەوای شارقە، دکتۆرای فەلسەفەی هەیە لە مێژوو و جوگرافیادا، هەروەها خاوەنی دکتۆرای شانازییە لە ئەدەبیاتدا، کۆمەڵێ کتێب و توێژینەوەی لەچاپدراوە، کەهەندێکیان رۆمان و تێکستی شانۆیین.

# ئەکتەر و چرکەساتی ئیهامی شانۆیی

د. عبدالفتاح مرتضى

**نمایشـی ئەکتـەر لەسـەر شـانۆ بەنـدە بەچرکەسـاتی ئیهـامیی خـودی ئەکتەرەکەوە، لێرەدا پرۆسەی ناوەکی لـە نێـوان (ئەکتـەر – مـرۆڤ) و (مرۆڤـی ئەکتەر– کاراکتەر) سەرهەڵدەدات.**

بەرلەچوونە سەر تەختەی شانۆ دەستپێدەکات، چونکە لەوێوە ململانێی گرژ لەنێوان خودی ئەکتەرەکەوچرکەساتی چوونە ناو دەورەوە (ئاوێتەبوون لەگەڵ کاراکتەرەکەیدا) دروست دەبێت.

ئەوە چرکەساتی داماڵینێکی گرنگ و هەستیارەو لەنێوان ئەو دووانەدا جیاوازیو هاودژیی هەیە، ئەویش لە ئامانج وئامرازەکانیاندا کە دەگەنە ئەوپەڕی.. "ئیهام" هاندەری سەرەکییە بۆچوونە ناو ناخی کاراکتەری شانۆییەوە. چونکە کلیلی سەرکەوتن یان سەرکەوتنی کاراکتەری ئەکتەر دەبێت، هەروەها سنوور بۆ بەربین (المنظور) و ئایندەی دادەنێت.

هەربۆیە پرۆسەی ئیهام زیرەکیی نائاسایی لەئەکتەر دەوێت، لەو چەند مانگ و ساڵەی نمایشیدا دەگاتە تاقەوەبوونی تەواو و راستەقینەی واقیعی شەخسیی ئەکتەرەکە بەئاراستەی واقیعی ئەو کاراکتەرانەی نمایشیان دەکات.

بەردەوامیی پەیوەندی ئیجابی وسلبی نێوان کاراکتەری خودی ئەکتەرو ئەو کاراکتەرە شانۆییانەی نمایشیان دەکات، کاریگەرییان دەبێت لەسەر بوونایەتیی ئەکتەر و دووچاری ململانێی سەختی دەکات لەگەڵ خودی خۆیدا لەلایەکەوەو لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی لەلایەکی ترەوە. ئەو هەڵچوون وململانێ و داماڵینە دەبنە هۆکاری لەدایکبوونی کاراکتەرێکی نوێ، کە هەڵگری پێکهاتەی سایکۆلۆژیی هەمەجۆرو زۆر وزەبەند، کە دەبنە هاوتای ئاستی کاریگەریی لەسەر ئەو کاراکتەرانەی ئەکتەر نمایشیان دەکات. بەجۆرێ ئەو ئەکتەرە دەبێتە کەسێکی ئاوێتە لەبەهاو داب ونەریت و بیروڕای جیاواز، تەنانەت وا لەو ئەکتەرە دەکات کە لە ژیانی رۆژانەی خۆشیدا (ئیهامی شانۆیی) بە کردەوەکانیەوە دیاربێت. چرکەساتی ئیهام دەبێتە دەستپێکی کرداری سەر شانۆ، ئیدی بەدیمەن دەستپێبکات، یان تیشك یان دەنگ، یاخود بەپێکهاتەیەکی وێنەیی والاّ، کە سەرجەم رەگەزەکان، فۆرمێکی شانۆیی بەبوونی ئەکتەرەوە پێکبهێنن، چونکە یەکەمین جار کەچاوی بینەر دەچێتە سەر تەختەی شانۆ و لەگەڵیدا کاتی گریمانەیی شانۆیی دەستپێدەکات، پەیوەندی هۆکاریی لەنێوان چرکەساتی

نمایشی شانۆیی وکرداری دیاریکراوی ئەکتەر، دەبێتە دوو چرکەساتی گەورەی ململانێ، یەکەمیان چرکەساتی ئیهامیی ساختەیەو دووەمیان چرکەساتی راستگۆیی راستەقینەیە. لەوێوە کرداری ئەکتەر دەبێتە هەڵگری ململانێی جیاواز لەگەڵ خۆیدا، یان لەگەڵ کاراکتەرەکەی خۆی نمایشی دەکات، یان کاراکتەرەکانی تر، یان خودی رووداوە شانۆییەکە. ئەو کردارە زیرەکیی هۆشیاریو پەیبردنی نائاسایی گەرەکە، بۆ هێنانە ئاکارای کارلێکی درامیی پێویست لەکرداری نمایشی ئیهامی شانۆییدا. جوانیی کرداری درامی دەبێتە هۆکارێ بۆ دۆزینەوەی شتە پەی پێبراوو نەبراوەکان لای وەرگر، کاتێ وەرگر بزانێ چی روودەدات (بەپێی خوێندنەوەی پێشوەختی بۆ نمایشەکە) ئەوا بەدواداچوونی نمایش بەهۆی کردەی (تەشویق) و ئیهامی شانۆییەوە دێتەدی و لەوێوە شتە نادیارەکان دەبینێ، هەربۆیە گەلێ لە بینەران چەند جارێ دەچنەوە بینینی نمایشەکان، لەو کاتانەدا ئەکتەر دەکەوێتە بەر تاقیکردنەوەی قورسەوە و کەسایەتیی راستەقینەی دەردەکەوێت. ململانێی ناوەکی نێوان ئەکتەر و کاراکتەرەکەی دەبێتە هۆی ململانێی راستەقینەی نێوان ئەکتەر وخودی ژینگەی کۆمەڵایەتیو خێزانیی، تەنانەت سیاسی، بینەری هۆشیارو بەئاگاش لە رەوشە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان، دەبنە هۆکاری بەرپرسیاریی دراما وهونەرمەندانی، ململانێی نێوان ئەکتەرو کردەی ئیهام، هەرگیز کۆتایی نایەت، چونکە درامای راستەقینە هەمیشە بەردەوامە.

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی مسرحيون.**

# شانۆگەریی ((ئەو))
# داستانی مرۆڤی سەردەم

ناکرێ باسی شانۆی فەڕەنسی بکرێت وخوێندنەوەیەکی قوولّ بۆ شانۆکەی سامۆیل بیکیت (1906–1989) نەکرێت، ئەو نووسەرەی سێبەری وا بەسەر تێکستە شانۆییە هاوچەرخەکانی نووسەرانی فەڕەنسا و

ئـەورووپاوە. تەنانــەت كــە نــاوی شــانۆ دەبــرێ (وەك قۆنــاغ) دەگــوترێ نووسینەكانی بەر لە بیكیت، یان دوای ئەو.

شانۆی بیكیت كە لـە شانۆی سـەرجەم نووسـەرانی سـەدەی بیسـتەمدا دیـارو درەوشـاوەیە، پرســەكانی مــرۆڤ و خەمــەكانی بوونەتــە هــەوێنی نووسینیان.

لەم پێشەكییە كورتەوە دەچینە نێو باسی شانۆی (فیلیپ مینیانا)، كە یەكێكە لەمیراتگرەكانی بیكیت، بەتایبەت لە ئاستی فۆرمی شانۆییدا، ئەو ژمارەیەك شانۆنامەی كورتی بەناوی (درامای كورت)ەوە لە 1996–1997دا نووسـیوە، كـە هـەر هـەموویان لـەژێر كاریگـەریی (بیكیـت)دا نووسـراون، بەتایبەت (دراماتیكول)ی ساڵی 1982ی ئەو نووسەرە ناسراوە.

لـەدوا شـانۆگەریی ئـەم نووسـەرەدا (ئـەو) كـە لـە 18ی مـانگی مـارتی ئەمسـاڵ (2008) تـا 18ی نیسـان لەسـەر تەختـەی شـانۆی (لـۆرون بـوان)ی سـەر شـەقامی شـانزلیزێی پـاریس نمایشـكرا، (مینیانـا) كاراكتـەرە شانۆییەكانی لـەو سرووتە گـەرموگوڕەدا بەسـەر شـانۆكەدا دابەشـكردوە كە لەنێوانیاندا گرژییەكی زۆر دەبینرێتەوە، بەتایبەت كە شانۆگەرییەكە وێنـای چەند هەڵوێستێك دەكات، كە تیایاندا سێ ژن و پیاوێك لەشوێنی جیاوازەوە كۆدەكاتەوە و لەهەر جێگایەكیشدا تاڕادەیەك (رووداو) بە روونی نابینرێت.

لـە شـانۆگەرییەكەدا، هـەر چـوار هاوڕێكـە: خانمـەكان (رۆتـا و بیللـی و بیتی) لەتەك (هێرفی)ی لاودا دەردەكەون، رۆتا لەگەڵ بیتی دەژیو هێرفیش لە بیللی جودا دەبێتـەوە، ئـەو ژنـەی بایـەخی زۆر دەداتـە پشـیلە نوێیەكـەی، ئـەو چـوارە كاتـەكانیان بـە سـەردانی یـەكتر و رابـواردن و وتوویـژ دەربـارەی كاروباری رۆژانـەیان بەسـەردەبەن، لەقسـەكانیاندا گێڕانـەوەی بـێ سـەروبەر دەبیسـترێ كـە جێـی بایـەخ نـین، بـەڵام دەیانـەوێ بەقسـەكانیان كـات بـەڕێ بكـەن، ئـەو كاتـەی بەقورسـیو خـاویی بـەڕێوە دەچێت. لەسـەروبەندی ئـەو درێژدادڕییە بێ مانایـەدا (مینیانـا)ی نووسـەر داسـتانی گـەرموگوڕی مرۆڤـی سـەردەم دێنێتـە ئـارا، ئـەو داسـتانەی پڕیـە لـە رووداوی گـەورە، كـات بـەبێ بایەخ هەر تێدەپەڕێ..

ئەو چوار کەسە کێن؟ ئاخۆ گوزارشت لەمرۆڤی سەردەم دەکەن، یان شتێکی ئەوتۆ لە ژیانیاندا روونادات؟ لەم شانۆیەدا کەسەکان لە هەڵوێستی لاواز و گرژ و رووبەڕووبونەوە و دەمەقاڵێدا دەردەکەون، کردەی بە شانۆیی کردن، هەموو هەڵوێستە ئاساییەکانیان یەکدەخات، شانۆگەرییەکە بریتی نییە لەهەڵوێستی گرنگ و کاریگەر، بەڵکو هەرچییەك لە پەیوەندیی نێوان ئەو کاراکتەرانەدا بەرهەمدێت، سەرچاوەکەیان خودی ژیان خۆیەتی، ژیانی رۆژانە، کە دەکرێ ببنە کەرەستەیەکی درامیی ئەوتۆ لەسەر تەختەی شانۆ چارەسەر بکرێن.

لەم شانۆنامەیەیدا (هەروەك شانۆنامەیەکی پێشتری کە ساڵی 2006 بەناوی – رەوشەکە چۆنە– دا بینرا) نووسەر خۆی لە هەیبەتی ماڵ رزگارکردوە، کە بەدرێژایی سی ساڵی نووسینی بۆ شانۆ باڵیان بەسەر کارەکانیدا کێشابوو، بریتی بوون لە پانتایی زۆربەی شانۆگەرییەکانی، ئەوەش هەر لە ناونیشانی شانۆنامەکانیەوە دەردەکەون، وەکو: ژوورەکان، راڕەو، ماڵی مردووان، ئەو دەرچوونە لە سینۆگرافیای ماڵ ئارەزووی نووسەر دەردەخات بۆ هەمەچەشنەیی پانتاییە شانۆییەکانی، کە کاراکتەرەکانی بەسەریاندا دابەشدەکات، بەجۆرێ دەیەوێ جەخت لەسەر یەکخستنی کاراکتەرەکانی بکات لەهەڵوێستی دوولایەندا، لە شوێنە داخراوەکاندا بێت یاخود لە پانتاییە کراوەکاندا.

نووسینی درامیی ئەم نووسەرە میتۆدی تایبەتی خۆی هەیە، لەڕێی بە شانۆیی کردنی (وتە)وە پانتاییەکی شانۆیی هێناوە گۆڕێ، ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگە نواندنی دیالۆژی کارەکتەرەکانێتی، واتە قسەکانیان لەسەر تەختەی شانۆ، ئیدی لەلای گرنگ نییە چیرۆك بگێڕێتەوە، یان چارەسەری بابەتێك لە شانۆنامەکانیدا بکات، هەرچۆن لەم شانۆگەریەیدا دەیبینین.

سەبارەت بە پەیوەندیی بەنووسینەوە، فیلیپ مینیانا دەڵێت: نووسین لەلای من پرۆژەیە، بەتەنیا چارەسەری بابەتێك ناکەم، بەڵکو نووسین دەکەمە بوارێ بۆ خستنەرووی واقیع و کۆمەڵێ پرسیار لەسەر شانۆ، کە شانۆنامەیەك سەبارەت بەرووداوێکی دیاریکراو دەنووسم کە لەکات و

شـوێنێکی دیـاریکراودا روویـداوە، لەسـەر شـانۆ دەیکەمـە بابـەتێ هـەموو خەڵکی بگرێتەوە، واتە چوارچێوەی (شوێنکات) جێبهێڵێت.

هـەروەها وتویـەتی: مـن حـەز بـە خوێندنـەوەی کورتـە شـانۆنامە ناکـەم، چونکە ناکرێ شانۆنامەیەك بۆ چەند دێڕێك کورت بکرێتەوە، بەڵکو دەبێ چەند جارێ بەتەواویی بخوێنرێتەوە تا خوێنەر بە باشی تێیبگات و لەگەڵ رووداوەکانیدا بژی.

ئـەم نووسـەرە، لـەکۆتایی حـەفتاکان و سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی رابردووەوە دەستیکردوە بەنووسینی شانۆنامە، هاوکات نواندنی کردوە و وۆرك شـۆپی شـانۆیی سـەبارەت هـەردوو شـانۆی فەرەنسـی و ئـەورووپیی هاوچەرخ بەڕێوەبردوە.

تا ئێستا سی شانۆنامەی نووسیوە و لەلایەن دەزگاکانی بڵاوکردنەوەو چـاپی فەرەنسـاوە بڵاوکراونەتـەوەو زۆر لـە ریژیسـیۆرە شـانۆییەکان بـۆ نمـایش ئامادەیـان کردوونەتـەوە، هەرچـۆن بـۆ درامـای رادیـۆییش ئامادەکراونەتەوە.

---

سەرچاوە:

**ماڵپەڕی الفوانیس** المسرحیة.

# رەخنەگری شانۆیی

## بول شاول

بۆئەوەی ( ڕەخنەگر ) ڕۆڵێکی گرنگ و هەستیار ببینێت، پێویستە چەند خەسڵەتێکی تێدا هەبێت. لەوانە :

1- پێویستە پاشخانێکی ڕووناکبیریی شانۆیی فراوانی هەبێت و ئاگای لەنمایشە شانۆییەکان بێت، شانۆ نامەو بلاْوکراوەکان بخوێنێتەوەو سەرنجی تەوژمە شانۆیی و ڕەخنەییە ناوخۆیی و جیهانییەکان بدات.

2- دەبیْ لەبوارەکەی خۆیدا، یان شانۆدا شارەزاو پسپۆڕ بێت.

3- تا ڕادەیەکی باش تەرخان بێت بۆ بوارەکەی خۆی و ڕۆژانە ئاگاداری چالاکی و بەرهەمە شانۆییەکان بێت، ڕەخنە گری تایبەتمەندی تەرخان ( کەلای ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر بوونی نییە ) ڕۆلْێکی سەرەکی بایەخداری هەیە بۆ هێنانەدی مەبەستی گرنگ.

4- دەبیْ بەئازادی بنووسێت، خاوەنی بیروڕای خۆی بێت لەشیکردنەوە و لێکدانەوەکانیدا، هەرگیز کاریگەریی دەسەلاْت و دەزگاکەی و هیچ لایەکی بەسەرەوە نەبێت.

5- شارەزا بێت لەزمانی ڕەخنەیی و سەرجەم زاراوە و تەکنیکەکانی، ئەمەش رەگەزێکی گرنگە لەو پرۆسەی پەیوەندییەدا کەلەخۆیەوە دەست پیْ دەکات.

6- بەدووربێت لەهەر پێوەدانێکی ناڕەخنەیی و پیا هەلْدان و ناڕاستییەك.

7- بیْ دابڕان لەسەر پرۆسەی ڕەخنەیی خۆی بەردەوام بێت، ئەو پرۆسەیەش بەتەنیا بریتی نییە لەپرۆسەی بینینی کارە شانۆییە وەرزییەکان، بەلْکو دەبیْ لەگەلْ ئەوەدا بەردەوام بخوێنێتەوەو هەموو شتێکی نویْ ببێتە خەمی ئەو.

باشە ئاخۆ لەو جۆرە رەخنەگرە، لەسەر پانتاییە شانۆییەکە بوونی هەیە؟

ڕاستە رەخنە گری شانۆیەکی وەك عەرەبیی، لەرێی رۆژنامەوە رۆلْێکی باشی دیوە لەنزیك کردنەوەی شانۆ لەخەلْکییەوە هاندانی خەلْك بۆ چوونە شانۆ، بەلاْم ئایا رەخنەگرمان هەیە بەپێی ئەو خەسلْەتانەی ئاماژەمان بۆ کرد ؟

ئەمە شتێکی مەحاڵ نا، بەڵکو دەگمەنە، ڕۆژنامەیەك کە رەخنەگرێك بۆ ڕەخنەی سینەمایی تەرخان دەکات، بۆشانۆ نایکات، ئەویش ناچارە لەهەموو شتێکدا بنوسێت، لەشیعر و ڕۆمان و هەندێ جار وەرزشیش، تا سەبارەت بە بەرپرسانی ڕۆژنامەکە!

هەر بۆیە رەخنەگری پسپۆڕ بوونی نییە، ئەگەر هەش بێت بەردەوامی و بەدواداچوون و قووڵبوونەوەی دەکەوێتە ژێر بەزەیی ئەو پارەوە نانەی لەپیشەکەیدا دەستی دەکەوێت، هەر بۆیە نابێتە خاوەنی زەخیرەیەك کەرەخنەی راستەقینە پێویستی پێی دەبێت، هەرچۆن لە ڕۆژنامەکەشدا کەسانی دیکە دەم لەبابەتی شانۆیی دەدەن و بێ روناکبیرییەکی رەخنەیی شانۆیی، شتی سەرپێیانە دەخەنە بەر چاو! ئەمەش جۆرە شێواندنێك لەپرۆسەی رەخنەنوسیندا دێنێتە ئاراوە.

---

**سەرچاوە:**

بول شاول، المسرح و اشكالية الجمهور، ت/ د. ابراهيم عبدالله غلوم **و نووسەرانی تر، بیروت**، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، 2002، ص 114 - 116.

# یۆنسکۆ.. نموونەیەکی زیندووی شانۆی بێهودە

جون رسل تیلر

**ساڵی** 1912 **لەدایك بووە، نووسەرێکی شانۆنامەیەو لەرۆمانیا لەدایك بووە و بەفەرەنسی نووسیویەتی، کەسێکی هەرە دیاری شانۆی بێهودەیە** (ABSURD)، **زۆربەی منداڵیی خۆی لەپاریس لەگەڵ دایکە فەرەنسییەکەیدا بەسەر بردوە و هەرەتی لاوێتیشی لەرۆمانیا بردوەتە سەر،**

خـۆی فێـری نووسـین بەفەڕەنسـی کـردووە و سـاڵی 1936 گەڕاوەتـەوە فەڕەنسا تا تێزێك ئامادە بكات، بەڵام نەیتوانیوەو تەواوی نەكردوە.

نووسـینی شـانۆنامەی بەڕێكـەوت بـووە، ئـەویش كـاتێ خـۆی فێـری ئینگلیـزی كـردوە، كـاتێ دەسـتەواژەی جۆراوجـۆرو گفتوگۆیـەكانی هاتوەتـە بەرچاو و لێیان حاڵی نەبووە، ئیتر لـەو ساڵەدا (1948) شانۆنامەی (كچـە گۆرانیبێـژە سـەر رووتاوەكە)ی نووسیوەو ساڵی 1950 نمایشـكراوە، بـەڵام سـەركەوتنی بەدەسـت نـەهێناوە، تـا ئـەو كاتـە یۆنسـكۆ حـەزی بـە شـانۆ نەبووە، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بووە كە ویستویەتی جۆرە شانۆیەكی دیكە بخاتە بەرچاوی بینـەران، شانۆیەك تیایـدا زیادەڕۆیی و توندتیـژیی باڵا بـن، واتە شانۆیەك كە بینەر تووشی رامان و لێكدانەوەی زیاد لە مانایەك بكات، زیاتر لە شانۆكەی (بیرتۆڵد برێخت).

ژمارەیـەك شـانۆنامەی یـەك پـەردەیی بـەو رێبـاز و بیركردنەوەیـەی خـۆی نووسـیوە كـە تیایـدا باس لەچـەند بابـەتێكی وەكو: دەسـتە پاچـەیی زمـان و زیادبوونی شتەكان و لاوازیی بێ مانای مرۆڤی هەڕەشە لەسـەر، لـە دەرەوەی خۆیدا و ناوەوەیدا (بۆشایی لەناوەندی بوونیدا).

دووەمـین شـانۆنامەی (وانـە)یـە و لـە 1951 دا نووسـیویەتی و سـەبارەت زمانــە (وانەیەكــە لــەزمان و لەكۆتاییەكەیــدا مامۆســتا سەرزەنشــتی خوێندكارەكـەی خـۆی دەكـات)، بـەڵام شـانۆنامەی (جـاك، یـان ملكـەچ) و تەواوكەرەكەی (ئایندە لەسپیدا)ی 1951، باس لـە كەسـێ دەكات كـە بـەزۆر وابەستەی داب و نەریت دەكرێت.

شانۆنامەی (كورسییەكان)یشی لەهەمان ساڵدا، لە هێـزی باڵادەستی نێـو بۆشایی و بێ مانایی ژیان دەدوێت، ئەویش بەبوونی ژن و مێردێكـی پیر كـە ژوورەكـەیان پـڕ دەكـەن لەكورسـیی بۆ میوانـە وەهمییـەكانیان و گـوێگرتن لـە وتارێكی بێ مانا.

شانۆنامەی (قوربانییـەكانی ئـەرك)ی 1952، لەیـەك كاتـدا شـانۆنامەیەكی گاڵتـەجارە دەربـارەی بوونگـەرایی سـارتەر و دژەكـەی، واتـە شـیكردنەوەی دەروونیی لای فرۆید.

دوای ئـــەو شـــانۆنامە یـــەك پەردەییانـــە، یۆنســـكۆ بڕیـــار دەدات شانۆنامەیەکی درێژ بنووسیٚ لەسیٚ بەشدا و لە 1953 دا بڕیارەکەی دەباتـە سـەرو شـانۆنامەی (ئەمیـدی، یـان چـۆن رزگـارت دەبـیٚ لیٚـی) دەنووسـێت، کارەکەی هێمایە بۆ لایەنە ناپەسەندەکانی هاوسەرگیریی.

دوای ئـەوەش شـانۆنامەی دیکـەی درێـژی نووسـیوە، وەك (بکـوژ) لـە 1957 دا و (کەرکـەدەن)ی 1958، هـیچ کـام لـەم شـانۆنامانە هێنـدەی یـەك پەردەییـەکانی سـەرکەوتوو نـەبوون، کـە دواتـر هـەر لەوانـەی نووسیوە، وەك (کرێچییە نوێیەکە) لە 1953 دا و (تابلۆ) لە 1955 دا و (ئەلما)ی 1955.

دەکـریٚ بگوترێـت شـانۆنامەکانی یۆنسـکۆ، وەکـو (کچـە گۆرانیبێـژە قـژ رووتاوەکـــە) و (وانـــە) و (کورســـییەکان)، بـــەجوانترین بەرهـــەمی ســـەرجەم شانۆی بێهودە دادەنرێن.

---

**سەرچاوە:**

جون رسل تيلر، الموسوعة المسرحية، بغداد، 1990.

# ماڵئاوایی قاسم محەمەدو چەند بیرەوەرییەکی شارراوە

پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ

هونەرمەندی گەورە قاسم محەمەد کۆچی دوایی کردو زۆر شت دەربارەی گوتراو لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە رێزی لێگیرا، لەسەروو هەموویانەوە بەڕێز

مام جەلال–ی سەرۆك كۆماری عێراق، كە ئەركی هێنانەوەی لاشەكەی گرتە ئەستۆو پێشوازیی لە كەسوكاریشی كرد.

دەڵـێم زۆر شـت دەربـارەی وتـرا، بـەڵام هـیچ كەسـێك شـتێكی نـەووت، ئەویش كوردبوونی هونەرمەند بوو كە هەمیشە شانازیی پێوە دەكرد، ئەو لـەكاتی خوێندنمانـدا لـە مۆسـكۆ یـەكێك بـوو لـە ئەنـدامانی كۆمەڵـەی خوێنـدكارانی كـورد، هەرچـەندە شـتێك كـوردیی دەزانـی، بـەڵام نەهاتـە مەیـــدانی هونـــەریی كوردییـــەوە، هاوكـــات نەشـــگلایە عەرەبچـــێتی رەگەزپەرستەوە، ئەو لە بەغدا لـەدایكو پـەروەردە بوو بوو، بەڵام رەچەڵەكی خێزانەكەی دەچووەوە سەر شاری سلێمانی. من ئەمە وەك راستییەك تۆمار دەكەم، نەك وەك رەگەزپەرستیم بۆ میللەتەكەم، كە شانازیی پێوە دەكەمو زۆرجار بەوەش تۆمەتبار دەكرێم.

شتێكی تریش كە باسی لێوە ناكرێت، قاسم محەمەد كۆمۆنیست بوو، نازانم تاكەی لە ریزی حیزبدا پەیوەندیی هەبوو، بەڵام دڵنیام لـەوەی هـەرگیز حاشای لە كۆمۆنیست بوونی خۆیو كۆمۆنیستی نەكردووە، تا دوا ساتی ژیانیو تا دوا بەخششە هونەرییە گەشاوەكانی.

هـەر بۆ دەرخستنی راستییەكانو بیرەوەرییەكانم دەڵێم: ئەو كاتـەی لـە رادیـۆی نهێنیـی حیزبـی شـیوعی عێـراق كـارم دەكـردو بەرنامـەكانی لـە بولگاریـاوە پـەخش دەكـران، بابـەتی سیاسـیو هونـەریو ئـەدەبیمان بـە تۆماركراوی لە مۆسكۆو پراگەوە پێدەگەیشت، لەم بارەیـەوە تـەنیا لـە قاسم محەمـەد دەدوێـم، مـن ئـەو سـەردەمە لـەنێوان مۆسـكۆو پراگـدا هاتوچـۆم دەكردو بابەتە عەرەبیو كوردییە تۆماركراوەكانم وەردەگرتو دەمگەیاندنە سۆفیا، ئەو دەمە گروپێكی نواندنمان لـە مۆسكۆ هـەبوو، سۆڤیەت رێگایان نـــەدەدائن لـــە رادیـــۆی مۆســـكۆ تۆمـــار بكـــەین، هەربۆیـــە ژوورەكـــەی خوالێخۆشبوو (سعود ناسـری)مـان لـە زانكـۆی مۆسـكۆ كردبـووە جێگـای تۆماركردن، هەر خۆیشی لەگەڵ د.سەلوا زەكو، سروودیان تۆماردەكرد، لـەو بەرهەمانـەدا (قاسـم) دیـارترین ئەكتـەرو نووسـەرو دەرهێنـەری نواندنـەكان بـوو، هەرچـۆن لەبیرمـە چـەند دەوری جوانیشـی لەوانـەداو لـە بەرنامەیـەكی

دیالۆژئاسادا دەدی بەناوی (قاوەخانەی ئەبو خەزعەل)، کە پێشەکییەکەی بە دەنگی من بوو.

نامەوێ بچمە درێژەی باسەکانەوە، بەڵام ئەگەر حیزبی شیوعی بتوانێ ئەرشیفەکەمان لە حیزبی شیوعی بولگاری وەربگرێتەوە، ئەوا قسەی زۆرترم دەبێ بۆ سەروەرییەکانی قاسم محەمەد.

خوات لەگەڵ قاسم محەمەد، ئەی ئەو کەسەی گەورەییت بەنسیب بووو تا دوا ساتی ژیانو دوا هەناسەی کۆچی ناوادەو دڵتەزێنت لەگەڵ گەلەکەتدا بوویت، خوات لەگەڵ..

---

**سەرچاوە:**

**ڕۆژنامەی الاتحاد،** 22/4/2009.

## چاپکراوەکانی نووسەر

1- شۆرشی مردووەکان، شانۆنامەی وەرگێڕراو:

چاپی یەکەم، بەغدا، 1980.

چاپی دووەم بەناوی (مردووەکان بنێژن)، سلێمانی، 1998.

2- پێنج وتاری شانۆیی، وەرگێڕان بەهاوکاریی چوار نووسەر، بەغدا، 1980.

3- کۆچ بۆ دارستان، چیرۆکی منداڵانی وەرگێڕراو:

چاپی یەکەم، بەغدا، 1988.

چاپی دووەم، سلێمانی، 2008.

4- قەفەزی زێڕین، چیرۆکی منداڵانی وەرگێڕراو:

چاپی یەکەم، سوید، 1994.

چاپی دووەم، سلێمانی، 2000.

5- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستان، بەهاوکاریی نەوزاد عەلی ئەحمەد، سلێمانی، 1988.

6- کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان لەوڵاتانی عەرەبدا، وەرگێڕان، سلێمانی، 1998.

7- دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، وەرگێڕان، سلێمانی، 1998.

8- مەرگی وەنەوشە، چیرۆکە هەواڵ:

چاپی یەکەم، سلێمانی، 2000

چاپی دووەم، سلێمانی، 2002

چاپی سێیەم، سلێمانی، 2010

9- لەئەرشیفی شانۆی کوردییەوە، سلێمانی، 2001.

10- كـه ئـاگر دەريـاى خامۆشـكرد، بەرهـەمى رۆژنامەنووسـيى، سلێمانى، .2001

11- چەند بابەتێكى شانۆيى، وەرگێڕان، سلێمانى، .2001

12- ئەكتەرە كوردەكان، سلێمانى، .2001

13- دواى بيست سالّ، چوار شانۆنامەى ئامادەكراو وەرگێڕراو، سلێمانى، .2001

14- بيبليۆگرافياى 24 ژمارەى گۆڤارى سەردەم، سلێمانى، .2002

15- چاوەكانى تابان، چيرۆكى رۆژنامەنووسيى:

چاپى يەكەم، سلێمانى، 2002.

چاپى دووەم، سلێمانى، .2007

16- چەند باسێك دەربارەى شانۆى كوردى، سلێمانى، 2005.

17- شانۆى كوردى، ئەرشيف تێكست.. نمايش‌و بينەر، 2007.

18- چەند باسێكى شانۆيى، وەرگێڕان، هەولێر .2008

19- فەرهەنگى شانۆ، بەرگى يەكەم، سلێمانى، .2008

20- لەئێوارەيەكـدا، پێـنج شـانۆنامەى پـەك پـەردەيى وەرگێـڕراو، هەولێر، .2008

21- بەرەو ئەستێرەيەكى تر، شانۆنامەى بەكوردى كراو، سلێمانى، 2008.

22- هونەرى دراما، سلێمانى .2009

23- ژيـن..يەكـەمين رۆژنامـەى تايبەتمەنـدى ئـەدەبيى، سـلێمانى، 2010.

24- گـەورەبوونى رۆح، بەرهـەمى رۆژنامەنووسـيى، سـلێمانى، 2010.

25- ئيتيكى كارى راگەياندن‌و حەتميەتى تەكنولوجيا، وەرگێڕان، سلێمانى، 2010.

## پێڕست

* پێشکەشە ........................................................ 3
* وتەیـــــەك ..................................................... 5
* میتاتیـــاترۆ.. شـــانۆ لـــەناو شـــانۆدا ............................. 7
* شانۆنامە یەك پەردەییەکانی محێدین زەنگنە ..................... 19
* ستـرندبێرگ.. نووسـەرێك هەمیشـە لەسـەر شـانۆ .............. 27
* شــــانۆی خـــۆر ................................................ 35
* بینـــەری شــــانۆ................................................ 39
* پرسیارەکانی تازەگەریی لە شانۆدا.............................. 43
* بەرشــید رێبــەرێکی شــانۆی ئاهەنگســازیی.................... 47
* قوتابخانــەی شــانۆییەکەی ئەلکســاندەر تــایرۆڤ............ 51
* تێڕامــان لەهونــەری- زانســتی نوانــدن........................ 77
* پووشـــــکین و شـــــانۆ..................................... 93
* تازەگـــــەریی شەکســــپیر .................................... 109
* گرۆتوفســـکی و شــــانۆی هــــەژار ............................ 125
* Kit کلتــوری هەمـــەجۆر لەشـــانۆیەکی نوێـــدا ............ 137
* رۆڵـــی بینـــەر لەشـــانۆ ئەزموونگەرییەکانـــدا .............. 149
* تـــیرۆر لەبەرهەمـــەکانی پیســـــکاتۆرو برێختـــــدا ....... 161
* دەرهێنـــانی شـــانۆیی و ئاڕاســـتە هونەرییـــەکانی ........... 171
* پیتــەر بــروك درامییانــە چــیخەف دەخوێنێتــەوە .......... 183
* دیـــالۆژ لەشـــانۆی ناماقووڵـــدا .......................... 193
* گــەردەلوولی شەکســپیر لەنمایشــێکی فەڕەنســیدا........... 201
* محێـــــدین زەنگنـــــە.......................................... 209
* شــــانۆی هـــــەژار ........................................ 217

* هونـــەری بـــاڵا لەشـــانۆی شەکســـپیردا .................. 225
* پیکاســـــۆ و شــــانۆ ........................................ 233
* مـــۆلێر گـــەورەترین هونەرمەنـــدی ســـەردەمی خـــۆی ......... 243
* لۆرکـــاو مـــاڵی بـــەرنارد ئـــەلبا ............................ 251

* هونــــــەری نوانـــــدن ........................................ 257
* دانیمـــارك .. زینـــدانێکی گـــەورە .......................... 263
* شـــــانۆکانی رووســـــیا .................................... 269
* لــــــۆرەنس ئۆلیڤییــــــە ...................................... 275
* برێخـــت یـــان قوتابخانەیـــەکی شـــانۆیی .................. 279
* پانتۆمـــایم.. نائامـــادەیی زمـــان ........................ 285
* بینـــەری شـــانۆ لـــەکوێوە بـــۆ کـــوێ؟ ...................... 291
* ســـارویان .. ئـــەو نووســـەرەی خـــەڵکی خۆشـــدەوێت........297
* شـــانۆی خـــۆر بۆچـــی؟ .................................. 303
* ئیبسن.. رێبەری شانۆی نوێ .................................. 309
* ئیبســــــن و مـــــاڵی بووکەشووشـــــــە.....................315
* المنصــــــف السويســــــي..................................321
* شـــانۆی چـــیخەف و بـــاخی گـــێلاس ........................ 327
* پـــەیامی رۆژی شـــانۆی جیهـــانیی 2007.................331
* ئەکتـــەرو چرکەســـاتی ئیهـــامی شـــانۆیی .................. 335
* شـانۆگەریی "ئـەو" داسـتانی مرۆڤـی سـەردەم ............. 339
* رەخنـــــەگری شـــــانۆیی ................................. 343
* یونسـکۆ، نموونەیـەکی زینـدووی شـانۆی بێهـودە ......... 347
* ماڵئـــاوایی قاســـم محەمـــەد.................................351
* چـاپکراوەکانی نووسـەر ......................................355